# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٩٠
ساڵی هەشتەم
گەلاوێژ ٢٧١٣ی کوردی
یۆلیۆ ٢٠١٣ی زایینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵلا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

هەنار

دەستەی نووسەران:
کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی
محەمەد حەسەن (هاشمی)

هەڵەچن:
مونا عەبدوڵڵا
ئاشنا جەمال

مۆتیف:
ئەیوب رەئوف

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| چەند سەرە قەڵەمێک بۆ پەیوەندییەکی دوورتر | لەتیف فاتیح فەرەج | ٧ |
| فیکر و فەلسەفە، لە فەزای (کازینۆی منداڵاندا) | بڵند باجەلان | ١٦ |
| (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم) | گۆران هەڵەبجەیی | ٣٣ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| من دووبارەبوومەوە... | حەمە کاکەڕەش | ٤٩ |
| چیرۆکە بێکۆتاکانی گوناهێک... | ژاوێن شاڵی | ٥٢ |
| ئەگەرماڵێکت هەبێ بۆ ئاشتی... | ئەدیب نادر | ٥٥ |
| وشە پێکمانەوە دەبەستێت... | داستان و کۆچەر | ٥٨ |
| بۆ بێدەنگی؟... | شاگوڵ کەیخوسرەوی | ٦٣ |
| (من) دەقی تەمەن... | ناڵە حەسەن | ٦٥ |
| سێ کورتەشیعر... | بەناز فاتیح | ٧٠ |
| خوێ، یان سوێرتر... | رابەر فاریق | ٧٢ |
| کەی بێ بگەی... | مەجید عەزیز | ٧٦ |
| کوڕی گوڵە خوێناوییەکەی گۆران... | ئاری عوسمان خەیات | ٨٠ |
| ...12: 00 A.m + 12: 00 P.m =27 hour | هێمن عوسمان عەبدوڵلا | ٨٢ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ شاعیری زریان و زایەڵەو زنار | سازدانی: پەری شێخ ساڵح | ٨٩ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| دەربارەی ڤاڵتەر بێنیامین | پێشڕەو محەمەد | ١٠١ |
| وتووێژ لەگەڵ سۆزان سانتاگ | مستەفا زاهیدی | ١٠٩ |
| یەک ڕۆژ لە ژیانی تۆڵستۆیدا | کەریم سۆفی | ١٣١ |
| دوو ژن | جەواد حەیدەری | ١٤٥ |
| هەڵەبجە | موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی | ١٥٣ |
| بۆ هەڵەبجە | ئازاد نەجم | ١٥٧ |
| ئەویندارانە | هێرش سەعید | ١٥٩ |


---

## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| نیگارکێش (ناشاد) هونەرمەندی میللی خۆڕسک... | ستار قادر | ١٦٧ |
| دەربارەی هونەر (لە وەڵامی ئاندرێ دێپرێدا)... | و. هاوڕێ یوسفی | ١٧٢ |
| فیلینی دەربارەی فیلمەکەی «شاری ژنان» دەدوێت.. | و. دلێر محەمەد | ١٧٩ |
| ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەریی یۆهان باخ... | فەرمان عەلی نوری | ١٨٥ |
| پیاف تراژیدیایەکی جوان... | هەنار ئەلسراج | ١٩٠ |


---


## پێشانگەی کتێب ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

- چەند سەرە قەڵەمێک بۆ پەیوەندییەکی دوورتر — لەتیف فاتیح فەرەج
- فیکر و فەلسەفە، لە فەزای (کازینۆی منداڵاندا) — بڵند باجەلان
- (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم) — گۆران هەڵەبجەیی

# چەند سەرە قەڵەمێک
# بۆ پەیوەندییەکی دوورتر

## کۆمەڵەی ئەدەبی کەرکوک و شارییبوون

لەتیف فاتیح فەرەج

کورد و کلدۆئاشووری سەدان ساڵە لەم سەر زەمینە پێکەوەن، لەم پێکەوەبوونەدا زۆر شتی هاوبەشیان هەیە، تەنانەت هەندێ جار پیرۆزگا و شوێنی نزا و پاڕانەوەشیان هاوبەش بووە، بەدرێژایی مێژوو رۆژە رووناکەکانی پێکەوەبوونیان زۆر زیاترە لە ساتە تاریکەکانی نێوانیان، ئەو ساتانەی نەیارانی هەردوولا، هەوڵی ئەوەیان داوە بیانکەن بە گژ یەکدا، ئەوان لە رێگەی گۆرانییەکانی سێوەوە تا تێکەڵبوونی خوێن، خوێنیان تێکەڵە، لە رێگەی ئاوازەکانی باکووریەوە بە رادەی گەردیلەکانی خاک تێکەڵی یەکترن، لە رێگەی ئاوازەکانی ولیەم یۆحەناوە خوێنیان تێکەڵە، من زۆر سەرسام بووم بەو پیاهەڵدان و پەسەندنانەی ئەلفرێد سەمعان بۆ گۆرانی شاعیر، من لەم کورتە نووسینەدا رەنگە نەتوانم بگەمە زۆر لایەنی ئەو پەیوەندییە بەتایبەت لە بواری ئەدەب و هونەردا، بەڵام ئەمە سەرەتایەکە بۆ قسەکردنێکی زیاتر، تا ئێستا چەندین جار لە روانگەی پەرۆشیمەوە بۆ بارودۆخی کلدۆئاشوورییەکان ستوونی رۆژنامەوانیم نووسیوە، جارێکیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هێژا لویس ساکۆ دانیشتووم تەنانەت ستوونێکیشم لەسەر ئەو پیاوە نووسیوە، پیاوێک کە زۆر پەرۆشی ئاشتی و ئارامییە و هێو هێور بابەت و کتێبیش دەنووسێت.

راستییەکەی من لەنێو دنیای ئەواندا زۆر سەرسامی یاخیبوونەکەی "جان دەمۆ"م، ئەو شاعیرەی شتێکی دیکەی دەگوت، شتێک جیاواز لەوانی تر، جارێکیان شیعرێکم بۆ ئەو نووسی، بەڵام ئیتر ئەو چەند ساڵێک بوو مردبوو، جان دەمۆ ٧٠ ساڵ ژیا، شەست ساڵی پڕ لە مەینەتی و ئێش و ئازار و تەنیایی، ئەو ساڵی ٢٠٠٤ بە یەکجاری بەجێیهێشتین، من لەم نووسینەدا بڕیارم دا هەندێک لەسەر گرووپی، یان کۆمەڵی کەرکوک و دەمۆ بووەستم. ئەو گرووپە ئەدەبییەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوانی تری بەخۆیەوە سەرقاڵکرد و رۆڵ و جێپەنجەیان بەسەر کۆی ئەدەبی عێراقییەوە دیارە.

### گرووپی ئەدەبی کەرکوک

تا ئێستا لەسەر ئەم گرووپە زۆر نووسراوە، بۆیە رەنگە من نەمەوێت وەک مێژوو جارێ تر بگەڕێمەوە سەریان، هێندەی دەمەوێت لەسەر پەیوەندی ئەم گرووپە بە یەکتر و بە ژیانەوە بنووسم، ئەم گرووپە کتێب و خوێندنەوە و چایخانە و کەرکوک کۆیان دەکاتەوە، دەکرێت لەسەر هەریەک لەوانە بوەستین بەرلەوەی لەسەر ئەو بابەتانە بوەستین پێویستە وەک ئەوەی زوهدی داودی و فازڵ عەزاوی دەیڵێن، ناوی ئەو گرووپە بنووسین.

١- یوسف حەیدەری.
٢-قەحتان هورمزی.
٣-ئەنوەر غەسانی لە سەرەتادا بە ناوی "ئەنوەر مەحمود سامی" دەینووسی.
٤- فازڵ عەزاوی.
٥-موئەیەد راوی.
٦- زوهدی داودی.
٧-جەلیل قەیسی.
٨-یوسف سەعید "قەشە".
٩-محێدین زەنگەنە.
١٠-سەلاح فایەق.
١١-سەرگۆن پۆلس.
١٢-جان دەمۆ.
١٣-عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلۆ.

دیارە باسی ناوی دیکەش دەکرێت بۆ نموونە فاروق مستەفا، جەلال زەنگابادی و... هتد، بۆیە هەندێ کەس لایان واباشترە لەبری کۆمەڵەی کەرکوکی ئەدەبی

بوترێت کۆمەڵە ئەدەبییەکانی کەرکوک، بەو مانایەی لە کۆمەڵەیەک و لە چەند ناوێک زیاتر بوون، بەپێی هەندێ گێڕانەوە و هەندێک لە یاداشتی کەسانی ناو گرووپەکە سەرەتای دانیشتنەکان بۆ سەرەتا و ناوەندی پەنجاکان دەگەڕێتەوە.

ئەم گرووپە، کورد، عەرەب، تورکمان، کلدۆ ئاشوور، ئیسلام مەسیحی، بڕوادار و بێ بڕوا هەموویان پێکەوەن، تا ئێستا کەس لەم جادووە نەگەیشتووە، تەنانەت سەرگۆن پۆڵس بۆ کەرکوک خۆی لە دیدارێکدا ئەو سەرسامییە دەردەبڕێت، ئەو دەڵێت: "کەرکوک تێکەڵەیەکی سەرسوڕهێنەرە لە عەرەب، ئاشووری، کورد، ئەرمەن، سابیئە و... تا دوایی"، بۆیە من هەوڵم دا لەسەر ئەو شتانە بوەستم کە کۆی کردوونەتەوە، وەک چایخانە و کتێب و خوێندنەوە، کەرکوک وەک شار و سینەما و شتی تر.

**شار، کەرکوک خاڵی کۆکردنەوە**

کەرکوک بەدرێژایی سەدان ساڵ شاری پێکەوەژیان و پێکەوە هەڵکردنی پێکهاتە جیاجیاکان بووە، ئەمەش لەسەر زۆرلایەنی ژیانی یەکتر ڕەنگیداوەتەوە، من لە مێژە لە خەیاڵی ئەوەدام لەسەر خواردن و ئاش، یان چێشتی کەرکوکی بنووسم، بۆ نموونە ئێمە لە کەرکوک چی دەخۆین، ژنانی کەرکوک لە ڕێگەی بازاڕکردن و پرسە و چوونە حەمامی ژنان و زۆر بواری دیکە کاریگەری زۆریان هەبووە بەسەر شێوازی خواردنی یەکترەوە، من بۆ خۆم چێژێکی زۆر لە یاپراغ "دۆڵمەی سریانی کەرکوکی" دەبینم، ئەوە جگە لەوەی خواردنی دیکەی زۆر بە تامیان هەیە، بەتایبەت کولیچەی جەژن.

کەرکوکییەکان وەک سەرگۆن پۆڵس لە دیدارێکدا دەڵێت: "هەمەچەشنی ڕەنگ و شێوەن"، سەبارەت بە کەرکوک فازڵ عەزاوی و زوهدی داودیش زۆر بابەت و کتێبیان نووسیوە، ئەوە جگە لەوەی سەرگۆن پۆڵس لە زۆربەی دیوانەکانیدا باسی کردووە، کەرکوک بۆ ئەم کۆمەڵەیە روگە و ئامانجێکی تایبەت بووە، ئەوان هەمیشە نەیانتوانیوە لێی دەرباز بن، تەنانەت ئەو کاتانەش کە ڕووبەڕووی زیندان و ڕاونان و دەرکردن و دەربەدەری بوونەتەوە.

شار ڕۆڵی گەورەی لە کۆکردنەوەی ئەو گرووپە بەتایبەتی و هەموو پێکهاتەکانی کەرکوکدا بینیوە، لە کەرکوک زۆربەی ئەوانەی دەیانخوێند ئەگەر لە ڕووی گەڕەکیشەوە لە یەکتر دوور بوون، ئەگەر لە سەرەتاییش پێکەوە نەیاندەخوێند، ئەوا لە ناوەندیی و دواناوەندیی دەگەیشتنە یەک، لەوێش مامۆستاکانیان بەگشتی لە هەموو پێکهاتەکان بوون. ئەوەش زەمینەی ئەوەی

دەرەخساند زیاتر لەیەکتر نزیک بنەوە، بۆیە ئەوەی لە زنجیرە درامای کەرکوک فۆڕ لە بارەی پەیوەندییەکەوە دەوترێت ڕێک وایە، شاری کەرکوک بەتایبەت لەدوای رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری عەبدولکەریم قاسم سەرەڕای ئەوەی کە مەینەتی و کوێرەوەری زۆری تووش هات لەگەڵ ئەوەش ئەو گۆڕانکارییە بوو بە سەرەتایەک بۆ پەیوەندییەکی ئەدەبی قوڵتر، هەر هیچ نەبێت ئەو گۆڕانکارییە دەرگای بە رووی دنیایەکی تردا کردەوە، لە کەرکوکیش گەنجەکان هەم لە گەڕەکەکانی خۆیان هەم لەکاتی گەیشتن بە یەکتر ئەو بابەتانەیان دەکردەوە، ئەوە ئەو نووسەرانە لە یاداشتەکانی خۆیاندا بە وردی لە بارەیەوە دەدوێن بە تایبەت عەزاوی.

لە شاردا رۆشنبیر و بیرکەرەوەکان زۆر بە خێرایی یەکتر دەدۆزنەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەردەکەوێت، ئەمە بۆ کەرکوکیش هەر وابوو، بۆیە ئەو گرووپە زۆر بە خێرایی یەکتریان دۆزییەوە و پێکەوە لەسەر ژیان و ئەدەب و دنیا قسەیان کرد.

کۆمەڵەی کەرکوک لە شاردا یەکتریان دۆزییەوە، ئەوان بەر لە رووخانی پاشایەتی، لەگەڵ یەکتر کەوتنە گفتوگۆیەکی قوڵ و واتا دارەوە لەسەر ئەدەب و ژیان، هەر ئەو کاتەش جگە لە بیروباوەڕ و شار و ئەدەب شتێکی تر کۆی کردنەوە، کە بۆ خۆی ئەوەش بوو بە خاڵی بەهێزی ناوبانگ و دەرکەوتنیان، ئەو شتەش کە هەموویان لەسەری کۆک بوون، نووسین بوو بە زمانی عەرەبی، بە عەرەبی نووسین ئەوانی کۆکردەوە و بوو بە هۆی ئەوەش کە ئەوان تخوبی کەرکوک ببەزێنن و بچنە دەرەوەی کەرکوک و دواتر عێراق و تا رادەیەک ببنە جیهانی.

### چایخانە، ماڵێکی گەورەتر

چایخانەکانی کەرکوک رۆڵێکی گەورەیان لە کۆکردنەوەی گرووپە جیا جیاکاندا بینیوە، مەبەست گرووپە رۆشنبیرییە جیا جیاکانە، لە کەرکوک و تەواوی شارەکانی عێراقدا رۆشنبیر و نووسەرەکان چایخانەیان وەک ماڵێکی گەورە و کۆکەرەوەی خۆیان سەیرکردووە، لە یاداشتەکانی فازڵ عەزاویدا زۆر لەسەر چایخانە و بەتایبەت چایخانەی سەرکەوتن و مدەوەرە و مەجیدیە و ئەوانی تر هەڵوەستە کراوە، بۆ کەرکوک هەمیشە چایخانەکان نیشانە و ناونیشانی دۆزینەوەی یەکتربوون و جێژوانی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە، نموونەی چایخانەکانی ئیمام قاسم، مەجیدیە، ئەحمەد ئاغا، رەشەی گوڵە، مستەفا و هی تر.

چایخانە نەک هەر لە کەرکوک، بگرە لە تەواوی عێراقدا ڕۆڵ و شوێنێکی بایەخداری لە مێژووی ئەدەب و هونەردا هەیە، ئەوە ئەو شوێنە بووە کە نووسەران و هونەرمەندان لەناویدا گفتوگۆی دوورودرێژی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان کردووە، لە بەغدا، یان لە کەرکوک، یان کۆیە و هەر جێگایەکی تری ئەم عێراقە ئەوان یەکتریان دۆزیوەتەوە و باس و خواسی خۆیان گەرم کردووە، ئەمە بۆ کەرکوک زۆر زیاتر وابووە، لەبەر ئەوەی تاکە شوێنی کۆکەرەوەی هەموویان گازینۆ و چایخانەکان بووە، گرووپی کەرکوک چایخانەی "نەسر" لە شەقامی کۆماری ماڵەکەی دیکەیان بووە، لەوێ باس باسی ئەدەب، هونەر، سینەما، مۆزیک، شیعر و ڕۆمان بووە و زۆر کەمتر ئاوڕ لە جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە دراوەتەوە، چایخانە سەنتەری دوا بابەت و هەواڵە ئەدەبی و هونەرییەکان بووە، لەوێ هەواڵی دواڕۆمان و دواکۆمەڵەشیعر بڵاوبووەتەوە و کتێب و نامیلکەکان دەستاودەستیان کردووە، بۆیە لەو شوێنە زۆرترین مشتومڕی ئەدەبی کراوە و ئەو گرووپە گەنجەی کەرکوکیش کە هەریەکە خەون و خەیاڵێکیان هەبووە، لەوێ بە یەکتر گەیشتوون و گوێیان لە یەکتر گرتووە، لەنێو ئەو گرووپەدا یەکێک لە ناوە دیارەکان، جان دەمۆیە، هەڵبەت ناوەکانی تریش دیار و ناسراون و هەندێکیان زۆر زیاتر بەناوبانگترن لە جان دەمۆ، کە گوایە لە خۆشی جان پۆڵ سارتەر ناوی خۆی ناوە جان و دواتریش ئەو ناوە بوو بە سەرناو و ناسنامەی شیعری ئەو، دەمۆ گەرچی کۆمەڵە شیعرێکی کەمی هەیە، بەڵام بەو کۆمەڵە شیعرە کەمە زۆرترین قسەی لەسەر کراوە، لەم دواییانەدا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی بەشێکی شیعرەکانی ئەم شاعیرە سەعلوکەی بەنێوی "شڕ و شیتاڵی شاهانە" بڵاوکردەوە، ئەوە جوانترین شیعرەکانی ئەو بوون کە پێناچێت هیچی بە ئاگاییەوە نووسیبێت، ئەو ئەگەرچی وەک شیعر هیچم نەدیوە لەو ڕووەوە کە باسی خۆی و کورد بکات، بەڵام پەیوەندییەکی قووڵ و پتەوی بە کوردەوە هەبووە، لەو ڕووەوە بنەماڵەی ئەحمەد ئەسوەد زۆر ئاشنای بوون و تێکەڵی زۆری لەگەڵیان هەبووە، بنەماڵەی ئەحمەد ئەسوەد بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراوی شۆڕیجەن و نزیکەی هەموویان هونەرمەند و ئەدیب و نووسەرن، دیارە لەو بارەیەوە ئەوان چیرۆکی خۆیان هەیە سەبارەت پەیوەندی خۆیان و جان دەمۆ ، بەو هیوایەی ڕۆژێ خۆیان ئەو بیرەوەرییانە بگێڕنەوە.

ئەوەی کە جێگەی سەرنج و ڕامانە لە گرووپی ئەدەبی کەرکوک، ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە ناوە بێئەوەی بەیاننامە، یان ڕاگەیەنراوێک دەربکەن، بوونەتە گرووپ و بەو جۆرە ناویان ڕۆیشتووە کە ئەوان پێکەوەن و وەک گرووپی کەرکوک

ناسراون، تەنانەت دوای ئەوانیش هەبوون ویستوویانە ببنە بەشێک لەو گرووپە، ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە ئەم گرووپە لە رووی ئابوورییەوە هیچیان خاوەنی سەرچاوەی ئابووری گەورە نەبوون و هەمووشیان هاوکاری یەکتریان کردووە، لەوە دەچێت بیروباوەڕێکی سیاسی کۆی کردبنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ورد لەو بارەیەوە نییە، راستییەکەی ئەم گرووپە لەو گرووپانە دەچن کە لە سەروبەندی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا لە پاریس و تاران سەریان هەڵدەدا.

هەندێک وای بۆ دەچن ئەوان زۆربەیان لەژێر کاریگەری فکری کۆمۆنیزم و شیوعییەتدا بووبێتن، ئەمە تا چەند راستە جارێ روون نییە، ئەگەرچی هەندێکیان لەسەر ئەو بیروباوەڕە زیندان و ستەمی دەسەڵاتیان بینیوە.

بەپێی قسەی فاروق مستەفا لە دیدارێکی رۆژنامەی ئیتیحاد-دا خاڵی کۆکەرەوەی ئەوان جگە لە کەرکوک وەک شارە فراوانەکە، چایخانە بوو، چایخانەی مدەوەرە کە ئێستا پێی دەڵێن منەوەرە، ئەوە جگە لە گازینۆی مەجیدیە، ئەو لەبارەی کۆبوونەوەی خۆیانەوە دەڵێت: "من لە رێگای جان دەمۆوە ئەو گرووپەم لە چایخانەی مدەوەرە ناسی پێکەوە لەگەڵ یوسف حەیدەری و جەلیل قەیسی لە دەوری یەک مێز کۆدەبووینەوە، دواتر ئەوانی تریشم ناسی"... تا دوایی.

راستی من نامەوێت چیرۆکی گرووپی کەرکوک و بیری سیاسی ئەوان و چۆنێتی گرتنی هەندێکیان و پەیوەستبوونی کەسانی دیکە بەو گرووپەوە بنووسم، بۆیە من زیاتر لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم دوو پێکهاتە بایەخدارەی کورد و کلدۆئاشووری لە رێگەی ئەو گرووپەوە دەنووسم.

لە بواری ئەدەبی کەرکوکدا گرووپی کەرکوک رەنگە یەکەمین گرووپی پێکەوەیی هەمووان بن، دیارە لە بواری هونەریشدا هەر لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە کۆمەڵێک هونەرمەندی شێوەکار لە هەموو پێکهاتەکان لە یەکتر کۆبوونەوە و هەر ئەو ساڵانە چەند پێشەنگایەکیان کردەوە.

### کتێبخانە و کتێب و خوێندنەوە وەک پەیوەستییەکی تر

ئەم گرووپە جگە لە شار و چایخانە بابەتێکی تریش کۆی کردوونەتەوە، ئەویش بوونی کتێب و خوێندنەوەیە، بەپێی قسەی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئەو کۆمەڵەیەیان ناسیوە و لە گەڵیان ژیاون، ئەوان هەمیشە بەدوی تازەترین کتێب و بڵاوکراوەی نوێوە بوون، ئەمە جگە لەوەی کتێب و بڵاوکراوەکانیش دەستاودەستایان پێکراوە، پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵێک

کتێبخانەی گرنگ لە کەرکوک هەبووە و ئەو کتێبخانانە جێگەی کۆبوونەوەی نووسەران و رۆشنبیران بوون، ئێمە پێشتر لە وتارێکدا بە نێوی مێژووی کتێبخانە لە کەرکوک باسی بایەخی کتێبخانەمان کردووە لە کەرکوک، کەرکوک لە رابردوودا لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە کتێبخانەی تیا کراوەتەوە و لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستیشدا بۆ یەکەم جار کتێبخانەی گشتی تیادا کراوەتەوە.

ئەو کتێبخانانە رۆڵیان لە گەشەپێدانی بیری سیاسی و رۆشنبیری شاردا گێڕاوە و بوونەتە سەنتەری کۆکردنەوەی ئەوانەی خوازیاری دنیای باشتر بوون.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، سینەماکان و ئەو فیلمانەی هێنراونەتە کەرکوک بۆ ئەوەی نمایش بکرێن، ئەوانەش رۆڵی خۆیان هەبووە.

**رێگرتن لە پەیوەندی**

لە سەردەمی خۆیاندا و دوتریش ئەم کۆمەڵانە و گرووپە ئەدەبییە جیاجیاکان بوونەتە مایەی ترس و نیگەرانی لای دەسەڵاتداران، هەرنا لەبەر ئەوەی ئەم گرووپانە دووشت دەکەن کە ئەو دوو شتە هەردووکیان لای دەسەڵاتداران قەبوڵکراو نین.

یەکەم: ئەمان بێ روانینە نەتەوە و ئایین و مەزهەب و جیاوازی پێکەوە کۆدەبنەوە و لەمپەرەکانی بەردەمیان دەڕووخێنن.

دووەم: پێکەوە هۆشیاری بڵاو دەکەنەوە و بەر چاوی خەڵک روون دەکەنەوە، ئەمەش بە زیانی دەسەڵاتداران کۆتایی دێت.

بۆیە رەنگە ئەوەی بۆ سلێمانی و کۆیە و عێنکاوە و شوێنەکانی تر رەخسابێت بۆ پەیوەندی نێوان کورد و سریانی، یان کورد و ئەوانی تر، بۆ کەرکوک نەڕەخسابێت، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

١-رژێمەکانی پێشتر و دەسەڵاتدارانی بەعس هەمیشە هەوڵیان داوە ئەو پەیوەندییە دروست نەبێت، بۆ ئەوەش رێگاکانی ترس و تۆقاندن و دوورخستنەوەیان بەکارهێناوە، خۆ هەرکاتێک ئەو چاوە لە سەریان نەبووبێت، ئەوە خۆشترین و بەهێزترین پەیوەندییان هەبووە، بەتایبەت لە خوێندنگە و پەیمانگا و زانکۆکان.

٢-لە رووی دابەشبوونی جوگرافییەوە تا رادەیەک لە کەرکوک کورد و سریانی لە یەکتر دوور بوون و کەمتر تێکەڵی یەکتر بوون، ئەمە تا رادەیەکی زۆر

بۆ ئەوانی تریش هەر وابووە، ئەگەرچی دواتر بەهۆی قوتابخانە و خوێندنەوە تێکەڵ بوون و چەندین مامۆستای مەسیحی و کورد رۆڵە و منداڵی یەکتریان پێگەیاندووە.

لە شار و شوێنەکانی تر بارودۆخەکە جیاوازتر بووە، هەربۆیە دەبینین لە یەکەمین حکومەتی باشووری کوردستاندا لە سەردەمی مەلیک مەحمودا کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی و کوردستان کەریمی ئەلەکە، دەبێتە وەزیری بودجە و ئابووری ئەو حکومەتە، ئەویش چاکی مەردانە دەکات بەلادا و هەموو شتێ لەپێناوی وڵاتەکەیدا دەکات، لێرەدا نامەوێت زیاتر لەسەر ئەو کەسایەتییە بنووسم، چونکە جاری تر ئەگەر بە ستوونێکیش بێت لەسەریم نووسیوە.

کەرکوک دۆخێکی هەستیاری هەبووە، بە رادەیەک رژێم هەمیشە چاوی لەسەر ئەو پەیوەندییانەی نێوان کورد و ئەوانی تر بووە و حسابی جیاجیای بۆ کردووە، بۆیە نەتوانراوە پەیوەندی پتەو ببەسترێت و بیروبۆچوونی ئەدەبی و هونەری بگۆڕنەوە. ئەمە وایکردووە تەنانەت ئەو دکتۆرە مەسیحییانەش کە خزمەتی نەخۆشی کوردیان کردووە هەندێک جار بێ بەرامبەریش ئەوەیان کردووە، ئەوانیش لەبەردەم هەڕەشەدا بن.

**ئەنجام و دواگوتە**

من دەزانم ئەو پەیوەندییە رۆژێ دێت بە دوورودرێژیی لە بارەیەوە دەنووسرێت و زۆر لایەنی شاراوەی باس دەکرێت، لام وایە ئەو کاتە نزیکە بەتایبەت بۆ کەرکوک کە کورد و مەسیحی زۆر لەمێژە لەم خاکەدا پێکەوەن، تەنانەت پێش هاتنی خەڵکانی دیکە، بەهیوام ئەو رۆژە زوو بێت.

بە ئاواتی ئەوەی بتوانم لە بۆنەی دیکەدا بە دوورودرێژیی لەسەر ئەو پەیوەندییە بوەستم، ئەوە تا رادەیەکی زۆر پێویستی بە ماندووبوونی زیاترە، ئەوەندەی من بیستبێتم تەنانەت لە پێشمەرگایەتیشدا مەسیحییەکانی کەرکوک بەشدارییان کردووە، لێ ئەوە پێویستی بە تەقەلای زیاترە.

گرووپ، یان کۆمەڵەی کەرکوک لە سەرەتاوە هیچ بەیاننامە و راگەیەنراوێکیان نەبووە، بەڵام لە ساڵی شەست و نۆ بەیانێکی شیعری دەرچووە بەدوای ئەوانیشدا لە کفری کۆمەڵێک گرووپی کفریان راگەیاندووە، هەرچەند ئەو گرووپە بەیان، یان راگەیەنراوێکی ئاشکرایان نییە، بەڵام پێکەوە بوون، لەوەش دەچێت زۆر لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کەرکوکدا بووبن، ئەمەیان هێشتا ساغ نەبووەتەوە،

بەدوای ئەوانیشدا لە ساڵی حەفتا روانگە راگەیەنراوە و ئەوانەی ناو گرووپی کفریش تەواویان لە روانگەدا شیعریان بڵاوکردووەتەوە.

بەشێکی کەمی ئەو شیعرەی بۆ جان دەمۆی شاعیرم نووسیوە

شیعرەکە ناوی "شارێک لە ئۆقیانووسی خەیاڵ"یە

**"ئیدی کەس نابێ لە ماڵەوە شەراب بکات و**
**بە دزییەوە لەگەڵ شیعری جان دەمۆدا**
**نۆشی بکات**
**ئیدی شیعرەکانی جان دەمۆ**
**دەست ناخەنە نێو چیرۆکەکانی**
**جەلیل قەیسی و**
**هیچیشیان بە دیار تابلۆیەکی**
**عەبدوڵا سەراجەوە دانامێنن**
**تابلۆیەک لە وشە**
**ئەویش کەس نایبینێ**
**مەدحەت کاکەیی"**

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە یاداشتەکانی فازڵ عەزاوی و دوو دیداری فاروق مستەفا لە رۆژنامەی ئیتیحاد و سەرگۆن پۆڵس بینیوە، هەروەها سوودم لە ئینتەرنێتیش بینیوە.

لام وایە ئەمە بەشێکی کورت دەبێت سەبارەت کۆمەڵەکانی کەرکوک و بزووتنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی لە کەرکوک و رەنگە جارێ تر بچمەوە سەریان، کەواتە ئەم بابەتە ماوێتی، بۆیە هەندێ ناوی تریش هەن کە مرۆڤ ناچار دەبێت لە کاتی تردا باسیان بکات، بۆ نموونە محێدین زەنگەنە، لەبارەی کۆمەڵەکانی کەرکوک و زۆر بابەتی دیکەی ئەدەبییەوە فەلەکەدین کاکەیی نووسەر و رۆشنبیر و سیاسی، ئەویش چیرۆک و سەربوردەی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە کەرکوکەوە.



# فیکر و فەلسەفە،
# لە فەزای (کازینۆی منداڵاندا)



نووسینی: بڵند باجەلان

**چیرۆکی هەموو ژیانێک، چیرۆکی ئازارێکە.**
**(شۆپنهاوەر)**

**سیاسەتی مۆدێرنیتە هەموو جیهانی داگیرکردووە.**
**(بێرمەن)**

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و لێدوانانەی لەسەر دەقی ئەدەبی کوردی کراون، خاڵین لە روانگە فکرییەکان، نەک هەر فکر نەکراوەتە کەرەستەیەک، بەڵکو هەست بە دوورخستنەوەی خوێنەر لە فکر دەکرێ.

قسەکردنی هەندێ لە رەخنەگرانمان لەسەر زمان، قسەکردنە لەسەر (رێزمان -قواعد – grammar) بە (ناو و جێناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و گرێ و رستە و چاوگ....هتد)یەوە، بێ ئاگا لەوەی زمان پەیوەندی بە فکرەوە هەیە و بۆ خۆی باسێکی فکرییە.

(فۆرمالیستەکان) پێیانوابوو بەشێکی ئەدەب هیچ نییە جگە لە بەکارهێنانێکی

نامۆی زمان.
کێشە فکری و سایکۆلۆجییەکان ئەوکاتەی سەرهەڵدەدەن، لە ڕێگەی زمانەوە چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە.
زمان ئەو پردەیە کێشە فکرییەکان لەسەری دەپەڕنەوە و دەگەنە (کەسی دووەم)، کەسی دووەم وەڵامی دەبێت و بەهەمان پرد دەینێرێتەوە بۆ (کەسی یەکەم) کە پرسیاری لا دروستبووە بە سوود وەرگرتن لە تێز و دژە تێزی نووسەران، هەندێجار پردەکە ئەوەندە لەگەڵ ئەو کێشانە ئاشنایەتی دروست دەکا، دەبێتە بەشێک لە ئەوان (زمان دەبێتە بەشێک لە کێشەکان).
لێرەوە و لە چەند روانگەیەکی فکری، قسە لەسەر رۆمانی (کازینۆی منداڵان) ی (کاروان کاکەسوور) دەکەم.

### ١-منداڵیی (مامۆستا سوهاد).. (مامۆستا سوهاد)ی لێبووردە

(کاروان) لەو رۆمانەشیدا هاوشێوەی بەرهەمەکانی تری، دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی. (مامۆستا سوهاد)ی کارەکتەری پیر، داوا لە شۆفێری تاکسییەکان دەکات بیبەنە (کازینۆی منداڵان)، ئەوان بێ ئاگا لەوەی ئەو کازینۆیە شوێنێکە بۆ قسەکردن لەسەر منداڵی، جوێنی پێدەدەن و بە شێت و نەخۆشی دادەنێن، تا یەکێک لە شۆفێرەکان پێی رادەگەیەنێت ئەو کازینۆیە ئێستا نەماوە و کراوەتە ئاپارتمانێکی بەرز، سینەماکە کراوەتە گەراجی سەیارە و ئەوەی مابێتەوە مزگەوتەکانن کە ئەوانیش زۆر گۆڕاون.
(مامۆستا سوهاد) گوێی بە جوێنەکانیان نەدەدا، ئەو گوێ پێنەدانە زادەی خۆ بە کەم نەزانین و زادەی تێ نەگەیشتنی بەرامبەرە، بەڵام ئەوە تێگەیشتنی ئەوە لە سایەق تەکسییەکان، کە وادەکات لە لەحزەیەکدا خۆی بە زەرفی پەتاتە و مەنجەڵی ماست بچوێنێت.
یەکێک لە بنەماکانی تیۆریەی (ئادلەر)، ئەو هەستی خۆ بە کەم زانینەبوو کە (نیتشە) پێشتر باسیکردبوو.
زۆرجار کۆیلە بەهۆی هەستکردنی زۆری بە خۆ بە کەم زانین، دەبێتە فریادڕەسی دونیا و بانگەشەی شەڕکردن دەکات لەگەڵ خود و هەمیشە لە شکستەوە بۆ بردنەوە و لە بردنەوەوە بۆ شکست دەڕوات، تا مرۆڤێک دروست دەبێت بەرگەی رەشەباکان دەگرێت.
سەردەمی منداڵیی هەموومان پڕە لە گەورەکان، ئەوەی گۆڕاوە لەگەڵ ئێستادا هاوکێشەکان نییە، ئاڕاستەی هاوکێشەکانە.
بەریەککەوتنی (کاروانی منداڵ) لەگەڵ گەورەکان لە رابردوودا، گۆڕاوە بۆ

بەریەککەوتنی (کاروانی گەورە) لەگەڵ (خودی منداڵ) کە منداڵێکە لە زەین و ناخی (کاروانی ئێستا)دا گەمە دەکات...

حەزەکانی سەردەمی منداڵیی مرۆڤ ئەو کاتە دەگۆڕێن، کە مرۆڤەکە تەمەنی گەورە دەبێت.

لەبەر کۆمەڵێک هۆکار کە زۆرترینیان پەیوەستن بە فەزای گشتی و دەوروبەرەوە، ناکرێ چیتر ئەو مرۆڤە لە کۆڵاندا کۆلارەکەی بفڕێنێ و شەق لە تۆپ بدات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت حەزی منداڵبوون و گەڕانەوە بۆ منداڵی لە دڵی ئەو مرۆڤەدا مردبێت، ئەوەتا کۆلارەکەی منداڵیی تا ئێستا هەڵگرتووە، کۆلارەکەی کۆنبووە، بەڵام هێشتا هەر کۆلارەیە، کەچی ئەو مرۆڤە چیتر منداڵ نییە و ناشبێتەوە بە منداڵ.

ئەو حەزکردنە لە منداڵی و بیرکردنەوەیە لە منداڵی، لە بەرهەمەکانی (کاروان) دا تا دوا پلەی پەرتبوون دەتەقێتەوە.

(مامۆستا سوهاد)ی کارەکتەر، بانگەشە بۆ کامڵبوونی خۆی ناکات، خۆ رەنگیشە لە رابردوودا هەوڵی کامڵبوونی دابێت و زەمەن ئەوی کردبێتە شوێنێک بۆ مردنی منداڵی.

(ڤۆڵتێر)یش بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد فەیلەسوفێکی پڕۆفیشناڵە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو وەکو شیکەرەوەی فەلسەفە و عەشقی دانایی و رۆشنگەری نەناسین.

هەست بەو پچڕانە ئەبەدییە دەکەین کە ژیانی (مامۆستا سوهاد)ی بۆ دوو بەرە دابەشکردووە، یەکێکیان رابردوویێکی وێرانە و ئەوی تریان داهاتوویەکی نادیارە. قەیرانەکان وایان لە (مامۆستا سوهاد) کردووە، بیربکاتەوە (بیر لە رابردوو بکاتەوە). چەمکی لێکبووردن لای (مامۆستا سوهاد) لەوکاتەوە بەیان دەبێت، کە گوێ بە جوێن و سوکایەتی و بەدحاڵیبوونی ئەوانی تر نادات.

ئەو گوێ پێ نەدانە ئاماژەیە بۆ چەندین گوێ پێ نەدانی تر لە رابردووی نادیاردا، ئەو کە ئێستا خۆی ناسیوە، ناسینی ئەوانی تر بۆ ئەو دژوار ناکەوێتەوە. رەخنەگرتن جیایە لەو حاڵەتەی (مامۆستا سوهاد) لە بەرامبەر ئەوانی تردا تێیدەکەوێت.گوێ پێنەدانی (مامۆستا سوهاد)یش زادەی لێکبووردنە نەک خۆدزینەوە.

لە (هاکسلی) تەنزنووسیان پرسی:( تۆش وەکو (فرجیناۆڵف) بە رەخنەی رەخنەگران دڵتەنگی؟).

گوتی: نەخێر کارم لێ ناکەن، چوونکە قەت رەخنەکانیانم نەخوێندۆتەوە. (هاکسلی نمونەیەک بوو بۆ خۆدزینەوە). (جۆن لۆک) وەکو فەیلەسوفی

خۆشەویستی (ڤۆڵتێر) دەردەکەوت کە بیری قەبوڵکراوی زۆرینەی فەیلەسوفانی پێش مۆدێرنەی بەبێ بناغە دادەنا. لای (ڤۆڵتێر) دیدی (جۆن لۆک) بۆ (ناسین) جێ دەستی خۆی جێهێشت لەسەر دیناسی کۆنەپارێز، کە رۆحی نەمری بە بنەمایەکی قەبوڵکراو و سەقامگیر دادەنا.

جەوهەری لێکبووردنی (ڤۆڵتێر) خودایە، خودایەکە مرۆڤ بۆ لێکبووردن بانگهێشت دەکات و خودایەکی واقیعییە و میتافیزیکی نییە. بوونی خوداوەند مرۆڤ مەحکوم دەکات بە ناسینی خود، ئەوکاتەی لە بچوکی مرۆڤ تێ دەگەین، ئەو خۆناسینە لێکبووردنی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە لای (ڤۆڵتێر) بۆ مرۆڤێک کە لە بەردەم ئەگەری گۆڕان و هەڵەکردندایە، لێکبووردن ئەرکێکی سیاسی و دینییە و میوەی تێگەیشتن و تێڕوانینی عەقڵانی مرۆڤە. لە بیریشمان نەچێت، (ڤۆڵتێر) وەکو هیومانیستێک پێیوایە چەمکی کەرامەت و رێزی مرۆڤ، لە پێش چەمکی نەتەوەوەیە.

**٢-شانازیکردن یان دژەکەی**

(کاروان) دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی و ئازارەکانی منداڵی دەنووسێتەوە، راستییەکان دەگێڕێتەوە بە شێوەیەکی ئەدەبی و لە چوارچێوەی رۆماندا کە پەیوەندی بە چوارچێوەی تریشەوە هەیە، گوێ بە ئازارەکانی ئەو گێڕانەوەیەش نادات، ئەمەش تەواو پێچەوانەی (نیتشە)یە کە پێیوابوو ئازار لە هەناوی راستیدا بوونی هەیە.

(نیتشە) بە بەردەوامی لە راستی هەڵدەهات و لە دونیای یۆتۆپیا نزیکدەبۆوە، ژیانی واقیعی بە ئازاربەخش دادەنا و هێشتنەوەی بوونی لە نۆرینگی (ئیستاتیکییە) وە بە جێگەی تێڕامان دەزانی. لای (شۆپنهاوەر) مەرکەزی ئازار دونیای دیاردەیە و دەرککردن بە راستی کۆتایی ئازارە.

(شۆپنهاوەر) هەوڵی دەرککردنی زیاتری بە راستی دەدا، تا بگاتە ئەو ژیانە گۆشەگیرییەی کاری بۆ دەکرد، کە لە ژیانی ئایدیالی چڕدەبێتەوە. (کاروان) لە دەستپێکی رۆمانەکەیدا، باسی حەزێکی بەدیهاتووی سەرەتای گەنجێتی خۆی دەکات کە حەزی نووسین و بوونە بە نووسەر. ئەوەی گۆڕاوە لەو مەودایەدا مەسەلەی شانازیکردنە بە نووسین، کە دواجار هەر لەبەر ئەوەی نووسەر شانازی بەنووسین و نووسەربوونی خۆیەوە ناکات دەڵێت: ((مانای وایە تاکو ئێستا نە دێڕێکم نووسیوە و نە نووسەریشم)).

(نیتشە) لە سەرەتاوە حەزی لە مۆسیقا و بوون بە مۆسیقار دەکرد. ئەوەی (نیتشە) لە (کاروان) جیادەکاتەوە (شانازیکردنە بە پیشە).

(نیتشە) شانازی بە مۆسیقاوە دەکرد و دەیگوت: ژیان بەبێ مۆسیقا هەڵەیە و مەینەتی و دوورکەوتنەوەیە.

شانازیکردنی (نیتشە) بە مۆسیقا عەشقی (واگنەر) دروست دەکات و (واگنەر) وەکو خۆشەویسترین کەسی (نیتشە) و مۆسیقارێک کە شتە نەبینراوەکان نیشاندەدا دەردەکەوێت.

(نیتشە) کتێبێک لەسەر مۆسیقای (واگنەر) دادەنێت و لە قۆناغی شێتبوونیدا ئەوکاتەی وێنەی (واگنەر)ی دەبینی بە ئەسەفەوە دەیگوت: (رۆژانێک عاشقی ئەو پیاوە بووم).

شانازینەکردنی (کاروان) بە نووسین، عەشقی کاروان بۆ خود و نووسەرێکی دیاریکراو دروست ناکات، بەڵکو عاشقبوون بە منداڵی کە مەرکەزی یەکەمی عەشقە سەرهەڵدەدا، وەکو (عەشقی باڵا) کە کۆی عەشقەکانی تر بە نوتفەی سادەیی بۆنخۆشکراون لە ئاستیدا.

شانازیکردنی (نیتشە) بە مۆسیقا، شانازیکردن نییە بە پیشەی شانازیکەرەوە، (نیتشە) لە چەند ئاوازێک زیاتری نەبوو، کە هەوڵی دەدا لەسەر پیانۆ بیانژەنێت و کەسیشمان (نیتشە)مان وەکو مۆسیقار نەناسیوە.

شانازینەکردنی (کاروان) بە نووسین، شانازی نەکردنە بە پیشەی خودی شانازی نەکەرەوە، (کاروان) چەندین پەرتوکی هەیە و ئەومان وەکو نووسەرێک ناسیوە. شانازیکردن رێگر نییە لە بەردەم چێژ بینین. دەکرێت نووسەر شانازی بە نووسینەوە نەکات و چێژیش لە نووسین وەربگرێت. (کاروان) خۆی و هەست و ئایدیاکانی تەرخان دەکات بۆ نووسین، بۆیە ناشێت دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی هەست بە ئارامی نەکات.

لێرەدا پێمخۆشە ئاماژە بە بەهەڵەداچوونی رۆشنبیرانی کورد بکەم لە ئاست (نیتشە)دا:

مەحاڵە بەبێ خوێندنەوەی سەرجەمی بەرهەمەکانی (نیتشە) لە (نیتشە) تێ بگەین، چوونکە فکری (نیتشە) بەش بەشە و هەر بەشێکی فکری ئەو لە بەرهەمێکیدا کۆبۆتەوە، خوێندەوەی سەرجەمی بەرهەمەکانی (نیتشە)، کۆکردنەوەی ئەو پارچانەی فکری (نیتشە)یە، ئەوەتا هەرکە قسە دێتە سەر (سوپەرمان)، ئەوان باسی (نیتشە) دەکەن و قسەکردنیان لەسەر (نیتشە) قسەکردنە لەسەر (سوپەرمان)، لەکاتێکدا (لووسین)ی فەیلەسوفی یۆنانی کە دوو سەدە دوای زاینی ژیاوە، یەکەمین کەس بووە ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، دواتریش (موللەر) بەکاریهێناوە، تەنانەت (گۆتە)ش لە هۆنراوە دراماتیکییەکانی نێو (فاوست)دا بانگەشەی وەها مرۆڤێک دەکات.

٣-(تۆماس هۆبز) و (سپیونزا) میتافیزیکی تایبەت بەخۆیانیان دارشت و ئینجا پێشکەشیان کرد. (کاروان)یش دەیەوێت جۆرێک لە فکر و فەلسەفە بگەیەنێتە خوێنەر، کە خۆی دایرشتوون خودئاگایانە و ناخودئاگایانە. ناخودئاگاییبوونی نووسەر دەبێتە پەراوێزی شتێکی گرنگتر، کە هەیکەلیەتی رۆمانەکەیە. (خۆرخیس لویس بۆرخیس) پێیوایە رەنگە لێکچوون هەبێت لە نێوان چیرۆکی ئەو و (وێرانە خاک)ی (ئیلیۆت)دا، بەڵام ئەم لێکچوونە خود ئاگایانە نەبووە، (بۆرخیس) دەڵێت:(ئیلیۆت) لەو شاعیرانەیە کە بەدڵم نین.

پارێزگاری رێنیسانس لە ماتماتیک بووە هۆی ئەوەی بنەما عەقڵانی و ئایدیاکانی فەلسەفەی (لایب نیتز) و (دیکارت) سەرەنجەکان رابکێشن.

پارێزگاریکردنی (کاروان)یش لە وشە لەو رۆمانەیدا بۆ سەرەنجدانی خوێنەرە لە گۆشە دوورەکانی وشە کە ئەوەی دەیانبینێت چاوی وشە زۆر و زەبەندەکان نییە و چاوی فکرە. «سەیر ئەوەیە (مەیسوون)ی پوورزای، کە دوای مردنی دایکوباوکی لە ماڵی ئەوان ژیاوە، لەبەر ئەو چاوە سوورانەی خۆشی ویستووە، بەڵام چوونکە دایکی پێی گوتووە بیکاتە هاوسەری خۆی، ئەوا هەمیشە بە گومانەوە لێی روانیوە، بگرە وای زانیوە دەیەوێت فریوی بدات...». (گومان) لەو دەقەدا چەمکێکی سەرەکییە و زوو زوو خۆی مانیفێست دەکات، بووە بە بناغەیەک بۆ نووسینی رۆمانەکە، تەنانەت گومان لە خودی ئەقڵ و لۆجیک دەکرێت (ئەمەش هەمان دیدی رەخنەیی ئادۆرنۆیە لە رۆشنگەری). رۆشنگەریی باوەڕی بە تواناکانی ئەقڵ و ئەقڵانیەت هەبوو، وەکو بناغەی پێشکەوتن دەیبینین. باسی (تیشکەشان) نموونەی کەمبوونەوەی بەهای عەقڵە، ئەو کاتەی (تیشکەشان) دوای پەنجاوسێ ساڵ لە هاوسەرگیری بڕیاری جیابوونەوە دەدات و (مامۆستا سوهاد) نازانێ (تیشکەشان) هەر بەئانقەست ئەو پارچە جلانەی جێهێشتووە، کە دواتر لەناو جانتایەک تەقەتیان دەکات یان لە یادیانی کردووە؟

(کازینۆی منداڵان) پشتی بەسەرجەمگیری نەبەستووە بۆ باسکردنی دیاردەکان و جۆرێک لە رێژەیبوون بەدیدەکرێت، ئەگەر بانگەشەی ئەقڵانیەت و زانستگەرایی کردبێت، خۆی لە سەنگی نەریتە ئەفسانەیی و یۆتۆپییەکان داماڵیوە و جیهانبینییەکەی فاکتێکی ئەزموونی نییە بە تەنها، بەڵکو پەیوەستیشە بە ئەزمونەکانی ژیانی رۆژانەوە. سەرجەمگیری لە بواری فکردا جێگەی رەخنە و هەوڵوەستە لەسەرکردن بووە، (ماکس هۆکهایمەر) و (تیۆدۆر ئاگۆرنۆ)، رەخنەی توندیان لە رۆشنگەری گرت و تۆمەتباریان کرد بە گرتنەبەری میتۆدێکی ماتماتیکی ئیمبریقی و مەتریالیی سادە و سەرجەمگیری لە باسکردنی دیاردە سروشتی و مرۆڤایەتییەکاندا.» (مەیاس) پرسی:-گۆڕی کێ...؟! هیی ژنەکەی...؟!

ئەوەیە پیاو...!! ژنی خۆی بە خەنجەر لەتوکوت دەکات و تەرمەکەی لە قەڵات فڕێ دەداتەخوارێ، دواییش لەسەر گۆڕەکەی دەگریێ. (شەمام) بە پیشەی خۆی، کە هەمیشە شتەکانی لە ڕێگای گاڵتەوە دەردەبڕی، لەژێر لێوانەوە گوتی: -ئای لەو مردووگێیە...!! باز بە سەر زیندووواندا هەڵ دەدات و بۆ لای....(نەخشە) چاوی لێ نووقاندن، کە قسەی وا نەکەن» .

پەیوەست بەو ڕۆمانەی قسەی لەسەر دەکەین، ڕەخنە و وزە ڕەخنەییەکان وەکو کردەیەک دێنە ئاراوە و وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ ستایشکردن سەرهەڵدەدەن، بەو پێیەی ڕەخنە مەرجی پێویستی بیرکردنەوە و تێگەیشتنە و بناغەی پێشکەوتنی کولتوری هاوچەرخە، دەکرێت ببێتە سەنتەری زۆربەی بابەتەکان و دواجاریش ببێتە شتێک بۆ ڕەخنەلێگرتن (ڕەخنەگرتن لە ڕەخنە).

ڕەخنە کارلێکە لەگەڵ ئەو فەزایەی لە چرکەیەک لە چرکەکاندا ئەو سڕبووانەی لەسەر بێمانایی سڕبوون دەتەقێنێتەوە، ئەوانە پەراوێز دەخات کە شتێکن بە تەنها و دەیانەوێت ببنە کۆی شتەکان. ڕەخنە لە ڕۆمانەکەدا کراوەتە کەرەستەی گەیشتن بە لووتکە و لەو ڕوانگەیەوە بایەخی زۆر بەجوانیناسی دراوە. پەیوەست بە بۆچوونی (گوڵمەن) و (هیگل) و (لۆکاچ)، دەبێت هونەر و ئەدەب بۆ دەستەبەردارکردنی ئەوپەڕی تۆکمەیی تێ بکۆشن. نوێنەرانی (ئیکسپرسیونیزم) و (فۆتۆریزم) تۆکمەیی بەرهەمیان لا گرنگ نەبوو.

لێرەوە دەقەکە دەبێتە وشیاری بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تا دەگاتە ئاستی فەزای ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانە. ڕەخنەی (مامۆستا سوهاد) لە جێهێشتنەکەی (تیشکەشان)، ڕەخنەی (تیشکان) لە ونبوونی (گوڵباران)ی کچی، ڕەخنەی (یەڵدا) ی شاگردی چاپچی لە (تیشکان) خۆی.. نموونەی ڕەخنەیی ڕۆمانەکەن...

**٤-لە شەقامی تێگەیشتندا دابەزین هەیە:**

«(مامۆستا سوهاد) گوێی بە جوێنەکان نەدەدا، چوونکە دەیزانی ئەو گەنجانە هیچ شتێک لەبارەی ئەو کازینۆیەوە نازانن».

(کازینۆی منداڵان) ئەزمونێکە خوێنەر دەگەیەنێتە سنوورەکانی بوون و کۆتاییەکانی وەهم، خاڵی زاڵبوونی عەقڵە بەسەر مەسەلە ئەخلاقی و مەعنەوییەکان، خۆ فڕێدانی خوێنەرە بۆ نێو ئاگایی نووسەرەکەی و دوورکەوتنەوە لە پەرجوی ڕۆژانە، شتێکە کە بە قەبارە بچوکە و بەهایەکی چڕی هەیە.

هاوشێوەی وتارەکەی (دیڤید هیوم) بە ناوی (وتارێک لەمەڕ سروشتی مرۆڤەوە) کە بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی دووهەم تەخانکرابوو ،(کازینۆی منداڵان) لە بەرگێکی ئەدەبیدا هەوڵێکە بۆ قسەکردن لە بابەتە ئەخلاقی و

مەعنەوییەکان، ئاشکراکردنی ئاراستەی فکرە، ئەم ئاشکراکردنەش دەرەنجامی بیرکردنەوەی فەلسەفی جیهانی رۆژئاوایە و گەڕانەوەشە بۆ ژینگە رۆژهەڵاتییەکە کە منداڵیی نووسەری تیا قەتیس ماوە و نووسەر لە رێگەی (کازینۆی منداڵان)ەوە، هەوڵی راچڵەکاندنی منداڵە رۆژهەڵاتییەکە کە خودی نووسەرە دەدا. ئەمانە جیاوازیگەلێکی تری میتۆدی (کاروان)ن لەگەڵ ئەو میتۆدانەی (سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و شێرزاد حەسەن و عەتا موحەمەد و بەختیار عەلی و....هتد) ئیشیان لەسەر دەکەن، هەڵبەت بینینی ئەو جیاوازییانە وەکو خۆیان، بۆخۆیان دەبنە پێدەشتی چەندین جیاوازی تر.

ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە، تێگەیشتنی زیاترە. نزیککردنەوەی مرۆڤ لە ئەفسانە و سەندنەوەی رۆح لێی و بڕیاردانی پێشوەختە لەسەر ئەوەی بوونی مرۆڤ خەسڵەتێکی میتافیزیکی نیە لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاسمانی نییە و سەر بە زەوییە، توشی تێنەگەیشتمان دەکا لەو مرۆڤەی کە ئەوەی جیایدەکاتەوە خودی تێگەیشتنە، مرۆڤێک (رۆح + جەستە)یە، بە تایبەنی مرۆڤی مۆدێرن کە باوەڕی بە یاسا ئاسمانییەکان نییە و کار بۆ بەزەویکردنی یاساکان دەکات، لای ئەو یاسا ئاسمانییەکان کەلتوری و کۆنەپارێزن. ئەم ئایدیایانە کێشەن لەبەردەم مۆدێرنیتە کە بە درێژایی دەیەی رابردوو وەکو باسێکی فەلسەفی باسی دەکرا، ئەگەرچی زۆر لە رۆشنبیرانی زانستە مرۆییەکان بەشدارییان تیاکرد.

ئەوەی گرنگە لەو گۆشەیەدا، قۆناغی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە نییە (وەک ئەوەی زۆر لە مێژوونووسان خۆیانیان بۆ تەرخان کردووە)، گرنگ دۆزینەوەی خاڵە جەوهەرییەکانی ناو مۆدێرنیتەیە کە لە گرینگترینیان:

(هەموو جۆرە هێزێکی مەعنەوی بکەوێتە دەرەوەی عەقڵی مرۆڤ، نرخی نابێت و لە کۆتایشدا بەیەکجاری بەلاوە دەنرێت). لای (نیتشە) ئەو راسیۆنالیتە و بەلاوەنانی هێزی میتافیزیکی بە جۆرێک گەشە دەکات، دواجار (نیتشە) کۆی بارودۆخەکە لە رستەیەکدا کورت دەکاتەوە: (چەند سەیرە !! ئەو پیرە خواناسە لە جەنگەڵەکەی خۆیدا نەیبیستووە خودا مردووە). تێگەیشتن لە بۆشایدا دروست نابێت، تێبینی کردن و سەرەنجدان لە قۆناغێکدا دەگۆڕێن بۆ بیرکردنەوە و بیرکردنەوەش تێگەیشتن بەدوای خۆیدا رادەکێشێت، یان راستر بڵێین: تێگەیشتن لە هەناوی بیرکردنەوەدا خۆی مەڵاس داوە. تێگەیشتن کاردانەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، تێگەیشتن لەو کاردانەوەی تێگەیشتن بەرهەمی هێناوە نایەتە کایەوە تا لەو سیاقە تەقلیدییەی هەیە دەرنەچین و بڕیارەکانمان باکگراوندێکی فکری و مەعریفی لە خۆ نەگرن. (نیتشە) هاوشێوەی روانگە بایۆلۆجییەکە دەڵێ مرۆڤ

تەنها لەشە و هەموو ئاژەڵێکیش لەشی هەیە و مرۆڤ وێرانکەرترین ئاژەڵە.

٥-(کازینۆی منداڵان) لە شەقامی تاریک و روونی فەلسەفەدا پیاسە دەکات

«ئەو باوەڕی وابوو پیری لەو کاتەوە دەست پێ ناکات، کە دەچینە ناو تەمەنەوە و پێستمان چرچ هەڵدەگەڕێت، پشتمان کۆم و ملمان لار دەبێتەوە، بەڵکو هەر کاتێک ئەو شتانە بە کار دەهێنین، کە لەگەڵمان لە دایک نەبوون، ئەوا جێگای پیری لە گیانی خۆماندا دەکەینەوە... دەیگوت هەمیشە مرۆڤێکی رووت لە مرۆڤێکی پۆشتە گەنجترە» ئێستا جۆرێک لە کۆدەنگی پەیدابووە لەنێوان مێژوونووسانی هزری فەلسەفیدا لە بابەتی دابەشکردنی فەلسەفە بۆ چوار چاخی دیاریکراو:

١-چاخی دێرین

٢-چاخی ناوەڕاست

٣-چاخی نوێ

٤-چاخی ئێستا.

چاخی چوارەم (چاخی ئێستا) قابیلی گۆڕانە.

( ئێستا) بەنسبەتی داهاتوو رابردووە و دەکرێت لە داهاتوودا وەکو کۆنە و نەزۆک باسی بکرێت. ئەوەی (ئێستا) دەگۆڕێ بۆ (رابردوو)، هاتنە پێشەوەی سەردەمێکی تری فەلسەفییە کە بە (چاخی پێنجەمی فەلسەفە) ناویدەبەین. گومانم نییە شتێک لە داهاتوودا نایەتە پێشەوە بەناوی (کۆتا چاخی فەلسەفە) وەک ئەوەی هەندێک لەبیرمەندان پێشبینی مردنی فەلسەفە دەکەن لە دوارۆژدا. مردنی فەلسەفەی هاوزەمان کوشتنی ئەدەبیاتە. لێرەدا وشەی (کوشتن)م بەکارهێنا و وشەی (مردن)م بەکارنەهێنا، چوونکە لە وەها بارودۆخێکدا ئەدەبیات مەحکوم دەکرێت بە مردن. بەسەنتەرکردنی عەقڵ و هەستەکانمان بۆ هەستکردن بە بوونی مرۆڤ، دوورکەوتنەوەیە لەو مرۆڤە. دەکرێت مرۆڤ راستەوخۆ دەرک بە بەشێک لە حەقیقەتەکان بکات (لەوانەش حەقیقەتی بوونی من لێرە)، لەو میانەدا زانین دەست دەکەوێت. (سۆسەگەراکان) بۆچوونێکی نزیک لەمەی منیان هەیە، ئەگەر هەمان بۆچوونیشیان نەبێت، ئەوان باوەڕیان وایە بۆ هەستکردن بە بوونی خۆمان، دەبێت راستەوخۆ پەی بەو راستییە بەرین. (سۆفیستەکان) سۆسەیان بەتاکە کەرەستەی پێ زانین دادەنا. (هنری بێرگسۆن) سۆسە بە تاقە رێگای گەیشتن بە حەقیقەت دادەنێت و بانگەشەی بەدەستهێنانی مەعریفەی فەلسەفە دەکات لەو رێگایەوە. سەرجەمی کارەکتەرەکان لەو رۆمانەدا لە بوونی خۆیان دڵنیان، ئەمەش بۆ مانیفێستبوونی (بوونی من)ی (کاروان) دەگەڕێتەوە.

هەستکردن بە خود ئاسانترە وەک لە هەستکردن بە ئەوانی تر. لە ڕێگەی دڵنیابوون لە بوونی (من)ەوە، کارەکتەرەکان لە بوونی جێناوە سەربەخۆکانی تریش دڵنیا دەبنەوە. ئەسڵەن ئەو کێشەی بوونی من و ئەویترە، وەکو کێشەیەک نەخزاوەتە نێو پانتایی وشەکانی دەقەکەوە، هەر بۆیە هیچ کارەکتەرێک ناکەمە (من) و ئەوانی تر بە دەرەوەی ئەو منە.

من ئەو کێشەیە بە چارەسەرکراوی دەبینم لەودیو وشەکان، کە مەبەستم خەیاڵێکە گوزارشت لە نووسەر دەکات. مەرج نییە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان ئەو (من)ە بێت کە خستمانە ڕوو. ئەوەی زیاتر چارەسەری ئەو کێشەیەی کردووە، تەکنیکی نووسینی ئەو ڕۆمانەیە بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی تری (کاروان) کە دیاریکردنی کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانە دژوار دەکەوێتەوە و زۆربەی کارەکتەرەکان وەکو کارەکتەری سەرەکی دەردەکەون.

لە ڕۆمانەکەدا (فەزای کۆمەڵایەتی) ڕۆڵی هەیە لە چەسپاندنی بەها ئاکارییەکان، ئەوەی وا لە (تیشکەشان) دەکات لە (مامۆستا سوهاد) دووربکەوێتەوە، کاریگەری ئەو فەزا کۆمەڵایەتییەیە.

بەشێک لە بەها کۆمەڵایەتییەکانیش لە خودی کارەکتەرەکان و ئافراندنی کارەکتەرەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، (نەریمان) نموونەی ئەو کارەکتەرانەیە: «بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت (نەریمان) مەبەستێکی زۆر جیاواز لەوەی منی هەیە». ئەگەر لای (دۆرکهایم) بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵە هزرێکی داماڵراو بن و حوکمگەلێکی کۆمەڵایەتیین، کە ئەوەی دیاریان دەکات کۆمەڵگایە و بە شێوەیەکی زۆرەملێ ویژدانی گشتی بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێت، ئەوا لای (پروتاگۆراس) مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە و لای (نیتشە)ش سۆپەرمان تێپەڕێنەری بەهاکانی کۆیلەیە، وەکو (بەزەیی و خۆشویستن و چاکەکاری و... هتد).

نووسەر خودئاگایانە بە شێک لەگەمە فەلسەفییەکانی خوڵقاندووە و خودئاگایانەش کاریگەری فەلسەفەی لەسەر بووە. بۆ ڕوونکردنەوەی خودئاگابوون، (جۆرج سیمنۆن) دەکەمە نموونە:(جۆرج سیمۆن) پێیوابوو کاریگەرییەکی خودئاگایانەی (گۆگۆل) و (دیستۆڤسکی) لەسەرە و تەنانەت دیاریشیکردووە کە کاریگەری (دیستۆڤسکی) کەمتر بووە.

**٦-ئاڕاستەی پۆزەتیڤی، ئاڕاستەیەک بەرەو کەنارەکانی تێکست**

«-ئەگەر لێم بپرسن لە تەرمی باوکم و لە ڕۆحی کامیان بگەڕێتەوە، باشترە، ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکەمیان هەڵدەبژێرم، چوونکە هەست دەکەم ناتوانم ئەو

به زیندوویی ببینم، له کاتێکدا لام روون نییە ئاخۆ بە تەنیا دەگەڕێتەوە، یان لەگەڵ خوشکوبرا شێتەکانم». (کاروان) لەو دەقەیدا فەلسەفەیەکی داڕشتووە کە سەربەخۆیەتی و سەر بە فەیلەسوفان نییە. ناولێنانی فەلسەفەکەی (کاروان) خانەبەندکردنی تێکستەکەیە، فەلسەفەیەکی ئەدەبییە کە ناکرێت قسەی لەسەر بکرێت لە ساتی پەراوێزخستنی دەقدا، فەلسەفەی نێو دەقی ئەدەبییە و سوودی کەمی لە فەلسەفەی دەرەوەی دەقە ئەدەبییەکان وەرگرتووە. من بە پێچەوانەی (میلان کۆندێرا) پێموایە دەکرێت رۆماننووس فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت و لە دەقەکانیدا مانیفێست ببێت. (چیخۆف) و (کافکا) و (موزیل) فەلسەفەی تایبەت بە خۆیانیان هەبوو، بگرە کاریگەرییان لەسەر فکری فەلسەفی بیرمەندانی تریش هەبوو. لە بەرهەمی زۆر لە رۆماننووسەکان فەلسەفەی گونجاو هەیە بە بەراورد لەگەڵ فکری فەلسەفی بیرمەندانی تر، کە بە فەیلەسوف ناویان دەبەین. ئەو شتانەی رۆماننووسەکان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا دەیاننووسنەوە دەربارەی باوەڕی فەلسەفی خۆیان، پێکهاتەی فەلسەفییان تیایە. بوونی گومانیش لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا دواجار دابڕ نییە لەو گومانەی فەیلەسوفەکان لە بەیانکردنی فەلسەفەی خۆیاندا توشی دەبن. هەست بە جۆرێک لە کۆنتاکت دەکەم لە نێوان (کازینۆی منداڵان) و (پۆزەتیڤیزم)دا (کۆنتاکت بەمانای کاریگەری نایەت). فەیلەسوفە نوێیەکان و لەناویشیاندا ئەو فەیلەسوفانەی بە مەتریالیزم قایل نەبوون، لە میتافیزیکا دوورکەوتنەوە. دوورکەوتنەوە لە میتافیزیکا وادەکات جیهان چۆنیەتییەی سیستەمێکی سروشتی بێت و کەتەلۆکەکەی یاساگەلێکی دیار و دەستنیشانکراو بێت. پۆزەتیڤیزم خاوەنی کاریگەری دوو جەمسەرەیە، لەلایەکەوە بە فەلسەفەی ئەزمونگەرایی (لۆک) کاریگەرە و لاکەی تری فەلسەفەی رەخنەیی (کانت)ە. هەر (کانت)یش بە دامەزرێنەری سەرەکی پۆزەتیڤیزم دادەنرێت لەپاڵ (جۆن ستیوارت میل) و (سپنسەر)دا. توێژینەوەکانی لۆژیکی (جۆن ستیوارت میل) و رێبازی ئاکاری و تێڕوانینەکانی لە کایەی ئابووریدا، بناغەکەیان پۆزەتیڤی ئەزمونگەرییە. لێرەدا نامەوێت زیاتر قسە لەسەر (میل) بکەم، هۆکارەکەشی هەیکەلیەتی (کازینۆی منداڵان).

لەوەناچێت قسەکردن لەسەر (میل) لەپاڵ (کازینۆی منداڵان)دا ئەدەبی بکەوێتەوە. راستەوخۆ دێمە سەر دوو فەیلەسوفی تری (پۆزەتیڤیزم): (ئۆگەست کانت) و (هربرت سپنسەر ١٨٠٣-١٨٧٣)..... (سپنسەر) کاریگەری فەلسەفەی (هیوم)ی لەسەربوو. کاریگەری (کانت) و (میل)یشی لەسەربوو، کە لە پاڵ (سپنسەر)دا دەبنە سیانەی پۆزەتیڤیزم. سیانەکە یەک ماڵی پۆزەتیڤیزم کۆیان دەکاتەوە، کەواتە (سپنسەر) سوودی لە هاوماڵەکانی خۆی وەرگرتووە. لە ماڵە

فکرییەکەی (کاروان)دا، (کاروانی یەکەم) سوود لە دوو لە هاوماڵەکەی خۆی وەردەگرێت، کە دەکرێت بە (کاروانی دووەم) و (کاروانی سێیەم) ناویان ببەین، ئەمەش هەمان ئەو گەمە خودییەیە کە من لە لێکۆڵینەوەیەکمدا لەسەر (پەیکەری ست رافۆن) باسمکردووە، ئەوەی گۆڕاوە بوونی فەلسەفەیەکی جیاوازە لە پاڵ گەمە خودییەکەدا، بۆیە گەمەکەش وەکو گەمەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، ئەگەر هەمان گەمەش بێت. (مامۆستا سوهاد) لە دەقەکەدا تەقینەوەیەکی ئەدەبی دەتەقێتەوە و بەرهەمەکەشی کۆمەڵێک کارەکتەری نێو رۆمانەکەیە لەناو ئەو کارەکتەرانەش خودی (مامۆستا سوهاد)ی تیایە. تەقینەوەی (مامۆستا سوهاد) کۆتایی (مامۆستا سوهاد) نییە، دەرکەوتنەوەی (مامۆستا سوهاد)ە بە بچمێکی تازەوە و هاوکات گەڕاندنەوەی (مامۆستا سوهاد)یشە بۆ خاڵی سەرەتا، بەڵام تەقینەوەکە واتای سیفەتی سەرەکیبوون ناگەیەنێت، (مامۆستا سوهاد) کارەکتەرێکە لەپاڵ کارەکتەرەکانی تر، با خاڵی دەستپێکردنیش بێت. تەقینەوەکە مانای پەرەسەندن دەگەیەنێت، پەرەسەندنی دونیای نێو رۆمانەکە و پەرەسەندنی کارەکتەرەکانیش کە لە (مامۆستا سوهاد)ەوە سەرچاوەیان گرتووە و دواتر بوونەتە کارەکتەری سەربەخۆ. کەواتە پەرەسەندنی نێو رۆمانەکە لە شتێکەوە سەرچاوە دەگرێت. (سپنسەر) لە رەوتی پەرەسەندن لەسەر بناغەگەلێکی میکانیکی-خۆکرد تێ دەگات و لە دەرەوەی دەقی ئەدەبیدا هەموو شتەکان دەخاتە نێو رەوتی پەرەسەندنەوە، وەک بیەوێت بڵێت جیهان بەر لە دروستبوونی شتێکی یەکانگیر بووە و راستەکە ئەوەیە کە بە (وزە)، (جوڵە)، (مادە) ناوی ببەین، چوونکە سروشتە ناوەکییەکەی یان جەوهەرە راستەقینەکەی نەناسراوە. ئەو شتە یەکانگیرە تەقیوەتەوە و سەرەتا تەنە ئاسمانییەکانی لێپەیدابووە ،پشت بەست بە دۆزینەوە بایۆلۆجییەکەی (لامارک) و (داروین)، جیهانی ئەندامی لە نائەندامییەوە سەریهەڵداوە، وزەش نەگۆڕە، بەڵام قابیلی دابەشبوونە.

«-تۆ بڵێی منداڵەکانیشمان بچنەوە سەر باوکیان و ئاوا رەنگی چاویان سوور دەربچێت...؟!

(پەریهان) دەڵێت: -بۆم دەرکەوتووە هیچ چاوێک نییە رەنگی سوور، شین، قاوەیی، رەش و سەوز بێت... دەها ئەوە چاوەکان نین ئێمە دەبینن، بەڵکو ئێمەین ئەوان دەبینین، بەڵام بە چاو نا، بەڵکو......» . لە دەقەکەدا کارەکتەرەکان بەردەوام پرسیار لە یەکتری دەکەن و دیالۆگ دروست دەکەن، دەقەکەش مەملەکەتی پرسیارەکانە. کەسایەتی و پێگە و ئاستی مەعریفی کارەکتەرەکان لە پرسیارەکانیاندا خۆی مەڵاس داوە، خوێنەر لە رێگەی ئەو پرسیارانەوە کە کارەکتەرەکان دەیان کەن، هەست بە جۆری بیرکردنەوەی کارەکتەرکان دەکات.

پرسیارەکانیش دابەشدەبن بەسەر دوو بەرەوە:

بەشێکیان ئەو پرسیارانەن کارەکتەرەکان لە یەکتری دەکەن و لەگەڵ ئەو وەڵامانەی بەدوای پرسیارەکاندا دێن، رووداوەکانی نێو رۆمانەکە رێرەوێکی تایبەت و دیاریکراو وەردەگرن. نووسەر لە رێگەی پرسیارکردنەوە درێژە بە گێڕانەوەی رووداوەکان دەدا و پرسیارەکان دەبنە چرایەک بۆ بینینی رووداوەکان وەکو خۆیان و کارەکتەرەکانیش رۆڵ دەبینن لە بیناکردنی رووداوەکاندا.

بەشی دووەمی پرسیارەکان ئەو پرسیارانەن کە لە هەناوی دەقەکەدا هەستیان پێدەکرێت و لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە دروست دەبن، بە پێچەوانەی کۆمەڵە پرسیاری یەکەم کە لە ئانی خوێندنەوەدا دروستدەبن. چۆنیەتی رووداني رووداوەکان و هۆکاری رووداني رووداوەکان بەیەکەوە گرێدراون، واتە نووسەر لە یەک کاتدا دوو پرسیار دەکات:

- بۆچی ئەمانە روویاندا ؟
- ئەمانە چۆن روویاندا ؟

(کانت) لە قۆناغی سێیەمدا کە بە (قۆناغی پۆزەتیڤی) ناویدەبات، داوادەکات پرسیار لە هۆکاری رووداني رووداوەکان و دیاردەکان نەکرێت، بەڵکو تەنها پرسیار لە چۆنیەتی روودانیان بکرێت. لای (کانت) فکری مرۆیی لە قۆناغی سێیەمدا لە وەهمەکانی میتافیزیکا دوورکەوتەوە و پەی بە مەحاڵبوونی رەها برد و شیکردنەوەی رووداوەکان لە ئانی گێڕانەوەی روودانیان بۆ فاکتەری نادیار کە ناکرێت راستەوخۆ هەستیان پێ بکەین، پوچێتییە بۆخۆی. شیکردنەوەی رووداوەکان بە هێزی ئیلاهی و سیحری نابێت، بەڵکو رووداوەکان بە رووداوی تر شیدەکرێنەوە. کەواتە ئیشکردنی مرۆڤ لەسەر مەعریفەی زانست و چاککردنی رەوشە کۆمەڵایەتیەکان کە تەقەلای دەوێت، ئامانجی یەکەمە.

### ٧-پەیوەندی نێوان رۆماننووس و کارەکتەرەکانی رۆماننووس:

بۆ دروستبوونی کارەکتەرێکی جیاوازی نێو رۆمان، بوونی نووسەرێکی جیاوازیش مەرجە. ژیانی (دیستۆڤسکی) کە پڕیەتی لە نەهامەتییە گەورەکان، گەورەیی بەخشیوە بە (ڕاسکۆڵنیکۆف). گەورەیی (ڕاسکۆڵنیکۆف) بۆ نووسەرەکەی دەگەڕێتەوە، سەرەرای ئەو خەیاڵانەی (ڕاسکۆڵنیکۆف) مەلەیان تیا دەکات. (ئەکاکی ئەکاکیفیجی) لە ئینتیزاری کەسێک وەستاوە کە بەبێ ئەو ناتوانێت رێبکات، ئەو کەسەش خودی (گۆگۆل)ە، واتە (ئەکاکیفیجی)

ناوبانگییەکەی بەستراوەتەوە بە نووسەرەکەیەوە. قسەکردن لەسەر نووسەر، قسەکردنێکی راستەوخۆ نییە لەسەر کارەکتەر، پەیوەندی نێوان کارەکتەر و نووسەر پەیوەندییەکە لە چوارچێوەی دەقدا دروست دەبێت.

ئەو بارودۆخەی (ئەمیر) تێی دەکەوێت حەزی نووسەرەکەی نییە، بارودۆخی (ئافۆنسۆ) لە (هاوشێوەکانی پیاوێک)ی (ساراماگۆ)دا، بارودۆخی هەردوو کارەکتەرەکەی نێو (مرۆڤ و مشکەکان)ی (جۆن ستاینبێک) و...هتد، دوورن لە ویستی نووسەرەکانیان لەسەر ئەرزی واقیعدا..

ئایا پێویستە رۆماننووس چۆن مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکانی بکات ؟

هەندێک لە رۆماننووسەکان کارەکتەرەکانیان واقیعین و چیرۆکی ئەو کارەکتەرانەیان بەخۆیان بینیوە یان بیستووە. گواستنەوەی ئەوکارەکتەرە واقیعییانە بۆ نێو دونیای وشە و دەق، دەوەستێتە سەر توانست و ئاست و مەیلی نووسەرەکە. نووسەر هەیە ئەوەی بینیوەتی و بیستویەتی هەر ئەوەش دەگێڕێتەوە، دەستکاری ناکات و کردەی ئاوێتەکردن پەراوێز دەخات. نووسەری ترمان هەن کارەکتەرە واقیعییەکان تێکەڵاوی دونیای خەیاڵی خۆیان دەکەن، بەشێک لە خەیاڵەکان واقیعین و لە رووداوی دیکەوە وەرگیراون، کە هەر بە راستی روویانداوە، بەشەکەی تر بەرهەمی خەیاڵی نووسەرەکەن کە دەقەکەی پێ رازانراوەتەوە، خۆ رەنگیشە بەبێ ئاگاداری نووسەرەکە ئەو رووداوانەی نووسەر بە بەرهەمی خەیاڵی خۆی دایاندەنێت، پێشتر روویاندابێت یان لە داهاتوودا روو بدەن.

(کاروان) کارەکتەرەکانی رووت رووت نەگواستۆتەوە بۆ نێو دەقەکانی، بەڵکو خەسڵەتی تایبەتی پێداون کە لە دوورەوە بناسرێنەوە، واتە کارەکتەرەکانی رۆمانی (کاروان) لە کارەکتەری تر ناچن و جیاوازن بە مانای وشەی جیاوازی. کارەکتەری رۆمانەکانی (کاروان)، ئامادەگییان تیایە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ خودی خۆیان بە ئامانجی تێگەیشتن لە نووسەر. (کاروان) بە درێژایی نووسینی رۆمانەکە ،خۆی نەخستۆتە نێو بەرگی یەک کارەکتەرەوە و کارەکتەرەکانی تری لەگۆشەنیگای ئەو کارەکتەرەوە نەبینیوە. هەندێک لە رۆماننووسەکان چوونەتە نێو بەرگی ئەو کارەکتەرەی بۆتە سەنتەر، بەڵام (کاروان) لە (کازینۆی منداڵان)دا تاقە کارەکتەری سەنتەری نییە تا بچێتە بەرگی، زۆربەی کارەکتەرەکان بوونەتە سەنتەر.

خۆخستنە نێو بەرگی کارەکتەرێک لە رۆماندا، زۆرجار کاریگەری دەبێت لەسەر کەسایەتی کۆمەڵایەتی رۆماننووس کە بە سلبی تەواو دەبێت، لەو رووەوە رەنگە رۆماننووس نەتوانێت درێژە بە رۆمانەکەی بدات. تێکچوونی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانی رۆماننووس، زۆرجار کاریگەری دەبێت لەسەر خودی دەق. نووسەرە گەورەکان بۆ تێگەیشتن لە بەشێک لە کارەکتەرەکانیان، پێویستییان بە سەرەنجدان و وردبوونەوە و گەڕان و پشکنینە. کارەکتەرەکان پێگەی خۆیان بە ئاسانی نادەن بەدەستەوە، رەواش نییە نووسەر بەناحەق کارەکتەرەکانی بکوژێت، وەک ئەو رۆماننووسەی یەکێک لە کارەکتەرەکانی دەکوژێت و دواتر چەندین رۆژ بۆی دەگریێ..

**٨-سوود وەرگرتن و گواستنەوە بۆ نێو دەق**

(دۆگلاس) لە رۆمانەکەیدا سوودی لە دیالیکتیکی ئیسکۆتلەندی وەرگرتووە و قارەمانی چیرۆکەکانی لەجیاتی وشەی (money) دەڵێن (baubees)، لەجیاتی (children) دەڵێن (bairns)، لە ئینگلیزی کۆن و نەرویجی کۆنیشدا هەمان ئەم وشانە بەکاردەهاتن. (کاروان) لەو دەقەشیدا هەندێک وشەی ئینگلیزی بەکارهێناوە و رەونەقێکی بەخشیوە بە دەقەکەی، وشەی (کازینۆ) بەکارهاتووە لە شوێنی (گازینۆ)، هەڵبەت وشەی (گازینۆ) کوردی نییە و وشەیەکی بازاڕییە، لە وشە ئینگلیزییەکەوە وەرگیراوە.

«من دەڵێم دایە زوو کۆچی دوایی کرد، کەچی خۆی لە سەرەمەرگ پێی گوتم:

-مانگا ئەوپەڕی پانزدە ساڵ دەژیێ، پەریهان، بەڵام من مانگایەکی ئاسایی نەبووم، بۆیە هێندە زۆر ژیام».

(کاروان) لە (کازینۆی منداڵان)دا ژانرە ئەدەبییەکانی تێکەڵکردوون، شیعری ئاوێتەی دەقەکەی کردووە کە رۆمانە. راستی من پێم سەیرە!!! (کاروان) تا ئێستا شیعری نەنووسیوە، شیعر فۆڕمێکی جیاواز و سەربەخۆی هەیە، دەکرێت ئاوێتەی دەقی تر بکرێت (وەک ئەوەی کاروان ئاوێتەیکردووە). (کاروان) لە رۆمانەکەیدا (رۆماننووس و شاعیر و وێنەکێش)ە لە یەک کاتدا...\

کۆتایی: لەگەڵ (کاروان کاکەسوور) و (جۆرج سیمنۆن) و (جان دۆس پاسۆس)دا. با بەراوردکارییەک بکەین لەنێوان ئەزموونی نووسینی:

**١-(کاروان) و (جۆرج سیمنۆن):**

لای (جۆرج سیمنۆن ١٩٠٣ – ١٩٨٥) ئەو ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمانانەی تەنها وەزیفەیان کارلێکە لەگەڵ خوێنەر و دەوریان نییە لە زماندا و تەنها بۆ جوانکاری بەکارهاتوون، شایستەی پەراوێزخستنن. (سیمنۆن) دەیگوت:

(ئەگەر رستەیەک جوان بێت بەڵام مانای نەبێت و جێگەی خۆی نەکاتەوە، دەبێت بیسڕینەوە. من لەکاتی پاکنووسیدا ئەگەر رستەیەک مانای نەبێت با زۆر

جوانیش بێت، ئەوا بێ دوودڵی ڕەشی دەکەمەوە).

(کاروان)لەو دەقەیدا لە زمانی کارەکتەرەکانیەوە ڕستەی جوانی داڕشتووە، وەلێ داڕشتنی وشە جوانەکان لەسەر حیسابی مانا نەبووە، بۆیە لەوەدەچێت کەمتر لەکاتی پاکنووسی و پێداچوونەوەدا، ڕستەکان پێویستییان بە لادانی وشە هەبوو بێت.

لای (کاروان) ڕووداوەکان بەش بەشن و بە یەک ئاڕاستە هەنگاو نانێن، بەشێک لە ڕووداوەکان لە سەرەتاوە قاڵبی خۆیانیان وەرگرتووە. لێرەدا قاڵببەندی مانای سنووردارکردنی ڕووداوەکان ناگەیەنێت، ڕێکخستنی ڕووداوەکانە تا ئاستی گێڕانەوە. هەندێک لە ڕووداوەکان تەواوکەری ڕووداوەکانی بەر لە خۆیانن و بە لاوەنانی ئەو ڕووداوانە کوشتنی ڕووداوەکانی پێشترن، کە دواجار بە مەرگی ڕۆمانەکە کۆتایی دێت، بەڵام بەشێک لە ڕووداوەکان سەربەخۆن و پشت بەست نین بە ڕووداوەکانی بەر لە خۆیان. گرنگترین تایبەتمەندی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) کە تا ئێستا ڕەخنەگران باسیان نەکردووە و هەر ئەو تایبەتمەندییەش (کاروان) لە سەرجەمی ڕۆماننووسەکان جیادەکاتەوە لە ناویشیاندا (جۆرج سیمنۆن)، ئەوەیە کە: (ڕۆمانی کاروان چەند ڕۆمانێکە لەنێو دوو توێی یەک ڕۆماندا)

لای (جۆرج سیمنۆن) بارودۆخەکە تەواو جیاوازە، ئەزموونی نووسینی (سیمنۆن)، ڕێک پێچەوانەی ئەزموونی نووسینی (کاروان)ە لە ڕووی ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە، هەروەها (سیمنۆن) هەموو ڕۆژێک یەک فەسڵی تەواوی دەنووسی، بەبێ دواخستن. واتە ئەگەر ٤٨ کاتژمێر نەخۆش بکەوێت، دەبێ فەسڵەکانی پێشتر ڕەش بکاتەوە، ئەمەش کۆتایی نووسرانی ڕۆمانەکەی پێدەڵێن (ئەوەی نووسراوە یەکسان دەکرێت بە سفر).

### ٢-(کاروان) و (جان دۆس پاسۆس)

(کاروان) بەکەمی باسی بەرهەمەکانی خۆی دەکات، ڕەنگە بۆچوونێکی تا ڕاددەیەک نزیکی هەبێت لە (جان دۆس پاسۆس) کە پێیوایە ناخۆشترین شت لە دونیادا ئەوەیە بتەوێت لەبارەی بەرهەمی خۆتەوە قسە بکەی.

ئەوەی وای لە (پاسۆس) کردووە وەها بۆچوونێکی هەبێت، لەبەر ئەوە نییە (پاسۆس) نووسەرێکی لاوەکییە و شانازی بە بەرهەمەکانیەوە ناکات. (جان پۆل سارتەر) دوای نووسرانی زنجیرەی (USA) ی (پاسۆس)، وتارێک دەربارەی (پاسۆس) دەنووسێت و بە گەورەترین نووسەری دادەنێ کە لە ژیاندا مابێت.

چەند لێکۆڵینەوەیەکم بینیوە لەسەر دەقی (کاروان) کە نەیانتوانیوە دەقەکە وەکو خۆی ببینن، یان بەلایەنی کەمەوە بەشێکی دەقەکە ببینن و دروست

هەڵوەستەی لەسەر بکەن، ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بە لاوازی هێزی دانپیانانەوە هەبێت، کە هێزێکە بۆ ڕەخنەگر کەرەستەی سەرەکییە، لاوازبوونی ئەو هێزە وادەکات ڕەخنەگر ئەو شتە نەنووسێتەوە کە دەیبینێت لە دەقەکەدا.

ئەو کێشەیەی (کاروان) هەمان کێشەی (پاسۆس)ە کە نووسینەکانی لە (ڤێرجینیا) لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ دەکرا، چوونکە دەقەکانی دەربارەی خەڵک و پرس و کێشەکانیان بوو، (پاسۆس) دەستی خستبووە سەر مەسەلە زەقەکانی ئەو بەهەڵەداچوانە، (پاسۆس) لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی دەڵێ: ( هەمیشە ئەو بابەتانە ئازار و گومان لای خوێنەر دروست دەکەن، بۆیە ئاساییە پەرچەکردار دروست بکەن)

**سەرچاوەکان:**


1-Lo sono cosi cosi / carmelo caizzone/ Italia/ 1988

2-Narciso e Boccadoro / Herman Hesse / traduzione di Cristina Baseggio/direttore responsabile: pietro boroli / mondadori daeagostine /Milano/ 1998

3-patrica cornwell / postmortem /traduzione di Marco Amate / direttore responsabile: pietro boroli/Milano/ 1998

/ 4-La fatorria degli animali traduzione di Bruno Tasso / direttore responsabile: pietro boroli/Milano/ 1998

٥-ژولی سادا-ژاندرون، تساهل در اندیشه غرب، ت:عباس باقری « تهران» ٢٠٠٣

**٦-مدرنيتة و انديشةي انتقادي... بابك احمدي... ضاث ضهارم اسفند، ١٣٨٠**

**٧-الفلسفة الحديثة، نصوص مختارة، ترجمة: د. محمد سبيلا**

٨-بڵند باجەلان، منارەی داهێنان: خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی منارەی ئاوەدانیی کاروان کاکەسوور، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (٥٨)، ٢٠١٢

# (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم)،
# گوزارشتێکی راستگۆیانە لە دۆستێکەوە




**گۆران هەڵەبجەیی**

**(چەند جوانە دەمێک مرۆڤە نامۆکان بەڕێکەوت دەبنە برادەرمان،**
**چەند ئەستەمە دەمێک برادەرەکانمان لە ناکاو لێمان دەبنە نامۆ).**

راستگۆترین و بەوەفاترین دۆست ئەو دۆستەیە کە هەستی ئینسانی دەبیزوێنێت، خۆی عەوداڵی دۆستایەتییە، هیچ بەرژەوەندییەکی لەو دۆستایەتییەدا نییە، چاوەڕێی پاداشت ناکات، بەتەمای مەدالیا نییە. بەسەر فەرشی سووردا ناڕوات.

ئێمەی کورد خاوەنی دۆستی کەمین، ئەوانەش هەن بڕێکیان بەرژەوەندی دەیانکاتە دۆست و هەربۆیەش لەدەمی نەمانی بەرژەوەندیەکەیاندا

دۆستایەتییەکەش دەبێتە دوژمانەیەتی، یان لە باشترین حاڵەتدا کاڵ دەبێتەوە.

برێک لەو دۆستانەی لەسەردەمانێکدا بۆمان دەگریان، دەمێک دەهاتنە کوردستان بە جوانترین شێوە خزمەت دەکران، تەنانەت گیرفانیشیان گەرم دەکرا. بەڵام کە دەگەڕانەوە لەو دۆستایەتییە و لە هەڵوێستیان پاشگەز دەبوونەوە، بگرە قسەی نابەجێشیان پێدەگووتین.

لەتەک ئەمانەشدا برێک دۆستمان هەن کە رێکەوت کردوونیەتە دۆستمان، بە نزیکبوونەوەی زیاتر لێمان، دۆستایەتییکەیان پتەوتر بووە، هەست و سۆزیان بەرامبەرمان قووڵتر بووە، زیاتر خۆشیان ویستووین. بەداخەوە ئەو جۆرە دۆستانە دەگمەنن، بەڵام سەنگ و نرخی خۆیان هەیە و هەر ئەو جۆرە دۆستانەش بۆ ئێمە پێویستن.

یەکێک لەو دۆستە بە ئەمەکانە هونەرمەندی شێوەکاری دانمارکی ئەنێتا ئەسپاندەرە. ئەم مرۆڤە کەس داوای لێ نەکرد ببێتە دۆستمان، بەڵکو خۆی گەڕا بەداوی دۆستایەتیدا، یا گونجاوتر بڵێم رێکەوت کردیە دۆستمان. سەرەتا لە رێگەی چەند کوردێکی نیشتەجێی دانمارک، کوردی ناسی، بەتایبەت رۆمان و چیرۆکنووس کاک کاروان کاکە سوور و شانۆکار میدیای رەئوف بێگەرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی زیاتر خولیای ناسینی کورد بوو، بازنەی هاوڕیەتییەکەی فراوان بوو، سنووری دانمارکی تێپەڕاند و لە ئەورپا و لە کوردستان کۆمەڵێک دۆستی نوێی بۆ پەیدا بوو، بەتایبەت لە نێو توێژی رووناکبیراندا، ئێستا هاوڕێکانی لە زیابووندایە، بەتایبەتی لەسەر تۆڕی فەیسبووک.

لەم رووەوە کاروان کاکەسوور لەپێشەکی ئەم سەفەر نامەیەدا دەڵێت. ئەنێتا پێوستی بە من نییە بە خوێنەری بناسێنم، لە کاتێکدا ئەو ژنە هونەرمەندە لە هونەری ناسینی خەڵکدا توانایەکی دانسقەی هەیە. ئەو ئەمرۆ لە من زیاتر خەڵکی کوردستان دەناسێت، تەنانەت بە پێی ئاگاداری خۆم یەک دوو منداڵی کورد، لەبەر خۆشەویستی ئەو هونەرمەندە ناوی (ئەنێتا)یان پێ بەخشراوە.

### بانگهێشت بۆ کوردستان

گەر بە هەڵەدا نەچووبم ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆبنهاگن پێشەنگایەکی خۆی کردەوە، وەک بەندە بابەتێکم لەسەر ئەو پێشەنگایە نووسی، هەموو تابلۆکانی ئەو پێشەنگایە تایبەت بوون بە سرووشتی کوردستان. پێشتر ئەنێتا کوردستانی نەدیتبوو، تەنها خۆشەویستی بۆکوردستان پاڵنەر و ئیلهامهێنەر بوون بۆ تابلۆکانی، هەر بۆیە لە دوای ئەو پێشەنگایە کۆمەڵێک لە بەهرەمەندانی کورد

بوونە دۆستی، کە لەزۆربەی بوارە ئیبداعیەکاندا چالاکن.

زۆری نەبرد لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە لە سلێمانی بانگهێشت کرا بۆ نمایشکردنی تابلۆکانی لە کوردستان. کاک کاروان کاکەسوور هاوسەفەری بوو، پاشان میدیای رەئوف بێگەردیش گەیشتە لای.

زادی ئەو سەفەرەی کە پتر لە مانگێکی خایاند کردیە کتێبێک بەناوی (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم).

ناواخنی کتێبەکە جگە لە وێنەکان ١٠٤ لاپەڕەیە بە قەوارەی (ئەی ٥)، کتێبەکە کتێبێکی شیاکاری زانستی نییە سەبارەت بە کوردستان، بەڵکو تەنها یاداشتێکی سەرپێیانەیە بۆ ئەو سەفەرەی. وەک لە پێشەکییەکەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمدا هاتووە (ئەم گەشتەی ژنە هونەرمەندی دانمارکی {ئەنێتا} بۆ کوردستان نووسینی سەفەرنامەیەکی پرۆفیشناڵ نییە کە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ژیانی هەمەلایەنەی خەڵکی وڵاتێک نووسرابێت، ئەمە گەشتێکی ئاسایی و کەمخایەنی مرۆڤێکی هونەرمەندی ئەوروپاییە، کە بە گیانێکی دۆستانەی پڕ لە سۆزی قووڵەوە بۆ گەلێک نووسراوە). واتە کتێبێکی سادەیە، بەڵام پڕ مانا، دەربڕینێکی پڕ هەستە، لەناخی مرۆڤێکی خاوەن شارستانییەوە هەڵقووڵاوە. راستگۆیانە دیاردە و رووداوەکانی یاداشت کردوە، نەهاتووە لەبەر خاتری برادەرە کوردەکانی دیاردە ناشیرین و دزێوەکان پەردەپۆش بکات، یان ئارایشتیان بکات، گەر وای بکرادایە لە دۆستایەتی دەردەچوو، دەچووە خانەی مجامەلەی بێتام و بێ ماناوە. هەرچی شتە جوانەکانیش هەن بێ ئەوەی زیادەڕۆییان تێدا بکات وەک خۆی گوزارشتی لێوە کردوون.

**ئەنفال**

کتێبەکەی بە پرسیارێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەست پێکردووە،(بۆچی دەبێت ئەم کتێبەی من بە وشەی ئەنفال دەست پێ بکات؟).

هەر لە وەڵامدا خۆی دەڵێت، هەر ئەو وشەیە بوو کورد و منی بە یەکتر ناساند، بۆیە ئەنفال دەبێتە ناونیشانی یەکەم بەشی کتێبەکەم.

پاشان ئەنێتا دێت باسی وشەی ئەنفال دەکات و شرۆڤەی دەکات، هاوکات باسی کاریگەری ئەو وشەیە دەکات لە سەر تاکی کورد. ئەنێتا لەم بارەیەوە دەڵێت، گەرچی لەسەر بەکارهێنانی وشەی ئەنفال لەلایەن سەددامەوە بۆ پرۆسێسێکی قەڵاچۆکردن، لەوانەیە کوردەکان کۆک نەبن، بەڵام هەموویان لەوەدا هاوڕان کە سەددام لە درندەیدا وێنەی نەبووە.

لەهەمان باسدا سەبارەت بە ئەنفال و دەنگدانەوەی لای نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت، ئەوان بەگشتی سەددام حوسەێن بە موسوڵمانێکی خواپەرست و بەرگریکار لە ئیسلام دەزانن. هیچ سۆزێکیان بۆ کورد نییەو هەق بەسەدامیش دەدەن لە مەسەلەی چەوساندنەوەی گەلی کورددا. دەڵێت بەپێچەوانەوە کوردەکان ڕێز لە کەسانی تر دەگرن بە ئەندازەی زیاتر لە هاوڵاتیانی خۆیان.

## بڕێک لە خەسڵەتەکان

هەر پەیوەست بەم بابەتەوە دەڵێت، ئەوەی من لە کوردەکانم بەدی کردووە، ئەوەیە ئەوان هەرگیز موسوڵمانی وشک نین، بەڵکو بەگشتی زۆر کراوەن، شێوازی پۆشینی جلوبەرگ، حەزکردن لە موزیک و بەشداریکردنی کوڕ و کچیان لە ئاهەنگەکاندا، ئەو شتانەن کە بەئاشکرا دەڵێین کورد بە دوای ژیان و جوانیدا دەگەڕێت.

مەسەلەی قسەی خۆش و نوکتە، خاڵێکی دیکەیە کە ئەنێتا لە میانەی تێکەڵاویدا لەگەڵ کوردەکاندا هەستی پێکردووە. ئەوەتا دەڵێت گەر کەسێک ئەو هەموو نەهامەتیانەی لەبارەی کوردەوە زانیبێت، هەرگیز باوەڕ ناکات ئەوانە هێندە بەزەوقبن. نوکتەو گاڵتەوگەپ ئەو دوو خەسڵەتەن کە کوردیان پێ دەناسرێتەوە، لە گێڕانەوەو بەسەرهاتی خۆش و نوکتەدا هەموویان ئەکتەری لێهاتوون.

لە شوێنێکی دیکەدا باسی ڕۆڵی ژن دەکات لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و دەڵێت، لە کۆبوونەوەکاندا ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە و جیاوازی نیوان مێ و نێرم نەدیوە، لە درێژەی ئەم باسەدا دەڵێت، خێزانە کوردەکانی نیشتەجێی دانمارک بایەخێکی زۆر دەدەن بە منداڵەکانیان، هەموویان لە بوارەکانی موزیک و سینەما و شانۆ و ئەدەب و وەرزشدا بەهرەمەندن. لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە تاوانی ژن کوشتن دەڵێت، کۆمەڵگای کوردیش وەک کۆمەڵگاکانی دیکە ژنی تێدا دەکوژرێت، منداڵ وەک پێویست ڕێزی لێ ناگیرێت، بایەخ بە ژینگە نادرێت، واتە کورد فریشتە نین. بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەوانەی فریشتە نین، خاکیان لێ زەوت بکرێت، زمانی دایکیان لێ قەدەغە بکرێت، ئەنفال بکرێن، ئاوارە بکرێن، ئەوا کورد لە دوای هەموویانەوە دێت.

ئەنێتا خولیای ئەوەبووە کە پتر لە بارەی ئەو میللەتەوە بزانێت کە تازە ئاشنا بووە پێیان، دەڵێت ویستوومە بزانم ئەو گەلە بۆچی لەلایەن دراوسێکانیەوە هێندەی زوڵم لێکراوە و لەبەرچی وڵاتانی دونیاش تارادەیەکی زۆر چاویان لەو

هەموو زوڵمە پۆشیوە.

دیارە بۆ وەرگرتنی زیاتر زانیاری، ئامێتە بوون کوورتترین ڕێگەیە، بۆیە لەم بارەوە دەڵێت، من لە دانمارک هێندەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونم لەگەڵ کورددا لە کەلتوور، شێوازی بیرکردنەوە، لە بەهاو نۆرمەکانی ئەوانەوە تێگەیشتم، هێندە لە ڕێگای خوێندنەوەوە لێیان تێنەگەیشتووم، بەردەوامبوونم لەو تێکەڵبوونە ئینسانییە بۆ تێگەشتنی زیاتر و ئاسودەیی زیاتر بووە.

هەر زۆرجار برادەرە کوردەکانیش ئەو پرسیارەیان لێ کردووە (ئایا تۆ کوردستانت دیوە؟) هەر ئەم پرسیارەش هاندەرێکی دیکەبووە کە ئەنێتا سەردانی کوردستان بکات.

**دۆستایەتی**

ئەنێتا زۆر بە سادەیی بەڵام پڕ مانا و مەغزا و تاریفی دۆستایەتی لای تاکی کورد دەکات و دەڵێت. هاوڕێیەتی لای کورد، ئەگەرچی زۆر بە خێرایی و چەند بڵێی بە ئاسانی دادەمەزرێت، بەڵام تا بڵێی مانایەکی گەورەشی هەیە، لەماوەیەکی کەمدا وات لێدەکەن تۆ وا هەست بکەیت تەمەنی خۆتت لەگەڵ ئەواندا بەسەر بردووە، باوەڕی تەواوت پێ دەکەن، پشتت پێ دەبەستن، هاوکات ئەو هەستەت لا دروست دەکەن، کە ئەوانیش لەوە دڵنیان کە تۆ پشتوپەنای ئەوانیت و ناپاکی لەو هاوڕێیەتییە ناکەیت.

ئەم بۆچوونەی ئەنێتا دەشێ بۆ چەند حاڵەتێک درووست بێت، بە تایبەت بۆ مرۆڤدۆستەکان کە دۆستایەتیان، دڵسۆزی و پاکی سەرچاوەکەیەتی، بەڵام بۆ زۆر حاڵەت بەپێچەوانەیە، هەر ئەو خۆشباوەڕیەیە لەکن کورد کە زۆرجار پشتوپەناکانمان لە کاتی پێوست و نەهامەتییەکاندا پشتیان تێکردووین و دەرکەوتووە، ئەوان دۆستامان نەبوون، بەڵکو دۆستی بەرژەوەندیەکانیان بوون، مێژووی دوور و نزیکمان ئەمەی سەلماندوە.

ئەنێتا لە دانیشتنەکانیدا لەتەک برێ لە کوردەکانی دانمارک، ئەوەی بۆ دەرکەوتوە کە کۆبوونەوەی کوردەکان تام و چێژی تایبەتی هەیە. دەڵێت کورد هەرگیز بێباک نین، هەمیشە مێژووی خۆیان لە بیرە کە پڕە لە کارەسات، بەڵام هێزی خۆیان لە قسەی خۆش، پێکەنین، گۆرانی و هەڵپەڕکێ وەردەگرن.

کەسێکی بێگانەی وەک ئەنێتا دەرکی بەوە کردوە کە زۆرێک لە گەنجەکانمان بەهیوان رۆژێک بگەنە هەندەران و وڵاتی خۆیان جێبهێڵن، کە هەم بۆ من و هەم بۆ ئەنێتاش جێی پرسیارە، کە ئەو هۆکارانە چین پاڵ بەو گەنجانەوە دەنێن زێدی

خۆیان جێبهێڵن؟ کێ بەرپرسە لەم لایەنە؟ چۆن دەکرێت رێگە لەو کۆچە بگیرێت کە تا ئێستاش بەردەوامە؟

کەماسیەکی دیکە کە ئەنێتا دەرکی پێکردوە، نەبوونی کتێبێک یان دەلیلێکی گەشتیاریە، کە گەشتیاری بێگانە بتوانێت پشتی پێ ببەستێت، ئەمەش ئەرکی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، لەم بوارەدا دەڵێت، هەندێک کتێب لە بارەی کوردەوە هەن، بەڵام هیچ یەکێک لەو کتێبانە تایبەت نین بەسەفەر، بەڵکو کتێبی گشتین کە رۆژهەڵاتناس و رۆژنامەنووسەکان لە بارەی کوردەوە نووسیویانە، لەگەڵ گرنگی ئەو کتێبانەدا بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیوە سیمای کورد بە جیا نیشان بدەن و ئازارەکانیان بە روونی دەربخەن.

لەگەڵ نەبوونی ئەم جۆرە کتێبانە کە پێی دەوترێت (دەلیلی گەشتیاری) ئەنێتا دەڵێت، ئەوە نەبوونە کێشە بۆم، چونکە لای من چێژ لەوەدایە مرۆڤ خۆی شتەکانی بەردەمی خۆی ببینێت، نەک کەسێکی تر نیشانی بدات.

ئەنێتا بۆ یەکەمجار بەبێ (ڤیلی) هاوسەری سەفەر دەکات، سەفەرەکەش بۆ کوردستانە، لێ ئەو هەست بە تەنیایی ناکات، بەڵکو وا دەزانێت بۆ وڵاتی خۆی دەگەرێتەوە، وەک خۆی دەڵێت:

گرنگە کەسانێک هەرگیز نەیاندیوویت، بەڵام بە هاورێ و کەسوکاری خۆیانت دەزانن، هەموویان پێت دەڵێن (تۆ هەر دەبێت بێیتە ماڵی ئێمە، ئەنێتا، بەپەرۆشەوە چاوەرێت دەکەین، ئەنێتا).

**گرفتەکانی سەفەر**

لە کاتی سەفەرەکەیدا ئەنێتا چ لەمسەر و چ لە گەرانەوەیدا زۆر زەحمەتی تووش هات، زۆر دواکەوت، زۆر چاوەروانی کرد، ئەمانەش بە هۆی نارێکوپێکی و کەمتەرخەمی بازرگانە چاوچنۆکەکانەوە بووە، کە گەمە بە خەڵک دەکەن. دەڵێت من زۆرم پێناخۆشە کە کورد لەو فرۆکەخانانە بەدەستی چەند بازرگانێکەوە فریوو دەدرێت و زوڵمیان لێدەکرێت، بێ ئەوەی هیچ کەسێک، هیچ لایەنێکی فەرمی بەرگری لێ بکات، کە زۆربەیان کۆمپانیای وەهمین. بۆ نموونە لە سەفەرەکەیدا بەرەو کوردستان پاش ئەوەی رۆژێک لە چاوەرونیدا بوون و فرۆکە نەهات، ناچار بووە لە باژێرێکی دیکەوە بفرێت، کە لەوێش بە بیانویەکی زۆر بێ مانا پتر لە نیو رۆژ دواکەوتوە، گوایە فرۆکەوانەکە ماندووە و بۆ ئەوەی پلەی سەلامەتییان زیاتر بێت، پێویستی بە خەوە.

یان لە گەرانەوەدا پێیان وتوون فرۆکەی گەورەترتان بۆ دابین دەکەین،

بێ ئەوەی ئەوان فرۆکەی یەکەمیان دیبێت داخۆ گەورەیە یا بچوکە، پاشان خۆ ئەوان فڕۆکە ناکڕن تا پەیوەندیان بە قەبارەی فڕۆکەوە هەبێت. بەداخەوە ئەم جۆرە کردارانە تەنها لە کۆمەڵگە رۆژهەلاتی و دواکەوتووەکاندا بەدی دەکرێن و جۆرێکن لە هەڵخەڵەتاندن.

ئەنێتا لەم رووەوە دەڵێت، هێنانی فڕۆکەی گەورە بۆ پێکەنین نەبێت بۆ شتێکی کە باش نییە، یان دەڵێت ستافی ئەو کۆمپانیایە لە درۆکردنیشدا شارەزانین.

**تابلۆی کەرکوک**

دەمێک ئەنێتا و کاروان کاکەسور بەرەو هەولێر بەکەرکوکدا تێدەپەڕن، ئەنێتا ئەو تابلۆیەی دێتەوە یاد کە بۆ کەرکوک کێشاویەتی، بەناوی (کەرکوک لەسەردەمی گوڵ و کۆتردا). سەبارەت بەو تابلۆیە کوردێکی زۆر دەستخۆشیان لێ کردوە، بەلام بڕێک لە مرۆڤی دەروون نەخۆشی راسیست هەرەشەیان لێکردووە کە دراوسێی کوردن. پێیان وتوە تۆ کارێکی نامرۆڤانەت کردووە و دەتدەینە دادگا. لەمەدا ئەنێتا دەڵێت، سەیرە پێدەچێت ئەوانە حەز بکەن پێیان بووترێت دڕندە، بەلام رازیی نین بە گوڵ وکۆتریان بزانیت. ئەمەش تەنها بەهۆی ئەوەی ناوی کوردم هێناوە. ئەنێتا پێی سەیرە کە کەسانێک یان رژێمێک زمانی دایک قەدەغە دەکەن، منداڵ و پیری کورد دەکوژن، نەدرێنە دادگا، بەلام ئەوێک کە باسی تەبایی و دۆستایەتی نێو گەلانی کردووە، بدرێتە دادگا.

سەیر لەوەدایە ئەو تابلۆیە لە پاش پێشەنگاکەی کۆبنهاگن ون بوو، کە تا ئێستاش نازانێت چۆن ونبووە.

**بەڵێن نەشکاندن**

ئەنێتا زۆر ئارەزووی دەکرد سەردانێکی باژێڕی کەرکوک بکات، بەلام بەهۆی ئەوەی بەڵێنی بە ڤیلی هاوسەری دابوو کە ناچێتە ناو شاری کەرکوک، بەڵێنەکەی بردەسەر و نەیشکاند. ئەمەش جۆرێکە لە بەوەفایی و رێزگرتن و بەڵێن نەشکاندن. هاوسەرەکەی ئاگاداری بارودۆخی عیراق و کوردستانە، دەیزانی بەردەوام لە کەرکوک کاری تیرۆرستی روودەدات، بۆیە تکای لە ئەنێتا کردبوو کە نەچێتە ناو کەرکوک.

لە رێگەی بۆ هەولێر، بۆ نانخواردن لە رێستورانتێک لادەدەن، ئەنێتا لەوێدا شتێکی سەیر بەدی دەکات، ئەویش دانیشتنی کرێکارە کورد و عەرەبەکانە، دەبینێت، هەرکەسەیان بەجلی خۆیەوە، لە سەرمێزێک بۆ نان خواردن دانیشوون،

بەلای ئەوەوە ئەمە جوانییەکە، کە شارێک خەڵکی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ لەخۆ دەگرێت، بەمەرجێک ئەو کەسانە بە پلانی ڕەگەزپەرستی و بۆ دەرکردنی کەسانی خاوەن شارەکە نەهێنرابن، دەڵێت بەداخەوە مێژووی ئەم شارە پڕیەتی لەم هێنان و دەرکردنە، هەر ئەمەشە گەورەترین گرفتی بۆ خەڵکی سڤیل درووست کردووە و ئەو هەموو توندوتیژیەی لێکەوتووەتەوە.

### لەگەڵ بەهرەمەنداندا

ئەنێتا وەک هونەرمەندێکی شێوەکار، وەک کەسێک کە ڕێز لە هونەر و ئەدەب و سەرجەم کایە ئیبداعەکان بگرێت. ئارەزووی بووە زۆرترین ژمارەی بەهرەمەندان بناسێت، بیاندوێنێت، لە نزیکەوە لە کارەکانینان شارەزابێت. هەر بۆیەش لەو ماوە کەمەدا زۆرترین کەسی لەو بەهرەمەندانە دیوە، وەک خۆی دەڵێت هەر لە یەکەم چرکەوە بوینەتە هاوڕێ و بە ڕاشکاوانە بیرو بۆچونمان گۆڕیوەتەوە. سەردانی ماڵەکانیانی کردوە، لە پێشەنگاکانیاندا ئامادەبووە، چۆتە گەلەریەکان، نمایشی شانۆ و شانۆکارانی دیوە،،گۆرانیبێژ، نووسەر، شاعر، چیرۆکنووس، رۆژنامەنوس و نووسەری دیوە، چۆتە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان، دیداری میدیایی هەبووە، لە شەقامی سەهۆڵەکە و باخچەی گشتی، لەگەڵ بەهرەمەنداندا پیاسەی کردووە، لە چایخانەی شەعب لەگەڵیان چای خواردوەتەوە. لەهەولێر لە پارکی شانەدەر و شوێنانی دیکە دیونی و لەگەڵیان دانیشتووە. لە کوێ بۆی ڕەخسابێت، بەدیداریان شاد بووە، وەک خۆی دەڵێت خۆشترین ساتی لەگەڵیاندا بەسەر بردوە.

ئەمەش واتابەخشی ڕێزگرتنێکی مەزن، هەستێکی بەرز، نرخاندنێکی شیاوە لە هونەرمەدنێکەوە بۆ کەسانی خاوەن بەهرە لە کوردستان.

بێگومان ئەوانیش بە هەمان شێوە سۆز و هەستی خۆیان لەگەڵ ئەنێتادا گۆڕیوەتەوە و بەو بینین و گفتووگۆیانە خۆشحاڵبوون.

### گەڕانەکانی لە کوردستان

خانمە هونەرمەندی شێوەکار ئەنێتا سەردانی بڕێک لە باژێر و دەڤەرەکانی کوردستانی کردووە، هەریەکەیان جوانییەکی تایبەتی خۆی هەیە لەکن ئەو، بەجوانی هەورامان سەرسام بووە، بە نا لەباری و ناڕێکوپێکی بواری هاتوچۆ لە ئەحمەد ئاوا نیگەران بووە، هەڵەبجە غەمێکی گەورەی پێداوە، بەشێک لە ئازارەکانی کوردی لەوێدا بە دیکردووە.

بەجوانی و دڵڕفێنی دەڤەری سۆران و چۆمان دڵی کراوەتەوە، شەوێکی پڕ ئەفسوناوی لەو کەژ و کێوە لە نێو هاژەی رووبار و لەرەی گەڵای درەختی دەم شنەبا و دەنگی ئاژەڵ و ترس لە خشۆکەکان، بەسەر بردووە کە ئەو شەوە خەوە یادگارێکی جوانی لەکن جێهێشتووە.

سەبارەت بە باژێری هەولێر و سلێمانی دەڵێت. دووشاری جیاوازن، بەڵام هەر یەکەیان خۆشی و جوانیت بەشێوەی خۆی پێ دەبەخشێت. هەولێر بە بێدەنگی و شەرمنی کە مرۆڤ واهەست دەکات ئەو شارە هی خۆیەتی و تێیدا لەدایکبووە، بەڵام سلێمانی بەئاشکرا و بەڕووی خۆشەوە، هەموویان پێت دەڵێن ئەم شارە هی تۆیە لە دڵیشەوە وات پێدەڵێن. زۆر زوو دەبنە هاوڕێت، بەڕادەیەک کە لە خۆت بپرسیت تۆ بڵێی من پێشتر ئەمانەم نەدیبێت؟

میهرەبانی خێزانە کوردەکان و پێشوازی گەرم و گووڕیان لە ئەنێتا، هێندەی دیکە کوردی لا خۆشەویست بووە، دەڵێت لەو ماوە کەمەدا هێندە هۆگری ئەو خوشک و براو کەسانە بووم وام زانیوە عەیامێکە یەکتر دەناسین، لەکاتی دابڕانیشدا هەردوولا لە دڵەوە گریاوین.

### ناوچەی ئازادکراو

دەمێک سەردانی ناوچەی حاجی ئۆمەران دەکەن بڕێک لەبرادەرەکانی کە لەو سەردانەیدا یاوەری بوون، بۆیان گێڕاوتەوە کە لەدەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئەم ناوچانە ئازاد بوون و هێزی پێشمەرگە و بڕێک لە خێزانەکانیان لێرە ژیاون، بەڵام هاوکات لە ژێر بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتدا بوون. ئەمە ئەو لوغزەیە کە ئەنێتا لێی تێ ناگات و بەلایەوە حاڵەتێکی سەیرە. چۆن دەبێت دەڤەرێک پێی بووترێت ناوچەی ئازاد و بەلای خەڵکەکەوە ئازادبێت، لێ بەردەوام بە ناپاڵمیش بۆردوومان بکرێت و لە خەڵکەکەی بکوژرێت؟

بۆیە دەڵێت ئەوەی لە نزیکەوە کورد نەناسێت، هەرگیز لەوە تێ ناگات کە ئازادی لای کورد چ واتایەکی گەورەی هەیە.

ئەنێتا و کاروان دووجار چونەتە کن رەوەندە کوردەکان، بەگەرمی پێشوازیان لێکراوە، خزمەت کراون و ماستاوی سارد و چای گەرمیان پێداون، حەزیان کردوە شەو لایان بمێننەوە. بێ ئەوەی لە زمانی ئەنێتا تێ بگەن بە سیمایان خۆشحاڵیان نیشانداوە، بە بزە و سەیرکردنەکانیان پێیان وتووە چەند بە هاتنت خۆشحاڵین.

ئەنێتا لەو بارەوە دەڵێت، مرۆڤ کاتێک ئەوانە دەبینێت وا هەست دەکات

دڵسۆزترین کەسی ئەم سرووشتەن و نایانەوێت لە هیچ باروودۆخێکدا ئەم خاک و خۆڵە جێبهێڵن. چەندین جار لە لایەن ئێرانی دراوسێوە بۆردوومان کراون، ئاژەڵیان کوژراوە، کەچی هێشتا کۆڵ نادەن و خاکی خۆیان جێناهێڵن. بەدرێژایی مێژوو کوردەکان بەرگریەکی گەورەیان لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا نواندووە.

ئەنێتا لە سلێمانی ئامادەی نمایشی شانۆگەریەکی میدیا رەئوف بێگەرد دەبێت، کە ئەویش لە دانمارکەوە بۆ ئەو مەبەستە گەڕاوەتەوە. هونەری شانۆ لەسلێمانی مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەگشتی خەڵکەکە حەزی لێدەکەن. سەبارەت بەو نمایشە دەڵێت، هەموو جوڵە و ئاماژەیەکی میدیا هی ئەوەن لە جارێک زیاتر سەرنجیان لێ بدرێت.

ئەگەر چی ئەنێتا لە زمانی تێکستەکە تێ نەگەشتوە، بەڵام بەچاکی دەیزانی زمانی جەستەی میدیا چی پێ دەڵێت. زمانی جەستە گوزارشتێکی کورت و خێرایە بۆ گەیاندنێکی پەیامێک بەو کەسانەی لە زمانەکە تێ ناگەن و لایان نامۆیە، لە رێگای بزاوتی جەستەوە هێندە مانا دروست دەبێت کە تارادەیەکی باش کەسەکان لە ناوەڕۆکی کارەکە تێ دەگەن. دیارە لە ژیانی رۆژانەشدا زۆرجار کەسەکان بێ ئەوەی قسەبکەن بە ئاماژەی بەشێک لە جەستە گوزارشت لە مەبەستەکانیان دەکەن و بە روونی لە پەیامەکان دەگەن.

هەر پەیوەست بەم باسەوە دەمێک باسی هونەرمەند دیاری قەرەداغی دەکات دەڵێت، دیاری ئەو گۆرانیبێژەیە کە زۆر هونەرمەندانە زمانی جەستە تێکەڵی دەنگ و میلۆدی گۆرانییەکانی دەکات، ئەگەر هیچ لە زمانەکەش حاڵی نەبیت، ئەوە دیاری دەتوانێت بەهۆی ئەو جوڵە زیرەکانەی دەموچاو و بەشەکانی تری جەستەیەوە وات لێ بکات لە مانای تێکستەکانی تێ بگەیت.

### هەڵەبجە

لە سەفەرکەیدا بۆ هەڵەبجە کە مۆنۆمێنتەکە و مەزاری شەهیدانی بەسەر کردووەتەوە، ئەنێتا دەڵێت دەبوایە بچمە ئەو شارەی کە ناوی کوردستانی لەلا خۆشەویست کردم. ئەم ئافرەتە هەست بەرزە خۆی بە بەشدار دەزانێت لەو تاوانەدا، بەوەی وەک تاکێک نەیتوانیوە رێگە لە روودانی بگرێت. ئەمە ئەو پەڕی ئینسانییەتی کەسێکی مرۆڤدۆست نیشان دەدات، لەمەڕ تاوانێکی گەورەی وەک هەڵەبجە. ئەو دەڵێت، هەر تاوانێک دەکرێت مرۆڤ لە ناخی خۆیدا وا هەست دەکات پشکێکی لەو تاوانەدا هەیە، هەڵەبجە هێندە تاوانێکی گەورەیە کە مرۆڤ وادەزانێت خۆی کردوویەتی.

هەڵەبجە بەنسبەت ئەنێتاوە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە چیرۆکە گەورەکە، دەستپێکردنە بە چیرۆکێک کە هەرگیز ناگەیتە کۆتاییەکەی.

لە سیمای منداڵ و ژنە وشک هەڵاتووەکاندا پرسیارگەلێک بەدی دەکات، کە ویستوویانە ڕووبەڕووی دونیا و مێژو و نەوەکانی بکەنەوە. ئەنێتا دەڵێت لەوەش دڵنیابوون کە لە هیچ سەردەمێکدا وەڵامیان نادرێتەوە. تەنانەت ئاژەڵ و باڵندەکانێش لێرە و لەوێ ڕەقهەڵاتوون و ئەوانیش پرسیاری خۆیان هەیە.

### ئەنێتا لێمان تووڕەیە

ئەنێتا هەروەک چۆن بە کارە جوان و سودبەخشەکانمان شاد و دڵخۆش بووە، هەرواش بە دواکەوتن و نەبوونی خزمەتگوزاری و کارە ناشیرین و ناشارستانییەکانیش نیگەرن بووە، تا گەیشتووەتە رادەی تووڕەیی، ئەوەتا لە وەسفێکدا بۆ سەیرانگای ئەحمەد ئاوا دەڵێت، مرۆڤ کاتێک سەیری ئەم دەڤەرانە دەکات هێندە جوانن، ئاخی قوڵ هەڵدەکیشێت، بەوەی نەک هەر بیریان نەکردوەتەوە بیانکەنە شوێنی گەشتوگوزار و سامانێکی گەورەی لێ بەرهەم بهێنن، بەڵکو تەنانەت ڕێگاکانیشیان چاک نەکردوون. ئەمە یەکێک لەو ساتانە بوو کە من تێیدا تووڕە بووم و خەفەتم خوارد. گلەیم لە حکومەتەکە کرد کە وڵاتەکەی خۆی وەک پێویست ئاوەدان ناکاتەوە.

چۆن دەبێت هەڵەبجە و دەورووبەری بەم شێوەیەبن؟ دەبوایە کارێکیان بکردایە ئەو خەڵکە دوای ئەو کارەساتە گەورەیە هەست بە ئارامی بکات.

ئەنێتا هێندە بە پەرۆشە بۆ وڵاتەکەمان، پتر لە خەڵکەکەی خەفەتی بەو خەم ساردیە گەورەیە خواردوە کە لەلایەن دەسەڵاتداران و هەم لەلایەن هاوڵاتیانەوە سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە و خاوێن راگرتنی وڵات هەیە. تەنانەت تووڕەیی و نیگەرانی خۆی گەیاندوەتە سەرۆکی پەرلەمانیش. بەڵام کێ گرنگی بە پەرۆشی ئەو دەدات؟

ئەنێتا لە سەفەرنامەکەیدا بەشێکی تەرخانکردوە بۆ قسەکردن لەسەر هونەری کوردی و بەتایبەتیش نواندن و شانۆ، کە وەک پێشتریش ئاماژەم پێداوە، زیاتر تیشکی خستوەتە سەر ڕۆڵی ئافرەت لە بواری شانۆی کوردیدا، دەڵێ ئافرەتی کورد بەردەوام و بەتایبەت لە حەفتاکانەوە ئامادەی هەبووە لەسەر شانۆ، چەند ژنێک دەکاتە نمونە کە ناسروان و مێژووەکیان لەگەڵ هونەردا هەیە لەوانە، بەدیعەدارتاش و گەزیزە، کە هاوسەری هونەرمەندێکی گەورەی شێوەکارە، ئەویش ئیسماعیل خەیاتە.

دەمێک دەچن بۆ ناوچەی هەورومان، بە یاوەری گەزیزە خان دەبینێت خەڵک زۆر ڕێز لە گەزیزە دەگرن و دێنە لای و دەیدوێنن، بێگومان ئەو ڕێزەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەو خانمە لە هونەری نواندندا.

**سەردانی پەرلەمان**

ئەنێتا وەک خۆی دەڵێت کەسێکی سیاسی نییە، بەڵام بێریڤان سەرهەنگ کە کاتی خۆی لەدانمارک دەژیا و ئێستا ئەندام پەرلەمانە، داوای لێ دەکات کە سەردانی پەرلەمان بکات، تا لە نزیکەوە ئاشنای کارەکانی پەرلەمان ببێت.

کاک ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لێ دەکات، برێک باسی پەرلەمان و یاساکان و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیشەکانی بۆ دەکات، ئەویش خۆشحاڵی خۆی بە بوونی ئەو دامەزراوەیە دەردەبڕێت، کە خەڵک هەڵیبژاردوون، هەروەها بە بوونی ئۆپۆزشیۆنیش لە پەرلەمان چاوەڕێی کاری باشتر دەکات.

لەلای سەرۆکی پەرلەمان وەک دۆستێکی خەمخۆر برێک گلەیی و رەخنە لە ئەدای پەرلەمان و حکومەت دەگرێت و دەڵێت، هیوادارم کاری زیاتر بۆ کورد بکەن، چونکە کورد شایانی زۆر لەوە زیاترە، لە کوردستان بایەخ بە پاک و خاوێنی نادرێت، سەوزایی کەمە، سیستەمی ترافیک باش نییە، لە هەندێک شەقام تەنانەت شوێنی پەڕینەوە بۆ هاوڵاتیان بەرچاو ناکەوێت.

**بیرۆکراسی و رۆتین لە دائیرەکانی میریدا**

ئەوەی بەلای منەوە هەم جێی پێکەنین و هەم جێی داخە باسکردنی (فەرمانگەی پەنابەرێتی و کۆچبەرانە) کە نغرۆی رۆتین و کاری بیرۆکراسی بووە.

بەر لە گەڕانەوە بۆ مۆرکردنی پاسپۆرتەکەی، ئەنێتا ڕێگەی کەوتووەتە ئەو شوێنە، کە بەم جۆرە وەسفی دەکات. فەرمانگەیەکی بێسەروبەرە و چەند شوێنێکت پێ دەکەن، کە کەم و زۆر لەیەکتر دەچن، خەڵکانێکی یەکجار زۆر لەو شوێنە کۆبوونەتەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە، نە ئیش و کارەکانیان بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەچن و نە ئەوانیش سەرە دەگرن، دەبێتە گەڕەلاوژە و مرۆڤ هەناسەی تەنگ دەبێت، هەندێک بە واستە دەچنە ژوورەوە و کاروباریان بۆ تەواو دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕەزایی ئەوانی تر. بە گشتی لەو شوێنە بیرۆکراتیزم بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و مرۆڤ لە رووی دەروونییەوە زۆر شپرزە دەبێت.

ئەمە یەکێکە لەو شوێنە ناشیرین و ناڕێکانەی ئەنێتا لە پاڵ کۆمەڵێک شتی جوان و مۆدێرندا بینیویەتی.

پێشتر ئاماژەم بە چۆنییەتی سەفەری ئەنێتا کرد بۆ سلێمانی کە لە هەردوو سەردا پڕبووە لەچەرمەسەری و کێشمەکێش و دواکەوتن و دەستبڕین، بە بەهانەی هێنانی فڕۆکەی گەورە، دوو ڕۆژ سەفەرەکەیان دوادەکەوێت. دەبوو دوای نیوەڕۆ سەفەر بکەن بەڵام هەر جارەی بە بیانوویەک چەند کاتژمێرێکیان خستوتە سەر چاوەڕوانی، ئەم گەمە ناشیرینە تا ڕۆژی دوایی درێژەی کێشاوە. لەناو ئەو چاوەڕوانی و بێزاریەدا، ئەو خەڵکەیان جێهێشتبوو، وەک ئەوەی ئەو خەڵکە هاوڵاتی خۆیان نەبن، ئەنێتا دەڵێت، تەنانەت خواردنیان بۆ ئەو خەڵکە بێزراو ماندوو برسیە نەهێنا.

بەڵام دەمێک ئەنێتا ویستوویەتی وێنەیەکی ئەو واقعە بگرێت، ئەفسەرێکی ناشارەزا و بێ سەواد داوای لێدەکات وێنەکە بسڕێتەوە.

گەر کاروان نەبوایە کە بەگژ ئەفسەرەکدا چوبوو، کامێراکەیان لە ئەنێتا دەسەند. لە کۆتایی ئەم دیمەنە ناشیرینەدا ئەنێتا دەڵێت. بەبێ دوودڵی دەڵێم گەر هەندێکی تر ئەم بارودۆخە درێژەی بکێشایە، شەڕی دەستەو یەخە لەنێوان خەڵک و پۆلیس ڕووی دەدا، ئەمە ئەو شتەبوو کە من هیوام دەخواست نەیبینم.

**بەئاسمانەوە یادی سەفەر**

کاتژمێر ن(٩)ی بەیانی سواری ئەو فڕۆکەیە دەبن، کە دەبوو قەوارەکەی هێندەی سێ فڕۆکەی ئاسایی بێت، لێ فڕۆکەیەکی تەواو ئاسایی بوو.

ئەنێتا دەڵێت، بە ئاسمانەوە بیرم لە سەفەرەکەم دەکردەوە، کە سەرەڕای هەندێک شتی نەگەتیڤ، بەڵام پڕ لە خۆشی و ئاسوودەیی بوو. سەفەری وڵاتانم زۆر کردووە، بەڵام سەفەری کوردستانم لەو سەفەرە خۆشانەمە، کە هەرگیز بیرچوونەوەیان نییە، دەمگوت سوپاس بۆ ئەو وڵاتەی منی بە هاوڕێی خۆی زانیوە و بانگهێشتی کردووم، سوپاس بۆ ئەو خەڵکەی لەسەر شەقامە گشتییەکان و پارکەکان بەڕووی خۆشەوە لێیان دەڕوانیم و سڵاویان لێدەکردم، لە بازاڕەکان شتومەکم لێدەکڕین و بەزۆر پارەم دەخستە ناو دەستیانەوە، چونکە پێیان خۆش بوو بەخۆڕایی بمدەنێ، ئەوانەی دەهاتن دەستیان دەکردە ملم و وێنەیان لەگەڵ دەگرتم.

ئەنێتا نەک هەر لە فڕۆکەکەدا بەڵکو دەمێک بە ماشێنیش لە فڕۆکەخانەوە بەرەو باژێرەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، هەر بیری لای کوردستانە، خەیاڵی بۆ لای هاوڕێکانی دەڕوات، قسە و پێکەنینەکانیان، پیاسەی سەرشەقامەکان و زۆر شتی تر.

لە کۆتایدا بە پێوستی دەزانم ئاماژە بە هەوڵ و توانا و ماندوبوونی کاک کاروان کاکەسوری رۆمان و چیرۆکنووس بدەم، کە یاوەری ئەنێتا بووە لەو سەفەرەدا. کاک کاروان ئەرکی بە کوردی کردنی ئەم سەفەرنامەی گرتوەتە ئەستۆ. من ناڵێم وەرگێران چونکە ئەمە وەرگێران نییە، بەڵکو بە کوردی کردنە. بێگومان گەر پیت بەپیت وەری بگێڕایەتە سەر کوردی ئەم تام و چێژەی ئێستای نەدەبوو، چونکە جیاوازی زمان و کەلتوور وادەکەن دەربڕینەکان بەشێوازێکی دیکەبن. کاک کاروان بە سەلیقەی خۆی وەک ئەدیبێک و شارەزایەک لە زمانی کوردیدا، بەرگێکی کوردی کردوە بە بەر نووسینەکەی ئەنێتادا، بەجۆرێک دەمێک مرۆڤ دەیخوێنێتەوە واهەست دەکات خاوەنەکەی بە کوردی نووسیوەتی نەک بە دانمارکی. من چەند لاپەڕەیەکم لە کتێبەکەی ئەنێتا بەدانمارکی خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کاروان کرۆکی باسەکانی وەرگرتوە و بە کوردی دایڕشتونەتەوە، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر مەبەست و باسەکان، بەڵکو دەتوانم بڵێم جوانتر و ساناتری کردووە. بۆیە من پڕ بەدڵ دەستخۆشی لێدەکەم.

# دمق

| | |
|---|---|
| من دووبارەبوومەوە | حەمە کاکەڕەش |
| چیرۆکە بێکۆتاکانی گوناهێک... | ژاوێن شاڵی |
| ئەگەرماڵێکت هەبێ بۆ ئاشتی | ئەدیب نادر |
| وشە پێکمانەوە دەبەستێت | داستان و کۆچەر |
| بۆ بێدەنگی؟ | شاگوڵ کەیخوسرەوی |
| (من) دەقی تەمەن | ناڵە حەسەن |
| سێ کورتەشیعر | بەناز فاتیح |
| خوێ، یان سوێرتر | رابەر فاریق |
| کەی بێ بگەی | مەجید عەزیز |
| کوڕی گوڵە خوێناوییەکەی گۆران | ئاری عوسمان خەیات |
| 12: 00 A.m + 12: 00 P.m =27 hour | هێمن عوسمان عەبدوڵلا |
| دیدار لەگەڵ شاعیری زریان و زایەڵەو زنار | سازدانی: پەری شێخ ساڵح |

# من دووبارەبوومەوە

حەمە کاکەڕەش



ژیانی من هیچ نەبوو لە دووبارەبوونەوە زیاتر
خەونی من هیچ نەبوو لە دووبارەوەبوونەوە زیاتر
غەمگینی من هیچ نەبوو لە دووبارەبوونەوە زیاتر
ئازاری من هیچ نەبوو لە دووبارەبوونەوە زیاتر

***

من هەزار جار دووبارە بوومەوە
بە ئاگرێک هەزار جار ڕۆحم سووتاوە
لە ئاوێکدا هەزار جار خنکاوم
هەزاران جار کەوتوومەتە خەرەندێکەوە

***

من غەمگینی ئەوەم بۆ جارێکیش نەمتوانی دووبارە نەبمەوە
من هەر دووبارەبوومەوە و دووبارەبوومەوە و دووبارەبوومەوە
تا کاتێک هەستم کرد کە نیم

له دووبارەبوونەوەدا پارچە پارچە بووم
پارچەکانم دووبارە یەکیان گرتەوە و بوونەوە بە من
بۆئەوەی دووبارە دووبارە ببنەوە و پارچە پارچە ببنەوە و ببنەوە بە من
ئای من چ پیاوێکی دووبارەم
نازانم بۆ بێزار نەبووم لەوەی هەزار جار تەقەم لە دەرگای دڵێک هەڵسان
هەزار جار بە یەک ڕێگادا سەفەری یەک شارم کرد و
لە یەک شەقامدا چاوەڕێی کەسێکم بووم کە نەمدەزانی کێیە.

***



من داهێنەرم، واتێنەگەن ستایشی خۆم دەکەم
دەستێکی باڵام هەیە لە داهێنانی غەمگینیدا
دەتوانم قاقای پێکەنین بگۆڕم، بە گەرمە شین
سەما پڕکەم لە وەرین

***

داهێنەرم لە دووبارەبوونەوەدا
یەک خەیاڵ هەزار جار بردوومی
هەزار جار یەک خەونم بینیوە
شمشاڵی ئازاری تەمەنم
یەک نەوای ژەنیوە

***


من پیاوێکی دووبارەم وەک خولانەوە بەدەوری خەرمانی ئازارەوە دووبارە بوومەوە
وەک بێ ئۆقرەیی بەدەم چاوەڕوانییەوە
وەک دووبارە و سەدبارەکردنەوەی پرسیارێک لە لایەن منداڵەوە
وەک دووبارەبوونەوەی پاسی غەمگینی و تەکسی حەسرەت بە هەمان ڕێگای خەیاڵدا
وەک هەزار بارەبوونەوەی نوێژ و دوعا و سێکس و مردن من دووبارە بوومەوە

***

نازانم بۆ چێژ لە دووبارەبوونەوەی شکستەکانم دەبینم
دووبارە چوومەتەوە بەردەم ئەو پەنجەرەیەی کە لەوێوە دوایین
ئاوڕدانەوەی تۆم بینی
لەوێوە خۆری من ئاوابوو
لەوێوە کەوتنی باران و ونبوونی ئاسمانم بینی

***


ژیانی من وەک بانگدان
هەموو ڕۆژێک چەندبارە دەبووەوە
کەچی خۆیشم بە دەنگی ئەو بانگەوە نەچووم
کە ژیانم بوو،
ژیانی من
وەک شێلانی گوڵ بۆ گوڵاو
وەک شێلانی هەویری خەونێک
وەک شێلانی ترێ بۆ شەراب
ژنێک بە دەستە شەیداکانی
بە قاچە غەمگینەکانی
دیشێلاو دەیشێلا و دەیشێلا



# چیرۆکە بێکۆتاکانی گوناهێک...

ژاوێن شاڵی

کات ئیتر هیچ شتێ ناگۆڕێ!
کاتژمێرەکان داگرن،
گڵۆپەکان بکوژێننەوە
فو لە گڕی مۆمەکان کەن
پەردەکان دادەنەوە
پەنجەرەکان ئاوەڵا کەن،
بڵێن ئەوەی چوو... چوو
ماتەمێ بۆ خۆر بگێڕن...



چاویلکەکەت دانێ هاوڕێ
ژیان خۆی تاریکییە...
شەرم لە کەس ناکات مردن
باکی بە کەس نییە ژیان،

ئەو بە هێمنییەکی شاعیرانەوە ڕێ دەکات و
بەرلەوەی جادە دوولەت بێ
شەقام مێخەکرێژ دەکات...

دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتا،
بۆ دەستپێکی گوناهەکان...
پەنجە بۆ سێوێک درێژ دەکەم و
یەکەمین گوناە دەست پێدەکات،
دەکەومە باوەشی ئادەمێکەوە و
یەکەمین نەفرەت دەست پێدەکات

**لە سکی دایکم دێمە دەر و**
**یەکەمین گریان دەست پێدەکات...**

**سەرەتا هیچ نەبوو**
**بەرگی ئەو هەموو مانا نەفرەتییە نەکرابووە بەر ژیان**
**باخ باخ بوو، سێویش سێو بوو**
**ژیان بازنەیەکی یاساغ بوو،**
**منیش منالێکی چەتوون بووم**
**بەردم دەگرتە پەنجەرەی یاساکان و**
**دادوەرەکانم لەخۆم تۆراند...**

**خۆش خەیاڵانە کۆلارەی ئازادییم هەڵدا و**
**بوومە یەکەمین کۆیلەی ژیان،**
**فریشتە بووم و**
**ئەهریمەنترین وەچەم خستەوە**
**من باخی جەللادەکانم ئاودا و**
**بەرچاییم بۆ دیکتاتۆرەکان سازکرد**
**ئەوان لێرەوە تێپەڕین و**
**بە شمشێر و چەک و ئامێرەکانیان**
**گەردوونیان ژێراوژێر کرد...**

**ئەمە ئەوپەڕی یاخیبوونە و**
**جەنگەکان لێرەوە سەرهەڵئەدەن،**
**لێرە کە من بە سەرابی هەقیقەتێکەوە**
**دووگیان ئەبم و**
**مەریەم نیم...**
**بەر قاچە شەیتانییەکانی گوناهێک نەکەوتووم و**
**فریشتە نیم،**
**لەمماڵەدا کە چیتر نەوای شادی نابیسترێ**
**من بۆ دەستە لەرزۆکەکانی دایکم ئەگریم...**
**ئەو هەموو بەیانییەک باخە چکۆلانەکەی حەوشە**
**ئاو ئەدات و**

بۆ ئەوە غەم ئەخوا
دەستی بە گوڵەکانی ئەودیو دەرگا راناگات...
من و دایکم غەمبارین و
کەس لە شەڕەکانی ئێمە سەر دەر ناکات...
مەگەر تەنها دڵساردیی ژوورەکان
لە نهێنی ئەم هەموو تاریکییە بگەن
کاتێک سەقف دەڕمێت
(با)ی زەمەنێکی سەرخۆش
چۆن دەرگاکان دێنێت و
دەبات و
لەسەر نەزمی دڵڕەقی
گەمەی شەیتانیی خۆیان پێ دەکات...
من وەک مشکێکی بزۆک
لەو ژوورە ساردانە هاتمە دەرێ و
بەر هەوای سووتێنەری ئەم نیشتیمانە کەوتم...
کەوتمە بەر تەوژمی رەنگەکان و
مەرهەمی ئالآیەک نەبوو لە نیانی خۆیا دامپۆشێت،
بەپێی پەتی بەسەر جادە دۆزەخییەکانی وڵاتا رۆیشتم و
پێستم بەسەر کوچە و کۆڵانەکانی شارا جێما،
من بە رووتی هاتمە دەرێ و
بەر سزای بێ کۆتایی رۆژگارەکان کەوتم...
گوناهی من سپیتر بوو
لە گرِوگرتنی منالێک
بۆ پارچە نانێکی وشک
کاتێک دایکی لە شیر دەچێتەوە...
ئێستەش بەم هەموو باری گوناهەوە
بەسەر رۆخی ئەم دۆزەخەدا رێدەکەم و
ئەم نەعلەتە تەواو نابێت...

٢٠١٣/٥/٢

# ئەگەر ماڵێکت هەبێ بۆ ئاشتی

ئەدیب نادر

لە ماڵی ئاشتیدا، دەبیتە دیلی جوانییەک قەتاوقەت لێی رەها نابیت، رابردووت لەودیو شتەکان جێهێشتووە، چیدی بەگەنجێتیی سەرت نایێتە ماڵی بەفر، چیدی وڵات جێگایەک نییە بۆ مردن، چیدی رێگایەکی بێکۆتایی نییە بۆ هەڵاتن

لە ماڵی ئاشتیدا، ئارامییەکی پڕ ئەفسوون جێنشینە، هیچ کەسێک بیانووی نەماوە ئیتر ئەموست بە پەلەپیتکەکان بسپێرێت، تاریکییەک نییە گەمارۆی بینین بدات، دەرگایەک نییە لە عەشقی کڵۆمدا ئامبازی دیوارەکان بێت، چیدی سەدای سەعاتەکانی سەردیوار بە مڵچەمڵچی ئەو بنێشتە ناچێت کە دەمێک لەولای تێرییەوە کاوێژی پێدەکرێت

لە ماڵی ئاشتیدا، شەبەنگی رابردوو دیارنەماوە، ئایندە هاتووەتە ناو خەونەکانەوە، بخەویت و نەخەویت خەونی بێشوومار دەبینی و خەونەکانیش نووتەکییان دەخەنە نێولەپی جاویدانی هەتاو، دەستی چەپ و دەستی راستت لەملاولەولای جەستەتدا قەرارگیر دەبن، ئاگر لەناو سیپەلاکی ئاگرداندا لایلایە بۆ زستان دەکات، ئاو لەناو شەربەکاندا شۆڕەی دێت، بەفر باوەشی سەربانەکان دەکات بە کێڵگەی بێگەردیی، هەوایش میناکان دەکات بە دڵدار و هەرچۆن ئاوڕ لە دەوروبەر بدەیتەوە، ژیان دەبینی، رەنگ و بۆنی گوڵە جوانەکانی دنیای لە بەرۆکی هەناسەکان ئاڵاندووە، ژیان دەبینی، تینوێتی لەبیرچۆتەوە، یەخەی زەردی پاییز دەگرێ، ژۆڕناڵەکانی یەک

یەک هەڵدەداتەوە و بە دەنگێکی سەوز دەڵێت: ئەی نادیار، بۆچی لەسەر جادە سارد و درێژەکانتا هەر تەنها زەرد هەڵگەڕان، پەژموردەبوون و هەڵوەرین پیاسە دەکەن

لە ماڵی ئاشتیدا، دۆزەخ لەویڵگاکانی دوێنێدا بزربووە، جەستەی دەعجاوی شەڕەکان زۆر دەمێکە نێژراون، بەلام کەس نازانێ لە کوێ

لە ماڵی ئاشتیدا، دەڵێی خۆت نیت، دەڵێی بۆ گرتنەخۆی ژیانی کەسێکی دیکە، هاتوویتە ئەم دنیایەوە، جوانییەک دەبینی هەموو بەسەرچووی خۆتت بیر دەباتەوە، چیدی بەرامبەر بە دایکت گوماندار نیت، چیدی بەرامبەر بە باوکت دڵپیسی و گڕی ئیرەیی لە ناختدا داناگیرسێ، ئیتر قەت بیر ناکەیتەوە جێگاکەی ئەو داگیر بکەیت، تۆ بە جێگا دانسقەکەی خۆت خۆشنوودیت، جێگای کەسی ترت ناوێ، زۆر کەس دەڵێن ماڵی ئاشتی لە دەرێیە، بەلام دەمێکە دەزانیت ماڵی ئاشتی خۆی لەناوەوە سازداوە، پڕاوپڕە لە ژووری جوان، ژوور بۆ ژووان، بۆ نوێژکردن و رووانینە ئاسمان، ژوور بۆ چاکبوونەوە لە بیمارییەکانی دوێنێ، ژوور بۆ خەوتن، ژوور بۆ هاوار: کەس بێدارم نەکاتەوە من لە جوانترین خەوندا سەقامگیرم

لە ماڵی ئاشتیدا، قامچی نییە، ئەگەر بتەوێ ئازاری کەسێک بدەیت، چڵوپۆپی دەستەکانت دەژاکێن و پەنجەکانت هەڵدەوەرێن، قژت دەبێتە دووکەڵ و وشە دەکەیتە دووکەڵکێش

لەماڵی ئاشتیدا، مەرگی بەکۆمەڵ نەماوە، گشت کەسێک بەتەنیا دەمرێت، خەونی بەکۆمەڵ نەماوە، خەونەکانت بەقەدەر خۆت بچووک بچووک بوونەتەوە، دەتەوێ ئاوەدانییەکانی دەوروبەر کتومت وەکو خۆیان بن، شەو ببێتە مەلەوانگەی ئەستێرەکان، ئاسمان کەژاوەی هەور بێت، دیوارەکانی تاریکیی رووناکی گڵۆپەکانی ئامێزی خۆ بتەکێنن، دەشتاییەکان خۆیان لەژێر درەختەکان بشارنەوە، رووبارەکان رەنگی ئاو لە دڵی خۆیان هەڵبگرن و ئاواتی

ئائەوە شۆڕیان بکاتەوە کە تینوێتی ئەبەدییەت خەفە بکەن

لە ماڵی ئاشتیدا، کەس کوێر نییە، بێ جیاوازی یەک دەبینن، تا چاو بڕکات مردن لە ژیان، دوور زۆر دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر سەقامگیر بوونیش لە خەوندا، لە ژیان خۆی سەرنجڕاکێش تر بێت ئەوا بەردەوام خەونەکانی ژیان دەکەیت بە جێسەقام

لە ماڵی ئاشتیدا، کە گورگی رامی ساڵەکان هەنگاوەکانت هەڵدەگرن، ئەوانەی ژێر میهری سێبەرەکان ئاگادار دەکەیتەوە: لە گوێی ئەو تەرمە دانیشن، من دەمەوێ گوێم لە دەنگی مەودای پڕ دڵۆپەی نایابی نێوان شووشە و بادە لێوڕێژەکانی ناولەپ بێت، با یادەوەرییەکانتان گۆرانی مەستیان بکات، با هەر تەنها من دڵتەنگ و نیگەران بم، چونکە تەنیا من لە دونیا دەچمە دەرێ


لەماڵی ئاشتیدا، دنیایەکی دیکەت ناوێ، کەماڵئاوایی خۆت دەکەیت ئیتر دڵت
لە سینەت خەو دەیباتەوە

کۆتایی:٢٠٠٩ کەرکووک



# وشە پێکمانەوە دەبەستێت

داستان بەرزان
کۆچەر ئەبوبەکر



وژەی با لە سەرمەوە دێت
خۆڵی تەنیایی لە خۆم دەتەکێنم
ئەوینت گیانم دەتەنێت
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
بەرگە ناگرم بڕۆیت.

بەتەنیشتی ژیانمەوە پاڵدەکەویت
بنمیچی ژوورەکەت یان ئاسمانم پیشان دەدەیت
دەستم دەگریت بۆ سەمایەک لەسەر ئەستێرەیەکی دیکە
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
فراوانی دونیا یەکسانە بە سوچێکی دڵی تۆ.

هەتاو لە سنگمەوە هەڵدێت
بارانی ئومێد دەمگەشێنێتەوە
بە دوای جوانیدا رێدەکەم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
ژیان تۆی نەبێت، بێفەڕە.


بەچاوی تۆوە لە دونیا دەڕوانم
خۆرێک لەژوور سەرمەوە هەناسە دەدات
ئەستێرەیەک پرچم بۆ شانە دەکات
کاتی هاتووە پێت بڵێم
وەرە، ئەم دیوارانە وێران بکەین.

پەردەی تەم لە خۆم دەکەمەوە
ئاراستەی ڕێگام دەگۆڕم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
فریام کەوتیت، دەنا ملم نابوو بە سەرابەوە

شەوێک گەردوون سەرخۆش دەکەم
دەریا رادەسپێرم مانگ سەرقاڵ بکات
بەدیارچاوی زیک زیکەکانەوە
لێوم بە شوشەی پەنجەرەکەتەوە دەنێم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
گۆرانی خودایی تۆ کۆتایی نایەت.

هەناسەم دێتەوە بە بەردا
دڵم دەکەوێتەوە لێدان
هەست بە گەشەی لەشم دەکەم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
جیهان بە جوانیتەوە سەرقاڵە.

تەنیایی دەنێرمەوە بۆ لای مانگ
خۆشەویستێک بۆ پیاڵەکەم دەدۆزمەوە
شوێن پەنجەکانت لەسەر پەرداخەکە ناشۆم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
عەسران چوارقۆڵی ژیان دەخۆینەوە.



لەبەر باڵکۆنەکەدا خۆم بادەدەم
ئاسمان بە روخسارمەوە دەخلافێنم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
بەدزی تریفەوە، خۆت بەژیانمدا بکە.
خوێنم دەکەوێتەوە جوڵە
مووەکانی لەشم گرژ دەبن
دڵ بە ژیانی ئاوارەییم خۆش دەکەم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
جەستەت کتێبێکە تەواو ناکرێت.



لەسەر خۆ دەخرۆشێم
لەبەر چاوم رووت دەبیتەوە
دەست بۆ مانگ دەبەم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
ئیرۆتیک دیوێکی دیکەی تۆیە.

نزیکە لەگەڵ لالەنگیەکدا بمخۆیت
لە تەڕی کاهوەکاندا دەتخوسێنم
ئاو بە بوێریتدا دەکەم
کاتی هاتووە پێت بڵێم
لەم لیمۆیەدا دەتگوشم.

خەونم خەریکە دەبێتە راستی
ئازاری سەرم وەختە بڕەوێتەوە
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
دونیا ئەوە ناهێنێت، (ماچم بکە).

ئینجانەیەک تەنیاییم پێدەدەیت
پەرداخێک ئێوارەی تێدەکەم
مشتێک سپێدەی بەسەردا دەپرژێنم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
لە ئینجانەکەدا تۆ سەوز بوویت.

لە پەنجەرەی تەلارێکی هەزار نهۆمییەوە
تەڕترین ماچت بۆ هەڵدەدەم
دەڕژێمە بەر پێی ئەوینت
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
ئاسمان تەسکە بۆ فراوانی ئەم فڕینە.

من و هەور یاری دەکەین
دەیئاڵێنم لە رووتیم لەم عیشقەدا
دەمخاتە ئامێزییەوە لەم عەسرەدا
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
باران ئیرەیی بە تەڕیت دەبات.

لەگەڵ ژوورەکەم ئاشت دەبمەوە
بایەخ دەگەڕێنمەوە بۆ چرپاکەم
رێز لە هەوای پانکەکەم دەگرم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
پێویستم بە قوڵایی باوەشتە.




بەیانیان بەسەر تۆدا خۆم هەڵدەخەم
ئێواران ملوانکەی باران دەکەمە ملت
ترسم لە رەقی دونیا نامێنێت
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
دوعا بۆ ئینجانەکانت دەکەم.

نیگەرانی رۆژەکانی خۆم نابم
گوێ بە نالەباری ژیان نادەم
لەگەڵ تۆ رۆژی نوێ دەست پێدەکەم
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
بەبێ تۆ پیاسە ناکەم.

بەژێر ئاسماندا رادەکەین
خۆمان دەکێشین بە پەنجەرەی ژوورەکەی ئادەمدا
لە نامەیەکدا بۆی دەنووسم ئیتر نەوە نەخاتەوە
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
(تۆ ببە بە باوکی هەموو نەوەکان)

دەستەکانم رووەو ئاسمان بەرز دەکەمەوە
بە تەواوی ئیمانداریمەوە بە تۆ خەیاڵم
ئەوینت لە پرچم دەچۆڕێت
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
بەهەشتی من تەنیشتی تۆیە.

رادەچەنیت و پێم دەڵێیت:
خەونەکانت دەمترسێنن
بۆن بەتەنیاییتەوە دەکەم
تۆ ئێستا و داهاتوو دەنووسیتەوە
کاتی هاتووەپێت بڵێم:
چاوەکانت بکەرەوە، باوەڕ بەهەتاو بهێنە.




زستان دەکەین بە چەترمان
هەڵمی دەممان ژیان تەماوی دەکات
لە گۆڕەپانی شاردا، میهرەبانی دەبەخشینەوە
کاتی هاتووە پێت بڵێم:
بڕۆین ژوورێک لەسەر هەور بەکرێ بگرین.

گوێ بۆ رەخنەگران ناگرین
تا بتوانین ئەم ئەڤینە دەنرخێنین
دەبێت فێربن پەیوەسبوون چییە،
کاتی هاتووە بیڵێین:
بەبێ عیشق، نووسین نییە.

# بۆ بێدەنگی؟

شاگوڵ کەیخوسرەوی



پاسارییەکم لەنێو هێلانەی ژیاندا چاوەڕێم بەخۆشەویستی بمژێنی،
جۆگەلەیەکم تادێ درێژ ئەبمەوە،
تا بگەم بە رووباری دڵی تۆ،
چرایەکم لەودەمەی تاریکی دەبارێ لە ژوورەکەتا دامگیرسێنە،
مێرگێکم پڕم لە هەریادە شووشەییەکانی تۆ،
دوور لە تۆ درەختێکم گەڵای بێزاریی دەرئەکەم،
گوڵێکم میکرۆب دروست ئەکەم،
بێدەنگی تۆ چاڵێکی قوڵی لە دڵی منا هەڵکەندووە،
بوومەتە هۆی هەراسانکردنی تەنیایی،
تۆ کەی بەخەبەردێی لەم خەوی دوورییە،
من سەدەیەکە هەرامە لەگەڵ ژیان و پێی ئەڵێم بمفرێنە،
لەم بیابانی تەنیاییە دەرمبێنە و بمبە بۆ لای ئەو،
پێی ئەڵێم بمخە دارستانێک، گژوگیای ژێر درەختەکانیشی،


ڕەنگی جوانی ئەو بدەن،
گەڵاکان جوانییان لە فرمێسکەکانی ئەو وەرگرتبێ،
تۆ ئەی دوورتر لە مردن لێم تێبگە،
من دوای ئاوەدانی وڵاتێک نەکەوتووم،
دوای ئاوەدانی دڵی تۆ کەوتووم،
هێندە بەدەم بیرەوەرییەکانتەوە بە شەقامێکدا تێپەڕیوم،
ئێستا لەوێ درەختەکان،
بۆن و بەرامەی غوربەتی تۆیان لێ دێت،
شار تژی بوو لە هەناسەکانت،
هێندە لەبەردەم پەنجەرەیەکدا چاوەڕێت بووم،
ئێستا چاوەڕوانیی لێم بێزارە،
چیتر بکەم، بۆ بێدەنگی،
ئاخر لە بێدەنگیتا تۆیەکی تر دێتە سەر ڕێ،
ئەوکات من لەنێوان تۆ و ئەودا دەبمە مەملەکەتێکی وێران



# (من) دەقی تەمەن

بەشی پێنجەم

نالە حەسەن



(١)

**من ئێستا بە ڕێگایەکدا دەڕۆم**
**کە تا دوێنێ پێیدا نەڕۆیشتبووم**
**بیر لە کەسێک دەکەمەوە**
**کە تا دوێنێ بیرم لێ نەکردبوویەوە**
**خەون بە مەراقێکەوە دەبینم**
**کە تا دوێنێ خەونم پێوە نەبینیبوو**
**چ دونیایەکی بێهودەیە**
**کە خۆم ئێستاکە نازانم**
**بە کام ڕێگادا دەڕۆم و**
**بیر لە کێ دەکەمەوە و**
**خەون بە چ مەراقێکەوە دەبینم!**



(٢)

**تۆ لە شەوێکی بێپەروا**
**لەنێو ئەشکەوتی تەنیایی من**
**گوتارێک دەنووسی**
**لەسەر مردنی عەشق**
**لەگەڵ سەدەها عاشقانی تر**
**کە پەناگەیەک**
**یان ژێرکەپرێک شک نابەن**
**بۆ ژوان و ئاوێزانبوون و سەما**

(٣)

**تۆ جوانییەکانی خۆتم پێ ببەخشە**
**منیش شیعر**
**تۆ لە بەستەڵەکیترین شەوانی غوربەت**
**گەرمم کەرەوە**
**منیش ئیرۆسیترین خەونی خۆمت**
**پێ دەبەخشم**

(٤)

**ڕەنگی تریفەی مانگی**
**شەوەکانی من**
**لە ڕەنگی تریفەی مانگی**
**نێو چاوەکانی تۆ دەچن**
**زەردەخەنەی سەر ڕوخساری**
**پایزەکانی تەمەنی من**
**لە زەردەخەنە خەمناکەکەی**
**سەر ڕوخساری تۆ دەچن**
**لە نهێنی ئەم حیکایەتەش تێناگەم**
**کە بۆ هەر کیشوەرێکی عەشق سەفەر بکەم**
**لەو سەرەوە**
**لەنێو ماڵە ئاوریشمییەکەی باوەشی تۆ**
**خۆم دەبینمەوە**

(٥)
من ماڵێکم لە مەملەکەتێکە
کە نازانم چ کیشوەرێکە
ماڵێکیشم لەنێو دەریایەکە
کە نازانم چ ئۆقیانووسێکە
ماڵێکیشم لەسەر ئەستێرەیەکە
کە نازانم لە چ شەوێکی تەمەنم دەردەکەوێت
ماڵێکیشم لە غوربەتە
کە نازانم کەی لێی رزگارم دەبێت
بەلآم زۆرباش ئەوە دەزانم
کە رۆژێک دەگەڕێمەوە ماڵەکەی نیشتیمانم
هەر لەوێدا
دوادێڕی قەسیدەی (من)ی (دەقی تەمەنم)
دەنووسمەوە و
دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ
هەر لەوێشدا سەردەنێمەوە



(٦)
هەولێر
حیکایەتێکە پڕ لە یادەوەری و
بێشکەیەکە پڕ لە بەرائەت و جوانی

(٧)
ئەی عەشق
کە نیشتیمانی من
بەهەشتێکی واقعی بێت
ئیدی چ پێویستیم
بە بەهەشتی خودا هەیە

(٨)
وەک چۆن باڵندەکان دەفڕن

**منیش حەزم لە فڕینە**
**وەک چۆن ڕەوەندەکان کۆچ دەکەن**
**منیش حەزم لە کۆچە**
**بەڵام ئەمجارەیان کۆچ بەرە و**
**رووبەرێکی نادیار و مەملەکەتی غوربەت نا**
**کۆچ بەرە و ئامێزی نیشتیمانە ئەبەدییەکەی خۆم**

**(٩)**
**هەموو شەوێ**
**بەرلەوەی بخەویت**
**دەنکە ترێیەکی رەش**
**لەنێو مەمکۆلەکەت دابنێ و**
**بە بزەیەکی گەرمەوە**
**چاوەڕێم بە**



**(١٠)**
**وەرە با هەردووکمان بگەڕێینەوە**
**بەڵام، من بەر لە تۆ**
**یان با هەردووکمان خۆمان بکوژین**
**بەڵام، تۆ بەر لە من**
**یان با هەردووکمان زیندانی بین**
**بەڵام، تا ئەبەد بەیەکەوە.**

**(١١)**
**زەمانێکە**
**بێهودەیی پیاسەم لەگەڵدا دەکات**
**مردن دەملاوێنێتەوە**
**نائومێدی وەکو سێبەر بەدوامەوەیە**
**تەنیاییش هەموو شەوێ لەگەڵمدا دەخەوێ**
**ژیانیش لە دووری دوورەوە**
**بزەیەکم بۆ دەکات و پێم دەڵێ**

دان بەخۆتدا بگرە
کورە شاعیرە رۆژهەڵاتییەکە



(١٢)
تا قوڵتر بیر لە عەشق دەکەمەوە
ئەم سەفەری هاتنەم بۆ نێو ژیان
جوانتر و ئیرۆسیتر دەبێت

(١٣)
هەموو شەوێک
کە مانگ هەڵدێ
من لە بالکۆنی شیعرەوە
بیر لە تۆ دەکەمەوە

(١٤)
هێندەش لە ئەستێرەکان
رادەمێنم
تا حەسرەتەکانم
تێکەڵ بە جوانییەکانی
جەستەی تۆ دەبن

(١٥)
کە ئەوجارە
هاتییەوە لام
هیچ دیارییەکم بۆ مەهێنە
جگە لە بتڵێک شەڕابی
لیکی نێو ئارەزووەکانت و
هیچیتر

جونی ٢٠١٣

# سێ کورتەشیعر

بەناز فاتیح



که دڵ له گریانی خۆی دەبێتەوە
کەشتی بێدەنگی
بەرەو کەنارەکانی خوود سەوڵ لێدەدات!
خەیاڵ دەمباتەوە بۆ ماڵەکەی تۆ!
نیگام لەوێ لەنێو نیگاکانی تۆدا
ئەوەی له ئاسمان دەیبینێ
لەسەر تەوێڵی زەوی
به ئیملای گریان دەینووسێتەوە
دەسا ئەی قەسیدەی غەمگینی دڵی یار
دوا دێڕت
با ژیانەوەی هەناسەکانی ئەو بێت
له سینەی عیشقێکی ئەزەلیدا.
دوا نامەشت

دڵۆپە تەنیاکانی باران
ئەودەمەی لە بێهوودەیی خۆیدا
لەنێو نیگای پیرە هەورێکی شەکەتدا دەمێنێتەوە و
ناگاتەوە دەستی تۆ...




***

ڕێگایەکی تەنیا،
سەرەتای خۆی
لە کۆتاییەکانەوە دەست پێدەکات.
دەستم لەسەر خورپەی دڵمە و
ژانی هەناسەکان دەژمێرم.
دەڕوانم و
هەرچیم لە خەونەکەمدا بینیبوو
بۆ بێدەنگیی دەگێڕمەوە.
خۆم دەدەمەوە دەست کازیوەیەکی تاریک و
هزر و ناخم هاوار دەکات...
گەواڵەیەک لە تاقی پەنجەرەکەمدا خۆی رادەخا و
چوون نیگای تۆ بانگم دەکات

***

تۆ کە لە چاوەکانمەوە دادەبارێیت!
من دەبمە زەریایەک ئەوینی شین
کە تەنها نەورەسەکانی عیشق
لە سامناکی شەپۆلانیدا رادەمێنن...
ئەی بێهاوتا
ئەی غەمگینتر لە خوا
هەنگاوەکانت بەسەر پردی ئەم شارەدا
بێدەنگ بێدەنگ دەسووتێن و
ئاسمان گڕ دەبارێنێ
گڕێک دەبێتە ئەستێرەی ئاسمانی چاوە شەکەتەکانی تۆ!
پەڵە هەورێکیش
گریانی من
جیهانی تۆ تەڕ تەڕ دەکات



# خوێ، یان سوێرتر

رابەر فاریق

ئێستا، رابردووی ئێستایە و لێم دەپرسێ: ئەو هەموو ساڵە لە کوێوە دێن؟
کێ لە دوای بێماڵی، بە دوای کاتدا دەگەڕێ؟ کێیە دەڵێ: جوانی، هەمیشە بە تەنیا دەمێنێتەوە؟ کێیە دەڵێ: رەنجی من، هێندەی کێشی سەوڵێک قورسە و... ئاویش نایبا؟
کێیە دەڵێ:
بریا دەمتوانی نەختێک ئاسمان لەسەر سەرم دوور بخەمەوە؟

کەسێک بە هەنگاوەکانمدا رەت دەبێ،
ژنێک، بە گۆزە ئاو دەباتە زەریا،
منیش، لەم دێڕەدا خۆم هەڵدەدەم:
"قەبرێک هەڵکەنن، لە نێو کۆڵانێ".

لێرە، هیچ شوێنێک، شوێنی جێنشینبوونم نییە. ئەو منداڵەی لە فیلمەکە هاتە دەرەوە، رێنیشاندەرمە: لە ژن مەڕوانە، نەوەک سینگت مەمکان بگرێ...
من بەردم و خۆمم بەوە راهێناوە:
کەستەک، کارم تێ نەکا.

حەز دەکەم هێندێک کات ژن بم.
تاکو:
کە ویستت ژنێک هەڤاڵت بێ،
من بم.

هێی خەڵکینە: هەموو قەڵەوەکان خوشکمن، بە پیاوەکانیشەوە. من سیگارم خۆش دەوێ و لێخوڕی باش نیم، ژنەکانیش کە جارجارە پایسکیلن:
هەڵبژێرە و پایدەر لێدە؛ گا ماتۆڕم.

پتر لە مرۆڤێکم. بە دووکەڵترم لە پێوەندی. واقیع بەرەو خۆم رێنوێنی ناکەم. شەو دارکاری دەکەم و لەگەڵ جنۆکەکاندا خۆم رادێنم: خراپە، ئەزەلییە.
حەشیش دەکێشم و دەڵێم: با بڕۆم، لەو خوارەوە، تابووتێک چاولەڕێی نهێنییەکانمە. حەشیش، تێگەیشتنە لە مەستی و تێپەڕینە لە ئازادی. با لە ئازادی تێپەڕ بین؛ با ئێرەیی بە کۆنیی جامێک ببەین، کە شەرابی تێدا خواردراوەتەوە... ئەوەی لە خشڵەکەدا دەدرەوشێتەوە، خەونی فەرامۆشکراوی منە... لە باوکم کرێتتر، مانەوەیە. لە من ئازاتر، شووشەیە، کە بە دەستمەوە دەشکێ...
با بیر لە پرتەقاڵ بکەمەوە و
شەیتان لە کردارەکانمدا غار بدات.

لەسەر شانم، لەبەر دەستت، جێی ملم نەدەبووەوە... زیپکەکانم، منداڵەیلی تۆ بوون؛ ئەو هەموو منداڵەت بەسەردا بەجێ هێشتم و رۆیشتی.
رۆیشتی و گوتت:

پاییز،
ئالیکی شاعیرانه.

دایکم دەڵێ:
"ئەگەر شەیتان دەستبەردارم ببێ،
عەیبم نییە!"
بەڵام باوکم، کە جارجارە مرۆڤە،
ئەمن شتێکی دیکەم!

دایکم بۆتە خەڵک؛
گەرمایی خەڵک، ئی هاوینە:
ئەگەر تەڕایی مابێ،
هیی ئاوە،
بەڵام ماسی، هیی تەڕایی نییە.

لەسەر دێڕێک رادەوەستم و بیانوویەک بەسە بۆ خۆهەڵدان: ژیان لە خوارەوەیە.

ملوانکەیەکم بۆ کڕیوی، تا ئێستایش بە ملمەوەیە و هەست بە سەروقژت دەکەم لەسەر شانم... بێ ملیش بم، جێیەک بۆ دەستت شک دەبەم، لە لەشمدا... سەبارەت بە تۆ، قسەیەکی دیکەیشم هەیە، ئەو قسەیە بە زمانت دەڵێم: هەموو رۆژێک خۆشم دەوێی، هەموو رۆژێک نان و پەنیر دەخۆم و ئۆزوو دەخۆمەوە، بە سیگاریش، ژینگە پیس دەکەم.

دەتوانم بەوەندە قایل بم: تەنیا بیرت لێ بکەمەوە و تاسەی نەرمایی قوماشی جلوبەرگت بکەم... نهێنییەکت پێ دەڵێم، هەر کەست بینی، بۆی بگێڕەوە، بەڵام لەبیرت بێ: ئەو نهێنییە، ژیان نییە.

بە هەر فۆنتێک بنووسی، دەستخەتت دەناسمەوە. هەر رۆژێک بژیی، خوێنی ئەو رۆژە، بە دەماری چڵێسم ئاشنایە. هەر ژنێک، لە هەر پیاوێک بڕوانێ، من ئەو پیاوەم!

**نازانم چی بڵێم: ئەوەندە بە تەنێم ئێستا، وەختە دەستپەڕێک بکەم و هەڤاڵێک لە تۆوی خۆم، بۆ خۆم بخولقێنم...**

**وەختە بڵێم:**

**کە مردم،**

**لە کونەلووتمدا**

**بمنێژن.**

٢٠١٢

هەولێر- ئەسینا- هەولێر





# کەی بێ بگەی

مەجید عەزیز

"جێیەک نییە تیا بسرەوم" گۆرانی حەسەن زیرەک

من سات بەسات، وەک بیابان وشکتر و
وەکو خواوەند تەنیاتر و
وەکو گەردوون پیرتر ئەبم
من سات بەسات، وەکو شەوگار بێدەنگتر و
وەکو گۆمێکی زۆر تەنیا خامۆشتر و
لە شەویش تاریکتر ئەبم

کەیبێ بگەی،
تاکو گیانم لەناو ماڵی ئەم جەستەیەم
وەکو دڕکێ دەربهێنی
تا لە باوەشی ئاسمانتا وەکو ئەستێرە دامبنێی
لە جۆلانێی رۆحی دڵتا بە ئەسپایی بمنوێنی

لەوەتەی هەمدڵم ئێشێ،
لەوەتەی هەم ئەم سێبەرەم بەدوای خۆیا رام ئەکێشێ،
لەوەتەی هەم داڵغەم لەلای ژیانمە
چۆنچۆنی جەستەم بنێژێ؟



گەر فریشتەی لەناو باڵەکانتا بمبە و
لە درۆکانی زەمینم دوورخەرەوە
گەر مۆرفینی بێهۆشمکە و
لە خۆمم نزیک کەرەوە
گەرمردنی چاوەکانم هەردووک داخە و
بۆ ئەبەد بمنوێنەرەوە

با ئاگایی بەیەکجاری شێتم نەکات
با تارمایی مێژوویەکی پڕ لە زریان
بەدوای ئێستامدا رانەکات
با لەشکری بیرکردنەوە
هەموو بوونم داگیر نەکات
لەمە زیاتر، با مێخی گوومانەکانم
وەک مەسیح لە خاچم نەدات

کەیبێ بگەی
کەیبێ دەستم لەناو دەستی پڕئەستێرەت بگریتە دەست
پیاسەیەک بکەین بەتەنیا و
لە تەماشای روخساری دڵ، هەموو گیانم پڕکەی لە هەست
لە ئێوارەیەکی سڕدا
لە تەماشای یەکتریدا بتوێینەوە بەبێ مەبەست

لەوەئەچێ هەرگیز نەگەی
هەرگیز رۆحم بەم پیرییە لە رووخسارما نەبینیت و
هەر بۆ جارێک دڵی تەنگم وەک پەنجەرە نەکەیتەوە
رەنگە بەلاشما تێپەڕی و، نەتەوێت بمناسیتەوە

**من ئەزانم هەرگیز ناگەی،**
**ئیتر ئەبێت بەم هەموو ئازارەمەوە،**
**تۆڵە لە گەردوون بکەمەوە**
**دەرگای بەهەشت نەک هەر بۆ ئادەم و حەوا**
**جارێکی تر بۆ شەیتانیش ئەکەمەوە،**

**ئەوکاتەی دێی**
**چاوەکان لە ئاستما کوێرکە**
**با نەزانم بۆم گریاون**
**گڕەکانم لێ بشارەوە**
**بانەزانم کام سۆزانە بۆم سووتاون**

**ئەوکاتەی دێی**
**لەناو هەردوو باڵەکانتا**
**زریانی تۆڵەم بۆبێنە**
**با گەردوونی پێ ڕەجم کەم**
**شەپۆلی مەرگم بۆێنە**
**با زیندووێتی پێ خامۆش کەم**

**تکا ئەکەم،**
**شەوێک وەرە و**
**وەکو مۆرفین تووڕەییم خامۆش کەرەوە**
**ڕۆژێک وەرە و**
**وەکو ئاگر تاریکیم ڕووناک کەرەوە**
**وەکو سەفەر**
**بۆ شوێنێکی زۆر زۆر دوورم ببەرەوە**

**ئێوارەیەک**
**کە جیهان بەجێم ئەهێڵێ**
**سەرخۆشمکە و با سەرم لەباوەشتابێ و تەنیا نەمرم،**

جەستەکەم پڕبکە لە چەقۆ
بەیەکجاری با بەرگەی مانەوە نەگرم

کە جیهان تاریکتر ئەبێ
بەختیاریم لەناو پەرداخێکی کۆنی زۆر بچووکا
لە قوومێ ژەهرا بۆتێکە
چاوەکانم ئەنووقێنم و هەڵی ئەدەم
ئەزانم ئەوە دواپێکە

ناوەڕۆکێکی گێژەنم،
نارنجۆکم،
هەرساتێک بێت لەناو خۆمدا ئەتەقمەوە،
ئەوکاتەی ئاگام لێت نابێ
ئەزانم تۆ گەیشتوویتە لام، وەکو تلیاک تێکەڵاوبووی
بەناو خوێن و جگەرمەوە

٢٠١٣



# کوڕی گوڵە خوێناوییەکەی گۆران

● **ئاری عوسمان خەیات**

* تێبینی/ باشتروایە پێش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ بۆ لاپەڕە (١٩٠)ی چاپی یەکەمی دیوانی عەبدوڵڵا گۆران، یان ئەم لاپەڕانەی لای خوارەوە، کە بەرامبەر چاپەکانیان دیاری کراون:

(٩١) چاپی سێیەم

(٨٧) چاپی دووەم

(٩٥) چاپی چوارەم... کورە چووزانم خۆ مەعقول نییە، خوێنەری کورد، ئەوەشی نەخوێندبێتەوە.

من دەمێکە دەمەوێ باسی ئەو کوڕەی گوڵە خوێناوییەکەتان بۆ بکەم، بەڵام هێشتا لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتووین، کە چۆن دەست پێ بکەین، کە ئەڵێم (ڕێک نەکەوتووین چۆن دەست پێ بکەین)، مەبەستم لە منو خۆمە، بەڵام هەرچۆنێک بێ لە ئێستەدا، بۆچوونی من بەسەر خۆمدا زاڵ بوو، بەوەی پێم گوت: با هیچ نەبێ شتێک هەر بۆ خوێنەران بگێڕمەوە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە هەیە... ئیدی ئەویش (خۆم) لێگەڕا، ئەوەندەی بتوانم لەو شوێنەوە دەست پێ بکەم، کە گۆران دەنووسێت:


ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم
با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم
(هەڵبەت ئەمە دوا حیواری کچەیە، کە بەو کوڕە داماوەی دەڵێت)

لەڕاستیدا نازانم بۆچی گۆران پێمان ناڵێ، دوای ئەو حیوارە عەنتیکەیە، کوڕەی گوڵە خوێناوییەکە چی بەسەردێت، من بڕوام بەو قسە قۆڕە نییە، کە دەبێ خوێنەر خۆی لەوە تێ بگاو ئەمە کۆتاییەکی نازانم چییەو ئەم شتانە... چونکە بیرتان نەچێ شاعیران بەشێوەیەک خوێنەر لەناو زمانی مەجازدا ون دەکەن، مەگەر بەس خۆیان بزانن... ئەوەتا گۆرانیش بەو شێوەیە سەرەداوی چیرۆکە راستەقینەکەی لێ ون کردووین... بەڵێ، هەر ئەمەش لە سەرەتاوە کێشەی نێوان من‌و خۆم بوو، کە ئەگەر ئێمە هیچ سەرەداوێکمان بەدەستەوە نییە، ئەدی چۆن بتوانین چیرۆکی عەشقێکی وا بگێڕینەوە؟

هەنوکە منیش لەبەردەم هەمان کێشەی گەورەدام، واتە ناتوانم چیرۆکەکەتان لە سەرەتاوە بۆ بگێڕمەوە، بەڵام تازە بڕیارێکەو داومە... دەی ئەوەیە دەبێ بە ناچاری لەو کۆتاییەی گۆرانەوە دەست پێ بکەم و بەمەش ڕاستەوخۆ دەتانگوێزمەوە سەر کۆتایی مەسەلەکە...

کەواتە ئەوەی من بۆتانی دەگێڕمەوە چیرۆکی کۆتاییەکانەو هەرگیز تۆی خوێنەر ناتوانی بەهیچ شێوەیەک سەرەتا راستەقینەکەی بدۆزیتەوە، نە لەم چیرۆکەی من و نە لە شیعرەکەی گۆرانیشدا، چونکە هەمیشە سەرەتاکان نادیارن، سەرەتاکانی عەشق دەڵێم، ئەو عەشقەی کە هەرکەسەو بە خواستی خۆی ناوێکی لێ دەنێت، وەک ئەوەی دەڵێن: عەشق کوێرە، یان شەلە!! لەم ڕوانگەوە ئێمە ناتوانین ئەوە بسەلمێنین ئاخۆ چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم کوڕە دڵی لەو کچە چووە، کە ئەوەشمان نەزانێ، دواجار لەوەش تێ ناگەیەین، چۆن‌و بۆچی تا ئەو رادەیە، کچەی پەرستووە؟

بەڵێ... وەک گوتم ئەوەی پێویستە بیزانن ئەم کۆتاییە سەیرەیە، ئەویش: دوای ئەوەی بەخێراییەکی سەیر و پەرجووئاسا ئەمبۆلانسەکە دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە و بە پەلە کوڕەکە دەگەیەنێتە یەکێک لە باشترین نەخۆشخانەکانی وڵات و لەوێ دکتۆرێکی بەڕەحم، تیماری برینەکەی سەر دڵی دەکات، ئیدی ئێستا هەروەک خۆی دەیگێڕێتەوە، باوکی پێنج منالّی چاو زیتە (خوا نەیبڕێ)، کە تەمەنی هەریەکیان تەنها یەک ساڵیان نێوانە. بەڕاست کوڕەکە ئەوە چەند ساڵێکیشە خوێندنی زانکۆی بە ئاستی (باش) تەواو کردووە، بەڵام هێشتا تەعین نەبووە... کوڕەکە ئێستا هەموو شتێکی وەک هێڵێکی کاڵەوەبووی یادگارییەکان لا ماوەتەوە، هەرچۆنێک بمانەوێ شتێک لەبارەی سەرەتای عەشقی ئەو، بۆ کچەی گڕوولێگرتووی بزانین، بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: تەعین نەبوون کەی کێشە بوو، من ئیمانم لە حەفازە گۆڕین نەماوە!




**هێمن عوسمان عەبدوڵلا**

به "سالار توتمانی" پێشکەشە

**پەیڤێکی نهێنی لە دەرەوەی ئەم چیرۆکە...**

ئەم چیرۆکە بۆ خۆت بخوێنەوە و پیشانی هیچ کەسی مەدە. بۆ من ئاساییە بۆ تۆ ناگونجێ و خراپ دەشکێتەوە، ناوی من "میریدا"یە تەمەن و رەگەزی خۆم نازانم، تا ئێستا خۆم رووت نەکردووەتەوە جلێکی هێجگار ئەستوور و قەبەم بەردەوام لەبەردایە، ئەمەش بەهۆی ئەو رووداوانەی لە ژیانم روو ئەدات بێزاری کردووم. هەڵدێم لەخەو و لە بێداری، کەیفساز نیم بە هیچ کامیان، مژۆڵی رووداوی دووبارەی ژیانم. گەر پێش نیوەڕۆیەک مرۆیەک ببینم و سلاوێکی لێ

بکەم، شەویش بەهەمان شێوە و لەهەمان شوێن شتێک روو ئەدات، گەر سڵاو نەکردنیش بێ لە بیستوچوار کاتژمێردا، دوانزەی (A.m)، هەرچی رووبدات لێم، بەدرێژایی دوانزە کاتژمێری (P.m) هەمان شت روو دەدات تەنها کاتژمێرەکان وەک یەک وان رووداوەکان جودان، کاتژمێر سێی نیوەڕۆ باپیرەکەک وتی کاتژمێر چەندە؟ کاتژمێر سێی شەو لە خەو لەهەمان شەقام رابووم، دەبینم کاتژمێر سێیە و چاوەڕێ بووم ئێستا نا ئێستا باپیرە دەردەکەوێ و دەڵێ کاتژمێر چەندە لێ نەهات و من رۆشتمەوە، ناوێرم بیجامە یان بە شۆرت و فانیلەی بێ قۆڵەوە بنووم دەبێ رەچاوی چوونە دەرەوەی بێ ئاگای شەوانەم بکەم لە بارێکی گونجاو بم.

**"رووداوەکان لە دوانزە کاتژمێری (A.m)دا"**

**بەدروستی کاتژمێر**

**10 : 00 A.m**

لەخەو را دەبم، ژێرم تەڕە و لە کەنار دەریا یان لەژێر تاوە بارانێک یان لافاوێک بە تەنیشتمدا تێپەڕیوە و لە پاڵیدا نووستبم وا دەردەکەوێ و هیچیان نییە، گەر بگەڕێی هێندی سەرەدەرزییەک وشکایی لە خوار کەمەرم نابینیتەوە، بۆنێکی ناخۆش ژوورەکەی پڕکردووە، پێم شەرمە دەستێک بە ژێرمدا بکەم، بزانم ئەو لافاوە، ئەو تاوە بارانە، لە کوێی ئەم دیوار بەندییە هاتووەتە ژێر چرپاکەم، لە کوێ و چ کەنار دەریایەکدا بووە نووستوم، ئەو بۆنە لە زۆر بۆنی پاریسی و ئەمریکی روونترە مەودایێک بۆ شەرم ناهێڵێتەوە، بەدیار دەکەوێ چرکەساتێکی منداڵییە و ئێستا دووبارە بووتەوە، دەبێ ئاسایی بێ منداڵیت تێ پەڕاندبێ، دۆخێک جیاواز لە لێدانی دایک و سەرزەنیشتی باوک و تووڕەبوونی خوشکە تا هەڵخستنی چرپاکەت، هەموو پەیڤێکی ناشیرین و هەوڵدانێکی بۆ بچووککردنەوەی سایکۆیی کەسێتیت و بەدەمیدا بێ رووبدا.

**11:6 A.m**

لەبەر لاپتۆپەکە دانیشتووم، چوون باوکم هەوڵی داوە بێتە ئەمدیو، دایکم تاکە نەعلی تێگرتووم و هاوڕێکانیشم کلکە ماسیحە، شاشەکە درزی گەورەی تێبووە، رەش و مۆر دەچێتەوە هیچ پیشان نادات.

## 8 : 00 A.m

هێندێ کتێبم لە بن هەنگڵ، کڵاوەکەم تا سەر برۆکانم هێناوە، دەنگێک ئەژنەڤم بێ ئەوەی بیبینم ئەزانم داپیرەمە، لەم ماڵە جگە لە من و ئەو، کەسی دیکەی تێدا نییە، دەڵێ "سەر قوڕاویی دیسان بۆکوێ؟ ئەتەوێ ئەمشەویش نەیەیتەوە؟ وەک موعتادەکان لەسەر جادە دەنوویت، لەداخی ئەم سەرەڕۆییەت، من ڕۆژێ سەرلوتی خۆم رەش دەکەم" خەریکم لە دەرگەی کۆتایی و دەرچوون لەماڵ نێزیک دەبمەوە بەدەنگی بەرز دەڵێم "بۆ نەخۆشخانە، یان بۆ شکایەت کردن لە بنکەی پۆلیس".

"بۆ نەخۆشخانە"

دەزانم شەو لەهەمان کاتژمێر کتوپڕ و ناکا و بەبێ ئاگابوون لێرە دەبم، چوون بۆ بنکەی پۆلیس دەخەمە داوانزە کاتژمێری دادێ، رێدەگرم بۆلای پزیشک لەوێ، لە ناباری خۆمدا لە هۆڵی چاوەڕوانی کلینیکی پزیشکەکەدا لەگەڵ کەسێک دەیکەمە شەڕ، جەنابی دکتۆر زوو دەمباتە ژوور، پیاوێکی کەر دیارە، چاویلکەیەکی تا سەر لووتی هێناوە، لە تەماتە فرۆش دەچێ نەک لە دکتۆری دەروونی، دەست بە وشەوە دەگرێ و بە هێما دەپەیڤێ.

"من نەخۆشم یان ئەم کتێبانە؟ یان نووسەرەکانیان؟"

رێگە نادەم قسان بکات دیسان درێژەی پێدەدەمەوە.

"یان من ئیحالەی نەخۆشخانەی دەروونی بکە، یان نووسەری ئەم کتێبانە".

بەجۆرێک لە وشەکان تێ ناگا، وادەزانێ بەهەڵە خۆم بە کلینیکەکەیدا کردووە، گەمژە، گەمژە، لەگەڵ قسەکانیدا سەری بادەدات و دەڵێ "ئەو کتێبانە بخوێنەرەوە، بە ئیزنی خوا شیفات بۆ دێ" لەوە دەگەم لێم تێنەگەیشت، ئەو لە منیش و لە کتێبەکان نەخۆشترە.

## 3 : 00 A.m

دونیایەکی بێدەنگ... شەوێکی جوانە، لەهەمان شوێنم دوانزە کاتژمێر لێی بووم، بە تەنیشت دیواری دادگەوە دێمە خوار، ماڵەوە دوورە تا بۆی بڕۆمەوە... تا دەڕۆمەوە گەر سڵاوێک یان ڕووداوێک بێتە رێم دەبێ لە دوانزە کاتژمێری دادێ بێمەوە ئێرە، دەچمە باخی گشتی، دەستێک بەسەر هەرێزەکەدا دەهێنم بۆنێکی خۆش ، تەڕ و شێدارە، بەکەڵکی خواردن دێ، هەرچی شت هەیە بەکەڵک دێت من نەبێ "گەرماڵت نەبێ بۆی بگەڕێیتەوە و لە کولانەسەگێکدا بژیت. ئاساییە گەڵای ئەم درەختانەی لەگەڵ بخۆیت، سەرم شۆڕکردووەتەوە ناو کۆشم، خەریکە ڕۆژ

دەبێتەوە، سەگێک پێم دەوەڕێ، سەر هەڵدەبڕم بە دەست خانمێکەوەیە، دووری دەخاتەوە لێم، وەدووی خۆی دەکات... تا لە چاوم ون دەبێ، دەوەستم بێ جوڵە و چاوم لەسەری ناترووکێ دێڕیکی ئۆگۆست سترین دبێرگم دەکەوێتەوە یاد "خۆزگە سەگی کەسێک بوومایە و دوایبکەوتمایە، بۆئەوەی قەت بەتەنیا نەمێنمەوە، جارناجارێک نەختێک خواردن، جاروبار شەقێک، جارناجارێکیش دەستپێداهێنان و دووجاریش قامچی".

خۆزگەیەک یان تۆزێک کەیف پێویستە هەبێ، بۆ درێژەپێدان بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی، یان بۆ نوستوون لەپاڵ رەگەزێکی بەرامبەر، یانژی دانیشتن لە دەوری خوانێک من نیمە، کەواتە تەواو. ئەویش لە دەماغمدا دێت و دەچێ خەریکە دەهریم دەکا، لەو جۆرە ئەندێشە ئەگەڕێم و خەریکم دەگەڕێمەوە، ماندووم، لەگەڵیشی برسیمە، تینوومە و دەبەیەک ئاوم پێیە ئەی بۆ نایخۆمەوە و تا تینوم نەبێ... ئاوەکە گەرمە، کەڵکی تێنووشکاندنی نییە، دەچمە دواوەی پاسەکە، شۆفێرەکە نا، ئەو پیاوەی پارە کۆ ئەکاتەوە، تەماشای من ئەکات، بەجۆرێک وا دەزانێ من لە مرۆڤێکی باش، زۆر ماقول ئەچم دەڵێ "بەڕێز ئەوە لەوجێگەیە هەڵدەسی تا ئەو عایلەیە دانیشن...".

هەموو ئەو بۆچوونە باشانەی کابرا لەڕووکەشدا لەسەر من بۆی دروست بووە، پێچەوانە دەکەمەوە و دەڵێم "من ناتوانم ئینسانێکی ئەوەندە باش بم تا جێگەی خۆم بەوان بدەم".

من نە باشم نە مرۆڤێکی باشم.

**"رووداوەکان لە دوانزە کاتژمێری (P.M)دا"**

**بە دروستی کاتژمێر**

**10 : 00 P.m**

خەریکم هەستم، وەک لەزگەیەکی بەهێز گرتبمی لە جێگە نوێنەکەم نابمەوە، خەو بەری نەداوم، دوانزە کاتژمێرە ژێرم تەڕە. دەمەوێ هێندێکی دیکە سەر بە ژێر بەتانییەکەمدا بکەمەوە تەڕی و بۆنی پیس رێگە نادا، گەر خۆم نەبم هەرکەس ئەو بۆنەی لێبێ هەردوو کونە کەپووم بە چیمەنتۆ پڕ ئەکەمەوە، تا بتوانم دووری لێ ئەگرم، چرپاکە هەڵدەگرم، بەخێرایی فرتە ئەکەم بۆ سەربان بە تەنافەکەیدا ئەدەم، دێمەوە ژوور، لاپتۆپەکە دائەگیرسێنم، ئەمەوێ نامەیەکت بۆ بنووسم و رووداوەکە سادە بکەمەوە، لەگەڵیشی هێندێک پێبکەنم "خۆشە گەر

جار، جار، به میزبەخۆداکردنێکیش بێ، بگەڕێیتەوە بۆ منداڵی"، بۆم نانووسرێ، پەنجەکانم لەسەر پیتی لاپتۆپەکە خۆی راناگرێ، وشەکان تێکەڵ ئەبن، هیچیان لێ دەرناچێ، دەترسێم بەهەڵە شتێکی دی دەربارەی "ئەو خوخدە خراپەتەوە بنووسم بە تیڤییەکەوە گرتووتە، کە ئامادەیت بەدیار درامایەکەوە بمریت، تا دەرگە نەچیت و تەماشای سندووقی پۆستەکە نەکەیت، بزانیت نامەی منی تێدایە بۆ تۆ یان نا..." چی دەکەیت؟ قامکم هەر ئەو وشانە دەزانێ بنووسێ...
بەم مانگی تەمووزە لەرز دایگرتووم، فێنککەرەوەکە خامۆش دەکەم، چاکەت و بلوسێکی ئەستوور بەسەر جلە ئەستورەکانی بەرمدا ئەکەم، بە بەتانییەکەوە دەچمە بەلەکۆنەکە، بە چیچکانەوە وەک پیرە مرۆڤێکی ئیماندار "حی الله" دەکات خۆم بە پشت و پاشدا ئەخەم، چۆقە چۆقی ددانم حەوت گەڕەک نا، یەک دوو کۆڵان ئەولاتری خۆمان ئەڕوا و چاوەڕێ ئەکەم بێن، لەدەرگە بدەن و بەم شەوە بەئاگایان بهێنم و بڵێن "ئەوە چ هەرایەکە لە سەربانی ئێوە؟"

11:6 P.m

لە ئەنجامی ئەو سوڕانەوە بێ هەژمارەی زەوی دەگەڵ خزم و ئاشنایانم لێک دوورکەوتینەوە، لێ دەگەڵ دروستبوونی ئەو حەمکە شاشە بێ هەژمارە توانیومە، مامم لە ئەڵمانیا، خاڵۆم لە بەریتانیا، کوڕی پورم لە پرتوگال، کچی مام لە ئەرجەنتین، باوکم لە کەنەدا، دایکم لە رووسیا و هاوڕێکانم لەم وڵاتانەی دەرووبەر بدۆزمەوە، شەوانە لە رێگەی شاشەوە دەردەکەوین و دەپەیڤین، لەوەتەی شاشە کۆی کردووینەتەوە ناکۆکییەکان زیاد بووە، دڵمان لە یەک پیسە و لەناو خۆمان لەسەر میراتی دەبێ بەشەڕ، هیچ دەرکەوتنێک نییە بێ دەمەقاڵێ و قسە هەڵبەستن بۆ یەک و گێڕانەوەی لای یەکێکی دیمان. شەوێک تێ ناپەڕێ جنێو بە مامم نەدەم، میلی دەمانچە لە خاڵۆم دەهێنمەوە، رووەو کچە پورم دەیچرکێنم، هەزار چووک بە قوونی کوڕی مام دەنێرم، باوکم دەیەوێ لە شاشەکەوە بۆم بێتە ئەمدیو، دایکم لە دوورەوە تاکە نەعلم تێ دەگرێ، هاوڕێکانیشم دار ماسیحەم بۆ هەڵدەگرن لێم بدەن. دەبینم شاشەیە بۆ حیکەمەتەکانی ستایشی ئەکەم کە رێگە نادا دەستی ئەوانم پێ بگات، ئۆخژەنێک دەکەم. سوێند دەخۆم داهۆڵێک سەد هێندە لە مۆڤی بەر شاشە چاترە. ئێمە شاشە کۆیکردووینەتەوە، ئێمە... "کۆ"یکی ناکۆکین.

8 : 00 P.m

"بۆ بەندینخانە"

بەرەوە بنکەی پۆلس ڕێم گرت، خەریکم سکاڵای یاسایی تۆمار ئەکەم ئەفسەری لێکۆڵەر گوێم لێدەگرێ "قوربان... یان من لە بەندێ بکەن، یان نووسەری ئەم کتێبانە، بە جۆرێک ژیانی منیان تێک نەداوە، گۆڕیوە بە جۆرێکی زۆر خراپ"، زۆر بەهێواشی خەریکە ناوەکانیانم لێوەر دەگرێت و لەگەڵ نووسینیاندا دەڵێ "بەخوا ڕاست دەفەرمووی ئێمەیش گیرۆدەی دەستی ئەمانەین".

ئۆخژەنێک دەکەم و بە خۆم دەڵێم ئەمیش دەیانناسێ پێدەچێ خوێنەرێکی باش بێ، درێژەی پێدەدات "ئا ڕامبۆ... ئەو هەتیوە چەقۆ وەشێنە پێ پەتییەکەیە، کەس نازانێ کێ خاوەنییەتی، ڕۆژ نییە لەگەڵ چەند کەسێک بەشەڕ نەیەت، کافکا کوڕە گەنجەکە هەموو ڕۆژێ شارەوانی خۆی و شمەکە هەڕاجییەکانی ڕاو دەنێ، دۆستۆیڤسکی ئەوە پیاوە پیرە پاقلە فرۆشەکەیە باشە مرۆڤێکی بێوەیە دەبێ چی کردبێ؟"، "قوربان زۆر شتی کردووە...".

قەڵەمەکەی مرەکەبی تێدا نامێنێ، چەند جارێک بە مێزەکەیدا دەکێشێ، داوا دەکات بۆی بگۆڕن ڕوو دەکاتە من و دەڵێ فەرموون ئەوانی دیکە کێن، لەگەڵ ناوهێنانی ئەوانی دیکە دیسان لەبەر خۆیەوە قسان دەکا "بۆرخیس... ئای لەم پیرە هەتیوبازە، بەخوا دەبێ دار لە قونی ببرم، تەمبێی بکەم بۆت". مارکیز... ئەوە پیاوە فیعل چییەکەیە، لەگەڵ سەدان ئافرەت سێکسی کردووە، دەبێ بە گوون هەڵیواسم بۆت. سادقی هیدایەت... سەر با ئەدات و "ئاهێک دەکات... لەمێژە بە شوێن ئەم تلیاک کێشەدا دەگەڕێم، بیگرم دەبێ کارەبا لە زووبانی بدەم".

دەست دەخاتە سەر شانی من و دەڵێ "ئێوە ئێستا دەتوانن بڕۆن... بەڵێن بێت سەرجەمیان بهێنمە ئێرە و پشتیان بشکێنم ئەمانە چۆن دەتوانن تەداخولی ژیانی خەڵک بکەن" سوپاسگوزاری ئەفسەرەکە دەبم و دێمە دەرەوە.

3 : 00 P.m

لە تەنیشت دیواری دادگەوە دێمە خوارێ بە هەرکەس دەگەم

"سڵاو... بێ ئەرک... موو هەڵکێشت پێیە؟"

"تێکچوویت؟"

ئەو پەیڤانەی دادوەر لە زاری دەهاتنە دەر لەناو گوێم ماوەتەوە و ئازارم ئەدات، دادگە شوێنێکە تەنها بۆ جیابوونەوە، بۆ گرێبەستی پێکەوبوون نابێ، ئێمە ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین، بێ ڕەزامەندی هیچ نووسراو، دادوەرێک بوو.


ئێستا چاترە بێ هیچ نووسراوێک لێک جیا بینەوە و منت خۆش نەوێ چوون ناتوانم باوکی منداڵت و هاوسەرت بم بەهۆی ئەو ئازارە زۆرەی هەمە، شەوان لەناو چرپاکەم خۆمناگرم دەست و قاچەکانم بە هەرچوارلا دەوەشێنم، گەربێت و لە تەنیشتمبیت زەبرێک بەر سکت دەکەوێ، زیان بە دووگیانییەکەت دەگەیەنێ، دەبینە بکوژی کۆرپەیەک ئەو کات لێکجیادەبینەوە، چاتروایە لە ئێستاوە لێک جیابین، سەرقاڵبوون بە نووسین و خوێندنەوە ئەوەی باشە گیرۆدەی بوویت، تا ئەبەد ئازارت ئەبێ، بەو هۆکارەیش ناتوانی ببیت بە باوکی هیچ منداڵێ، هاوسەری هیچ رەگەزێکی بەرامبەر، ئەتوانم هاورێت بم... دووروودۆست سڵاوێک لەنێوانمان هەبێ، لە کاتی سێو پاککردن ئەو دەمەی قامکی خۆم دەبرم، خوێنی لێدەتکێ تۆم بیر بکەوێتەوە و تەلەفۆنت بۆ بکەم و بڵێم "ئێستایش وەک جاران خۆشت دەوێم؟ منداڵەکەی ناو سکت ماوە".

تەلەفۆنەکە دادەخەمەوە و بیرم دەچێ پێت بڵێم:- ئۆە چەندگرانە باوک بیت وەک باوکی من!

دووەم پەیڤی نهێنی لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەوە...

بە تەنێ لەگەڵ داپیرەم ئەژیم، لەگەڵ خێزانم جیابوومەتەوە، دوورم لە گشت ئاشنایێک، ژیانم لێ بووتە ژەقنەمووت گیرۆدەی ئەو نەخۆشییەم هێندێجار بە ئاگا و هێندێجار نائاگا لە کاتژمێرە دووبارەکاندا دەچمەوە شوێنی رووداوەکان. ماوەیەکی زۆرە چەند ماهێک دەبێ تاقەتم لە رێگرتن چووە و لە ژوور لەبن تاریکی لێی راکشاوم، زانیومە ئەفسەری لێکۆڵەرەوە بە فەرمانی دادگە بە هەردوو تۆمەتی "گەر هاوسەرگیری بکەم ئەوا زەبرێک بەسکی هاوسەرم دەخەم و منداڵی لەبار دەبەم و ناوی هێندێک کەسایەتیم داوە بە بە بنکەی پۆلیس، کە ئەوان لە ژیان نەماون و تەنها کتێبیان دەست دەکەوێ، پێیان وایە من بەرامبەر بە یاسا شۆخیم کردووە" بەدوامدا دەگەرێن و دەیانەوێ دەستگیرم بکەن، چەند رۆژ ئەوان بە خۆیان و فەرمانیان دێن من لەنێو تانکی سەربان خۆم حەشار دەدەم، هەموو شەوێ کە دەنووم ئەفسەرەکە دێتە خەونم و دەڵێ "لە هەرکوێ بتگرم دەبێ دار لە قونت ببرم و بە گوون هەڵتواسم و کارەبا لە زووبانت بدەم و پشتت بشکێنم" ئیدی بەیانیان کە لە خەو رادەبم دەڵێی لافاو هاتووەتە ژێرم یان باران لەسەرم نا لە ژێرمدا دایکرد و چرپاکەم بە جۆرێک بۆنی پیسی لێدێ کە بە دەریایەک ئاو پاک نابێتەوە.

# گفتوگۆیەک لەگەڵ
# شاعیری زریان و زایەڵەو زنار



**سازدانی: پەری شێخساڵح**

**ژیاننامەی ئەنوەر قادر محەمەد:**

-١٩٤٧/٧/١ لە عەربەت لەدایکبووم و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییم لە سلێمانی و دەوروبەری تەواوکردووە.

-ساڵی ١٩٧٣ بەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدادم تەواوکردووە.

-مانگی ١٩٧٣/١١ لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد بە یاریدەری توێژەر دامەزرام.

-لە مانگی نیسانی ١٩٧٤-نیسانی ١٩٧٥ لە شاخ بووم.

-دوایی گەڕامەوە کۆڕ تا مانگی ١٩٧٨/١١ لەوێ کارم دەکرد و هەر لەو مانگەشدا بە شێوەیەکی نارەسمی چووم بۆ خوێندن بۆ سۆڤییەت- لە لینینگراد (سانکتپێتەر بورگ)ی ئێستا دەستم کرد بە خوێندن، ماستەرم لە زانکۆی هەمان شار لە کۆلیجی ڕۆژنامەنووسی و دواتر دوکتۆرام لە ئینستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی سۆڤییەت هێنا.

-نۆڤەمبەری ١٩٨٧ مافی پەنابەرییم بەهۆی چەند برادەرێکەوە لە سوید وەرگرت و تا مانگی ٢٠٠٤/٨ لەوێ بووم و دوای ئەوە گەڕامەوە و لەو ساوە تا ئێستا لە بەشی کوردیی کۆلیجی زمان-زانکۆی سلێمانی مامۆستام.

-لە ساڵی ١٩٧٠ وە دەنووسم و بەرهەم بڵاودەکەمەوە، ئەڵبەتە سەرەتا بە شیعر دەستم پێ کرد و لەگەڵیدا وتار و وەرگێڕانم بە کوردی و عەرەبی دواتریش وەرگێڕانم لە زمانەکانی فارسی و ڕووسی و سویدییەوە بڵاوکردۆتەوە و کاری ڕۆژنامەگەرییم کردووە.

-سێ کۆمەڵە شیعرم هەن، زریان (١٩٧٨) و زایەڵە (١٩٨٨) و زنار (٢٠٠٤). چەند جارێک چاپ بوونەتەوە.

-هەر خۆم (١٥) کتێب نووسین و شیعر و وەرگێڕان، لەگەڵ دانەرانی تریشدا (٤)م هەن، بێجگە لە وتارگەلێکی زۆر کە لە بڵاوکراوەکانی وڵات و دەرەوەدا نووسیومن.

**ئەنوەر جافی شاعیر لە حەفتاکاندا دەنگێکی دیاربوو لەناو شاعیرانی کورددا، شیعرەکانی لای لاوان و ئەدەبدۆستان دەنگدانەوەیەکی چاکی هەبوو، بەڵام دوای ڕۆیشتنی بۆ ڕووسیا بۆ خوێندنی باڵا ئەو دەنگە شیعرییە کپ بوو، بۆچی؟**

دیارە من کە چوومە ئەو وڵاتە ڕەوتی ژیانم لە زۆر لایەنەوە گۆڕا، دیسانەوە بوومەوە بە قوتابی هەرچەندە لە ژیانمدا هەرگیز وازم لە قوتابییەتی نەهێناوە، جگە لەمەش وڵاتێکی وەک ڕووسیا هەمیشە لە ڕووی کولتوورییەوە و لە هونەر و ئەدەبدا پێشەنگ بووە، بۆیە مرۆڤ تووشی ڕامان و سەرسووڕمان دەکات. با ئەو کرانەوە کۆمەڵایەتییەی ئەوێش لەولاوە بوەستێ کە بۆ تەمەنی ئەو کاتەی من و جێهێڵانی وڵاتێکی لە زۆر ڕووەوە داخراو کاریگەرییەکی چەندلایەنەی هەبوو. ئەرکی خوێندنەکەم زۆر قورس بوو لەسەروو هەمووشیەوە فێربوونی زمانی ڕووسی، بۆیە دەتوانم بڵێم لە چەند کورتە شیعرێک زیاتر لەو ماوانەدا هیچم نەنووسیوە، لە کاتێکدا کە من لە وڵات بووم، هەرچەندە کەم دەنووسم، بەڵام وەک دەزانن چالاک بووم و ڕووبەرێکی بەرچاوی سەرنج و بایەخی خوێنەر و ئەدیبانم داگیرکردبوو، بەتەنیا هەرشیعریشم نەدەنووسی، بەڵکو وتار و وەرگێڕانیشم هەبوون. سەرەڕای ئەمەش شیعر ئەگەر خۆی نەیەت هەرگیز بەزۆرەملی یەخەی ناگرم، ئەو حاڵەتە دەروونی و ژیانە تازەیە بەهەستی نامۆییەکەشییەوە لای من ئاوا کەوتبووەوە، ئەمەش بە گشتی ڕێکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بۆ شیعرم هەیە، جا ئیتر ئێوە بە کپ بوون یان هەرشتێکی کەی

ناودەنێن ئازادن.

لای ئێمە و بەلای منەوە بۆچوونێکی هەڵە هەیە، کە دەبێ شاعیر کارخانەبێ و مشتەرییەکان هەردەم چاوەڕوانی کاڵای تازەی ئەون. ڕاستە شاعیرانی دنیا، هەندێ لە ناودارەکانیشیان، بەرهەمێکی شیعریی زۆریان هەیە، بەڵام شاعیری جێدەست و داهێنان دیاری واش هەیە تاقە دیوانێکی هەیە و جێگەی شیاوی خۆشی کردۆتەوە. گرنگ زۆر و کەمیی بەرهەم نییە، ئەوەیە ناوازە و لەبەردڵان بێ لای وەرگر.

دوای ئەوە من "زایەڵە" هەروەها "زنار"یشم بەیەکەوە لەگەڵ "زریان"دا چاپکردووە و هەندێ برادەری خاوەن سەلیقەی بەرز و چێژی سەلیمی هونەریش، ئەم شیعرانەی دواییان پێ قووڵتر و لە ڕووی ئیستێتیکییەوە تۆکمەترە. ڕووسەکان قسەیەکیان هەیە دەڵێن "لە چێژ و حەزکردن لە ڕەنگدا هاوڕێیایەتی نییە"، دەشێ یەکێک حەزی لە شتێ بێ یەکێکی تر لە شتێکی تر.

**تا وەرگیرانت لە ڕووسیا لە خوێندنی باڵا، بە ئەنوەر جاف ناسراوبووی، بەڵام دوای ئەوە بە ئەنوەر قادر محەمەد، ئەم ئاڵوگۆڕە کاریگەریی لەسەر ناوە ئەدەبییەکەت نەبووە؟**

ڕاستییەکەی واز لە نووسینی نازناوی "جاف" هێنان، هی پێش چوونەدەرەوەم بوو. کاتێ لە شاخ بووین، بیرۆکەی ئەوە لای ئێمەی ئەو کاتەلا و پەیدابووبوو، کە هەموومان لە ڕۆژی نووسەری کورددا، بەیەک دەنگ واز لەو لەقەبانە بهێنین، مەبەست یادی ڕۆژی نووسەرانی کوردی شوباتی ١٩٧٥ە، کە بەفرەڕۆژێکی سەخت بوو، من ئامادە نەبووم، بەڵام هۆی نەچوونم کەشوهەوا نەبوو، بەڵکو ئەوەبوو کاک مستەفا ساڵح کەریم کە بەڕێوەبەری بەشی کوردیی ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو سەفەری کردبوو و ئەرکەکانی بە من سپاردبوو. جێگەی خۆیەتی مادام باسی ئەو ڕۆژە هات وەک ئەمەک و یادبەخێری لەو ئاهەنگۆکە چیاییە خنجیلانەیە ئەوەش بڵێین کە برای شاعیر و نووسەر ئەنوەر (فەرهاد) شاکەلی هەڵیسووڕاندبوو، دواتریش بە قەولی ئەمڕۆ- ڕووماڵێکی جوانی کردبوو، هەروەها شەهیدی نەمر سەیدا ساڵح یوسفی و مامۆستا ئەحمەد هەردی و مامۆستا سەعید ناکام و گەلێکی تر تێیدا بەشداربوون. هەرچی واز لە جاف هێنانەکەشە ئومێدمە نەگەیشتبێتە ئەوەی کە پەندەکوردییەکە بمگرێتەوە. بەهەرحاڵ هەر من بەجێمهێنا، لە هەندێ ڕووشەوە پەشیمان نیم، هەرچەندە ئێستاش خەڵک زیاتر بەو نازناوەوە دەمناسن، تاقە کچەکەم منداڵیش بوو کە لە

سویدبووین، جارێک بە دایکی وت: دایە ئێمە جافین ئەی ئێوە چین؟ وتم: چۆن خۆی جیاکردەوە! من پێم وا نییە ئەم نازناوگۆڕینە گرفتێکی وای نابێتەوە.

**راستە دەڵێن کەسێ خەریک و سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی بێت، کانیاوی شیعری وشک دەکات، ئەگەر وایە بۆ؟**

حەزدەکەم پێش ئەوەی دەست بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بکەم ئەوە بڵێم جاروبار کە ناوی نووسەرانی ناوداری دنیا دێنم، مەبەستم ئەوە نییە، خوانەخواستە، خۆم بەرمە ئاستی ئەوان، بەڵکو زیاتر هەر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستە، ئەوەش کە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی کانیاوی شیعر وشک بکات، نموونەی زۆر پێچەوانەی ئەمەشمان لە ئەدەبی دنیا و خۆشماندا هەیە. شاعیرانی وا هەبوون کە لەو بوارانەشدا هەوڵیانداوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر شیعریشیان نەبووە. لای خۆمان هەندێک بۆتە کوردەناموسی لایان، دەبێ هەر خۆیان "سوڵتانی" مەیدان بن! لە جووینەوەش زیاتر دانەرێزیان هیچی لێ سەوز نابێ. دیارە دەف و دایەرەی حیزبیش دەوری باڵای لەم ئەرکە "نیشتمانییە"دا هەیە. من جاروبار شیعر دەنووسم، بەڵام خۆشم بەهی ئەوەیان نازانم بڵاویان بکەمەوە، هەرچەندە، لە "کوردستانی

> ڕووسەکان قسەیەکیان هەیە دەڵێن "لە چێژ و حەزکردن لە ڕەنگدا هاوڕێیایەتی نییە"، دەشێ یەکێک حەزی لە شتێ بێ یەکێکی تر لە شتێکی تر

نوێ" ژماره (٦٠٢)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٠٩/١١دا سێ شیعرم بڵاوکردەوە تا ئاستێکی باش دەنگیدایەوە، تەنانەت خۆشم بڕێک لێیان ڕازیبووم. شاعیر خۆی دەزانێ شیعرەکەی چۆنە، بێگومان ئەگەر خاتری خۆی نەگرێ. بۆیە ئەگەر دەرفەت هەبێ حەزدەکەم لەگەڵ ئەم باس و خواسەدا شیعرۆکەیەک بڵاوبکەمەوە بە یادی جاران و کەفوکوڵی گەنجی...

**تۆ لە بوارە پسپۆڕییەکەی خۆتدا جێ پەنجەت دیارە، بەڵام خۆت دڵت بە کامەیان خۆشە، بە سەردەمی ناوبانگی شاعیریت، یان دوکتۆرا و بەرهەمە ئەکادیمییەکانت؟**

ڕاستت دەوێ، هەر لە منداڵییەوە باس لە توانا و تایبەتمەندیم لە خوێندندا، دواتریش لە ئەدەب و بەتایبەتی لە شیعردا بەشێوەیەک کراوە کە بەلای خۆمەوە هەندێکی زیادەڕۆیی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی باری خێزانییەوە و خۆشم جۆرە باوەڕبەخۆبوونێکم هەر هەبووە، بەڵام ئەو شتانە قەت دڵنیاییان پێ نەبەخشیوم و بەپێچەوانەوە هەمیشە دڵەڕاوکەی چەقین و لەسەردەم و یاران دواکەوتن بەشێکی بیری خەریک کردووم، بەڵام نەیشگەیشتۆتە ئاستی دەسپێشکەری لەدەستدان. ئەمەش ڕۆحی تازە کردوومەتەوە، یان ئەگەر لام وابووبێ دەتوانم لە بابەتێکدا باشتر لە بابەتێکی دی تەعبیر لە خۆم بکەم، یان با بڵێین خزمەتی زیاتر بکەم ڕوومکردۆتە ئەو بابەتە، ڕەنگە پاشەکشەی شیعرییش بەشێک بێ لەم ستراتیجە... بەرهەمی ئەدەبی وەک جگەرگۆشەی مرۆڤ وایە، بەیەک چاو سەیری هەموویان دەکرێ و خۆشەویست دەبن...

**تۆ وەک نەوەی حەفتاکان، خوێندنەوەت بۆ شیعری هەزارەی سێیەم چۆنە؟**

جا بۆ وەک نەوەی حەفتاکان بێ، بۆ ئێستا نەبێ، چونکە جاران گەلێ بۆ چوونم هەبووە ئێستا وا بیرناکەمەوە بۆ نموونە وتارێکم بە عەرەبی دەربارەی شیعری کوردیی حەفتاکان نووسیوە لە "افاق عربیە"دا کە بە پێشنیازی برای بەڕێزم، ڕۆشنبیری گەورە و ڕۆژنامەنووسی دیار کاک کامەران قەرەداغی و شاعیری ناسراوی کۆچکردوو بڵند حەیدەری بوو. هەندێ لە بۆچوونەکانم نابابەتی و کاڵوکرچ بوون، بەتایبەتی لە بەراوردی شیعری ئێمە و گۆراندا، هەرچەندە من لەو کاتەوە خۆمم ناسیوە، ڕۆژێک نەبووە، گۆرانم لا مەزن نەبووبێ، بەڵام لەوێدا هەندێ تەنزیراتی بێسەروبەرم کردووە کە لێیان پەشیمانم و بایی هەواییین...

هەرچی شیعری هەزارەی سێیەمیشە-ڕاستییەکەی تەنانەت بەشێکی کەمی ئەو بەرهەمە زۆر و زەبەندەم نەخوێندۆتەوە و ئاگاداری نیم، بۆیە ڕەنگە هەرچی

بڵێم جۆرێک بێ لە ستەم کردن، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە کەموکووڕیی چێژی خۆمە، چونکە نەک بەرهەمی ئەم نەوە نوێیە، بەڵکو بە گشتی لە خوێندنەوەی شیعردا، دڵم زوو زوو دەگوڕم و ڕووس واتەنی "با" مەشرەبم، بەڵام لای خۆمان مەولەوی و گۆران کە بەشێکی باشی شیعرەکانیانم لەبەرە یا لەبەربوو، تا دوا هەناسە هەر نەمرن لام، سەرسامم بە هەندێ لە شیعری عەرەبی و فارسیش، حەزم لە شیعری ڕووسیشە، یان تاک و تەرایەکی سویدی، تەنانەت بە تەرجەمەش هەندێ شاعیرم بە دڵە وەک چیسلاو میلۆشی پۆلۆنی، یان ڤلادیمیر هۆلانی چیکی، شیعری دێریک ولکۆتی -خەڵکی کاریبی-ش هەرچەندە شاعیرێکی قورسە و بەئینگلیزی دەنووسێ، لە پرسیارەکە لامدا، بەڵام مەبەستمە ئەوە بڵێم، کە عەیبەکە لە منە و لە شیعری کوردیی هەزارەی سێیەم نییە...

**ئەگەر بەراوردێک بکەی لە ڕووی داهێنان و بەکارهێنانی زمان و ڕووناکبیرییەوە لەنێوان نەوەی ئێوە و نەوەی ئێستادا چیت بۆ دەردەکەوێت؟**

نەوەی حەفتاکان لە کەلەپووری کوردی دانەبڕابوو، هەرچەندە لێرە و لەوێ لاسایی هەندێ درووشمی سریالی و دادایی و فۆتۆریستی، بێگومان لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە، دەکرایەوە، بەڵام ئەو هاوارانە هیچێکی ئەوتۆیان بەرهەم نەهێنا. ڕاستییەکەی لە نەوەی حەفتاکانیشدا هەبوو تەقەتەقێکی بە عەرەبی دەکرد و هەش بوو باش دەیزانی و پێی دەنووسی، بەڵام سەرجەم کوردییەکەمان خراپ نەبوو، هەرچەندە دواتر ئەو نەوەیە هەندێکیان ئاوارەی وڵاتان بوون و فێری زمانی ئەورووپایی بوون، هەر وەک هەندێ لەمانەی ئێستاش لەدوای ڕاپەڕین چوونەتە ئەورووپا. من زۆریش ئاگاداری وەزعیان نیم و هەر لە خەڵک دەنگوباسیان دەبیستم، هەیانە عەرەبی یان فارسی دەزانێ، بێگومان هەر لەم نەوەیەشدا هەیە جێگەی خۆی بەباشی لە ئەمریکا و ئەورووپادا کردۆتەوە، بەشێکی زۆریشیان لە وڵاتن و بەکوردی زیاتر دەنووسن، بەڵام هەندێکیان گاڵتەیان بەجۆری کوردی نووسینی پێش خۆیان دێ. هەروەها وەرگێڕانێکی بێشووماریش لە هەموو مەیدانەکاندا هەیە، ئەگەر ئەو هەموو سەرچاوەیە بەسەرکەوتوویی و ئەمانەت کرابێتن بە کوردی، نامەخوا! وەرگێڕان هەنگاوی باشی ناوە و خۆراکی ڕووحی و کولتووری گەلەکەمانی باش فەراهەم کردووە، کەچی خەڵک هەموو داد و بێدادیانە لەدەست ئەم وەرگێڕانانە و بەشۆخییەوە بۆ واتایەکی تری دەبەنەوە. لەنەوەی حەفتاکاندا هەن لە شیعر و چیرۆکدا تەنانەت هەندێ بابەتی ڕەخنەییشدا جێ دەستیان دیارە، لەم نەوەیەشدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیکییەوە دەیان

دەرفەت ڕەخساوە بۆ بڵاوکردنەوە و ڕانان، بەڵام گرفت لە زۆریی ئەو هەموو کەسەیە کە دەنووسن، بۆیە زۆر زەحمەتە مرۆڤ بیروبۆچوونی دەربارە دەرببڕێ و ڕەنگە دەریشیبڕی بابەتییانە نەبێ، ڕاستت دەوێ سەرنجیان زۆر ڕانەکێشاوم. هەر پێشم وایە هونەر بەم زاراوانەی کە هەر دەساڵ و نەوەیەک پێبگا، ناپێورێ... با لێی گەڕێین بۆ ڕۆژگار، بێگومان مەحەک و ترازووی خۆی دەبێ...

**ئێستا هەموو دەرفەتێک لەبەردەستدایە، جۆرێک لە ئازادی هەیە بۆ هەمووان، ئەوساش لە حەفتاکاندا یەکێتیی نووسەران لە ژێر چەپۆکی بەعسدابوو، کەچی داهێنان و نووسینی بەرگری لە ئاستێکی بەرزدا بوو، ئەی ئێستا بۆچی ئەو جۆشە نابینین؟**

زۆربەی کات کە ئازادیی نامێنێت و ترس و تۆقاندن لە وڵاتێکدا بڵاودەکرێتەوە و چەرخەی داپڵۆسین دەخرێتە خوولانەوە، تەنانەت وشە دەپشکنرێت، هەمووی دەترنجێتە ناخی دەروون و لەو دۆزەخەوە دەنگ و ڕەنگ بە هاوئاهەنگی و گونجانەوە لە ئاوازێکدا، تابلۆیەکدا، شیعرێک، چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەرییەکدا دێتەوەکایە و دەبێتە مینبەری خەم و ئازار و ئومێدی خەڵک. لە سەردەمی بەعسیشدا هونەر وابوو. بەعس-سیستێمێکی تاک حیزبیی

ئەگەر لام وابووبێ دەتوانم لە بابەتێکدا باشتر لە بابەتێکی دی تەعبیر لە خۆم بکەم، یان با بڵێین خزمەتی زیاتر بکەم ڕوومکردۆتە ئەو بابەتە، ڕەنگە پاشەکشەی شیعرییش بەشێک بێ لەم ستراتیجە...

فاشیزمێکی ڕۆژهەڵاتی بوو کە دەیویستجڵەوی تەنانەت هەناسەی مرۆڤەکانیشی لەدەستدا بێ. هەمیشەش ئایدیاڵی ڕەهای دەستەڵات لە پەرستنی تاکی "سێبەری یەزدان لەسەر زەوی"دا چڕدەبێتەوە، ئەگەر یەکێک دەمی بسووتێ و کە هەر ڕوویش دەدا نوکتەیەک، پلارێکی تێبگرێ ئەوا مەرگ چاوەڕێی دەکا، سەدان نموونەی وای ڕژێمی بەعس و دوومانەکانی هەن، بەڵام ئەمە لەسەرێکی ترەوە دەبێتە هۆی قاڵبوونی هونەرمەند و زاخاودانەوە و مشتوماڵکردنی ئاستی ئیستێتیکیی بەرهەمەکانی... میکانیزمی ئەم یارییە لەگەڵ ڕۆژگاردا لای نووسەر دەخەملێ، کە بەشێکی تێپەڕاندنی تابووکانە بەسەر سانسۆردا و گەیاندنیانە بە وەرگر- خەڵک. ئێمە لە حەفتاکاندا بەو گیانەوە کارمان دەکرد، دەمانویست دنیایەکی ئازاد بونیادبنرێت، بێگومان ئەمە بیرێکی یۆتۆپی بوو، چونکە "چاوەڕوانیی بێهودەی گۆدۆ" بوو. دەستەڵات هەر دەستەڵاتە و تەنانەت لە سیستێمە دیموکرات و لیبراڵەکانیشدا کە بە یاسا لە قاڵبدراوە میکانیزمی بەرپەرچدانەوەی تەنانەت لە بەرانبەر بەهێزتریشی هەیە، ئەمە نائومێدی و نیهلیزمیش نییە، بەڵام ڕۆحی ئەنارشیستانە ئاوای دەخوێنێتەوە.

ئەمڕۆ پاشاگەردانییەکی سەیرە لە دنیای نووسیندا، لەم هەرێمەدا کێ هەیە شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و بیرمەند نەبێ، ئەمە پەتا و بەڵایەکی ئیقلیمگیرە و لەدەستیش دەرچووە، کەی دەرەوێتەوە و شتەکان ڕێچکەی سرووشتی خۆیان دەگرنەوە ئەیهووی دەوێ!

**ناڵێم وەک ئامۆژگاری، دەزانم ئەوەت لا پەسند نییە، بەڵام دەتوانم بپرسم، چی لە لاوانی ئەدەب پەروەری ئەم سەردەمە دەخوازی؟**

لە گفتوگۆیەکی تەلەڤیزیۆنیدا پرسیارێکی وایان لە شاعیر و نووسەر و گۆرانیبێژی ڕووس، بوڵاد ئاکودجاڤا، کرد، ئەویش وتی، من خۆم هێشتا پێویستم بە ئامۆژگاری هەیە. با واز لەمە بهێنین و بە زمانی مامۆستاشەوە قسە نەکەم، بەڵکو وەک کەسێکی بەتەمەن و خاوەنی جۆرێک لە ئەزموون. ئەوەی دەستدەداتە نووسین، بێگومان لە ناخەوە شتێک پاڵی پێوەدەنێ بۆ ئەوەی تەعبیری لێ بکا، ئەمە یەکەم هەنگاوە. ئیتر نووسینیش وەک هەموو کارێکی هۆشیاری و فیکری پێویستی بەخۆماندووکردن و هەوڵدان هەیە بۆ ئەوەی شارەزای ببی، کارامەیی و وەستایەتی تێدا بەدەستبهێنی، لە کەلەپووری ڕۆشنبیری و ئەزموونی خەڵکی ترەوە فێرببی، تا ئەو ئاستەی پاشخانێکی کولتووری باش پەیدادەکەیت. دەبێ لە بابەتەکەی خۆتدا بەدوای دەنگ و ڕەنگی تایبەت بەخۆتدا بگەڕێیت -وشەی

گەورەی وەک ستایل- بەکارناهێنم، بەکورتییەکەی تا ڕووخسارێکی هونەریی تایبەت بە خۆت پەیدادەکەیت.

لەپێش هەموو شتێکیشەوە هەوڵی فێربوونی زمانێکی زیندوو یان زیاتر لە زمانێک بدەی، چونکە ئەو کاتە پەنجەرەی ڕوونت بۆ والا دەبێت و ڕوانین و بیروبۆچوونەکانت فراوانتر و قووڵتردەبن، هەمیشە هونەرمەندانی داهێنەر "بە زەبری کۆششی زاڵیان" ڕێگەی چوونە ناو دڵی خەڵکیان کردۆتەوە. جاران سەرچاوەی ڕۆشنبیریی ئێمە زیاتر هەر زمانی عەرەبی بوو، بەڵام ئێستا بۆشاییەکی زەمانیی گەورە درووست بووە، کە فێربوونی عەرەبی ئاسان نییە و بۆیە، لام وایە، مرۆڤ هەوڵی فێربوونی بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی بدا، چونکە دەرفەت و ماواو هۆی خۆفێرکردن لەچاو جاراندا، زۆر زۆرترن.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەم ئاوڕدانەوەیەتان و ئەگەر پەسندیشی بکەن ئەوا ئەم شیعرۆکە لانەوازە بڵاوبکەنەوە.

## سیما

**شیعری ئەنوەر قادر محەمەد**

**دیگر شب شد که مو جانم بسوزد**
**گریبان تا ب دامانم بسوزد**
**برای خاتر یک سبز رنگی**
**همیترسم که ئیمونم بسوزد**
**بابا تاهیری هەمەدانی**
**سیمات - کانی، شێوەی یارانی جارانی**
**تیا دەردەکەوت و وندەبوو،**
**گەڵای وەریوی ژێر داری عومری**
**بە دەوری یاددا لوول دەدا...**
**بای بەیان چۆن بەدەوری گوڵدا دێ و دەچێ،**
**بێ ئەوەی بۆنی کا دەڕوا،**
**ئەم چەند وەختە ئاوا...**
**جۆشی سینەت لەبەردەمما، گۆناکانتی دادەگیرسان،**

بەڵام ڕوانین، دەمودوومان تەماوی بوون،
ئاخر! یەکێ ڕووە و هەڵچوون،
ئەوی دی بەرەو ڕۆچوون...
ئیدی چۆن بەیەکدی بگەین،
لەیەک بگەین...

***

نە زەنگی کەنیسە لێی دا،
نە دەنگی بانگی مزگەوت هات،
نە کوکوختییەک کوکوی کرد،
پەڵکێکی ئاگرتێبەربووی هاوینێکی وشکەساڵم
لە وەرزێکی بەفرانباردا بێ مەفتەن و ماڵ و حاڵم
نە دەتوانم دەستت بگرم،
نە تێر لە باوەشت بگرم،
نە مەشخەڵان لەسەر شوورەی خامۆشیمان داگیرسێنم
ڕایەڵەی نێو سەدان شتمە و
بەرپێکانی خۆم نابینم
توولەڕێیەک نییە بیگرم
لە جوغزێکی مەرگ ئاسادا دێم و دەچم...
کەچی نیگات، وەنەوشەی پڕ سۆزی چاوت،
ڕووخسارە گەنمرەنگەکەت،
پیتی ئاڵ و والای ناوت
دڵ دەکەنە پێدەشتەکانی کن بەهەشت
ویردی ئێوارە و بەیانم،
هەلالەی کەناری گیانم!
دەرگای دەروون بخە سەرپشت،
کون و قوژبنی تاریکی بە پەنجەکانت ڕۆشنکە!


# وەرگێڕان

- دەربارەی ڤالتەر بێنیامین — پێشڕەو محەمەد
- وتووێژ لەگەڵ سۆزان سانتاگ — مستەفا زاهیدی
- یەک رۆژ لە ژیانی تۆڵستۆیدا — کەریم سۆفی
- دوو ژن — جەواد حەیدەری
- هەڵەبجە — موکەڕەم رەشید تاڵەبانی
- بۆ هەڵەبجە — ئازاد نەجم
- ئەویندارانە — هێرش سەعید




وەرگێڕان

# دەربارەی ڤاڵتەر بێنیامین



**نووسینی: ویلیام دێل و تیمۆتی بێل**

**و. لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد**

ڤاڵتەر بێنیامین (١٨٩٢-١٩٤٠) لە خێزانێکی جولەکە، لە بەرلین چاوی بەڕووی جیهاندا کردەوە، کە تێکەڵی فەزای زاڵی مەسیحی ئەو شارە بووبوو. ئەو خوێندنی لە زانکۆکانی بەرلین، فرایبورگ، میونشن و بێرن تەواو کردبوو. لە سەردەمی خوێندکاریدا، پەیوەندی بە بزووتنەوەی خوێندکارە جولەکە رادیکاڵەکانەوە کرد و لەگەڵ هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەی، گێرشەم شولەم، هێدی هێدی هۆگری بەرانبەر بە عیرفانی جولەکایەتی پەیدا کرد. (شۆلەم لەسەر هۆگرییەکەی بەردەوام بوو و وەک سکۆلارێکی گەورەی عیرفانی جولەکایەتی ناسرا). لە ساڵی ١٩٢٥ بێنیامین "سەرچاوەی درامای تراژیکی ئەڵمانی" وەک تێزی هابلیتاسیۆن (بەڵگەنامەیەک بۆ گەیشتن بە پۆستی مامۆستایی لە زانکۆ) پێشکەش بە زانکۆی فرانکفورت کرد، بەڵام پرۆژەکەی رەتکردەوە، لەبەر ئەوەی گریمانەی ئەوەی دەکرد، کە لەوانەیە بەهۆی ستایلی ناباو و لیریکیانەی تێزەکە، رەتبکرێتەوە. بێنیامن هیچ کاتێک پۆستێکی فەرمی ئەکادیمی وەرنەگرت. ئەو هەمیشە وەکو سکۆلارێکی سەربەخۆ، رەخنەگر و وەرگێڕێکی ئازاد کاری دەکرد.

له ساڵی ١٩٣٣دا، لەگەڵ دەرکەوتنی نازییەکان لە ئەڵمانیا، بێنیامین بەرەو پاریس رۆیشت، لەوێدا بوو دیداری لەگەڵ هانا ئارنت و بەشێک لە رۆشنبیرانی دیکە ئەنجام دا. لە ساڵی ١٩٣٩دا رەگەزنامەی نەتەوەیی ئەڵمانیای لێسەندرایەوە و ناچار بوو لە کەمپدا بمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر و قوتابخانەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بانگهێشتنامەیەکی پێگەیشت. (ئەم دامەزراوەیە بەهۆی راکردنیان لە دەستی نازییەکان، لە فرانکفۆرتەوە بۆ نیویۆرک گوازرابۆوە). بێنیامین هەوڵیدا لە دەستی رژێمی ڤیشی فرەنسی رابکات و بڕواتە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. کاتێک گەیشتە شاری پۆرتبۆ، لەسەر سنووری فەرەنسا و ئیسپانیا، نەیانهێشت بچێتە نێو ئیسپانیاوە. ئەگەر گەڕابایەوە بۆ فەرەنسا، ئەوا مردنی شتێکی روون و ئاشکرا بوو. رۆژی دواتر، جەستەی مردووی ئەویان دۆزییەوە، پێدەچێت بە حەپی مۆرفین خۆکوژی کردبێت.

بێنیامین دەربارەی چەندین بابەتی جۆراوجۆر، شتی نووسیوە —لە تراژیدیای ئەدەبی و مۆدێرنیتەوە بیگرە تا دەگاتە پاریس و مێسیانیزم – و چەندین جۆر ستایلی لە نووسیندا بەکارهێناوە، لە وتار و راڤەکردنەوە بیگرە تا دەگاتە ئەفۆریزم. هونەرمەندان، مێژوونووسان، رەخنەگرانی ئەدەبی و فەیلەسوفان بەهۆی ناوەرۆک و لایەنە بزوێنەرەکەیەوە، روویان لە تێکستەکانی ئەو کردووە. تیۆریی رەخنەیی ئەو لە روانگەی لێکۆڵینەوەی ئایینی ئەکادیمییەوە، بەشێوەیەکی تایبەت بەهایەکی گەورەی خستۆتەوە، چونکە سەرچاوە و بونیادەکانی ئایین دەباتە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا ئێمە سەرنجمان لەسەر چوار کاری تایبەتی ئەو چڕ دەکەینەوە: "رەخنەی توندوتیژی" (١٩٢١)، "ئەرکی وەرگێڕ" (١٩٢٣)، "کاری هونەری لەسەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا" (١٩٣٦)، چواندنی فریشتەی مێژوو لە "تێزەکان دەربارەی فەلسەفەی مێژوو" (١٩٤٠).

لە "رەخنەی توندوتیژی"دا، بێنیامین بونیادەکانی یاسا، یان نەبوونی یاسا تاقیدەکاتەوە. دەڵێت، یاسا ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بووەستێت. یاسا هیچ بونیادێکی نییە (نە لە فەرمانی خواییدا، نە لە سروشت، و هتد...). ئەگەر بونیادێکی هەبووبێت، چیتر زەرووری نەبوو توندوتیژی وەک چەکی خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی خۆی جێگر بکات و پارێزگاری لەخۆی بکات. سەرباری ئەمە، پەیوەندی رەهای یاسا بە توندوتیژییەوە، ئەوە دەخاتەبەرچاو، کە یاسا لە راستیدا، بەدەرە لەهەرجۆرە بونیاد و بنەمایەک. ئەگەریش دەشێت بونیادێکی هەبێت، ئەوا لە راستیدا ئەو بونیادە تەنها توندوتیژییە. ئەو ئاراستە باوەی حەق بە توندوتیژی

دەدات لەنێو سیستەمی یاساییدا، ئەگەر لەسەر بنەمای "ئامانج، حەق بە ئامراز دەدات"ی توندوتیژی یاسایی (کە لەلایەن یاساوە جێبەجێ دەکرێت و بەردەوام دەبێت) وەستابێت، ئەوا سەرنجی ئێمە لەم راستییە – واتا بێ بونیادبوونی یاسا یان توندوتیژی – هەبوونی بونیادی یاسا – دووردەخاتەوە؛ ئەگەر ئامانج لەسەر حەقە، کەواتە ئامرازێکی توندوتیژیش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە زەرووری دەردەکەوێت. بەمجۆرە، بێنیامین دەڵێت، نەیانهێشتووە بپرسین چ شتێک دەتوانێت زەرووڕەتی یاسایی واتا بەهرەمەندبوونی یاسا لە بونیادێکی پتەو، ئاشکرا و دیار بخات؟ خودی یاسا بەس نییە؛ یاسا ناتوانێت لەسەرپێی خۆی یان لەسەر بنەمای خۆی دابمەزرێت. یاسا دەبێت لەسەر توندوتیژی بووەستێت تاوەکو خۆی پتەو و جێگیر بکات و درێژە بەمانەوەی بدات. توندوتیژی لەجێگای بونیادەکانی یاسا دانیشتووە.

لە "ئەرکی وەرگێڕ"دا (کە پێشەکییەکە بۆ وەرگێڕانی شیعری "تابلۆی پاریسی" بودلێر لەلایەن خودی بێنیامینەوە)، بێنیامین هەمان ئەو پرسیارانە بەشێوازێکی دیکە دەربارەی سەرچاوە و بونیادەکان زیتدەکاتەوە و خەریکی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان بەرهەمی ئەدەبی رەسەن و "ژیانی دوای مەرگ"ی خۆی لە وەرگێڕاندا دەبێت. چ شتێک خەریکە وەردەگێڕدرێت؟ بە وردبوونەوە لەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەهای وەرگێڕانی هەیە، تەنها هەبوونی زانیاری گرنگ نییە، بەڵکو "وەرگێڕ کاتێک دەتوانێت شتێکی قوڵ و نهێنیئامێز و "شاعیرانە" بەرهەم بهێنێتەوە، کە خۆیشی شاعیرێک بێت". (ل٧٠) وەرگێڕان، ئەو هونەرەیە، کە دەتوانێت بەرهەمی ئەدەبی بگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی باشتر لەخۆی. بەرهەمی ئەدەبی، لە وەرگێڕاندا، دەبێتە خاوەن "ژیانی دوای مەرگ"، واتا دەبێتە خاوەنی شتێکی باشتر لەو شتەی پێشتر لەئارادا بووە. وەرگێڕان بریتییە لە "قۆناغێکی ژیانی بەردەوام". کەواتە، بەرهەمی ئەدەبی دەبێت لەگەڵ کاری وەرگێڕدا بمرێت، تاوەکو لە زمانێکی دیکەدا و بەرزتر لەخۆی و وەک بەرهەمێکی هونەری ئەدەبی زیندەگی بکات. هاوکاتیش، خودی بەرهەمی رەسەن لەبەر ئەوەی کەموکورتە و ناتوانێت بە نهێنییەکی قوڵ بگات، کە هەمیشە هەوڵیداوە پێی بگات، ئەوا مل بۆ وەرگێڕان دەدات. ئەرکی وەرگێڕ تەنها ئەوە نییە زانیارییەکانی دەقی رەسەن بۆ ئەو کەسانە بگوازێتەوە، کە ناتوانن زمانی دەقە رەسەنەکە بزانن. بەڵکو، ئەرکەکەی بریتییە لە "دووبارە ئەفراندنەوە"، لەگەڵ ئامانجی ئازادکردنی دەسەڵاتی شاعیرانەی دەقی رەسەن لە زیندانی زمانێکی تایبەتیدا (نەک بە زەرووری زمانێکی نا-جیهانی و ناپەتی).(ل٨٠)

لە کتێبی "شینگێڕیی زیندوو: کارەسات، تازیەداری و پرۆتێست لە ژیانی دوای مەرگی کتێبێکی پیرۆز"دا (٢٠٠٠)، تۆد لینافێلت خەریکی هەڵسەنگاندنی "ژیانی دوای مەرگ"ی کتێبی "تازیەداری ئەرمیا" دەبێت، کە لە "پەیمانی کۆن"دا دەربارەی وێرانبوونی ئۆرشەلیم دەدوێت بەدەستی بابلییەکان، هەروەها باس لەوە دەکات، کە تێگەیشتنی بێنیامین لە وەرگێڕاندا چ دەسەڵاتێکی لە لێکۆڵینەوەی مێژووی تەفسیکردنی ئینجیلیدا هەیە. ئەو نیشانی دەدات، کە چۆن دەقی رەسەن "تازیەداری"، بەتایبەت هاواری قوڵی ئازارچەشتن و هەست نەکردن بە وەڵامدانەوەی یەزدانی، ئەوا مل بۆ وەرگێڕان یان ژیانی دوای مەرگ دەدات. لینافێلت، ئەو وەرگێڕان و تەفسیر و شیعر و چیرۆکانەی دوای "کتێبی تازیەداری" نووسراون و وەکو ژیانی دوای مەرگی ئەو کتێبەن، ناودەنێت ئەدەبیاتی مانەوە و بەردەوامی (یان "سەرو-ژیان" یاخود "ئەودیو ژیان")، ئەم ئەدەبیاتی مانەوەیە هەوڵدەدات – و بە ناچاری ناتوانێت – هاواری ئازارچەشتن دووبارە بئافرێنێتەوە و ئازاد بکات، کە لە دەقی رەسەندا بوونی هەیە.

ئەو وتارەی بێنیامین لە ساڵی ١٩٣٦دا نووسی، واتا "بەرهەمی هونەری لەسەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا"، دەیەوێت سەرچاوەی بەرهەمی هونەری پەیوەند بە قۆناغە مێژووییەکەی هەڵبسەنگێنێت، کە بە باوەڕی بێنیامین لە مێژووی هونەردا بە رادیکاڵیی قۆناغێکی تازەیە و بەرهەمی مێتۆدەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئاپۆرەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بریتییە لە کۆنسێپتی "رەسەنێتی"، روانگەی بێنیامین بۆ رەسەنێتی، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونێکی بێ هاوتای بەرهەمی رەسەنی هونەری لە کات و شوێندا؛ واتا لێرەدا چۆن دەشێت "گەواهییە مێژووییەکانی دیکە" لەئارادابن. (ل٢٢٠). ئەو شتەی مەحاڵە دووبارە بەرهەم بێتەوە بریتییە لە جەوهەر یان "ئەدگار"ێکی بەرهەمی هونەری. هەر ئەم جەوهەر یان ئەدگارەیە، کە بەرهەمی رەسەنی هونەری لەوبەری ئێمەوە دادەنێت و لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئێمە دەبێتە خاوەن ئەویدییەکی مێژوویی. دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی لەلایەن ئارەزووەوە پاڵدەنرێت و ئەم مەودا و بەرانبەرییە کەمتر دەکات، "بۆ ئەوەی ئۆبژە بەهۆی لێکچوونەکەی، بەهۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی، لە نزیکترین خاڵ [لە ئێمەوە] دابنێت". (ل٢٢٣). ئێستا، لەگەڵ هەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەکدا، ئەدگاری بەرهەمی رەسەن لاواز و لاوازتر دەبێت، لەبەرئەوەی "تەکنیکی دووبارە بەرهەمهێنانەوە، ئۆبژەی دووبارە بەرهەمهاتوو لە ژێر هەیمەنەی ترادیسیۆن دەردەهێنێت" و ئۆبژە لە پێگە رەسەنەکەی دادەبڕێت و نامۆی دەکات، لەم

رووەوە، فرەیی نوسخە کۆپیکراوەکان دەکاتە جێگرەوەی لێرەبوونی بێ هاوتا (ل٢٢١). دووبارە بەرهەمهێنانەوە تەنانەت ئەو کاتەی بەرهەمێکی رەسەن لە کات و شوێنە مێژووییەکەی لە ریشەوە دەردەهێنێت (کات و شوێنی مێژوویی هەمان ئەو شتەیە، ئەدگار بە بەرهەمی رەسەن دەبەخشێت)، ئەوا وابەستەیە بە ئەدگاری بەرهەمێکی رەسەنەوە. کەواتە، دووبارە بەرهەمهێنانەوە – بتەوێت یان نا – ئەدگاری بەرهەمی رەسەنی هونەری لەنێو دەبات، ئەوا سیمولاسیۆنێک (شێوەسازییەک) دەکاتە جێگرەوەی – پاشان ژان بۆدریار پەرەی بەم بابەتە دا.

بێنیامین زیاتر لەمەش دەڕوات و دەڵێت ئەدگاری بەرهەمی هونەری ریشەکەی لەنێو ترادیسیۆندا هەیە و بەندە لەسەر سرووتەکانی نەریت. بێنیامین جەخت دەکاتەوە، کە سرووت، بەها – سوودمەندی یەکەم و سەرەکی بەرهەمی هونەری بووە. ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی جوانی یان هەر ئەزموونێکی ئێستێتیکیانەی دیکە ئامانجی هونەرمەند بێت و ماوەیەکی زۆر بەر لە بزووتنەوەی "هونەر بۆ هونەر"، بەرهەمی هونەری بۆ بەکارهێنان لەنێو سروتی ئایینیدا چێدەکرا. هەر ئەوەی هونەرمەندان هێواش هێواش لەگەڵ ئامانجی نمایشکردنی گشتی بەرهەم (نەک سوودمەندی سرووتی) دەستیان بە دروستکردنی بەرهەم کرد، ئەوا بەرهەمی هونەری لە ریشە ئایینییەکانی دابڕێنرا. بێنیامین دەڵێت، سەرباری ئەمە، تا سەردەمی نوێی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی، ریشە ئایینییەکان هێشتا بە توندی بە بەرهەمی هونەرییەوە بەسترابوونەوە.

لەم قۆناغە مێژووییەدایە، ئێمە شایەتی ئەوەین بۆ یەکەمینجار بە رادیکاڵی بەرهەمی هونەری لە "وابەستەیی مشەخۆریی لەسەر سرووت" "رزگاری" دەبێت. (ل٢٢٤). لەم سەردەمە نوێیەدا، هونەرمەندان وردە وردە بە مەبەستی دووبارە بەرهەمهێنان، بەرهەمی هونەری دەئافرێنن. بەرهەمی رەسەن بۆ ئەوە بەرهەم دێت، کە دووبارە بەرهەم بێتەوە. بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمی هونەری هێندە گرنگی پەیدا دەکات، کە دەگۆڕێت بۆ ئەویدیکەبوونی چۆنێتییەکی جەوهەری هونەر: ریشە رەسەنەکانی هونەر لە کردەی سروتئاسا و ئایین جیابووەتەوە و ئامادەیی ئەوەی تێدایە بکەوێتە خزمەتی کردەیەکی تەواو نوێوە؛ واتا سیاسەت. بێنیامین، فیلم وەک خزمەتکارترین نموونەی ئەم فۆرمە نوێیەی هونەری بەرهەمهێنانەوە دەبینێت. فیلم هێزی ئەوەی هەیە "جەماوەر مۆبلیزە بکات"، (ل٢٤٠) ئینجا ئامانجی ناسیۆنالیزم بێت یان شۆڕش، چ ئامانجەکەی ستایشکردنی رەوشی باو بێت یان دژایەتیکردنی رەوشەکە. فیلم هاوکات دەسەڵاتی بەدوو رێگەوە بەدەست دەهێنێت: یەکێکیان بە پەرتکردنی هەستی بینەران (بیانخاتە نێو

دۆخێكی گێژەوە)و دووەم بە دووبارە- شێوەگیركردنی جیهانبینی و تێگەیشتنی ئەوان بۆ واقیعییەت.

لەیادمان بێت بێنیامین وتاری "بەرهەمی هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میكانیكیدا"ی لە ساڵی ١٩٣٦ و لە سەردەمی دەركەوتنی نازیزمدا نووسیوە – نازیزم بزووتنەوەیەك بوو پسپۆڕییەكی تایبەتی لە هونەر و پروپاگەندەی سیاسییدا هەبوو – بیر لە پۆستەرە گرافیكییە زۆرەكانی نازییەكان و فیبمە ناسیۆنالیستییەكانی وەكو "سەركەوتنی ئیرادە" بكەنەوە، كە نازییەكان ئەم فیلمەیان لە ساڵی ١٩٣٤ لە نۆرمبێرگ بەرهەمهێنا بۆ وەسفكردنی خۆیان. وتارەكەی بێنیامین چەندین پرسیاری نوێی لە دەستپێكی سەدەی بیست و یەكدا بەدوای خۆیدا هێنا. ئێستا ئەگەر ئێمە ئەرگومێنتەكەی بێنیامین قبوڵ بكەین، دەبێت لە خۆمان بپرسین هونەر لە سەردەمی نوێی ئێمەدا، كە سەردەمی "بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵی"یە، بەردەوامی و درێژەدان بە هەمان سەردەمی شۆڕشگێڕی بەرهەمهێنانەوەی میكانیكییە، كە بێنیامین باسی دەكات، یان لەو سەردەمە زیاتر دەڕوات و ئەو سەردەمەی پێشوو لادەبات؟

برێنت پلەیت، توێژەری ئایینی و توێژەری كولتووری وێنەیی لە كتێبی "ڤاڵتەر بێنیامین، ئایین و ئێستێتیك"دا، دەگەڕێتەوە بۆ وتاری "بەرهەمی هونەری" بێنیامین و نووسینەكانی دیكەی تاوەكو نیشانی بدات بۆچی لێكۆڵینەوەی هونەری ئایینی لە ئاراستەی رۆشنبیرانە و بیرمەندانەی ئەو جیابووەتەوە و بەرەو كردە ماتەریالییەكانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی هونەری رۆیشتووە. پلەیت دەڵێت خودی ئایین بەند نییە لەسەر ئایدیا و رێبازەكان، بەڵكو بەندە لەسەر ئۆپەراسیۆنی جەستەیی و پەیكەربەندی هەستەكان. ئایین لە بنەڕەتدا ئێستێتیكییە، واتا (بەرانبەر بە وشەی سەرەكی گریكی ئەم زاراوەیە، واتا "ئێستێتیكۆس" 'هەستكردن').

بەوجۆرەی لە پێشەوە باسكرا، بێنیامین تەنها بەهۆی وتارەكانییەوە نەناسرابوو، بەڵكو بەهۆی نووسراوە ئەفۆریستییەكانیشییەوە ناوبانگی دەركردووە. كتێبەكەی "چەند تێزێك دەربارەی فەلسەفەی مێژوو" (لە ساڵی ١٩٤٠ نووسرا، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٠ بڵاونەكرایەوە"، زنجیرەیەكی كورت و بەربڵاوی رامانەكانی ئەوە دەربارەی توێژینەوەی مێژوو و مێژوونووسی، پەیوەندی ئێستا بە رابوردووەوە، ئارەزووكردن بۆ سەرچاوە بزربووەكان و ئایدیای پێشكەوتنی مێژوویی. ناسراوترین "تێز"ـەكەی، بریتییە لە تێزی نۆیەم، چواندنێكە دەربارەی "فریشتەی مێژوو". ئەم چواندنە ئیلهام بەخشە

لەلایەن پاول کلە وە بەناونیشانی "فریشتەی نوێ" دروستکراوە، لەم وێنەیەدا فریشتیەک دەرکەوتووە، کە بەرەو دواوە دەفڕێت، باڵەکانی کردوونەتەوە و بە مەبەستەوە و بە نیگایەکی زەقەوە سەیری ئەو شتە دەکات، کە دەیەوێت لێی دووربکەوێتەوە. بێنیامین رادەمێنێت "ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە دەتوانین پێی بڵێین وێنەی فریشتەی مێژوو". (ل٢٥٧). فریشتەی مێژوو وەکو مێژوونووسێک، لەو کاتەی سەفەر دەکات و دووردەکەوێتەوە، نیگایەک ئاراستەی دواوە دەکات و رووخساری بەرەو رابوردوو وەرچەرخاندووە. ئەو دەیەوێت لە دواوە، بەرەو داهاتوو بفڕێت. لەکاتێکدا ئێمە خۆمان بەوەوە گرتووە، رابوردوو وەک زنجیرەیەک رووداو سەیر بکەین، کە رابوردوو بە داهاتووەوە دەبەستنەوە. ئەو فریشتەیەش لە "کارەساتێکی سینگولار دەڕوانێت، کە بەردەوام وێرانی بەدوای وێرانیدا دەهێنێت و دەیخاتە ژێر پێیەوە. ئەم فریشتەیە دەیەوێت بۆ دواوە بڕوات و "گشتێتییەک لەو شتەوە دروست بکات، کە تێکشکاوە". (ل٢٥٧) بەڵام تۆفانێک لەلای بەهەشتەوە هەڵدەکات (واتا، لە دەستپێکی مێژووەوە) و "باڵەکانی فریشتەکە بە توندوتیژییەکی زۆرەوە گرفتار دەکات، کە فریشتەکە ناتوانێت لەو [وێرانیانە] نزیک بکەوێتەوە". (ل٢٥٨). هەر ئەو تۆفانەی فریشتەکە لەو کاتەدا بۆ دواوە پاڵدەنێت و فریشتەش بەرەو لای داهاتوو راپێچ دەکرێت، وێرانییەکانی رابوردوو بەدیدی فریشتەکە گەورەتر و گەورتر دەبنەوە. بێنیامین دەڵێت "ئەم تۆفانە"، هەر ئەو شتەیە، کە ئێمە پێیدەڵێین "پێشکەوتن". (ل٢٥٨).

### سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە

William E.Deal and Timothy K.Beal: THEORY FOR RELIGIOUS STUDIES, ROUTLEDGE New York • London, 2005, pp.4448-.

### سەرچاوەکانی نووسەر

Further Reading

By Benjamin

"Critique of Violence." In Reflections, edited by Peter Demetz and translated by Edmund Jephcott.

New York: Harcourt Brace Jovanovich, 1978.

*"The Task of the Translator." In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn, New York: Harcourt, Brace and World, 1968.

*"The Work of Art in the Age of Mechanical Reproduction." In Illuminations,

edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn. New York: Harcourt, Brace and World, 1968.

"Theses on the Philosophy of History." In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn New York: Harcourt, Brace and World, 1968.

The Origin of German Tragic Drama. Translated by John Osborne. London: Verso, 1977.

The Correspondence of Walter Benjamin and Gershom Scholem, 1932 1940. Translated by Gary Smith and André Lefevere. New York: Schocken, 1989.

About Benjamin

Alter, Robert. Necessary Angels: Traditions and Modernity in Kafka, Benjamin and Scholem. Cambridge: Harvard University Press, 1991.

Britt, Brian M. Walter Benjamin and the Bible. New York: Continuum, 1996.

Davis, Charles. "Walter Benjamin, the Mystical Materialist." In Truth and Compassion, edited by H.Joseph, J.N.Lightstone, and M.D.Oppenheim. Waterloo: Wilfrid Laurier University Press,1983.

*Handelman, Susan A. Fragments of Redemption: Jewish Thought and Literary Theory in Benjamin, Scholem, and Levinas. Bloomington: Indiana University Press, 1991.

Arendt Hannah. "Introduction" In Illuminations, edited by Hannah Arendt and translated by Harry Zohn. New York: Harcourt, Brace and World, 1968.

Linafelt, Tod. Surviving Lamentations: Catastrophe, Lament, and Protest in the Afterlife of a Biblical Book. Chicago: University of Chicago Press, 2000.

*Plate, S.Brent. Walter Benjamin, Religion, and Aesthetics: Rethinking Religion through the Arts. New York and London: Roudedge, 2004.

Wohfarth, Irving. "On Some Jewish Motifs in Benjamin." In The Problems of Modernity: Adorno and Benjamin, edited by Andrew Benjamin. London and New York: Roudedge, 1989.




## وتووێژ لەگەڵ
# سۆزان سانتاگ

**ڕەخنەگری هونەری و وتارنووس و بیرمەند و ڕۆماننووسی ناوداری ئەمریکی، کە یەکێکە لە کاریگەرترین ڕەخنەگر و نووسەرەکانی ئەمریکا.**

**و. لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی**

سانتاگ ١٦ی جێنیڤەری ١٩٣٣ لە نیویۆرک لەدایکبوو. باوکی (جەک رۆزن بلیت) لە چین بازرگانی پێست بوو، کاتێک سۆزان لە تەمەنی ٥ ساڵیدا بوو، باوکی هەر لە چین بە هۆی نەخۆشی سیلەوە کۆچی دوایی کرد. حەوت ساڵ دواتر دایکی (میلدێرد) لەگەڵ کاپیتەن ناتال سانتاک زەماوەندی کرد.

سۆزان لە تووسان و ئاریزۆنا گەورە بوو و لە لۆس ئەنجلس چووە قوتابخانەی دواناوەندی. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا چووە زانکۆی بێرکلی کالیفۆڕنیا. ساڵی دواتر خۆی گواستەوە بۆ سیتی کۆلێجی شیکاگۆ و ساڵی ١٩٥١ خوێندنی تەواو کرد.

سۆزان لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا و ئەو کاتەی خوێندکاری قۆناغی دووهەم بوو، لەگەڵ "فیلیپ ریف" کە ٢٨ ساڵی تەمەن بو و کۆمەڵناسی دەوتەوە، ژیانی هاوسەری پێکهێنا. کوڕێکی لێی بوو و لە کۆتایی دەیەی ١٩٥٠ لەیەک جیابوونەوە. سانتاک دواتر دەیوت: "بەختم هەبوو ئەو کاتەی زۆر گەنج بووم، زەماوەندم کرد و منداڵم بوو، ئیتر بەسە، ناچار نیم دووبارەی کەمەوە".

کوڕەکەی دەیڤید ریف، بە بەرهەمەکانی دایکیدا لە چاپ و بڵاوکردنەوەی "فارار، شتراوس و گیرۆکس"دا دەچۆوە و ئێستا بووە بە نووسەر.

سانتاک خوێندنی لە هاروارد تەواو کرد و ساڵی ١٩٥٧ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد.

هەرئەو ساڵە بەمەبەستی خوێندن بەرەو فەرەنسا رۆیشت. دواتر لە سیتی کۆلێجی نیویۆرک و سارا لۆنس فەلسەفەی دەوتەوە، ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٤ بوو بە مامۆستای زانکۆ لە بەشی ئایینەکانی زانکۆی کۆلۆمبیا.

لەدەیەی ١٩٦٠دا، کارکردنی لەگەڵ بڵاوکراوەی "پارتیزان ریڤیۆ" وایکرد پەیوەندی نزیکی ببێت لەگەڵ "رۆشنبیرانی نیویۆرک".

سانتاک لە تەمەنی سی ساڵیدا رۆمانی " The Benefactor " نووسی و بەم کارە دەستیکرد بە نووسین. لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا، لە نارەزایەتییەکانی نیویۆرک، سانتاک وەک ژنێکی شۆڕشگێڕی رادیکاڵی ئەمریکایی ناوی دەرکردبوو. ژنێک کە جگە لەوەی زانیارییەکیی قووڵی دەربارەی کلتووری کەونارایی و مۆدێرنی ئەورووپا هەبوو، بەڵکو دەشی توانی ئەو کلتوورە جارێکیتر لە روانگەیەکی ئەمریکاییەوە تەفسیر بکات.

ساڵی ١٩٦٨ بژاردەیەک لە نووسراوەکانی بەناوی "دژی تەفسیر و وتارەکانی تر" چاپ و بڵاو بۆوە، لەو کتێبەدا سانتاک رایگەیاند کە تێگەیشتن لە هونەر، کاتێک مومکینە کە پەیوەندی راستەوخۆت ببێت لەگەڵی نەک شیتەڵکردن و لێکدانەوەو روانینی رووناکبیرانە:"کاری هونەر شتێکە لە ناو ژیاندا نەک دەقێک یان شیکردنەوەی ژیان". بەم شێوەیە توانی بەرگری بکات لە جوانیناسی فاشیستی "لێنی ریفنشتاڵ" کە سەرکەوتنی ئیرادە (١٩٣٥) نموونەیەکی دیاری پڕووپاگەندی نازییە. دواتر سانتاک بە بۆچوونەکانی خۆیدا چوەوەو ساڵی ١٩٧٤ لە وتاریکدا، دروشمی " فاشیزمی خەڵەتێنەر"ی دروستکرد. ئەم وتارە هێرش بوو بۆ سەر "ریفنشتاڵ". لە کارە گرنگەکانی تری سانتاک، دەتوانین باس لە کتێبی "شێوەی ئیرادەی بنەما هەڵتەکێن" بکەین کە ساڵی ١٩٦٩ چاپ بووەو لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەربارەی مادە سڕکەرەکان، پۆرنۆگرافی، سینەما و هونەری مۆدێرن و مۆسیقی درێژە پێدەدات.

کتێبی دواتری دەربارەی وێنەرگرتنە، کە پێنج ساڵ سەرقاڵی خوێندنەوە بوو بۆ ئەوکارە. ساڵی ١٩٧٨، سانتاک رۆمانی شێرپەنجە و هەروەها کتێبی "نەخۆش وەک خوازە"یەکی چاپ کرد. ساڵی ١٩٨٨ جارێکی تر بەم کتێبەدا چووەوەو ئایدز و خوازەکانی ئایدزی بەم کتێبە زیادکرد.

ساڵی ١٩٦٧ دووەم ڕۆمانی سانتاک بەناوی "کەرەسەی مەرگ" چاپکرد، کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی من و ئەوانی تر لە ساڵی ١٩٧٧ و سێیەمین ڕۆمانیی "عاشقی بورکان" ساڵی ١٩٩٢ چاپ و بڵاو بۆوە.

ئەم ڕۆمانە بوو بە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ. چیرۆکی ڕۆمانەکە لە سەدەی ١٨دا ڕوودەدات و ڕووداوێکە لە نێوان باڵیۆز سێر ڤیلیان هێمێلتۆنی ٥٦ ساڵە، ژنە بیست ساڵەکەی لیدی هێمێلتۆن و لۆرد نێلسۆن ڕوو دەدات، ئەو لۆرد نیلیۆنەی بەسەر ناپیلیۆندا سەرکەوت و سەرکەوتنەکەی لەبەر ژنێک بوو.

ڕۆمانی "لەئەمریکا" لەساڵی ١٩٩٩ چاپ و بڵاوبۆوە، بەپێی چیرۆکێکی ڕاستەقینە و گەڕانی ژنێک بەوێنا دەکێشێت کە دەیەوێت گۆڕان لەخۆیدا دروست بکات. ئەکتەرێک کە ساڵی ١٨٧٦ لەگەڵ گرووپێکی پۆڵەندایی و بنەماڵەکەی بەرەو کالیفۆڕنیا سەفەر دەکات بۆ ئەوەی "یۆتۆپیا" بدۆزێتەوە. ئەم کتێبە بووبە براوەی خەڵاتی "کتێبی نەتەوەیی" ساڵی ٢٠٠٠ دواتر سانتاک بەوە تۆمەتبار کرا ئەم کتێبەی دزیوە، کە یەکێک لەو شتانەی دزی لێوە کردووە ڕۆمانی "ڤیلا کاتێر"ە. سانتاک وەڵامیدایەوە ئەو بەشە لە کتێبەکەی "ڕەنگدانەوەی" نووسەرەکانی ترە کە وەک کاریگەری ئەدەبی بە ئەنقەست بەکاری هێناوە.

چاپ و بڵابوونەوەی کۆمەڵە وتارێکی سانتاک بەناوی "ئەو شوێنەی ستریێس"ی هەیە، ساڵی ٢٠٠١ بوو بەهۆی ئەوەی نیویۆرک تایمز، هێرش بکاتە سەر سانتاک وەک "ڕۆشنبیرێکی گرنگی ئەمریکی".

سانتاک بەدرێژایی ژیانی، جگە لە نووسینی وتار و کتێب، چەندین فیلمی دروست کردووە و شانۆنامەی نووسیوەو بردوویەتیە سەر تەختەی شانۆ.

سانتاک وەک چالاکێکی سیاسی، کاتی جەنگی ڤێتنام سەردانی هانۆیی، پایتەخی ڤێتنامی باکووری کرد، کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بۆمباران دەکرا.

لە کاتی گەمارۆی سێ ساڵەی سارایۆڤۆ (١٩٩٦-١٩٩٣) چەند مانگێک لەوێ مایەوە و شانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆ"ی لە هۆڵی شانۆی سارایۆڤۆ لە بێ کارەباییدا و لەبەر ڕووناکی مۆم بردە سەر شانۆ.

لە ٢٤ سێپتەمبەری ٢٠٠١ سانتاک لە نیویۆرک تایمزدا وتارێکی نووسی دەربارەی دەرئەنجامەکانی هێرشی ١١ی سێپتەمبەر، کە بوو بە سەرەتایەک بۆ نارەزایەتی دەربڕینی نووسەرانێکی تری وەک "نوام چۆمسکی:"ڕایدەگەیەنین ڕووداوی ١١ سێپتەمبەر هێرشێکی "ترسنۆکان"، نییە دژ بە "شارستانییەت" یان "ئازادی" یان "مرۆڤایەتی" یان "دونیای ئازاد"، بەڵکو هێرشە بۆسەر ئەوانەی بانگەشەی زل هێزبوون دەکەن لەم دونیایەدا و بەئاشکرا ئەم هێرشە

دەرەنجامی هەڵسووکەوتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی... ئەگەر بڕیارە وشەی "ترسنۆکانە" بەکار ببرێت، رەنگە بۆ ئەوکەسانە باشتر بێت ئەم وشەیە بەکار ببرێت کە بێ هیچ جۆرە گرێدراویەتییەک لە ئاسمانەوە مرۆڤەکان دەکوژن، نەک بۆ ئەو کەسانەی بۆ کوشتنی کەسانی تر ئامادەن خۆیان بکوژن... بەڵام بۆ ئەوەی بێلایەنی بپارێزین، دەربارەی بوێری دەڵێم:"ئەوانەی رووداوی یازدەی سێپتەمبەریان خولقاند هەرچیەک بن، ترسنۆک نەبوون".

سۆزان سانتاک لە ٢٨ی دیسەمبەری ٢٠٠٤ دوای ساڵانێک دەست و پەنجە گەرمکردن لەگەڵ شێرپەنجەی خوێن، لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا لە نیویۆرک کۆچیدوایی کرد.

ئەو خەڵاتانەی بەدەستی هێنا و سەرکەوتنەکانی

-١٩٩٠ مەک ئارتۆر فلۆشیپ

- ٢٠٠١ خەڵاتی ئۆرشەلیم

- ٢٠٠٣ خەڵاتی ئاشتی "بازرگانی کتێب"ی ئەڵمانیا لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت

- ٢٠٠٣ خەڵاتی پرێنس ئاستۆریاس بۆ ئەدەب

- ٢٠٠٤ دوو رۆژ دوای مەرگی، شارەوانی سارایۆڤۆ رایگەیاند شەقامێک لەم شارە بۆ رێزگرتن لە سانتاک بەناوی ئەوەوە ناو دەنرێت. نووسەر و مرۆڤدۆستێک کە چالاکانی لە خولقاندی مێژووی سارایۆڤۆ و بۆسنیادا بەشداری کرد.

ئەو وتووێژەی دەیخوێننەوە لەلایەن ئیوانز چان، دیکۆمێنتساز، شانۆنامەنووس، فیلمنامەنووس و دەرهێنەری شەپۆلی نوێی هۆنگ کۆنگی کە نیشتەجێی نیویۆرکە، لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٠دا لە ژێر ناوی "دژی پۆستمۆدێرنیزم ...هتد" ئەنجام دراوە.

رۆژێکی هەتاوی بەڵام نەک تاقەت پڕووکێن، لەگەڵ ئەوەی چوومە بیناکەوە سکرتێرەکەی سانتاکم بینی، کە لە شوێنێک دەگەڕایەوە، پێکەوە سواری ئاسانسۆر(مەسعەد) بووین. کە دەرگای ئەپارتمانەکەمان کردەوە سانتاک خەریکبوو برێک کاغەزی بەکارهاتووی ئەخستە ناو سەتڵی خۆڵەوە. دواتر وتی لەوکاتەوەی نەخۆش کەوتووە ئەپەرتمانەکەی بووە بە کەلاوە کۆن. سانتاک ساڵی ١٩٩٨ بۆ دووەمجار تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، ئێستا باشترە. دەڵێت:" ئەمڕۆژانە زیاتر خەریکم بۆ وتارەکانم و دەستنووسەکانم و ئەو کتێبانەی کە لەم

دووساڵەدا وەرمگرتووە جێگایان دەکەمەوە". ژمارەیەک کاری دەستی و تابلۆی بەدیواردا هەڵواسیوە، کە وایکردووە ئەپەرتمانەکەی بڕازێنێتەوە. کەوتمەوە یادی رستەیەک لە مۆنۆلۆگی ئالیس جەیمز لە شانۆنامەی سانتاک، ئالیس لە ناو پێخەفدا:" بە زەینم دەتوانم ببینم، دەتوانم هەموویان لە زەینمدا زیندوو رابگرم. هەمووان دەڵێن (رۆم) زۆرجوانە. تەماشای رەسمەکانم کردووە. هێڵکارییەکان، بەڵێ، پیرانزی".

لەگەڵ خۆمدا ژمارەیەک لە مانگنامەی چینی، کە خوێندنەوەی بۆ دوایین کتێبەکەم The last of Chinese کردووە، لەگەڵ خۆم هێناوە بۆ ئەوەی ببینێت. سەرنووسەری مانگنامەکە، رەسمی بەرگی دوایین رۆمانی سانتاک، "لە ئەمریکادا"ی لە سەرەتای وتارەکەیدا داناوە، لەبیرمە بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو و پێمخۆش بوو، لەبەر ئەوەی سانتاک شوێن پەنجەی دیارە لەسەر نووسراوەکان فیلمسازی و بەر لەوەی نووسراوە رەخنەگرانەکانی بخوێنمەوە، وەک موریدێک، یەکەم رۆمانی سانتاک"وەلی نیعمەت"، وتاری فاشیزمی فریودەر و چیرۆکی کورتی "پرۆژەیەک بۆ سەفەر، بۆ چین"ی سانتاکم بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاسای کۆپیڕایت وەرگێڕایەوە. ساڵانێکی زۆر وەرگێڕانی کارەکانی ئەوم بە زمانی چینی لێرەو لەوێ لە هۆنگ کۆنگ، تایوان و چین دەبینی و خۆشی ئاگای لە هیچیان نەبوو.

هاوڕێیانێکی زۆر ناچاریان دەکردم بۆ چاپ و بڵاوکراوە چینییەکان، لەگەڵ سانتاک وتووێژ بکەم و رەنگە بتوانم بەشێک لە نووسینەکانیشی وەربگێرمەوە بە زمانی چینی. لەبەر ئەوەی پرۆژەی کارکردن لەسەر بەرهەمەکانی سانتاک لە واقیع نزیک بوو، سەرەنجام لە کۆنسێرتی تریشابراون لە شانۆیی جۆیس، خۆم پێناساند و ئەویش دەستبەجێ ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی وتووێژم لەگەڵ بکات. کاتێک دەربارەی دۆخی خراپی چاپ لە چین قسەمان کرد گرینگییەکی پێ نەدا:"خەڵک لایان وایە لەبەر ئەوەی دزی ئەدەبییە، من تووڕە دەبم. بەڵام من هاووڵاتییەکی باش نیم بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری. هەڵبەت پێمخۆشە پارەم پێبدەن. بەڵام پێم ناخۆشە بەدوای کەوم. من بڵاوکراوەو بریکارم هەیە، ئادرەسەکەی لە Who's who لە ناساندنەکەمدا هاتووەو هەمووان دەتوانن لە ئەنتەرنێت دەستییان پێی بگات، بەڵام نا، تووڕە نیم، زیاتر لە هەموو کەس حەز دەکەم نووسینەکانم بخوێنرێتەوە".

دواتر لە پشت مێزی چێشتخانە دانیشت. لە پشت سەریەوە بەڵەکۆنێک بوو، کە ئێوارەی هادسن و ئاسمانی مەنتەهەنی لێوە دیاربوو. سانتاک پای خستە سەر

مێزەکە و کورسیەکەی کرد بە "حەقلی مەقۆ" و قاوەکەی خواردەوە. دووساڵە ئیتر جگەرە ناکێشێت.

**ئیوان چان– نیویۆرک– ۲۰۰۰**

- **لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، تۆ یەکەم کەس بوویت هەوڵتدا پردێک دروست بکەیت لە سەر شەقڵی نێوان کلتووری سەرو و خواروودا. ئێستا دوای سێ دەیە دەبینین کە کلتوروی باڵا، یان ئەو شتەی پێی دەوترێت رەسەن، لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە بەر هێرشی کلتووری رەشۆکی و فرە کلتووری. ئەمرۆکە جۆرێک حەزی هونەریمان هەیە کە بە پێی روانینی هەرکەس، یان لەوجۆرە تێگەیشتنەی کە تۆ لەدوایین وتاری دژە تەفسیر(۱۹٦٦) بانگەوازت بۆ دەکرد، پێش دەکەوێت یان گاڵتەی پێ دەکات. ئێمە ئەمرۆکە لە چاخی تەفسیری گلۆباڵ و گشتگیردا دەژین. لەبەر ئەمەیە زۆرکەس و لەوانە خۆشم لایەنگری لە پۆست مۆدێرنیزم دەکەم. تا ئێستا وا دەردەکەوێت تۆ دژی پۆست مۆدێرنیزمی و نەتهێشتووە "کەمپ" بخەنە ناو گرووپی پۆست مۆدێرنیستەکانەوە.**

– هیچکات لام وانەبوو لەسەر پردێک پیاسە دەکەم کە بەسەر شەقڵی کلتووری چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لێدراوە. من بێ هیچ مەرج و کۆت و بەندێک بێ هیچ دوودڵییەک و روون و ئاشکرا باوەڕم بە رەسەنییەتی کلتووری باڵا هەیە لە ئەدەب، مۆسیقا و هونەرەجوانەکان و شانۆ. هەڵبەت هەندێجار هونەرە گشت پەسەندەکان و لەوانە مۆسیقام زۆر بەدڵە و چێژی لێوەردەگرم. لام وایە لەو رۆژانەدا هەوڵم ئەوە بوو لەم فرەچەشنییە و ئەوەی کە چۆن دەکرێت پێکەوە بگونجێن و دژی یەکتر بین، تێبگەم. هەروەها دەمویست بزانم فرەچەشنی یان جۆراوجۆر بوونی ستاندارەکان چییە. بەهەرحاڵ بەو مانایە نەبوو کە پلە زنجیرە بڕوخێنێت، بەمانای یەکسانبوونی هەموو شتیش نەبوو. لەروویەکەوە من ئەندازەی کۆنسێرڤاتێکی کلتووری لایەنگری پلە زنجیرەی کلتووری نەریتی بووم، بەڵام من وەک ئەوان پۆلێن بەندیم بەکار نەدەهێنا...با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە. لەبەر عاشقی دۆستۆیۆفسکیم، ناتوانیت پێم بڵێیت ناتوانم عاشقی "برۆس سپیرینگستین"بم. هەڵبەت ئەگەر کەسێک پێمبڵێت لەنێوان ئەدەبی رووس و "راک ئەند رۆل"دا یەکێکیان هەڵبژێرم، بەدڵنیاییەوە ئەدەبی رووس هەڵدەبژێرم. بەڵام ناچار نیم دەست بدەمە ئەو هەڵبژاردنە. بە دەربڕینێک من هیچکات نامەوێت ئەوە بسەلمێنم کە هەردووکیان وەک یەک گرنگن، بەڵام هەموو دەم ئەزموونەکانی کەسێک و دەوڵەمەندی ئەزموونەکانی تووشی سەرسووڕمانم دەکات. کەوایە،

لاموایە بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەرە کلتوورییەکان کە دەربارەی فرەچەشنی ئەزموونیان قسە دەکەن ڕاست ناکەن. لەلایەکی ترەوە، زۆر شت هەیە لە کلتووری جەماوەردا کە سەرنجڕاکێش نییە بەلامەوە، بەتایبەت تەلەفیزیۆن کە هەڵگری زۆر شتی سووکە، کە شتێکی تایبەتم پێ نابەخشێت و سووک و ئاساییە. کەوایە شتێک نییە بەوەی پێی بوترێت لەسەر شقڵ پرد دروستکردن. تەنها ئەوە هەیە من لە ئەزموونەکانی خۆمدا لەو شتانەی کە پێمخۆشە، وێکچوون و بەریەککەوتنم بینیوەو هەستم کردووە گفتوگۆکان دەربارەی کلتوور، یان دژە هونەرانەیە یان ڕووکەشانەو داهێنەرانە.

کەوایە بەو شێوەیە نەبوو کە بوترێت ئەمە "لێرەدایە" و ئەوە "لەوێدایە"، کە وایە من دەتوانم پردێک دروستبکەم، بەڵکوو ئەوە بوو من خۆم هەموو جۆرە ئەزموون و خۆشییەکم هەست پێکردووەو هەوڵمداوە تێبگەم، بۆچی ئەم شتە وەهایە و چۆن دەکرێت بەم شێوەیە شعووری پلەبەندی کراو و پلە زنجیرەی بەهاکان بپارێزیت.

ئەمە ئەو شعوور و تێگەیشتنە نییە کە پێی دەڵێن پۆست مۆدێرن، ئەمە ئەو وشەیە نییە کە من بەکاری دەبەم، یان لاموایە بەکەڵک دێت بەکاری ببەیت. وشەی مۆدێرن لە بیناسازییەوە دەستیپێکرد. مانایەکی ڕوونی هەیە. قوتابخانەی باوهاوس (Bauhaus)، کۆربۆزیە(Corbusier) و تاوەرەکان، لە جوانکاری مۆدێڕندا مانایەکی تایبەتیان هەیە. هەموو چەشنە مۆدێرنیزمێکی دۆگم لە بیناسازیدا بوو بە باو، کە هۆکارەکەی تەنها بەها جوانیناسییەکان نەبوو، ئەم ئایدیایانە بە جیدی پشتیوانیان لێدەکرا: بەم شێوەیە بینا دروستکردن هەرزانتر بوو. بە هەرحاڵ ئەو کاتەی چەمکی پۆست مۆدێرنیان بۆ هەموو هونەرەکان بەکار برد، شتێکی پڕ زریق و بریق بوو. لە ڕاستییدا ژمارەیەکی زۆر لەو نووسەرانەی کە پێشتر بە مۆدێرن یان پۆست مۆدێرن ناویان لێدەبرا، ئێستا پێیان دەوترێت پۆست مۆدێرن، لەبەر ئەوەی ریسایکلین دەکەن، قسەی کەسانی تر بەکار دەهێننەوە، یان ئەو شتە بەکار دەهێنن کە پێی دەوترێت نێوان دەقێتی- بۆ وێنە بیر لە دۆناڵد بارتێلمی دەکەمەوە.

- **بەڵێ، بەم شێوەیە نووسەرەکان بە پۆست مۆدێرن دەناسرێن و بە پۆست مۆدێرن ناویان لێ دەبرێت. هەندێک جار دەبێت بە هۆی سەرلێشێواوی. بۆ وێنە فردریک جیمسۆن کە کارەکانیم پێخۆشە، کە وتی بێکت نووسەرێکی پۆست مۆدێرنە سەرم سووڕما، لەحاڵێکدا من بێکت بە بەرهەمی کۆتایی مۆدێرنیزم باڵا دەزانم.**

- جیمسۆن پسپۆی پێشەنگ بوونە، هەوڵیدا زیاتر لە پۆلێن بەندی پۆست مۆدێرنیزم سەر دەربێنێت. یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایکردووە من هێشتا رازی نەبووم ئەم چەمکە بەکار ببەم، ئەوەیە لام وانییە جیمسۆن زۆر هۆگری هونەر بێت. بە راست حەزی لەهونەر نییە. تەنانەت حەزی لە ئەدەبیش نییە. ئەو هۆگری ئایدیاکانە. ئەگەر ئەدەب بەلایەوە گرینگ بایە، ئەو هەموو پشتی بە قسەکانی "نۆرمەن میلەر"(Norman miler) نەدەبەست. کە تۆ ئایدیاکانت بە هێنانەوەی قسەی هەندێک وتەی ناو رۆمانەکانت شی دەکەیتەوە، ناڕاستەخۆ بە خوێنەر ئەو هەستە دەبەخشیت کە تۆ ئەو کتێبانەت خوێندۆتەوە. من لام وایە جیمسۆن نە دەزانێت میلەر نووسەرێکی باش نییە و نە بەلایەوە گرنگە. با نموونەیەکی تر بێنمەوە، کە تایبەتە بەوکاتەی جیمسۆن بۆ تیۆریزەکردن و تیۆری خولقان، ڤانگۆگ و "وارهۆڵ" وەک یەک دەبینێت، لەبەر ئەوەی دوو کەسن کە بە کەڵکی تیۆرییەکانی دێن. من ئیتر زۆر لەسەر ئەم شتە ناڕۆم. من لاموایە ئەو شتەی پێی دەوترێت پۆستمۆدێرن- هەموو شت وەک یەک ببینین- کە ئایدۆلۆژیایەکی بەرزە بۆ کۆمەڵگای بەرخۆری بۆرژوازی، ئایدیای کەڵکەکەبوونی سەرمایەیە. ئایدیای مۆبیلیزەکردن و رێکخستنی کۆمەڵە بۆ کڕینی بەکۆمەڵ. ئەمانە باوەڕی رەخنەگرانە نییە...

- **بەمەشەوە لە وتارە دوور و درێژەکەتدا "ئایدز و خوازەکانی(١٩٨٩) تۆ ئەو ساتانەت بەم شێوەیە وەسف کردووە:"... گەڕانەوەیەکی بەرز بۆ ئەو شتەی پێی دەوترێت "نەریتەکان"، وەک گەڕانەوە بۆ رووخسار و وێناسازی.. گەڵاڵە و کەسایەتی و بەدرۆخستنەوەکانی تری مۆدێرنیزمی دژوار لە هونەرەکاندا، لەو بارەوە زۆر قسەکراوە. ریالیزمێکی سێکسی نوێ کە ملکەچی دۆزینەوەی دووبارەی چێژی مۆسیقای تۆناڵە، کارێک لە سەرمایەگوزاری سیستمی بانکی و زەواج لە کەنیسە." من خۆم هەست دەکەم تۆ خەریکیت لەبەر خۆتەوە ستایشی پۆست مۆدێرن دەکەیت.**

- بە راست؟ بە راست مەبەستم ئەمە نەبوو. لام وابوو پڕە لە خوازە.

- **لاموایە بە نووسینی "عاشقی گرکان"(١٩٩٢) و لە ئەمریکا(٢٠٠٠) گۆڕانێکت لە خۆتدا دروست کردووە و بە نووسینی رۆمانی مێژوویی دەستت گەیشتووە بە سەرچاوەیەکی نوێی وزە. لاموایە ئەم رۆمانە بکەونە ناو رۆمانە پۆستمۆدێرنەکانەوە.**

– هەرچەند دوو رۆمانم نووسیوە کە لە رابردوودا روو دەدەن، بەڵام ئەمانە بە رۆمانی مێژوویی نازانم. من خۆم بە کەسێک نازانم کە لە ژانرێکی تایبەت، بۆ وێنە رۆمانی پۆلیسی، رۆمانی زانستی خەیاڵی یان رۆمانی گۆتیک کار دەکات. حەز دەکەم وەک نووسەرێکی حیکایەتنووس، سەرچاوەکانم پەرە پێ بدەم. بینیم ئەو کاتەی توخمە داستانییەکانم لە رابردوودا دادەنێم، ئاسانترە. ناکرێت ئەم رۆمانانە لە سەردەمێکی تر جیاواز لە سەدەی نۆزدەیەم بنووسیت، تێکەڵەیەک لە یەکەم کەس و سێیەم کەسی بگێڕەوە و تێکەڵکردنی دەنگەکان. لاموا نییە شتێکیان تێدا بێت وەک گەڕانەوە بۆ دابونەریتەکان، یان گەڕانەوە بۆ "تەمسیل". رەنگە بکرێت ئەم رۆمانانە وەک کتێبگەلێک دەربارەی سەفەر لە بەرچاو بگرین، دەربارەی ئەو خەڵکانەی لە شوێنگەلێکی نەناسراون: عاشقی گرکان، باس لە بوونی بەریتانیاییەکان دەکات لە ئیتالیا، "لە ئەمریکا" دەربارەی ئەو پۆڵەندایییانەیە کە بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن. رۆمانێکم دەستپێکردووە دەربارەی ژاپۆنییەکانە لە فەرەنسا، لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠. بەمەشەوە من نامەوێت بەرنامەیەکی تایبەت جێبەجێ بکەم، من خەریکم خۆم پەرەی پێدەدەم.

• **لاتوایە لەم رۆمانەکانی ئەم دواییەتدا بە شێوەیەکی لێهاتووانەتر لە گەڵ توخمەکانتدا هەڵسووکەوتت کردووە؟ ئاخۆ "کارەکتەرەکان" بابەتێکە کە پێشتر دیاریکراوە؟**

– لام وانییە "کارەکتەرەکان" شتێکی لەپێشدا دیاریکراو بێت. بەڵام هەمووددەم بە مرۆڤەکان دەست پێدەکەم. تەنانەت لە رۆمانی "وەلی نیعمەت"(١٩٦٣) و "کەرەسەی مەرگ"(١٩٦٧). وەلی نیعمەت ماهییەتێک و چییەتییەکی دژە خەڵکی دەدۆزێتەوە، کە لە راستییدا زۆر نیهێلیستییە. نهێلیزمێکی ئارام (پێ دەکەنێت). کەرەسەی مەرگ دەربارەی پیاوێکە کە خۆی دەکوژێت. ئەوکاتەی ئەم دوو رۆمانەم دەنووسی، بەرەبەرە هۆگری رۆمانی مێژوویی بووم– نەک ئەوە بێت بە تایبەت گرێدرابێتەوە بەو رووداوانەی کە بوونیان هەیە و بابەتی دیاریکراوەکان– بەڵکوو تەنها تێگەیشتن لە مێژوو و ئەوەی کە تێگەیشتن لە مێژووی شتێک، بە راست چ مانایەکی هەیە، لە پشت هەر شتێکدا و لە هەر ساتێکی تایبەتدا، چ شتێک بوونی هەیە. پێشتر لاموابوو حەزم لە سیاسەتە، بەڵام دوای ئەوەی بابەتی مێژوویی زۆرم خوێندەوە، ئەم بیرۆکەیە بە مێشکمدا هات، چەمکی سیاسەت زۆر رووکەشیانەیە. لەڕاستییدا، ئەگەر گرنگی بدەیت بە مێژوو، سیاسەت بەلاتەوە گرنگ نییە.

دوای نووسینی دوو رۆمانی یەکەمم، زۆرتر سەفەرم کرد. تا ئێستا جگە لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەمریکای باکوور و ئەورووپای رۆژئاوا، سەردانی کۆمەڵێک وڵاتی ترم کردووە. بۆ وێنە باکووری ئەفریقا و مەکسیک. بەڵام ڤێتنام یەکەم وڵات بوو کە ئازاری راستەقینەم تێیدا بینی، تەنها لە دیدێکی جوانیناسانەوە چاو لەو ئەزموونانە ناکەم، بەڵکو بە جیدییەتێکی ئەخلاقییەوە دەیبینم. کەوایە ئەوە نییە لە مۆدێرنیزم دڵم کەندبێت و بێزاربم لە مۆدێرنیزم. بەلای خۆمەوە دەمەوێت بە کۆمەڵێک راستی زیاتر بگەم، بە کەرەسەی مۆدێرنیزم بپەرژێمە سەر ئازاری راستەقینە و دونیایەکی بەربڵاوتر و سنوورەکانی نارسیسیزم و خۆبەزلزانی بشکێنم.

- **ئاخۆ دەور و نەخشی کاوالییە لە رۆمانی "عاشقی گڕکان" خوێندنەوە نییە دەربارەی سروشتێکی تاڵی مالیخولیایی کە دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانە "خۆبە بەسەنتەر زانینەکان"ی سەرەتا؟ دەزانین ئەو خود وشیارییەت لە شوێنێکی بەربڵاوتر و لە رەوتێکی مێژووییدا جێکردۆتەوە و لایەنێکی شانۆییت پێداوە**

– لامواییە سەرجەم کارەکانم لە ژێر کاریگەری ئەستێرەی زوحەلدایە، مالیخۆلیا، لانیکەم تا ئێستا بەو شێوەیە بووە. لامواییە بۆ هەمیشە بەم شێوەیە نامێنێتەوە.

- **نەتگوتبوو رۆمانە سەرەتاییەکانت زۆر خۆش ناوێت؟**

– من هەموو شتێکی گەمژانە کە پێتخۆش بێت وتوومە (پێ دەکەنێت). جارێکیان لۆئیس بۆنۆئێل وتی حەز دەکات رۆمانی "کەرەسەکانی مەرگ" بکات بە فیلم. فیلمێکی زۆر باشی لێ دەردەهات.



• **ماوەیەک لەوەو پێش دوای بیست ساڵ ڕۆمانی "وطی نێعمەت"م خوێندەوە یەکەم کتێبی تۆ بوو کە خوێندبوومەوە تا ئێستاش بەلامەوە ناباوترین و درەوشاوترین ڕۆمانێکە کە خوێندبێتمەوە. سەرەتا بەرێکەوت ڕۆمانەکەم بینی. لە هۆنگ کۆنگ دەژیام، زۆر دووربووم لە ئەدەبی هاوچەرخ. بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بەرێکەوت دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی "هانا ئارێنت". لە شوێنێک دیتم وەسفی ڕۆمانی "وطی نێعمەت" دەکات. تاریفی ڕەسەنییەتی تۆی کردبوو و تواناکانی تۆی لە دروستکردنی چیرۆک لە خەون و خەیاڵەوە پەسەند کردبوو. لامواپە ئەو شتەی بەلای هانائارێنتەوە سەرنجڕاکێش بوو، ئەو شتەیە کە پێی دەڵێت:"تاقیکردنەوەی فیکری". من هەروەها سەرنجم بۆ ئەوە ڕاکێشرا "وطی نێعمەت" تا چەند کەڵکەڵەکانی تۆی گرتۆتە خۆی. یەکەم ئەوەی چیرۆکەکە دژە تەفسیرە. هیپۆلیت ئەو کەسەیە نایەوێت چیرۆکەکانی لە ڕێگای خەونەکانییەوە تەعبیر بکات. بەڵکو دەیەوێت لە لای خەونەکانیدا و لەم ڕێگاوە کاربکات.**

– بەڵێ، ئەوەی کە وەلی نێعمەت هەڵگری پەیام و ناوەرۆکی سەرجەم بەرهەمەکانی منە، ڕاست دەکەیت. ئەگەر وەرقەت بەدەستەوەیە و یاری دەکەیت، زۆرم پێ سەیرە ئەگەر بە چاوی نوقاوەوە ئەم کارە بکەیت و دواتر لە نیوەی ڕێگای تەمەنتدا چاو لە وەرەقەکان بکەیت و بزانیت چیت بە دەستەوەیە. هەر چەند ماوەیەک جارێک، چاوێک بە بەرهەمەکانما دەخشێنم بۆ ئەوەی بزانم چۆن لەگەڵ یەک دەگونجێن و چ جۆرە پێوەندییەکیان هەیە. بۆ وێنە ئەو وتارەی دەربارەی نەخۆشی، نووسیم- نەخۆشی وەک خوازەیەک و ئایدز و خوازەکانی- ئەوەش بە شێوەیەک دژە تەفسیرە. نەخۆشبوون تەفسیر مەکەن، نەخۆشبوون تەنها نەخۆشبوونە و بەس. بە ئەفسانە و وەهمەوە جوانکاری تێدا مەکەن...

• **لە (وطی نێعمەت)دا نووسیوتە:"لە تێگەیشتن و شعووری مۆدێرندا هیچ شتێک بێزارکەرتر لە هەوڵدانی بۆ پاساوهێنانەوە و هەمووەم شتێک بە جێگای شتێکی تر دانان نییە".**

– ئەمەم لە بیر چبۆوە. ئەو کات هەموویم لە ڕووی نا وشیارییەوە نووسیوە، چۆن بمزانییا کە چی دەزانم؟ کە دەستم کرد بە نووسینی (وەلی نێعمەت)، نەمدەزانی چی دەکەم، بە پێچەوانەی نووسراوەکانی پێشترم کە بەرلەوەی دەست بکەم بە نووسین، بیرم لە ڕوانگە سەرەکییەکان دەکردەوە. لەو کتێبەدا ئەوەی ڕاستی بێت ڕستە بە ڕستە دەچوومە پێش، نەمدەزانی چی پێدێت و چۆن کۆتایی دێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نووسین ئاسان بوو. وەک

ئەوەی ئەو شتانە لە شوێنێک بێت و کاری من ئەوە بێت هەڵیانگرم و بیانخەمە ناو کتێبەکەوە. چەند دانە لە خەونەکان، رەنگدانەوەی خەونەکانی خۆمن، بەڵام بەشێکی زۆریانم لە خۆمەوە دروستکردووە و خولقاندووە.

• **رەخنەگرێک لایوایە هیپۆلیت و ژان ژاک ، لە رووی ئارتۆ و ژانەوە خولقێنراون.**

– بۆ ژان ژاک تا رادەیەک ئیلهامم لە ژانە وەرگرتووە، واتە وێنایەک لە ژانە. بەڵام بۆ هیپۆلیت؟ بیرم لە کەسێکی تایبەت نە دەکردەوە.

• **ئەم تەنزەی دەستپێکی «وەلی نێعمەت» منی بەشوێن خۆیدا راکێشا. Je reve done je suis! رەنگە لەبەر ئەوەی چینیم و هەموو چینییەک چیرۆکی پیاو و پەپوولەی «چانگ تێسۆ» دەزانێت. ئەو پیاوەی خەوی بینیوە بووە بە پەپوولە. کە لە خەو هەڵدەستێت لە خۆی دەپرسێت، نەکا بەراست پەپوولەیەک بێت کە بووە بە مرۆڤ. تێگەیشتووم کە «وەلی نێعمەت» تا چەندە لە ژێر کاریگەری وتارێکدایت دەربارەی شانۆیی بووکەڵەیی کلایست دایە، لەبەر ئەوەی سەفەر وا لە هیپۆلیت دەکات بۆ ئارامش و هاوسەنگی بگەرێت.**

– دەربارەی کلایست تۆ راست دەکەیت. وتاری کلایستم کاتێک خوێندەوە کە گەنج بووم و تازە دەستم دەکرد بە کارکردن. بەهەرحاڵ بابەتی سەرەکی ئەوەیە تۆ دەبێت لە شوێنێکی زۆر قووڵەوە دەست پێ بکەیت و بنووسیت. ئەم شتانە وەک وتارەکەی کلایست، بە قووڵاییەکاندا رۆدەچێت و دواتر دەزانیت کە دەتوانی بنووسیت. زۆر کەس لێم دەپرسێت بۆچی چیرۆک یان شانۆنامە دەربارەی گەمارۆی سارایۆڤۆ نانووسم. لەوەڵامدا دەڵێم هەست دەکەم ئەزموون ناڕواتە قووڵترین شوێنێک کە دەبێت بڕوات.

• **لە پەرچەکردار بە بەشداری سیاسیتان لە سارایۆڤۆ، بە نمایشکردنی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، ژان بۆدریار وتبووی: «تەنانەت ئەگەر رۆشنبیریش مابێتەوە، من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو رووناکبیرانەی کە خۆیان بە بەرپرس دەزانن بەرامبەر بە «شتێک» و شانازی بەوەوە دەکەن کە جۆرێک ویژدانی گشتی تێیاندا رەنگی داوەتەوە. ئەم شتانە هەمووی وەک مافێکی تایبەتی رووناکبیران بووە... سووژەیەکی وەک سۆزان سانتاک ئیتر نابێتەوە، تانەت بە شێوەیەکی سیمبۆلیک. بەڵام جارێکی تر دەڵێمەوە ئەمە وشیاری پێشتر یان تێگەیشتن نییە». پەرچەکرداری تۆ بەرامبەر بەو**

**وتەیەی دەربارەی «مافی تایبەتی رووناکبیران» و هەروەها دەربارەی راگەیاندنی بە رواڵەت تێگەیشتنی دەربارەی سەردەمی ئێمە چییە؟**

– بۆدریار گەمژەیەکی سیاسییە. رەنگە گەمژەیەکی شەریفیش بێت. ئەگەر بە درێژایی تەمەنم بە مێشکمدا هاتبێت رۆڵی رووناکبیری خەڵکی بگێرم، ئەو ئەزموونانەم لە سارایۆڤۆ بە شێوەیەک، دەرمان بوو بۆم. من بۆ ئەوە نەچوومە سارایۆڤۆ کە لە چاوەڕوانی گۆدۆدا نمایش بکەم. مەگەر شێت بم بەو شێوەیە بیربکەمەوە. من چوومە سارایۆڤۆ لەبەر ئەوەی کوڕە رۆژنامەنووسەکەم کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جەنگی گرتبووە ئەستۆ، پێشنیاری بۆ کردم ئەو سەفەرە بکەم. کە بۆ یەکەمجار لە ئاپریلی ١٩٩٣ چوومە ئەوێ، بە خەڵکم گوت حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ و لەو شارە گەمارۆ دراوەدا کار بکەم. لێیان پرسیم چیم لە دەست دێت لەوێ و دەتوانم چی بکەم. وتم ، من دەزانم تایپ بکەم، دەتوانم کارە سەرەتاییەکانی دەواو دەرمان بکەم، دەتوانم وانەی ئینگلیزی بڵێمەوە و دەزانم چۆن فیلم دروست دەکرێت و دەتوانم دەرهێنەری شانۆ بم. وتیان:» ئێ باشە، بەڕاست دەتوانیت دەرهێنەری بکەیت؟ ئێرە ئەکتەری زۆری لێیە و هیچ کارێکیان نییە». لە چاوەڕوانی گۆدۆم بە راوێژی کۆمەڵی شانۆی سارایۆڤۆ هەڵبژارد. بابەتی سەرەکی ئەوەیە خەڵک داوایان لێکردم ئەو شانۆیە نمایش بکەم. لەوێ لە خەڵکی سارایۆڤۆوە فێربووم چۆن دەکرێت تا رادەیەک بەکەڵک بێم و ئەمە ئەنجامی کارەکەم بوو.

پێوەندی بە «مافی تایبەتی رووناکبیران»ەوە نییە. من بە مەبەستی بەشداری و دەستێوەردانی سیاسی سەردانی سارایۆڤۆم نەکرد. ئەگەر حەزێکم هەبوو بەوەی بچمە ئەوێ، ئەخلاقی بوو نەک سیاسی. من یارمەتی نەخۆشەکانم دەدا لە چەرخدا دانیشن، خۆم خۆشحاڵ دەبووم. بە مەترسی خستنی گیانی خۆم لە دۆخە تاڵ و پرمەترسییەدا، بۆم دەرکەوت دەربەستم بەرامبەر بە شتێک. بە درێژایی رۆژ و هەفتە و مانگ، بۆمب دەتەقییەوە، فیشەکەکان لای سەرمەوە ویزەیان دەهات ... خواردن نەبوو، کارەبا نەبوو، ئاوی خاوێن نەبوو، دایرەی پۆستە و گەیاندن نەبوو، تەلەفۆن نەبوو. ئەمە شتێکی «سیمبۆلیک» نییە، واقعی تەواوە. خەڵک لایان وایە من ماوەیەک چوومە ئەوێ بۆ ئەوەی شانۆیەک نمایش بکەم. با بزانیت من یەکەمجار ئاپریلی ١٩٩٣ چوومە سارایۆڤۆ و تا کۆتایی ١٩٩٥ بەزۆری لەوێ بووم، دەکاتە ساڵ و نیوێک. نمایشی شانۆکە تەنها ٢ مانگی خایاند. گومانم هەیە بۆدریار بزانێت چەنە لە سارایۆڤۆ بووم. من بێرنارد هێنری لۆئی نیم کە بڕۆم و دیکۆمێنتی بۆسنا دروست بکەم. لە فەرانسا پێیان دەگوت

BHL ، لە سارایۆڤۆ پێیان دەگوت (Deux Heures a sarajev)DHS، واتە دوو کاتژمێر لە سارایۆڤۆ. بە فڕۆکەیەکی سەربازی فەرەنسا رۆژێک سەر لە بەیانی هاتە ئەوێ و دوای نیوەڕۆش رۆشت. فیلمەکەیان پارچە پارچە لەگەڵ خۆیان بردە پاریس، وتووێژێکی میترانیان پێ زیادکرد و ئێدیتیان کرد و دەنگیان لەسەر دانا. کاتێک کە جۆن بایز(joan baez) بۆ ٢٤ کاتژمێر هاتە ئەوێ، پێی نەنایە سەر زەوی. بە تانکی فەرەنسایی کە سەربازەکان بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەوریان دابوو، بەملا و ئەولادا چوو. بەڵێ، هەندێ کەس لە سارایۆڤۆ ئەمکارەیان کرد.

- **قەت بە بۆدریارت وتووە «نهێلیستی فێڵباز»؟**

– گومانم هەیە. لاموانییە پێم گوتبێت نهێلیست. لاموایە ئەو گەمژەو کەلبیزمە(Cynicism)ە. بەدڵنیاییەوە هەندێ بۆچوون هەیە دەربارەی رووناکبیران. رووناکبیران، زۆربەیان شوێنکەوتوون. بەڵام هەندێکیان بوێرن، زۆر بوێرن. بەڵام پۆست مۆدێرنیسم بە چ کەڵکێکی رووناکبیران دێت. خەڵک چۆن ئەم زاراوانە لە خۆیان دوور دەخەنەوە، لە بری ئەوەی چاو لە واقیع بکەن! من عاشق و شەیدای ئاڵۆزیی و رێزگرتن لە واقیعم. حەزم لەوەیە لە بنەچەناسی(Genealogy) تێ بگەم. من ئەگەر دژە تەفسیرم، بەو مانایە نییە سەرجەم بیرکردنەوەکان تەفسیرە. من بەڕاست دژی دابەزاندنی تەفسیرم، جێگۆڕکێی رووکەشیانە و دروستکردنی هاوواتای بێ بەها.

- **بەمەشەوە لە چاوخشاندنێک بەسەر وێنەگریدا(١٩٩٧) دەکرێتە کتێبەکەت بە پێشەنگێکی پۆست مۆدێرنیسم بزانین. بۆ وێنە وتووتە حەز و روانینی وێنەگری دەبێت بە هۆی دامەزرانی دیموکراسی، هاوسەنگی دروست دەکات، ئەو توانایيەی هەیە جیاوازی نێوان روانینی سەلیقەی خراپ و باش نە هێڵێت. وێنەگری یان کلتووری وێنەکان، کارەسات و نەهامەتییەکان بە شێوەیەکی جوانیناسانە نمایش دەکات. دونیاکەمان پارچە پارچە دەکات، واقع دەخاتە جێی (ناواقع) و چەمکی چارەنووس دەوررووژێنێت:» لە دونیای وێناییەدا، ئەوەی هەیە روویداوە، لەوێدا بۆ هەمیشە و بە هەمان شێوەی روویداوە«. ( ئەم رادەربڕینە هێمایەکە لەو شتانەی ویریلیۆ دەیبینێت. بەم شێوەیە کە بە جێی رابردوو، ئێستا و داهاتووەکانمان، Rewind, play, fast forward گرتۆتەوە. وێنای مرۆڤی مۆدێرن/پۆست مۆدێرن، ئەوانەی کە بە ریمۆند کۆنترۆڵێک، نابن بە مۆدێل). بەلای تۆوە وێنەگری لوتکەی مۆدێرنیزم و چارەڕەشییەکەیەتی.**

–	بەڵێ، لاموایە، بەڵام ئێستاش دەیڵێمەوە بە پێویستی نازانم چەمکی پۆست مۆدێرن بەکار ببەم، بەڵام لاشم وانییە کە دونیا لە وێنەیەکدا ببینین (هاوسەنگی)یەکی باش بێت. لە هەمانکاتدا ئەنجامی بینینی بەڵاکان و شتە ترسێنەرەکان لە ڕێگای وێنەکانەوە تووشی سەرسووڕمانم دەکات. ئاخۆ دەبێت بە هۆی حەیران بوونمان؟ وامان لێ دەکات خوو بە هەندێک شت بگرین؟ بەهای شۆک لەناو دەچێت؟ نازانم. دواتر جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان وێنا نەگۆڕ و وێنە جووڵەدارەکاندا. وێنە جووڵەدارەکان زۆر بەهێزن لەبەر ئەوەی نازانیت جووڵەکەیان تا کوێ دەچێت. لە دوایین وتاری کتێبی «دەربارەی وێنەگری» دەربارەی ئەزموونم لە تماشاکردنی نەشتەرگەری لە ڕێگای بێهوشکردنەوە بە دەرزی ئاژنەوە (گب سوزنی) قسەم کردووە. من بینیم بەشێکی زۆر لە گەدەی کەسێکیان بە هۆی برینێکی گەورەوە بڕی. دیاربوو بێ هۆشکردن لە ڕێگای دەرزی ئاژنەوە کاریگەر بوو. نەخۆش چاوەکانی کراوە بوو، قسەی دەکرد و بە قەسەب(نەی) شلەیەکی دەخوارد. کڵاونانەسەر و فێڵ نەبوو، بەڕاستی نەشتەرگەری دەکرا. دکتۆر دەیگوت ئەمجۆرە بێ هۆش کردنە لەسەر لەش کاریگەری هەیە، بەڵام بۆ دەست و پێ باش نییە. لە هەندێک لە نەخۆشەکانیشدا هیچ کاریگەرییەکی نییە. بەڵام بۆ ئەو کەسەی من بینیم کاریگەر بوو. من بێ ئەوەی پشتی لێ بکەم، نەشتەرگەریەکەم بەچاو بینی. بڕینی و دڕینی سک، بڕینی گەورەی گەدە. یەکەم نەشتەرگەری بوو کە بە چاوی خۆم دەمبینی، لام وابوو دژوارە بۆم چاوی لێ بکەم، بەڵام وانەبوو. شەش مانگ دواتر لە سینەمایەک لە پاریس، فیلمی چینی ئانتۆنیۆنی، چانگ کۆم بینی. دیمەنێکی تێدایە کە سێزاریەن لە ڕێگای دەرزی ئاژنەوە نیشان دەدات. ئەو کاتەی سکی ژنە سکپڕەکەیان بڕی، نەمدەتوانی تەماشای بکەم. چەنە سەیربوو! نەمدەتوانی تماشای ئەو دیمەنە بکەم، بەڵام بە واقع و بەچاوی خۆم توانیبووم ببینم، زۆر سەیرە. لە کلتووری دیمەنێکدا، ئەوەی پەروەردە دەکرێت، هەموو جۆرە مەتەڵێک بوونی هەیە.

- **هەندێ لە شوومترین پێشبینییەکانت دەربارەی وێنەگری بووە بە واقع. بۆ وێنە، وێنەگری– لە دوایین قۆناغیدا لە ڕێگای تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵەوە– بەدڵنیاییەوە بەسەر هونەردا زاڵ دەبێت. تەلەفیزیۆن، هۆلیوود و نووسینگەکانی شادی و خۆشی هەموو شت دەگرنە دەست. کە جگە لە شتەکانی تر دەبێت بە گرینگترین فۆڕمی هونەری مۆدێرن. ئەو شتەی کە تۆ وەک «دەیەی سینەما» ناوی لێ دەبەیت. ژان لۆک گۆدار ماوەیەک لەوەو پێش وتی ئەو سینەمایەی من دەمناسی تەواو بووە.**

- ئەو سینەمایەی ئەو دەیناسی بەڕاست تەواو بووە. دڵنیابە بە کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە تێکشکانی سیستەمی بڵاوکردنەوە. من دەبوا هەشت ساڵ چاوەڕوان بام بۆ ئەوەی فیلمی Smoking/No smokingی ئالێن ڕێنە لە سەنتەری لینکۆڵن ببینم. ڕێنە لە سەرەتای دەیەی ۱۹۹۰ فیلمەکانی دروستکرد، بەڵام هیچ کام لەو فیلمانە لە دەیەی رابردوودا لێرە(لەئەمریکا) بڵاونەبوونەوە. ئێمە خەریکین دەست چنێکی زۆر بچووکتر لێرە لە نیویۆرک، کە وا دیارە شوێنێکی باشە بۆ فیلم دیتن، کۆدەکەینەوە.. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر تاقەتی قەتعی بچووکت هەیە- من کێشەم هەیە لەگەڵ وێنەی مینیاتۆریدا- دەتوانیت هەموو مێژووی سینەما لێر ببینیت و بەدڵی خۆت دانیشیت و تەماشای بکەیت و پێویست بە سیستەمی بڵاوکردنەوە ناکات.

من لاموایە گەورەترین کێشەی سینەما بەر لە هەر شتێک رووخان و تێکشکانی کلتوورییە. سەلیقەکان تێک چوون، زۆر کەم دەتوانیت دەرهێنەرێک ببینیت حەز بکات بیرۆکە و هەستە پڕ نێوەرۆکەکان بەکار ببات. لەبەر هەندێک هۆکار، ئەو فیلمانەی کە من بەدڵمە زۆرتر هی ئەو بەشە لە دونیایە کە سەرمایەی کەمتری هەیە، ئەو شوێنەی کە بەهای بازرگانی هەموو شتی کۆنترۆڵ نەکردووە. بۆ وێنە من لاموایە ئەوەی خەڵک زۆر فیلمەکانی «کیارۆستەمی»یان بەدڵە لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤگەلێک نمایش دەکات کە بە تەواوی بێتاوانن و لەم دونیایەدا کە توانج و تانە تا دێت زیاتر دەبێت، توانج ناگرێت. لەم ڕووەوە لاموانییە سینەما تەواو بووبێت.

- **دەوترێت لە وەستانێکی گەورەدا، کە کەوتە ناو دوو تاقم لە رۆمانەکانت، لە چیرۆکنووسییەوە رووتکردە فیلم دروستکردن (فیلمەکانی سۆزان سانتاک بریتین لە شانۆنامەی دوو ئەکتەری بۆ هاورەگەز خۆرەکان(۱۹٦۹) برای کارێل(۱۹۷۱) سەرزەمینی بەڵێندراو(۱۹۷٤) و سەفەری بێ ڕێنوێن(۱۹۸۳).**

- ڕەنگە وابێت، بەڵام من مۆدێل و سەرچەشنی پیشەیی کەڵک وەرگرتنم نییە. لاشم وا نییە مرۆڤ تا کتێبێکی تەواو نەکردووە دەست نەکات بە کتێبێک یتر. من حەز دەکەم ئەو کتێبانە بنووسم کە ناتوانم نەیاننووسم.

- **پرسیارێکی تر دەربارەی «وەلی نێعمەت» و پیشەی نووسینی تۆ، لەبەر ئەوەی یەکەم رۆمانەکەت بە تایبەت لە بەر تیشکی تەمەنێک پەیوەندی لەگەڵ تەفسیر، فرۆیدناسی و هتد، وا دیارە شتێکی سەرنجڕاکێشە. هانا ئارێنت بێزارە لە**

**دەروونشیکاری، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی ئەو لە ئازادی مرۆڤ دەکات بە شتێکی بێ بنەما. رستەیەک لە رۆمانی «وطی نێعمەت» دەهێنمەوە: «تەنها کەسێک دەبێت بڵێت ئەویتر ئازادە کە خۆی بەڕاستی ئازاد بێت. من تەنها دەتوانم بە خەونەکانم بڵێم ئازادن، بۆ خۆیانن، بۆ ئەوەی لە دەستیان رزگارم بێت. لانیکەم تا ئەو ئاستە ئازاد بم کە مرۆڤێک مافی ئازادبوونی هەیە». من رەنگدانەوەی ئەم بۆچوونە لە وتارەکەتاندا دەربارەی بارت (Barthes) خودی نووسین، دەبینم. لەو وتارەدا تۆ دانت ناوە بە «بەکارهێنانی خودوشیاری وەک بەرزترین ئامانجی مرۆڤ- لەبەر ئەوەی تەنها لە رێگای وشیاری تەواوەوەیە کەسێک دەتوانێت ئازاد بێت». لەبەر ئەوەی هەست دەکەم ئامانجی خود وشیاری کە رێزی لێدەگرین، زیاتر لە چیرۆکنووسیدا کەڵکت لێوەرگرتووە لەچاو وتارنووسین؟**

- بەڵێ، ئەوکاتەی چیرۆک دەنووسم، هەست دەکەم زیاتر ئازادم. وەک ئەوەی دەنووسم و زیاتر لەو بابەتە نزیک دەبمەوە کە بەلامەوە گرینگی هەیە. مەبەست ئەوەیە هەمدیسان روونتر بێتەوەو دەبێ واقیع زیاتر لە هەرکاتێک وەربگرین و خۆمان بۆ وەرگرتنی واقع ئامادە بکەین.

• **قبووڵ دەکەیت کە لە کارەکانتدا حەزێکی دژە دەروونناسی دەبیندرێت؟ ئاخۆ ئەمە هەمان ئەو شێوەکارە جوانیناسی، فەرمی و مۆدێرنیستە نییە، کە تارادەیەکی زۆر لە رۆمانی نوێی فەرانساوە سەرچاوە دەگرێت؟ یان هەڵوێستی ئەخلاقی و فەلسەفی تۆ لەپێوەند لەگەڵ دۆخی ئینسانی؟**

- لامواننییە دژە دەروونناسی بم. زۆرتر دژە ئۆتۆبیۆگرافیم. رەنگە شتێک بووبێت بەهۆی سەرلێشێوان. لامواننییە شتێکی وەهام لەو شتەی پێی دەوترێت رۆمانی نوێی فەرانسا وەرگرتبێت. هیچ کات خۆشم لێیان نەهاتووە. لاموابوو «سەرنجڕاکێش»ن، کە ئەمە جۆرێک پێناسەیە بۆ ئەو قسانەی کە بێ بنەما و فریودەرانەن. حەز دەکەم بڵێم خۆم لەم شتانە رزگار کردووە.

• **دەوترێت دوو رۆمانت واز لێ هێناوە**

- داوای لێبوردن دەکەم، سێ رۆمان. ٥٠-٦٠ لاپەڕەم نووسی و ئیتر نەمتوانی درێژەی پێ بدەم. ئەگەر دەگەیشتمە لاپەڕەی ١٠٠ دەمتوانی تەواوی بکەم.

• **نەتویستووە فیلمێک لەسەر بنەمای یەکەم رۆمانی (سیمۆن دووبۆڤار) میوان، ئەو هات بمێنێتەوە، دروست بکەیت؟**

– بۆچی نا. هەموو فیلمنامەکەشم نووسیبوو. بڕیاربوو تێچووەکەی سیمۆن دووبۆڤار بیدات، لە شوێنێکیشەوە پشتیوانییەکی کەمی ماددیشم پەیدا کرد، بەڵام لە شوێنێکدا باوەڕی خۆم بە فیلمنامە یان فیلم یان بابەتەکە لەدەستدا- لەبیرم نییە کامیان. ئیتر لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم کارێکی باش دەردەچێت.

- **ماڵئاواییت لەگەڵ دەرهێنانی فیلم کردووە؟**

– سینەما، عەشقی ژیانی من بووە. لە قۆناغێک لە ژیانمدا هەموو رۆژێک سەردانی سینەمام کردووە، هەندێجاریش لە رۆژێکدا دوو فیلمم بینیوە. بیرسۆن و گۆدار و سایبربێرگ و لەم دواییانەشدا سۆکۆرۆف، زۆر بەلامەوە گرنگ بوون. نەخێر من ماڵئاواییم لەگەڵ دەرهێنان نەکردووە. حەز ناکەم کتێبەکانی خۆم بکەم بە فیلم، بەڵام شتی تر رەنگە، بۆچی نا، حەز دەکەم جارێکیتر فیلم دروست بکەم.

- **لەوتارێک لە ساڵی ١٩٩٥ دەربارەی وی جینگ شنگ(On weijingsheng) پرسەت گێڕا بۆ «لەناوچوونی ئەخلاقی گشتی و ستانداردە سیاسییەکانی بەها گەشبینەکانی سەدەی پێشتر» کە دەربارەی چین ئەوەی دەبیندرێت بێبەری بوونە لە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ. لاموایە بەم وتارە و وتاری ساڵی ١٩٨٤»ئامانجە لەچوارچێوە گیراوەکان» راستەوخۆ دڵی لەمپەرە سیاسییەکانی دوای جەنگی سارد و دوای چاخی ئایدیۆلۆژیت کردۆتە ئامانج. وتووتە لە هەموو دونیا، روانگەی غروورئامێزی بۆرژوازی دەربارەی «بەرتەسک کردنەوەی بەردەوامی چالاکییە ئابووریە پڕداهاتەکان» بووە بە هۆی هاندانی دیکتاتۆرییەت.**

– بە مەبەستی مانەوە پێت دەڵێم: من ئەمانەم نەنووسی. ئەمانە قسەی منە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی لە نیویۆرک، ئەو کاتەی «وی» دەستگیر کرا و ئۆرویل شێل کۆنفرانسەکەی رێک خستبوو، کە سەنتەری»لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرک» ئەو شتانەی زۆر بە وردی هەڵگرتووە. چەند رۆژ دواتر بیستم بڕیار وایە بۆچوونەکانم چاپ بێت. لە «لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرک»ەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم. وتیان رەشنووسی «پارچەیەک دەربارەی چین»ی خۆمیان بە پۆست بۆ ناردەم (پێدەکەنێت). دەبینی من رێژەیی گەرا(Relativistic) نیم. من بەم قسەیە فرچکم گرتووە و گەورەبووم کە کلتووری ئاسیایی جیاوازە لە کلتووری رۆژئاوایی. بەرەی چین ناسەکان لەوانە «جیان فیرینک» وتوویانە کە باسی چین بکرێت، ستانداردە رۆژئاواییەکانی ئازادی شارستانی شتێکی نەگونجاوە لەوێ، یان بەکەڵک نایەت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کلتووری پرۆتستانەکانی ئەورووپاوە

سەرچاوەی گرتووە کە زۆر گرینگی دەدات بە ئازادی تاکەکەسی، لەحاڵێکدا لە کلتووری ئاسیاییدا بەگشتی لایەنگری خاوەندارێتی بەکۆمەڵن. ئەم جۆرە روانینە وێرانگەر و کۆلۆنیالیستییە. ئەم جۆرە ستانداردانە بۆ کۆمەڵگای نەریتی بەکەڵک نایەن، ئەورووپاش بەشێکە لەو کۆمەڵگایانە، بەڵام ئەگەر لە دونیای مۆدێرندا دەژیت کە بە پێی پێناسە، واتە ئەو جیهانە جیهانێکی نەریتی نییە، ئەو کاتەیە ئەم ئازادیانەت دەوێت، هەر کەس ئەم ئازادیانەی وەک تاک دەوێت. شیکردنەوەی بۆ مرۆڤە خۆشگوزەرانەکانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان، کە لایان وایە ئەم شتانە تەنها بۆ «ئەوانە» گرینگە.

- **«ئامانجە لە چوارچێوەگیراوەکان» بەشێکە لە کارێکی گەورەتر کە لێی پەشیمان بوویتەوە؟**

– بەڵێ، بڕیاربوو ببێت بە کتێبێک لە قەبارەی نزیک بە ۱۰۰ لاپەڕەدا، دەربارەی رووناکبیران و کۆمۆنیزم، لەبەر ئەوەی بەڕاستی کەوتبوومە ژێر کاریگەرییەوە، ئەوانەی سەردانی وڵاتە سۆسیالیستەکان دەکەن چەنە نەفامن. ئەم کەسانە بەزۆر وەک وەفد سەردان دەکەن، لە هۆتێل دەمێننەوەو هەر لەوێ رێنوێن و پاسەوانی تایبەتیان لەگەڵە. کەوتمەوە یادی سەفەرەکەم بۆ چین لە جێنیڤەری ۱۹۷۳، کۆتاییەکانی شۆڕشی کلتووری. لەگەڵ ئەو خانمەی کە وەک وەرگێڕ بۆم دانرابوو بووم بە هاوڕێ. کەسێکی گرینگ نەبوو، هەربۆیە ئەم کەسە پلە نزمەم لە وەزارەتی دەرەوە وەرگرت. دیاربوو هەموو رۆژێ راپۆرتی لەسەر من دەنووسی. ژنێکی لەبەر دڵان و ترساو بوو، کە تەمەنی مامناوەند بوو و مێردەکەی لە شۆڕشی کلتووریدا لەدەست دابوو. لێم پرسی لەکوێ دەژیت، وتی لەگەڵ هاوڕێکانی دەژی. دواتر دەرکەوت لە ژوورێکی زۆر بچووک بە قەد کەنتۆرێک دەبوو دەژیا. من ژوورەکەیم بینی لەبەر ئەوەی سوور بوو لەسەر ئەوەی شوێنی ژیانی ببینم. بڕیار نەبوو نیشانم بدات. رۆژێک دوای ئەوەی ئاماژەی کرد بەوەی کە ژوورەکە مایکرۆفۆنی شاراوەی تێدایە، داوای لێکردم بڕۆین بۆ پیاسەکردن. بەو ئینگلیزییە سەر و پێ شکاوەیەوە بە ئارامی قسەی دەکرد:» تۆ ... کتێبێک... بە ناوی... ۱۹» کە ۱۹م بیست دڵم گیرا. دەمزانی چی دەڵێت. وتی «۸٤». دووبارەم کردەوە»۱۹۸٤» زیاتر لەوەی بمەوێت دڵم پڕبوو. وتی : «بەڵێ، چین راست وەک ئەو رۆمانەی وایە» و پێکەنی. لاموایە ئەگەر تۆزێک خۆت بخەیتە زەحمەتەوە و پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە بکەیت، دەتوانیت لەم وڵاتەدا بە زۆر راستی بگەیت. لانیکەم رۆڵان بارت بە هۆی حەزە

سێکسییەکانییەوە بوێری ئەمکارەی هەبوو. ئەو وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ئاسیای خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی لەوێ دەیتوانی لەگەڵ کوڕە گەنجەکان بخەوێت، لەبەر ئەوەی لە چین ئەو دەرفەتەی بۆ نەدەلوا، بێزار ببوو، بەڵام کەر نەبوو. حەزە سێکسییەکانی وای کرد کە ڕێزی ببێت لەبەر ئەوەی قسەکانی مائۆی گەورە نەکردەوە و لەخۆڕا تاریفی مائۆ و چینی نەداوە. بەڵام هەر لەو سەفەرەدا بۆ چین لە ساڵی ١٩٧٤ ژوولیا کریستیڤا و فیلیپ سۆلرێز، کە گەڕانەوە زۆریان تاریفی چین کرد و بەردەوام قسەکانی مائۆیان دووبارە دەکردەوە. چاویلکەی ئایدۆلۆژیک وایکردبوو راستییەکان نەبینن و دۆخەکە بە شێوەیەکی تر ببینن. لە دەیەی ١٩٣٠شدا هەندێ گەلحۆ و گەمژە سەردانی یەکیەتی سۆڤییەتیان کرد. حەز دەکەیت چی بەم کەسانە بڵێیت:»راوەستە؟ دەزانی لەکوێی؟ چی دەبینی؟ هەوڵ بدە لەو شتانەوە دەست پێبکەی کە تەواوی ئۆبژەکتیڤ و عەینین. چۆن ئەو شتانە نابینین؟»

- **سەردەمێکیش بووە لە ژیانتدا کە فریوی کۆمۆنیزم بخۆیت؟**

– نە، کۆمۆنیزم نە، بەڵام فریوی ململانێی دژە ئیمپریالیسمم خوارد. جەنگی ڤیەتنام منی بەخۆیەوە مەشغووڵ کرد. تەنانەت تا ئەمڕۆش ئەمریکاییەکان باس لەو ٥٦٠٠٠ سەربازە دەکەن کە لەوێ مردن. ٥٦٠٠٠ زۆر زۆرە، بەڵام سێ میلیۆن سەربازی ڤیەتنامی و ژمارەیەکی زۆر شارۆمەندی ڤیەتنامی مردن. وڵاتەکەیان لە باری ئێکۆلۆژییەوە وێرا بوو. ئەو بۆمبانەی کە درا لەو وڵاتە لەو بۆمبانە زیاتربوو کە لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا بەکار بران. دەربارەی کۆریاش هەروەها، ماهییەت و ئاستی هێزی جەنگی ئەمریکا بەرامبەر بەو دوو وڵاتەی کە هێرشیان کرابووەسەر، لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا نەدەگونجا و سەرسووڕهێنەربوو. ئێستا چاو لە عێراق بکەن. جەنگ تەواو بووە، بەڵام ئەمریکاییەکان بۆمبی ناپاڵم و گڕداریان باراند بەسەر ئەو سەربازە پێ پەتییە عێراقییانەدا، کە خەریکی پاشەکشەبوون بەرەو باکوور. ئەو شتانە بێ هیوای کردم. دەبێت کەسێک لەبیری بێت لە نێوان ١٩٦٣ تا ئۆگۆستی ١٩٦٨ کە یەکیەتی سۆڤییەت هێرشی کردە سەر چیکوسلۆڤاکیا، ئەو سەردەمە بۆ زۆربەمان سەردەمی بیرکردنەوە بوو. ساڵی ١٩٦٣ من سەرقاڵی بزووتنەوەی دژە جەنگ بووم، واتە بەر لەوەی بەڕاست بزووتنەوەیەکی دژە جەنگ بوونی هەبێت. تازە جەنگی ڤیەتنام دەستی پێکردبوو. من تیمێکم لەگەڵ کۆنە سەوزەکاندا رێکخست و دەستمان کرد بە وتاردان دژی جەنگ لە شارە جیاوازەکانی ئەمریکا. لە سووچی

شەقامەکان رادەوەستاین، دووجاریش بەردبارانیان کردین. لەو ماوەیەدا و لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠ من دووجار رووسەکانم بینی و لە راستییدا پێیان دەوتم هەموو شت باشتر بووە و کەوتۆتە سەر رەوتێکی باشتر. دواتر هەمو ئەو شتانە لە ئۆگۆستی ١٩٦٨دا رووخا. کە وایە بەڵێ، لە ١٩٦٣ەوە تا ١٩٦٨ ئاواتم ئەوە بوو باوەڕ بکەم وڵاتانی جیهانی سێهەمی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی کە دەوڵەتی تاک حیزبی کۆمۆنیستییان هەیە- نەک تەنها وڵاتانی ڤیەتنام و کووبا- دەتوانن کۆمەڵگای ئینسانی، لە جێگای دۆخی کۆلۆنیالیستە کراویان دابنێن... بەڵام ئەوەی کە تەمەنێک نیگەرانی رووداوەکانی دونیا بووم، نابێت پێنج ساڵ هەڵەکردن زۆر بێت بەلایەوەو شتێکی بەرچاو بێت.

- **ئاخۆ ئەو راگەیاندنەت لە ساڵی ١٩٨٢ لە تەلاری شارەوانی وەردەگریتەوە کە وتبووت «کۆمۆنیسم، فاشیزمە بە روخسارێکی مرۆییەوە؟»**

– نە وەری ناگرمەوە و پەشیمان نیم لە وتنی. دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان بۆ ماوەیەک رویوان کردە سەرچاوە بەربڵاوەکانی ئایدیالیزم. لە دەیەی ١٩٣٠ لە ئەورووپا، کەسی زۆر دیار، لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا نقوم بوون و نەیاندەزانی چ بووەو چی قەوماوە. دواتر بەرەبەرە هەرکە دەربارەی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەو کەسانەدا قسەیان دەکرد، پێیان وتم بێدەنگ بن لەبەر ئەوەی گرینگتر لە هەموو شت، شەڕی دژە هیتلەرە و ئێمە نابێت لە جەنگی ئیسپانیادا لایەنگری لە باڵی راست فەرامۆش بکەین.

- **تۆ لەبەر ئەوەی دەترسای کۆنسێرڤاتە نوێکان کتێبەکەت بەکار بێنن، کتێبی دەربارەی رووناکبیران و کۆمۆنیزمت تەواو نەکرد؟**

– وا نەبوو. وازم لەو کتێبە هێنا لەبەر ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک حەزم دەکرد چیرۆک بنووسم. تەنها چیرۆک. دەمزانی ئەو کتێبە چەند ساڵێک کاتم دەگرێت. من زۆر شتم بە نیوەناچڵ جێهێشتووە. من لەوانە نیم کە زۆر شێت و شەیدای نووسین و هەموو دەم خەریکی نووسینن. هەندێک کات بووە نووسینم بە دژوارترین کاری دونیا زانیوە.

- **هەندێک لە رەخنەگرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن مارینا لە کتێبی ئەمریکادا جۆرێک وێنای خودی خۆتە بە شێوەی چیرۆک. دەکرێت بزانین تا چەند دەکرێت تۆ لەگەڵ وەسفی چیرۆکدا بە یەک بزانین؟ بۆ وێنە لە دوایین روانینتدا بۆی**

**لە زمانی کەسی سێیەمەوە دەڵێیت: «مارینا دانیشت و چاوی لە ئاوێنەکە کرد. بەدڵنیاییەوە فرمێسک زابووەچاوی لەبەر ئەوەی زۆر بەختەوەر بوو. مەگەر ئەوەی بڵێین شتێک نییە پێی بوترێت ژیانی بەختەوەرانە. بەرزترین دۆخێکی ژیان کە کەسێک دەتوانێت بەدەستی بێنێت، ژیانێکی زێدەڕۆییانەیە. بەختەوەری بە شێوەی جیاواز سەرهەڵدەدات، بۆ هونەر ژیان شتێکی تایبەتە، بەرەکەتە».**

– من خۆم بە تەواوی لەگەڵ ئەو دەقەی خوێندتەوە نزیک دەبینم و بە وەسفی خۆمی دەزانم.

دوای ئەم وتووێژە، سۆزان سانتاک بوو بە براوی خەڵاتی نەتەوەیی کتێبی ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەمریکاو دوا بە دوای ئەوەی خەڵاتی ئۆرشەلیمی بردەوەو وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەنگ و هەرای زۆری لێکەوتەوە. وتاردانەکەی لەو ڕێ و ڕەسمەدا لە لۆسانجلس تایمز بە ڕێکەوتی ١٠ی جولای ٢٠٠١ چاپ و بڵاوبۆوە.



**سەرچاوە:**

گفتگو با یازده زن نویسنده

انتشارات نیلوفر

انتخاب و ترجمە: مهرشید متولی

# یەک ڕۆژ لە ژیانی تۆڵستۆیدا



**ستیڤان زوینگ**
**و. لە فارسییەوە: کەریم سۆفی**

**(من لەنێو خانەوادەکەی خۆمدا ئاسودە نیم، چونکە بەشداری لە هەست بە شادییەکانی ئەواندا ناکەم. بۆ نموونە، ئەوان لەبەرئەوەی لە تاقیکردنەوەی قوتابخانەدا سەرکەوتوون، یان پۆشاکێکی جوانیان پۆشیوە، یان چوونەتە موغازەکان و شتومەکیان کڕیوە! ڕەزامەند و دڵخۆشن! لەحاڵەتێکدا من ئەم جۆرە شتانە بە مایەی خەم و بەدبەختی دەزانم و وابزانم نابێت ئەوەشیان پێ بڵێم، ئەگەرچی بەلامەوە هیچ گرفت نییە ئەگەر پێشیان بڵێم! بەڵام دەزانم هیچ کەسیان ناتوانێت لە قسەکانی من تێبگات).**

**-لە بیرەوەرییەکانی تۆڵستۆی-**

بەپێی ئەو شتانەی کە تۆڵستۆی خۆی نووسیویەتی و بە یادگاری جێی هێشتوون. هەروەها بەگوێرەی ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە هاوچەرخەکانی ئەو دەریان بڕیوە کە تۆڵستۆی تا ئەم دواییانە، واتە تا ساڵی ١٩٠٨ لە ژیاندا بووە،

ئێمە ئەمڕۆکە دەتوانین بەشێوەیەکی روون و گرنگ بزانین کە رۆژێکی ئاسایی لەمیانەی هەزاران رۆژی تری ژیانی ئەودا، چۆن دەستی پێ دەکرد و چۆنیش کۆتایی پێ دەهات.

تۆڵستۆی سەر لە بەیانییەکەی زوو لە خەو رادەبوو و چاوێکی بە دەوروبەردا دەگێڕا و دەیبینی کە پڕشنگی خۆر لەودیوی پەنجەرەکەوە لەناو ژوورەکەی دەدا. یەکەمین بیرۆکە کە بە مێشکیدا دەهات، ئەوەبوو کە لە دڵەوە دەیگوت: ((من هێشتا زیندووم))، چونکە شەوی رابردوو، وەکو شەوانی تر کاتێک لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشابوو بۆ خەوتن، چاوەڕێی ئەوەبوو کە ئیتر لە خەو هەڵنەستێتەوە، بۆیە بەر لە خەوتن، لەنێو دەفتەری تۆماری رووداوەکاندا لە بەرامبەر مێژووی رۆژێکی تردا نووسیویەتی ((ئـ ز، ب))، واتە (ئەگەر زیندوو بمێنمەوە). ئێستاش کە سەرلەبەیانی داهاتووە و خوا تەمەنی پێداوە کە رۆژێکی تریش بە زیندوویی بمێنێتەوە. لە دڵەوە هەست بە رەزامەندی دەکات و چاوە خۆڵەمێشییەکانیشی بەهەمان رەزامەندی لە ناخەوە رۆشنایی ئەو رۆژەش لەبەرچاو تێدەپەڕێنێت. کابرایەکی بەساڵاچوو، وەکو کاری هەمیشەیی تەندروست و ساغە و لەسەر جێگەکەی راست دەبێتەوە و لە ژوورەکەی تەنیشتییەوە، خۆی دەداتە بەر ئاوی ساردی دووشەکە و خۆی دەشوات. پاشان بە خاولییەک باش خۆی وشک دەکاتەوە. بەشێوەیەک کە پێستی جەستەکەی سوور هەڵدەگەڕێت. پاشان ئەو پیاوە هەشتا ساڵەیە، وەک وەرزشکارێک خۆی دەچەمێنێتەوە و راست دەبێتەوە، بەشێوەیەک کە تەواوی جومگەکانی قرتەی بەرزیان لێوەدێت، ئینجا کراسێک لەبەردەکات و رۆبی دوشامبێری لەسەر لەبەردەکات و پەنجەرە دەکاتەوە، ئینجا جێ و بالینگانەکەی خۆی دەپێچێتەوە و هەندێک دار دەخاتە ناو زۆپاکە، دەست دەداتە گسک و ژوورەکەی دەماڵێت. پاشان بۆ خواردنی بەیانی لە ژوورەکەی خۆی دەهاتە خوارەوە و دەچووە ژووری نانخواردن و دەیدیت کە سۆنیا ئاندریۆنای ژنی بەخۆی و کچەکانی و نووسەرەکەی تۆڵستۆی و هەندێک لە هاوڕێیانی تر لەوێندەرن. بەپێی دابی رووسییەکان، سەماوەری جۆشدراو لەسەر مێزەکەیە و قۆری چای لەسەر داندراوە. لەوکاتەدا نووسەرەکەی تۆڵستۆی لەجێی خۆی هەڵدەستێ و دوای چەند ساتێک بەخۆ و سینییەکی پڕ لە رۆژنامە و چەندین کتێب و کاغەز دەگەڕێتەوە. ئەمانەش ئەو رۆژنامە و گۆڤار و نامە هاتووانە بوون کە لە هەمان رۆژدا لەگەڵ گزنگی بەیاندا تەتەری پۆستە هێنابوونی. تۆڵستۆی بە بینینی ئەم هەموو رۆژنامانە، رازی نابێت و بیری دەکردەوە کە تەواوی ئەمانە هۆکار و

کلۆجن کە ئادەمیزاد لە خودا دوور دەخەنەوە و هەست و هۆش لەبیرکردنەوە لە خوای باڵادەست پەرت و بڵاو دەکەن و لەهەمان کاتدا ئادەمیزاد کە دەبینێت بەم هەموو خوێندنەوەیە دەورە دراوە! لووتبەرز و لەخۆبایی دەبێت! بۆیە دەبێت ئەمانە وەلا بنێت تا خاترجەمی، جێگەی پەرت و بڵاوی هەست و هۆش بگرێتەوە و ئادەمیزاد بەبێ ڕاڕایی و تیغ تیخەدان لە بیری خۆیدا بێت، بەڵام هەستی کونج و کۆڵی و زانین، تۆڵستۆی ناچار دەکرد کە نامەکان بکاتەوە و چاوێک بە ناواخنە جۆراوجۆرەکانیاندا بخشێنێت، کە پەیوەست بوون بە خوازیاری، پێشنیار، داواکاری موعامەلە، داوای دیدار و ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی مەسەلەکانی زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و... تاد. ناتوانم وەڵامی ئەو بدەمەوە! کە ناتوانم وەڵامی خۆشم بدەمەوە، چۆن دەتوانم غەیری خۆم ڕازی بکەم؟! بەم جۆرە وەسفکردنە، لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستا و دەچووە ژووری تایبەت بە نووسین (ژووری کارکردنەکەی) تا لەوێ وەڵامی ئەم نامانە بداتەوە. بەر لەچوونە ژووری نووسین، نووسەرەکەی پێشی پێ دەگرت و دەیگوت: ئەمڕۆ نیوەڕۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی تایمز، داوای سەردانی کردووە تا دیمانەیەکی لەگەڵدا سازبکات! ئایا پێشوازی لێ بکات، یان نا؟ جارێکی تر تۆڵستۆی نێوچەوانی تێکنا و گوتی: من نازانم بۆچی وازم لێ ناهێنن و نازانم چییان لێم دەوێت؟ ئەوەی کە پێویستە من بیڵێم و دەتوانم بیڵێم لەنێو کتێبەکانمدا نووسراون، ئیتر پێویست بە سەردانی من ناکات! بەڵام دیسان ئەو شتەی کە تۆڵستۆی ناوی نابوو لەخۆڕازیبوون و دەرکەوتن، بەسەریدا زاڵ دەبێت، بۆیە گوتی: زۆرباشە من ئامادەم ئەو کابرایە ببینم، بەو مەرجەی دیمانەکەی لە نیو کاتژمێر زیاتر نەبێت، بەڵام هەرکە چووە ژووری نووسین، پەشیمان بووەوە و بەخۆی گوت: تۆ تاکەی کەسایەتیت ئەوەندە لاوازە و تاکەی حەز دەکەیت خەڵکی سەبارەت بەتۆوە گفتوگۆ بکەن، لەکاتێکدا لەسەر ڕۆخی قەبری! هەر دەست لە خۆویستی هەڵناگرێت و هەر حەز دەکەیت بەرزەفڕ بیت و ناوبانگت دنیا دابگرێت، خودایە کەی من چاک دەبم، کەی ئەم خۆویستی و لووتبەرزییە بەرم دەدات؟ خودایە یارمەتیم بدە تا بتوانم لە دەست ئەم خۆویستی و لووتبەرزییە ڕزگارم بێت. لە کۆتاییدا، تۆڵستۆی لەپشت مێزی نووسینەکەی خۆی دادەنیشێت و ئەو چەند لاپەڕەیە دەردێنێت کە دوێنێ شەو بە ناتەواوی بەجێی هێشتبوون، دەیەوێت ئەو بابەتە تەواو بکات کە دوێنێ شەو نووسیبووی و بە ناتەواوی بەجێی هێشتبوو، بەڵام دوای ئەوەی تەماشایەکی بابەتەکەی دوێنێ شەو دەکات، دەبینێت لەگەڵ ویست و ئارەزووی ئەو نایەتەوە، بۆیە دەست دەداتە قەڵەم و چەند پەرەگرافێکی

لێ ڕەش دەکاتەوە. لەنێوانی ڕستەکاندا پەرەگرافی تر دەنووسێت. لەو کاتەی دەیەوێت دەست بە کاری ئەمڕۆی بکات و درێژە بە باسەکەی دوێنێ شەو بدات کە لەبارەی (تێڕوانینێک لەمەڕ ژیان)ەوە بوو، تووشی ڕاڕاییەک دەبێت و دەڵێت: بەڕاستی من زۆر سەرەڕۆ و کەمزانم! چۆن دەکرێت من وەسفی خودا بۆ خەڵکی بکەم، لەکاتێکدا هێشتا ئەوم نەناسیوە، چۆن دەکرێت بڵێم ئەو چییە و چی دەوێت! لەکاتێکدا کەمترین زانیاریم سەبارەت بە خود و ویستی ئەو نییە. من چۆن دەتوانم ڕاوبۆچوونی خۆم لەبارەی ژیانەوە بخەمە ڕوو، لەکاتێکدا دەزانم کە ژیان هەمیشە لەگۆڕاندایە و هیچ کەسیش لە سەرەتا و ئامانجی ژیان ئاگادار نییە! ئەو کارەی من دەستم پێکردووە و دەمەوێت تەواوی بکەم، لە توانا و تاقەتی من بەدەرە. ئەی خودا، لە ڕابردوودا ژیانێکی چەندە ڕاحەتم هەبوو، چەندە بەئاسوودەیی و سادەیی کتێبە ئەدەبییەکانی خۆم دەنووسی. ئەو کاتەی دەمویست دنیا و ژیان بەم شێوەیە بۆ خەڵکی باس بکەم کە خودا خەڵقی کردووە و منیش بە چاو دەیبینم. ئیشەکەم زۆر ئاسان بوو، بە خێرایی و بەبێ ماندووبوون، لاپەڕەکانم پڕ دەکردەوە، بەڵام ئێستا کە دەمەوێت باسی ئەو ژیانە بۆ خەڵک بکەم بەو شێوەیەی کە من حەزم لێیەتی، دەبینم لەبەردەم کارێکی گەورە و دژوار و تەمومژاویدام. من ئادەمیزادێکی هەڵبژاردە نیم لەلایەن خواوە کە بتوانم دنیا و ژیان بەشێوەیەکی باشتر لە بینینی خەڵکانی تر ببینم و نێردراوی خواش نیم کە زانیاری زیاترم لە زانیاری خەڵکانی تر لە نهێنییەکانی ژیان و خوام هەبێت! ئایا گەوجێتی نییە کە بەخۆ و بەم زانیارییە کەمانەوە، بێ ئەوەی خۆم شتێک بزانم و تێی بگەم، بمەوێت شتان لە خەڵکی تر بگەیەنم!؟ لەوکاتەدا قەڵەمەکەی لەسەر مێز دادەنا و تەماشایەکی دەوروبەری خۆی دەکرد، نەوەک یەکێک ببینێت، پاشان لەسەر جێگەکەی هەڵدەستاو دەچووە لای دۆڵابێکو ئەو ڕۆمانانەی دەردەهێنا کە بەنهێنی دەینووسین، چونکە تۆڵستۆی بەشێوەیەکی نهێنی و ئاشکرا ڕۆماننووسی و نووسەرێتی ئەدەبی و هەر جۆرە هونەر و پیشەسازییەکی ناسک و نازداری لەبەرچاوان قێزەون ببوو، نەیدەهێشت خەڵکی بزانن کە وێڕای قسەکەی خۆی، کتێبـی ئەدەبیش دەنووسێت. دوای کە ڕۆمانەکانی وەک (ئاچی مۆراڵ)و (یاداشتی گومبوو)ی لەبەردەمی خۆی دادەنا و چەند لاپەڕەیەکی لە بەرهەمە نهێنییەکانی خۆی دەخوێندەوە، ئەوکاتی لەلا خۆش دەبوو، دەیگوت: وا هەست دەکەم ئەمانەم باش نووسیون و دیارە خوا منی بۆ ئەم جۆرە کارە خەڵق کردووە کە تەنیا وێنەگر و نەخشەسازی دنیایەکەی ئەو بم! نەک بمەوێت بکەومە دوای بگرەو بەردەی دنیاکەی ئەو.

لەڕاستیدا هونەر شتێکی چەند چاکە، هەروەها بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان چەندە جوان و سادەن و پێچەوانەی بیروڕا فەلسەفییەکان کە چەندە بە گرێ و گۆڵ و گرفتن. خۆزگە بەو ڕۆژگارەی کە من ئەم جۆرە شتانەم دەنووسی و ئەو ڕۆژانەی کە لەکاتی نووسینی (بەختەوەری هاوسەرگیری) فرمێسکم دەڕشت. خۆزگە بەو شەوانەی کە سۆنیا ئاندریۆنای خێزانم دەهات و لەسەر دەستنووسەکەی من لاپەڕەی کتێبی (بەختەوەری هاوسەرگیری) دەنووسییەوە و ئەویش فرمێسکی لەچاوان دادەباری و منی ماچ دەکرد کە ئەم لاپەڕە جوانانە بەو دەنووسمەوە، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانم بۆ دواوە بگەڕێمەوە و ناچارم بەو ڕێیەدا بەرەوپێش بڕۆم کە گرتوومەتە بەر، چونکە خەڵکی لەم ڕێیەوە چاوەڕێی ڕێنمایی و ڕێنوێنی منن. بۆیە ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێمەوە، دەبمە مایەی نائومێدیی ئەو خەڵکەی کە چاوی ئومێدیان لە من بڕیوە!

ئەوکاتی، تۆڵستۆی بە خەم و دڵگرانییەوە، کتێبەکانی دەخستەوە ناو دۆڵابەکە و دەرگاکەی دادەخستەوە، ئینجا وەکو فەرمانبەرێکی فەرمانگە کە هەندێک جار بە ناچاری لاپەڕان ڕەش دەکەنەوە، دەستی دایە قەڵەم و بەبێ زەوقی و لە حاڵەتێکدا کە برۆیەکانی خۆی تێکنابوون، بۆ تەواوکردنی بابەتەکەی شەوی ڕابردوو، دەستی بە نووسین دەکرد، لەکاتی نووسیندا سەرو روخسار و ریشەکەی بەشێوەیەک نەوی دەکرد کە ریشە سپی و درێژەکەی لە کاغەز دەخشا و دەنگی خشەخشەکەی دەبیسترا. پاشان کە دەبووە نیوەڕۆ، تۆڵستۆی بەهەمان شێوەی فەرمانبەرانی ڕەسمی بۆ تەواوبوونی دەوام خولەک بە خولەک دەژمێرن، قەڵەمەکەی دادەنا و دڵخۆش دەبوو کە کارە زۆرە ملێیەکەی تەواو بووە.

لە نزیک بینایەکەوە، میرئاخوڕەکەی قەڕاسەی ماینە تایبەتییەکەی ئەوی لەدەستدا بوو، تۆڵستۆی یەک پێ خۆی دەهاویشتە سەر زینەکەی و رکێفی لێ دەدا و چوار پێیەکەی بەرەو جەنگەڵەکە تێی دەتەقاند. قەڵافەتی تۆڵستۆی لەسەر زینەکە بەم جۆرەی کە لە پشت مێزی نووسینەکەی دادەنیشت، نەدەهاتە بەرچاو، بەڵکو دەتگوت چل ساڵ گەنجتر بووەتەوە و تازە خوێن لە دەمارەکانیدا دەکەوتە گەڕ و جۆش و خرۆش. سەر و سیمای زوو سور هەڵدەگەڕا، با ریشە سپییەکەی دەخستە سەما و تۆڵستۆی کونە لووتەکانی فش دەکردەوە، وەک کەسێکی تینوو، گەیشتبێتە ئاو، شنەبای ناسک و بۆن و بەرامەی گژوگیا و خاکەکەی هەڵدەمژی. تا ئەوپەڕی وزە و هێزی تێدابوو، لەم بۆن و بەرامە چێژبەخشەی وەردەگرت. لە دەروازەی جەنگەڵەکەدا، جڵەوی ماینەکەی دەگرتەوە و تاوێک دەوەستا تا

بزانێت ئەمساڵ درەختەکان لەبەر تیشکی خۆرەتاوە بەهارییەکەدا چۆن چرۆیان دەرکردووە و هەستی رادەگرت تا بزانێت باڵندەکان چۆن دەخوێنن! بە چاوە تیژەکانی کە لە چاوی هەڵۆ دەچوون، دوو ریزە مێروولەی بە قەدی درەختێکی کاژی رووسی دەدیت کە بەدرێژایی قەدی درەختەکە سەر دەکەون و دێنە خوارەوە، ئەوانەی کە دێنە خوارەوە کەمێک نەرمەداریان بە قۆچەکانی خۆیان گرتووە و بەرەو شارەکەی خۆیانی دەبەن تا بیکەنە زاد و زەخیرە. ماوەی چەند خولەکێک، تۆڵستۆی نقوومی تەماشای ئەم دیمەنە دەبوو. ئەو کاتی لە حەژمەت کاریگەرییە لەڕادە بەدەرەکەی، فرمێسک لە چاوەکانیدا بەسەر ریشە سپییەکەیدا دەخاتە خوارەوە. ئەگەرچی تۆڵستۆی بەدرێژایی حەفتا ساڵ لەم ناوەدا ئەم جۆرە دیمەنە سروشتییانەی دەبینی، بەڵام لە دڵەوە هەرگیز ماندوو نەدەبوو، هەردەم لەبەرچاویدا شتێکی تازە بوو، ئافەرینی دەکرد و نازانرێت کە چەندە چێژی لەم تەماشاکردنە وەردەگرت کە خەڵکانی تر نەیاندەتوانی و ناشتوانن ئەم چێژە وەربگرن. لەوکاتیدا نەرمە حیلاندنی ماینەکەی کە لە دوورەوە بۆنی ئاشنایانی دەکرد، تۆڵستۆی دێنێتە سەرخۆ، ماینەکەی لنگ دەدات، ئاوزینگ لێدەدات و لەو جەنگەڵەدا مایین تێی دەتەقێنێت. ئەوەند دەڕوا و دەڕوات، تا ئەو کاتەی ئارەقەیەکی نەرم جەستەی مایینە شێ تەڕ دەکات و ئینجا جڵەوی دەگرێتەوە، رێی گەڕانەوە دەگرێتە بەر.

هەرکە نزیکی ماڵ دەبێتەوە، زەوی و زارە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری ئاوەدانییەکە، سەرنجی رادەکێشێت و چاوە تیژ و شارەزاکانی بە پارچە زەوییەک دەکەوێت کە باش چاودێری نەکراوە و پەرژینەکانی دەوری زەوییەکە، هەڵکەندراوە و سووتێنرابوون. تۆڵستۆی جڵەوی مایینەکەی دەگرێتەوە، داوای روونکردنەوە لە لادێییەکان دەکات، ئافرەتێکی شڕە پۆشی قژ تێکئالاو لە حاڵەتێکدا کە چوار منداڵی سەرکەو بنکە خۆیان بە دامەنی کراسییەوە گرتبوو، لە کولانەیەک دێتە دەرەوە و دەنگی گریانی منداڵێکی تریشیان لەناو کولانەکەدا دەبیسترێت. ژنە بەدەم ئەشک رشتنەوە، بۆ بارین روونی دەکاتەوە کە شەش هەفتەیە مێردەکەیان بە تاوانی دار دزین لە دارستاندا، زیندانی کردووە و کەسیش نییە ئاگاداری زەوییەکە بێت و ئەویش بە خۆ و بە چوار منداڵی سەرکەو بنکەی برسی ماوەتەوە. کە منداڵەکان گریانی دایکیان دەدیت، ئەوانیش دەنگی گریانیان بەرز دەکردەوە، تۆڵستۆی زوو دەستی لە گیرفانی دەنا و پارەیەکی دەردەهێنا و بەو ژنەی دەدا. پاشان مایینەکەی لنگ دەدا و لەو ناوە دوور دەکەوتەوە. لەوکاتیدا بیرۆکەیەکی تاریک بەسەریدا زاڵ دەبوو و دەیگوت: من چۆن وەڵامی

خوا و وەڵامی ویژدانی خۆم بدەمەوە کە لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی خۆم بەم جۆرە بەدڕەفتاری دەکەم! تا ئەو کابرا بەدبەختەیە ناچار بێت هەندێک بنەدار و درەختی دارستان بدزێت، بەمەش بکەوێتە زیندان! من بەخەڵکیم گوتووە کە تەواوی سەروەت و سامانی خۆم پێشکەش بە ژن و منداڵەکانم کردووە. لە حاڵەتێکدا ئەم کارە بێجگە لە گاڵتەجاڕییەک بۆ فریودانی خەڵکی، شتێکی تر نییە و دەست و پێوەندەکانیشم هەروەکو خۆیان بەدبەختن و لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساڵ دەبێت زەحمەتی بکێشن و بەرەنجامی رەنجی خۆشیان بە ئێمە بدەن و خۆشیان هەر هەژار و برسی بمێننەوە! هەر پارووە نانێکی کە دەیخۆم، بەرەنجامی رەنجی ئەم بەدبەختانەیە، هەر خشتێکیش کە بۆ خانووەکەی من بەکارهێنراوە، بەری رەنج و ئارەقەی ئەم جووتیار و نەوە بێ چارەیەیە کە وەکو چوار پێ بۆ من کار دەکەن! من چەندە گەوج بووم کە مافی ئەوەم بەخۆم داوە! ئەم زەوییە هی من نییە تا بیبەخشمە ژنەکەی خۆم! بەڵکو خاوەن موڵکی رەسەنی ئەم زەوییە، ئەو جووتیارە بەدبەختانەنە کە وەرد و شۆی دەکەن و دایدەچێنن. من لە بەرامبەر خوادا شەرمەزار و رووڕەشم، چونکە من هەمیشە خەڵکی بۆ چاکە و خێرخوازی بانگهێشت دەکەم و هەموو رۆژێکیش لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دیمەنی بەدبەختی جووتیاران و نەوەکەی خۆم دەبینم، بەبێ ئەوەی یەک هەنگاو بنێم بۆ باشترکردنی ژیانیان. بەم بیرە تاریکەوە، تۆڵستۆی دەچێتەوە ماڵ و خزمەتکار و دەرگەوان و پاسەوان بەخێرایی رادەکەن کە بەرگی رەسمی کارکردنیان لەبەردایە، تا یارمەتی تۆڵستۆی بدەن بۆ دابەزین لە ئەسپەکەی. لەنێو هۆڵی نانخواردندا، مێزێکی خواردنی گەورە هەیە کە گوڵی جوانی لەسەر دانراوە، چەقۆ و چەنگاڵی زیوی و پەرداخی کریستاڵی لەسەر دەدرەوشێتەوە، بە شەوق و زەوقێکی زۆر جوان رازێنراوەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێک لە دەوری مێزەکە دانیشتوون و چاوەڕێی هاتنی تۆڵستۆن! ئەوانیش بریتی بوون لە خێزانی و منداڵەکانی خۆی و نووسەرە تایبەتی و ئافرەتەکەی کە مامۆستای زمانی فەرەنسییە، هەروەها خاتوونێکی تر کە زمانی ئینگلیزی بە منداڵەکانی دەڵێت، پەیامنێرێکی ئەڵمانی، یان ئینگلیزی، یان فەرەنسی کە لە هەمان رۆژدا هاتوون، هەروەها چەند کەسێکی تر لە هاوسێکانی خۆی کە هەموویان وەک تۆڵستۆی لە چینی نەجیبزادەکانن. بەهاتنە ژوورەوەی تۆڵستۆی، ئامادەبووان هەموویان هەڵسانە سەر پێ و پاشان دانیشتنەوە، تۆڵستۆی بەبێ ئەوەی قسەیەک بکات، لەپشت مێزەکەیەوە دادەنیشێت و دەست بە خواردن دەکرێت، خزمەتکار کە پۆشاکێکی نەخشێنراوی لەبەردایە، بەرێزەوە خواردنەکەی تایبەت بە تۆڵستۆی

پێشکەش دەکات. ئەو خۆراکەش گۆشتی تێدا نییە، لە سەوزەوات و دانەوێڵەی جۆراوجۆر ئامادەکراوە کە زۆر بە وردی ئامادە دەکرێت و دەکوڵێنرێت، بۆنموونە گیاگوڵەنگ بۆ خواردنی تۆڵستۆی ئامادە دەکرێت کە لە ئەڵمانیاوە دێت و گەڵای کەلەرم لە ئۆکرانیا و... تاد، بەڵام کاتێک تۆڵستۆی کەوچکەکەی بۆ دەمی دەبات، ئەو ژنە رووت و رەجاڵەی بیردەکەوێتەوە کە نزیکەی نیو کاتژمێر بەر لە ئێستا لە کەلاوەکە هاتبووە دەر و دڵتەزێنانە باسی ژیان و گوزەرانی خۆی دەکرد، بۆیە بە سەرزەنشتەوە بە خۆی دەڵێت: ((بە چ هەقێک دەبێت لەپشت مێزێکی لەم جۆرە دانیشم و لەکاتی خواردنی نیوەڕۆدا پێنج جۆرە خواردن بخۆم و خەڵکانی تریش یەک پارووە نانیان نەبێت؟ من بە چ روویەکەوە دەتوانم بەرامبەر خوا راوەستم، لە حاڵەتێکدا کە هێشتا نەمتوانیوە ئەم باق و بریقە و تاس و لووسی و رازاوەییە لە خۆم دوور بخەمەوە؟)).

لەهەمان کاتدا بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر دووچاری ئەم بەدبەختییە دەبێت، لەبەرئەوەیە کە ژنەکەی ناهێڵێت ئەم خانووە بەجێ بهێڵێت، بۆیە یەکسەر سەبارەت بە ژنەکەی خۆی هەست بەتووڕەیی دەکات و دەڵێت: ژن دەبێت هەمیشە هاوبەشی ژیانی پیاو بێت و باری سەرشانی سووک بکات، کەچی ئەم ژنەی من بووەتە بارگرانی ژیانی من، ئاخ من چ هەڵەیەکی گەورەم کرد کە ژنم هێنا! ئەگەر ژنم نەدەبوو، چەندە بەئاسانی دەمتوانی بەپێی خواست و ئارەزووەکانی خۆم بژیم.

لەوکاتەدا تۆڵستۆی سەر بەرز دەکاتەوە و تەماشایەکی وێنەی ژنەکەی خۆی دەکات و هەر لەگەڵ ئەوەی روخساری دەبینێت و تێکشکانەوەی ئەو ژنەی دێتە بەرچاو کە لە رۆژی سەرەتای گەنجێتیدا چەندە تەڕوبڕ بوو، بۆ ماوەیەک تووڕەیی خۆی لەبیر دەکات و لە دڵەوە دەڵێت: خودایە، ئەم کچە تێکشکاوە و ژیان بەڕێکردن لەگەڵ مندا، چەندە بەتەمەن دیارە، ئەو رۆژەی ئەم کچە هاتە ماڵی من، کچێکی خورت و تەڕوبڕ و چالاک بوو، ئەمڕۆکەش (٤٠-٤٥) ساڵ لە تەمەنیدا تێدەپەڕێت، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، تەواوی سەختی و زەحمەتییەکانی من لە ئەستۆی ئەم ژنەدا بوو، نەک هەر (١٣) منداڵم لێی بووە و هەمووی شیرداون، بەڵکو ئەرکی کاروباری ماڵەوەشی لەئەستۆ گرتبوو، لەکاتی نووسینی کتێبەکانمدا یارمەتی دەدام، لەجیاتی ئەوەی سوپاسی بکەم و بەردەوام زەمینەی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆ مەیسەر بکەم، بەپێچەوانەوە، من دڵنیام لەنێوان ئەو کەسانەی لەپشتی ئەو مێزە دانیشتوون، تەنیا ژنەکەی خۆمە کە منی خۆش دەوێت! کەچی ئەوانی تر، ئەگەر دوژمنیشم نەبن، خۆشییان لە من نایەت و پێم

ناحەزن. کچ و کوڕانی من ڕەنگە بیر لەوە بکەنەوە کە من تەمەنێکی زۆرم بەڕێ کردووە و واباشە زووتر بمرم تا ئەوان زیاتر ئازاد بن، ئەو پەیامنێرە گێلەش، سەدان فەرسەخی ڕێ بڕیوە تا بێتە ئێرە و چوار وشان ببیستێ و لەم ڕێگەیەوە، لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە، یان گۆڤارەکەی خۆی پێ پڕ بکاتەوە! خۆزگە من زووتر دەمردم و بەرگەی ئەم ژیانە ناگرم کە وەک هەسانە بۆ گیانی من، هەرگیز ناتوانم بەپێی خواست و ئارەزووەکانی خۆم وەک حەقیقەت بژیم! ئەدی بۆچی زیندوو بمێنم!

کە زنجیرە بیرکردنەوەکەی تۆڵستۆی دەگەیشتە ئێرە، خزمەتکار بۆ پێشکەشکردنی میوە و شیرینی دوای خواردن، لە گەورەکەی خۆی نزیک دەبووەوە و دەفرێکی گەورەی زێڕین و زیوینی پڕ لە شیرنەمەنی بە چێژ و خۆشی لە تۆڵستۆی نزیک دەکردەوە! بەڵام تۆڵستۆی بە تەکانێکی ناحەزانە، دەفرەکەی لەخۆ دوور دەخستەوە، کە ژنەکەی ئەم حاڵەتەی دەبینی، شپرزە دەبوو، دەیگوت ئایا ئەو میوە و شیرنەمەنییە بە مەیل و ئارەزووی تۆ نییە؟ ئایا وا بیر دەکەیتەوە کە خواردنەکەت قورسە؟ تۆڵستۆی بەبێ ئەوەی سەر لەسەر دەفرەکە هەڵبگرێت، دەیگوت: هۆکاری قورسبوونی ئەم خواردنە بۆ من، ئەوەیە کە زۆر بە ناسکی و سەلیقەوە ئامادەیان کردووە. ئەم وەڵامەش لەبەرچاوی ئامادەبووان، شێتانە دەهاتە بەرچاو، کچ و کوڕەکان بە سەرسامییەوە تەماشای یەکتریان دەکرد! بەڵام چونکە پەروەردەیەکی وردیان بینیبوو، پێ نەدەکەنین و ژنەکەی تۆڵستۆیش بە شەرمەزارییەوە تەماشایەکی ئامادەبووانی دەکرد و سەری بەردەداوە و بە زمانی حاڵ دەیگوت: لە بەرامبەر بەدبەختیدا بێجگە لە دان بەخۆداگرتن و ئارامی، چارەیەکی دیکەم نییە. پەیامنێری ئینگلیزی، یان ئەڵمانی، یان فەڕەنسی، هەریەک لە ئەوان هەوڵی دەدا ئەم ڕستە واتادارەیە لە مێشکی خۆی بپارێزێت تاکو پاشان بتوانێت وەکو خۆی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی بکاتەوە. کە خواردن تەواو بوو، ئامادەبووان هەڵسان و چوونە هۆڵەکە بۆ قاوە خواردنەوە، تۆڵستۆی قسەی لەگەڵ ئەو پەیامنێرە دەکرد کە بۆ بینینی هاتبوو. ئەم پەیامنێرە بەگوتەی ئەمڕۆ سەر بە ڕۆژنامەی چەپ و شۆڕشگێڕ بوو، چونکە نزیکەی تەواوی ئەو پەیامنێرانەی بۆ دیداری تۆڵستۆی دەهاتن، لەم بەرەیە بوون، پەیامنێرەکان زوو دیمانەکەیان لەبیر دەکرد و لەگەڵ تۆڵستۆی دەکەوتنە گفتوگۆ و گەنگەشە، تۆڵستۆی هێدی هێدی دەورووژا و چاوە خۆڵەمێشییەکانی لەژێر برۆ چڕوپڕەکانیدا دەترووسکانەوە و دەنگی بەرز دەکردەوە، بەڵام یەکسەر دەنیشتەوە، چونکە سەرنجی دەدا کە پێچەوانەی ئەو وادە و پەیمانەیە کە

لەگەڵ خۆیدا بەستبووی، خۆی تووشی گوناهی خۆبەزلزانی و تووڕەیی دەکرد. لە دڵەوە دەیگوت: ئەی خودا، رەنگە ئەم گەنجە لەسەر هەق بێت و من هەڵە بم، چونکە خوا بیروبڕواکانی لەنێو دڵانی خەڵکیدا پەرت و بڵاو کردووەتەوە و کەس نازانێت کە ئایا ئەو قسانەی لە دەمی خەڵکانی دیکەوە دەبیستێت، هی خودایە، یان هی خۆیانە! پاشان بۆ ئەوەی بابەتی قسەکان بگۆڕێت و دووبارە تووڕەیی و رەنجاندنی لێ نەکەوێتەوە، تۆڵستۆی پێشنیاری دەکرد کە بچن لەناو باخچەکەدا پیاسەیەک بکەن، بەڵام بەر لەوەی دەست بە پیاسە بکەن، چاویان بە کۆمەڵە خەڵکێکی بە رواڵەت هیچ لەباردا نەبوو دەکەوێت کە لەژێر داربناوێکی[1] گەورەدا، وەستاون و لە چاوەڕێی تۆڵستۆدان. ئەوان لەو جۆرە کەسایەتییانە نەبوون کە جەسارەتی ئەوەیان هەبێت داوای دیمانە لەگەڵ تۆڵستۆیدا بکەن، هەمیشە بۆ دیداری ئەو لەژێر ئەم داربناوە دەوەستان. هەر لەبەر ئەمەشە کە ناویان لەم درەختە نابوو (درەختی هەژاران). هەندێک لەو کەسانە لە دوورایی بیست میلییەوە بەپێیان بۆ دیداری تۆڵستۆی هاتبوون، هەریەکەشیان ئیشێکیان هەبوو، هەندێک جار چەندین کاتژمێر لە چاوەڕوانیدا دەوەستان، تا ئەو کاتەی (بارین) لە بینایەکە بێتە خوارەوە. تۆڵستۆی بە هەنگاوە خێراییەکانی خۆی، بۆ لایان دەچوو، ئەوانیش بەپێی دابونەریتی گوندەکانی رووسیا، سەریان بەردەداوە و یەکێک لە ئەوان بۆ خستنەرووی مەبەستەکەی خۆیان دەهاتە زمانو دەیگوت: ئەی مەولای من(٢)، بەڵام تۆڵستۆی بەری بەقسەی ئەو گرت و بەتوندی گوتی: من مەولای تۆ نیم، خودا مەولای تۆیە. کابرای گوندی، کە بەم جۆرە لەلایەن تۆڵستۆیەوە کەوتە بەر گلەیی، زمانی دەگیراو لە حاڵەتێکدا شەبقەکەی خۆی لەدەستی وەردەدا، نەیدەزانی چی بڵێت و پاشان بە زمانێکی نیوە قووتدراوەوە پرسی کە ئایا بەڕاستی زەوی و زاری کشتوکاڵی لەنێوان گوندییەکان دابەش دەکرێت؟ ئەگەر وایە، بەشی ئەو کەی دەدرێت؟ تۆڵستۆی وەڵامی دەدایەوە کە هێشتا لەم بارەیەوە بڕیار نەدراوە، هەروەها تا ئەم حکومەت و رژێمە لە دەسەڵات ماوە، هیچ بڕیار لەم بارەیەوە نادرێت! پاشان یەکێک لە باخچەوانەکان دێتە پێشەوە و هەموو جۆرە پرسیارێکی پەیوەست بە خزمەتکاری لێ دەپرسێت. تۆڵستۆیش لێی دەپرسێت، ئایا خوێندەواریت هەیە، یان نا؟ کە دەبیستێ خوێندەواری هەیە، یەکێک لە خزمەتکارەکانی خۆی دەنێرێت کە کتێبی (ئەرکی ئێمە چییە؟)ی بۆ بهێنن کە لە نووسینی خۆیەتی. کتێبەکە بەو کابرایە دەدات و پێی دەڵێت: هەرچی تۆ دەتەوێت لەنێو ئەم کتێبەدا نووسراوە، خەڵکانی دیکەیش پرسیارگەلی لەم جۆرە و جۆری دیکەیان لێدەکرد، تا نۆبەتی

هەژاران دێت و تۆلستۆی هەریەکە و پێنج کۆپەکیان پێدەدات و لەو کاتیشدا کە پەیامنێری گەنج خەریکە وێنەی دەگرێت. بینینی ئەم وێنەگرتنەیش جارێکی دیکە دەیگۆڕێت و لە دڵەوە دەیگوت: ئەم وێنەیە هەفتەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانی، یان فەڕەنسی بڵاودەکرێتەوە. بەمەش هەموو خەڵکی وا زەن دەکەن کە ئەو کابرایەکی دەست کراوە و بەدڵە و دەستی بێ دەرەتانان دەگرێت، لە حاڵەتێکدا کە بەم جۆرە نییە! چونکە ئەو بە درێژایی تەمەنی بچووکترین دەستگرۆیی و هاوکاری هیچ کەسی نەکردووە کە کاریگەری هەبێت، هەروەها ئەو هەموو پارەیەش کە بەدرێژایی تەمەنی بە هەژاران و نەدارانی بەخشیوە، ناگاتە ئەو بڕە پارەیەی کە لە سەردەمی گەنجێتیدا بەیەک شەو لە قوماركردندا دەیدۆڕاند. کە زنجیرەی بیرکردنەوەکەی تۆلستۆی دەگەیشتە ئێرە، بەیەکجاری ئەبرۆکانی تێک دەنا، چونکە بیری دەکەوتەوە کە لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری باری گوزەرانی (دوستۆیڤسکی)یش بوو، هەرگیز پارەیەکی بەقەد دوو سەد ڕۆبلیشی بۆ نەناردووە، لە حاڵێتکدا رەنگە ئەم دوو سەد ڕۆبلە ڕێخۆشکەربووایە بۆ ڕزگارکردنی ئەم نووسەرە لەو هەژاری و بەدبەختییە! ئایا کابرایەکی بەم جۆرە بێ بەزەیی و بێ ویژدان سەبارەت بە نووسەرێک و کەسێکی وا کە دەیزانی پێویستمەندە (موحتاج)ەو دەشیزانی چ بلیمەتێکە و بەزەیی پێدا نەهاتووەتەوە، دەکرێت بە کابرایەکی شایان بەدەستگرۆیی و بەخشندە و هەژارپەروەر بزاندرێت؟

لە کۆتاییدا پێویستمەند و هەژارەکان ڕۆیشتن و پەیامنێرەکەش خواحافیزی کرد و لە باخچەکە دەرچوو، تۆلستۆی تەنیا بەخۆ و خاوخێزان و هاوڕێ و دراوسێیەکانیان مانەوە. تۆلستۆی لەنێو باخچەکەی خۆیدا پیاسەی دەکرد، بەڵام ئەم پیاوە هەشتا ساڵەیە، بەشێوەیەک خێرا دەڕۆیشت کە خەڵکانی دیکە نەیدەگەیشتنێ، تۆلستۆی چێژی لەم ڕێ ڕۆیشتنە وەردەگرت، چونکە هەستی دەکرد هاوکێشەیەک لەنێوان ماسولکە و ئێسقانەکانیدایە، کە پەی بە هێزی ئێسقانەکان و خاوبوونەوەی ماسولکەکانی دەبرد، زۆر دڵخۆش دەبوو. لەکاتی پیاسەکردنەکەیدا، دەگاتە شوێنێک کە کچەکانی خەریکی یاریکردنی تێنس بوون، چونکە ئەویش زۆرباش یاریی تێنسی دەکرد، بۆیە سەبارەت بە چۆنییەتی یاریکردنەکە دەیتوانی ناوبژیوانی بکات. هەر ئەوەش بوو کە بینی یەکێک لە کچەکانی بە لێدانێکی لێهاتووانە تۆپەکەی وەرچەرخاند، تۆلستۆی ئافەرینی لێدەکرد و وەک منداڵان پێدەکەنی. هاوڕێیان و دراوسێیەکان کە لە تۆلستۆی بەجێمابوون، لە گۆشەیەکی دیکەی باخچەکەدا خەریکی گفتوگۆکردن

بوون، پاش تەواوبوونی پیاسەکەی، تۆڵستۆی بەرەو ژووری نووستنی خۆی دەگەڕایەوە، ماوەیەک کتێبی دەخوێندەوە و پاشان پێڵووەکانی قورس دەبوون، دەچووە سەر قەرەوێڵە خۆشە گەورەکەی ژووریّ و لێی رادەکشا و بۆماوەی (٢٠-٣٠) خولەک دەخەوت، پاشان چاوەکانی دەکردەوە و جارێکی دیکە لە دڵەوە دەیگوت: ((ئێستا بیرکردنەوەکەم لە جاران خراپتر بووە، بیست ساڵ لەمەوبەر، زۆر لە مردن دەترسام و دەمویست خۆی لیّ بشارمەوە، بەڵام ئێستا ترسم لە مردن نییە و بە رادەیەکیش وا بیر دەکەمەوە ئەگەر ئێستا مردن بۆ لام بێت، هیچ ترسێکم لێی نابێت، چونکە من و مردن بووینەتە هاوڕێی یەکتری!)).

دوای ئەوەی تۆڵستۆی لەسەر قەرەوێڵە خۆشەکەی هەڵدەستایەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر هەر لەسەر جێیەکەی دادەنیشت و لە فیکران رادەچوو، کە پاشانیش هەڵدەستایەوە بە قەڵەمێک هەندێک شتی لە دەفتەری تێبینییەکانی خۆی دەنووسی و کە دنیاش تاریک دادەهات، دووبارە لە هۆڵەکەدا و لەگەڵ خاو و خێزان و هاوڕێکانی دادەنیشت. گۆڵدن ویزر کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی خانەوادەکەی و زۆرباش پیانۆی دەژەنی، بە تۆڵستۆی دەگوت: ئایا رازیت ئاوازێکت بۆ بژەنم؟ تۆڵستۆیش دەیگوت: هەڵبەتە... هەڵبەتە... لەو کاتەی دەنگ و ئاوازی مۆسیقاکە بەرز دەبووەوە، دەستی بە بەرچاوییەوە دەگرت، تا ئامادەبووان نەزانن ئەم ئاوازی مۆسیقایە، چەندە کاری تێکردووە و ورووژاندوویەتی. تۆڵستۆی لەدوای ئەم حاڵەتە دەروونییەی پێشتر دووچاری هاتبوو کە هونەری مۆسیقای بەشێوەیەکی ناسک نەدەزانی، بەڵکو بە شتێک لە شتە بێ سوودەکانی دەزانی! هەروەها بە شتێکی زیانبەخشیشی دەزانی، بەڵام یادەوەرییەکانی رابردوو، ناخیان بێدار دەکردەوە و هێدی هێدی بەرەو دنیایەکی دیکەیان دەبرد. تۆڵستۆی لەژێر کاریگەری ئاوازەکانی مۆسیقاکەدا بەخۆی دەگوت: پەح... تۆ چەندە گێل بووی کە بە گژ هونەرە ناسکەکاندا دەچووی و ئێستاش وەک دیارە هیچ شتێک لە هونەرە جوانەکان باشتر نییە! چونکە تەنیا بەهۆی پەی بردن بە جوانییەکانی ئەم هونەرانەیە کە دڵی ئادەمیزاد وەک پێویست نەرم و ناسک دەبێت کە بتوانێت پەی بە بوونی خوای باڵادەست ببات و ئێوەش هۆ بێتهۆڤن و شۆپن، برایانی خۆشەویستی منن و ئێستاکە هەست دەکەم کە چاوەکانی ئێوە سەرنجی من دەدەن و زۆر داوای لێبووردنتان لیّ دەکەم کە لە رابردوودا ئێوەم بە کەم دەزانی و ریسوام دەکردن! کاتێک مۆسیقاکە تەواو دەبوو، تەواوی ئامادەبووان چەپڵەیان لێدەدا، تۆڵستۆیش لەدوای کەمێک دوودڵی و راڕایی، وەک بەشدارییەک لەگەڵ ئەوان ئافەرینی دەگوت و دوای چەند ساتێک دەهاتە ناو

قسەی ئامادەبووان، وەک ئەوەی کە شپرزەیی و پەشۆکاوییەکەی بەتەواوی لەکۆڵ بووبێتەوە، بەڵام لەدوای خواردنی نانی ئێوارە، کە تۆڵستۆی زۆرجاران لەم کاتەدا نانی نەدەخوارد، ئەو بیرۆکەیەی لێ نوێ بووەوە کە لەکاتی نیوەڕۆدا هێرشی بۆ هێنابوو، بۆیە لەدوای نانی ئێوارە، بەرلەوەی بۆ شوێنی نووستنەکەی بڕوات، چووە ژووری نووسینی خۆی، وەک هەموو رۆژێک و تەنانەت هەموو سەرە کاتژمێرێک تا خۆی لەبەردەم ویژداندا دادگایی بکات!

تۆڵستۆی لە نووسینگەکەی خۆیدا، لەبەردەم کاغەزە سپییەکان دانیشتبوو، هەستی دەکرد ویژدانەکەی وەک پشکنەر و دادپرسێکی بێ بەزەیی چاودێری کارەکانی ئەوە. تۆڵستۆی ئەو رۆژەی بەبیرە خۆ دەهێنایەوە کاتێک ئەو ژنە لادێییەی تێدا دیت! هەستی بە نەفرەت لەخۆی دەکرد، ئەو کاتەی کە هەژاران سەدەقەیان لێوەردەگرت و ئەویش لە پێداگری و پاڕانەوەیان ماندوو ببوو، کاتێک ویستی کۆمەکیان بکات، تەنیا (پەشیز)ێکی بچووک (پارەیەکی کەم) ی دەخستە ناو دەستی ئەوان و لەهەمان رۆژیشدا، لەسەر مێزی نانخواردنی نیوەڕۆ، سەبارەت بە ژنەکەی خۆی بیروباوەڕی ناڕێکی هەبوو، ئەگەرچی ئافرەتێکی وەفادار و هاوڕێی ژیان و تەمەنی بوو. ئەوەیە کە لە دەفتەری یادەوەرییەکانی رۆژانەی خۆی دەینووسی: ((ئەمڕۆ دیسان من خۆویست و بوغرا بووم، جارێکی دیکە بە سامان و توانایی و پاکوخاوێنی خۆمەوە دەنازم، جارێکی دیکە لە راست هەژاران و نەداراندا هەستی قێزەونی و نەفرەتیم جووڵا، بەمە دەردەکەوێت کە تەواوی گوتارەکانی من بۆ رێنمایی خەڵکی، بە خاکەرایی و لەخۆبووردەیی، خۆشەویستی و عەشق بە خەڵکانی دیکە، درۆیە... خودایە بەزەییت پێمدا بێتەوە، خودایە یارمەتیم بدە)). دیسان لە بەرامبەر لاپەڕەی رۆژی داهاتوو، ئەم پیتانە دەنووسێتەوە (ئە- ز- ب)، واتە (ئەگەر زیندوو بمێنم)، ئەوکاتی دەچووە ژووری نووستن و پووت و جلوبەرگەکەی دادەکەند و جەستە قورس و ئێسقانییە گەورەکەی خۆی دەخستە سەر قەرەوێڵەکەی و بەر لە خەوتن، وەکو هەموو شەوەکانی دیکە، دەکەوتە بیری مردن. جارێکیان لە ترپەی پێیەک بەئاگا دێتەوە، تێدەگات کەوا کەسێک چووەتە نووسینگەکەی! تۆڵستۆی بەخێرایی رادەبێت و بەپێخواسی دەچێت لە کونی قوفڵی دەرگاکە تەماشا دەکات، تا بزانێت ئەوە کێیە بەم نیوەشەوە هاتووەتە نووسینگەکەی! بەڵام هەر زوو کەسەکە دەناسێت و تێدەگات کە سۆنیا ئاندریۆنای خێزانییەتی کە خەوتنی ئەوی بە هەل زانیوە و بەتەنیا چووەتە نووسینگەکەی تا دەفتەری تێبینی و یادەوەرییەکانی رۆژانەی ئەو بخوێنێتەوە و بزانێت چی تێدا نووسیوە؟!

بۆئەوەی شارەزایی لە شێوەی بیرکردنەوەی ناخەکی ئەو پەیدا بکات. بینینی خێزانەکەی خۆی لەنێو نووسینگەکەیدا، تۆڵستۆی خستە بەردەم نەفرەتییەکی گەورە لە ژیان و هەموو شتەکان! چونکە دەیبینی کە هەتا ئەو ساتە وەختەش کە دەیویست بەتەنیایی لەگەڵ خواکەی خۆیدا بدوێت، تا لەم رێگەیەوە کەمێک لە شپرزەیی و دڵەڕاوکێی خۆی کەم بکاتەوە! دیسان لێی ناگەڕێن بە تەنیا بێت و هەتا خێزان و منداڵەکانیشی وەکو خەڵکانی دیکە بوونەتە سیخوڕ و مێردەزمەی سەر ژیانی ئەو و گۆشەگیری و دوورەپەرێزییەکەی لێ دەشێوێنن! تۆڵستۆی دەستگیرەی دەرگاکەی دەگرت و دەیویست بە یەک هەنگاو دەرگاکە بکاتەوە و لەهیکەوە بێتە ناو ژوورەکە و لێپرسینەوە لەگەڵ ژنەکەی بکات کە بۆچی تا ئەو رادەیە ئازاری دەدەن!؟ بەڵام لە کۆتاییدا، ئەمەی نەدەکرد و دەیگوت: رەنگە ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی دیکەی خودایی بێت کە بەرامبەرم دەکرێت و خودا دەیەوێت بزانێت کە ئایا دەتوانم ئارام بگرم و بەرگە بگرم، یان نا؟

پاشان بە هیلاکی و خاوییەوە بەرەو قەرەوێڵەکە دەگەڕایەوە و لێی رادەکشا! تا ماوەیەک خەو نەدەچووە چاوییەوە، چونکە دەیبینی کە ئەو (لیۆن نیکۆلا ئیڤیچ تۆڵستۆی)یە و بەهێزترین و بەرگەگرترین کەسی سەردەم و رۆژگاری خۆیەتی، هەتا لەنێو ماڵی خۆیشیدا لە ئەمن و ئەمان و خۆشگوزەرانیدا نییە و بەدبەختترین کەسە!

**پەراوێز:**

(١) درخت زبان گنجشک: بە (بناو، بناوی)یش هاتووە، بڕوانە: فەرهەنگی ژوان (فارسی- کوردی)، دانانی: بهزاد خوشحالی، چاپی ٢٠٠٨ ز.

(٢) وتەی (ئەی مەولای من) لەلایەن وەرگێڕی فارسییەوە دانەهێنراوە، بەڵکو ئەم وتەیە، وەکو وەرگێڕی فارسییەکە دەڵێت: وەرگێڕانێکی وشەیی زمانی رووسی و فەرەنسییە، لە زمانی ئینگلیزیشدا هەمان واتا دەدات.

**سەرچاوە:**

کتێبی: تولستوی، اشتفان تسوایک، ترجمة: ذبیح الله منصوری، طبع اول- ١٣٨٨، ص١٨٥- ٢٠٦.

# دوو ژن

ن: سەمیرا سەفەری
و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

ئەو ژنەی کە من باسی دەکەم، لەناو مێشک و زەینی مندا جێی خۆی کردووەتەوە و هەموو شەوێ دێتە سۆراخم و دەپاڕێتەوە و سەری خۆی دەدا بە دار و دیواردا و دەڵێت: لەسەر من بنووسە... پێم وتووە کە چیرۆکەکەی تۆ دووبارەیە، باشتر وایە واز بهێنی و بڕۆی... بەڵام ئەو ژنێکی لاسارە... ئەوەی من لێی تێگەیشتبێتم ئەوەیە کە زۆر حەز دەکات خۆی فەقیرۆکە و بەستەزمان نیشان بدات. جارێکیان هاتە خەونم و پێی وتم: بەو ڕستەیە دەست پێ بکە "ئەو ژنەی کە من دەیناسم"، پێکەنیم و بە هیواشی بە گوێیمدا چرپاند کە قسەکەی قۆڕە. هەموو شەوێ یان چەند شەو جارێک دێتە خەونم و ناچار دەبم بۆ ئەوەی وازم لێبێنێت و دەستم لێ هەڵگرێت، گۆشەیەک لە چیرۆکەکەی دەنووسم بۆ ئەوەی رازی بکەم. هەڵبەتە زۆر لەسەرخۆ پێی دەڵێم بڕۆ، تا دووبارە حەبی خەو نەخۆم. منیش کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆم هەیە. ماوەیەکە خواردن و خەوم

لێ تێکچووە. هەندێ جار باشم و زۆرجاریش هەست بە بێتاقەتی و نائومێدییەکی زۆر دەکەم. ئەو ژنە سەرەتا بۆ بێتاقەتی و بۆ سەرگەمی باش بوو، بەڵام دواتر وردەوردە... باشتر وایە خۆتان بڕیار بدەن...

پەردەکە لادەدا و لە شەودا سەیری ئاسمانی بێ ئەستێرە دەکات و دەڵێی چاوەڕوانی تێپەڕبوونی ئەستێرەی کلکدارە، بەڵام بزەیەکی منداڵانەی دێتە سەرلێو و لادەکاتەوە و دەڵێت: من هیچ خەتایەکم نەبوو...

منیش وەک لێکۆڵەوەرێک نووری چراکەی تێدەگرم و بە تانە و تەشەرەوە پێی دەڵێم: زۆرباشە، کەواتە کێ تاوانبارە؟

-نازانم... ناتوانم خەتابار و تاوانبار بدۆزمەوە! ئەگینا من هانام بۆ تۆ نەدەهێنا. تۆ ڕێگەت بە من دا کە بێمە ناو خەیاڵی تۆوە. تۆ خۆت دادوەر بە و دادوەری بکە، ئەو خۆی پیلی منی گرت و لە ماڵەوە دەریکردم. ئەوە ویژدانە. کاتژمێر ٩ی شەو، نەیدەگوت ئاخر ئەمە کەسێک دەیبینێت، بیری لە ئابڕوو و ناموس نەدەکردووە. نەیدەگوت ئاخر بەڵایەکم بەسەر دێت. ڕەنگە لە خوای بوێت یەکێک من بدزێت. ئاوا بەم شێوەیە دڵی فێنک دەبووەوە.

لێرەدا بوو کە وتم: چیرۆکەکەت دووبارەیە... بڕۆ بەرگری لە مافی خۆت بکە... وتی: تۆ نازانی کە سەرەتا چەند هۆگری من بوو و چەندی من دەویست. دەرگات لێ داخستبووایە بە دیواردا دەهاتە ژوورەوە. چوارچێوەی دەرگای تێکدەشکاند، دەیوت: خۆی دەکوژێت ئەگەر جوابی نەدەمەوە...

باوێشکێکم دا و لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵکەوتم و نووستم... مێردەکەم کە دەخەوێ دەمی دەکاتەوە و ئەمەش ئەوەندەی تر شکڵی ئەو سەرنجڕاکێشتر دەکات، بەیانی لە تاو بوونی زاری ئەو حەز دەکەم سواری فڕۆکە بم و هەرچی زووە بۆ هەمیشە بۆ لای کورەی مەریخ بچم.

-تۆ تا ئێستا عاشق بووی؟

وەڵامێک نادەمەوە و رادەوەستم هەتا قسەکانی تەواو بکات.

-منیش ناڵێم عاشق نەبووم، بەڵێ عاشق بووم، بەڵام ئیتر وەک جاران نییە، ڕۆژێک هەتا هاتم بیر بکەمەوە بینیم کە بووم بە دایکی دوو کچ...

-دەزانی کاتژمێر چەندە؟ بەیانی دەبێت بچم بۆ سەر کار.

-تۆ مێردەکەت خۆش گەرەکە؟

قسەکەیم پێ سەیر نەبوو، بەڵام تاقەتم نییە کە وەڵامی قسەکانی بدەمەوە، چونکە ژنێکی تایبەت نییە، ژنێکی ئاساییە... هەر وەک زۆربەی ئەو ژنانەی کە ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان بە لایاندا تێدەپەڕی.

-بەڵێ، چەند ساڵە شووت کردووە؟
-دە بۆ دوازدە ساڵ، لەوانەیە زیاتریش.
-چۆن بوو ئەو رووداوە روویدا؟ لە مەبەستم تێدەگەی کە مێردەکەت تۆی...
-من هیچ کارێکم نەکردبوو. من و کچە سێ ساڵەکەم لە حەمامدا گیرمان خواردبوو، ناچار بە کچە گەورەکەم وت کە بچێ داوای یارمەتی لە دراوسێکان بکات. کچەکەم تەلەفۆنی بۆ باوکی کردبوو، بەڵام تەلەفۆنەکەی خامۆش بوو. شەو کە هاتەوە هەرا و هوریایەکی ساز کرد مەگەر خوا بزانێت. پرسیاری لە کچەکەم کرد، کچەکەشم لە هەمووشت بێ خەبەر... هەتا توانی لێیدام. خۆت دەزانی کاتژمێر ٩ی شەو لەبەر دەرگای ماڵەوە چ بکەم، نەمدەزانی چ بکەم. ئەو پیاوەی کە دراوسێمان بوو لە بەرامبەرمدا وەستابوو. دەستم کرد بە گریان.

وتی: خاتوون چ بووە. بۆ ئەوەی خۆی لە هیچ شتێک هەڵنەقورتێنێت دەرگاکەی کردەوە و ماڵئاوایی کرد.

دیسان تووشی سەرئێشە بووم... دووبارە بێخەوی بەرۆکی گرتووم... هەربۆیە پێم وت: دەتوانی بڕۆی و شەوێکی تر بێیت، چۆنە؟ سکم پێی دەسووتا، بەڵام چ بکەم هیچم لە دەست نەدەهات. تەنها کارێک کە دەمتوانی بۆی بکەم ئەوە بوو، کە رێگە بدەم کە بێتە ناو خەیاڵی منەوە.

-ژنە وتی: ناتەوێت بزانی کە چ بەڵایەک بەسەر مێردەکەم هات؟
-ئێ، چ بوو؟
-کوشتم... ماوەیەکی زۆر بوو لە دڵمدا دەمکوشت هەتا دواتر حەبێکم بۆ کردە ناو چێشتەکەیەوە و تۆڵەی خۆمم لێکردەوە. هیچ کەسیش نەیزانی، هەموو وایانزانی کە دووبارە تووشی نەخۆشی دڵ بووە لەبەر ئەوەی کە هەر جگەرەی دەکێشا. ئەو دوژمنی من بوو.

ژنە دەگریا و بەردەوام ئەم رستەیەی دەوتەوە: ئیتر دڵم بۆی ناسووتێ، هەرچەند مێردەکەی لێیدابوو.

تیشکی مانگ لە پەردەکە تێپەڕیبوو و دابووی لە روخساری و نیوەی روخساری ژنەکەی روون کردبووەوە. بەشێک لە روخساری ژنەکە لە تاریکی دابوو... هێشتا رووداوەکە بەتەواوی بۆم روون نەبوو... چونکە ژنەکە دەیەویست شتێک بشارێتەوە، شتێک کە گرنگتر لە فرمێسکە سەیر و سەمەرەکانی بوو...

لەسەر قەرەوێڵەکە ئەم تەنیشت و ئەو تەنیشتم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو ژنە کەسێکی بکوژە و لەوانەیە زۆر مەترسیدار بێت. ئەگەر لە منیش کەمتەرخەمی ببینێت، پێدەچێت کارێک بکات، هەرچەند خۆی وەک مشکێکی

مردوو نیشان دەدات، بەڵام لەوانەیە هەموو کارێکی لەدەست بێت.

-باشتر وایە مێردەکەم لە خەو هەستێنم و ڕووداوەکەی بۆ باس بکەم، بەڵکو ئەو بتوانێت بەرگری و پاڵپشتیم بکات. مێردەکەم بازووی بەهێز و ئاسنینی هەیە. ئەگەر بزانێت ژنێک بەبێ پرس خۆی کردووە بە ژووری نووستنەکەی ئێمەدا بەدڵنیاییەوە تووڕە دەبێت و دەیکاتە دەرەوە. مێردەکەم دەزانێت چۆن بەرگرییم لێ بکات. ئەو لە نووسینگەی تۆمارکردن کار دەکات و سەری لە یاسا و ماف دەردەچێت، بەڵام چ بڵێم، ئەگەر بپرسێت کام ژن؟ من کە گێل نیم، لەوکاتەی کە ئەم ژنە پێی ناوەتە ناو ژیانی منەوە، مێردەکەم پێم پێ دەکەنێت و پێم دەڵێت باش دەبی گیانەکەم باش دەبی.

ئەگەر ئێستا مێردەکەم لە خەو هەستێنم، دەشێوێ، من خۆم ڕێگەم بەو ژنە داوە بێتە ناو خەیاڵمەوە و هەر خۆشم دەبێت ئەو دەر بکەم. ژنێ مێردەکەی خۆی بکوژێت، دەبێت حەتمەن شێت بێت، بۆیە کاری وای کردووە، چونکە بکوژەکان شێتیان لەگەڵە، ئەویش شێتێکی ئانی و فەوری، یانی لەوانەیە منیش بکوژێ، هەر بەم بیانووەوە بوو کە گوێم لە چیرۆکەکەی نەگرت یان تاوانبارەکەم نەدۆزییەوە، یان چیرۆکەکەم نەنووسی. نازانم... مێشکم کار ناکات. وەکو چۆن کاتێ دەگەم بە کووچە و کۆڵانێکی بنبەست، یان کاتێ کە چیرۆکێک دەنووسم وشەکان لە یەک خاڵدا تەواو دەبێت و دواتر هەرچی هەوڵدەدەم ناتوانم یەک وشە بێنمە سەر کاغەز.

هەڵەم کرد هەڵە... ڕێگەم دا کە پێ بنێتە تایبەتیترین هەرێمی ژیانم... من لەکوێوە دەبێت بزانم کە ئەو ژنە مرۆڤکوژە.

ژنەکە فرمێسکەکانی دەسرێتەوە و دەڵێت: بۆچی بێدەنگ بووی؟ ئەو پیاوێکی زۆر خراپ بوو. کارێکی باشم کرد کە کوشتم ، چارەنووس ئاوا بوو...

-چارەنووس؟

-من گیانی خۆم ڕزگارکردبوو نەدەبوایە ئیتر ئاوا لەگەڵ من بکات. من هیچ کەسێکم نەبوو. نە باوکم بیری لە من دەکردەوە، نە دایکم. منداڵەکانم چ تاوانێکیان هەبوو کە باوکێکی ئاوا خراپیان هەبوو. ئەوان دەبوایە بیانزانیبایە کە من نابێت هەر لێدان بخۆم و کەسێکی کوتەکخۆر نیم.

-کەی ئەو کارەت کرد؟

-چەند مانگێکی دوای ئەو ڕووداوە...

-چۆن هیچ کەس نەیزانی؟

-نەخۆشی دڵی هەبوو، هەندێ جاریش لەبەر بێخەویی حەبی خەوی دەخوارد،

هەموو پێیان وابوو کە بۆ خۆی، خۆی کوشتووە.

-منداڵەکانت دەزانن؟

-نا...

-ئێستا دەڵێی من چ کارێکت بۆ بکەم؟

-هیچ... تەنها تۆزێک دەترسم... شەوان دێتە خەونم... تۆ پەنام دەدەی؟

-من ؟ نا... بگەڕێوە سەر ماڵ و حاڵی خۆت... ئەمانە هەمووی فیکر و خەیاڵی خۆتە... ژنێکی وەک تۆ کە دەتوانێت کارێکی وا بکات، بەدڵنیاییەوە دەتوانێت پێش بە خەو و خەیاڵی خۆی بگرێت...

تۆزێک دەوەستێت و پێدەکەنێت... ئەوەندە پێکەنی ترسام کە ببوورێتەوە و لەسەرخۆ بچێت و کێشەم بۆ بنێتەوە.

-بە چی پێدەکەنیت؟

-هیچ...!! من مێردەکەم نەکوشتووە.. نەخۆشی تەنگەنەفەسی هەبوو، نیوەشەو بردم بۆ نەخۆشخانە... ئێوارەی رۆژی دواتر دڵی لە لێدان کەوت. پزیشکەکان وتیان بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری گیانی لەدەست داوە... بینینی قەڵافەتی من لەکاتی مردنی مێردەکەم زۆر سەیر بوو.

-بەس بۆ درۆت لەگەڵ کردم؟

-پێت دەڵێم... ئەو شتانەی کە ناتوانم ببم، پێت دەڵێم...

-ئیتر چ درۆیەکی دیکەت کرد؟

-هیچ...

-برۆ ئیتر دەمەوێت بخەوم. بەیانی دەچم بۆ قوتابخانە. لەناو پۆلدا دەبێت مێشکم لەجێی خۆی بێت و تەرکیزم هەبێت.

لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دادەنیشێت و بە ئارامی دەست بە قاچمدا دێنێ. قاچم کۆدەکەمەوە و بە تەشەرەوە پێی دەڵێم: تکایە برۆ دەمەوێت بخەوم.

-ماڵەکەت لێرەوە دوورە؟

-بەڵێ، زۆر دوورە... نزیک مانگە... لە ناوەڕاستی ئاسماندایە...

-چی...؟ گاڵتە مەکە برۆ گەرەکمە بخەوم.

-چاوەکانم لەسەر یەک دادەنێم و هەوڵدەدەم کە بوونی ئەو ژنە لەبەرچاو نەگرم. دەرگای ژوورەکە دادەخرێت و دەڕوات، بەڵام دەزانم سبەی شەو دووبارە دەگەڕێتەوە.

-بەیانی لە کاتێکدا وەخەبەر هاتم کە مێردەکەم تەکانی دەدام... هەستە هەستە... مێردەکەم زۆر زوو لە خەو هەستابوو، نان و چای بەیانی ئامادە

کردبوو... دڵم زۆر بە خێرایی کەوتبووە لێدان... دەستی مێردەکەم دەگرم و لەسەر قەرەوێڵەکە هەڵدەستم...

-خانمەکەم وەدرەنگ کەوتووی!

-دەزانم...

راکە راکە... درەنگە... بەسەر و سیمایەکەوە کە زۆریش رێکوپێک نییە، سواری پاسی تایبەت بە مامۆستاکان دەبم...

سەرمای زستان بووەتە هۆی ئەوەی کە فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس بێت (کۆببێتەوە)... دەڵێن زەوی گەرم بووە، بەڵام هێشتا من هەر لە سەرما بێزارم... لە تەنیشت مامۆستایەک دادەنیشم کە چەند ساڵێکە پێکەوە ئەو رێگایە دەبڕین و پێیدا هاتوچۆ دەکەین... ئەو کورسییەی کە مامۆستاکەی لەسەر دانیشتووە، تێک تەپیوە، بەر چاوی مامۆستا چرچ و لۆچی تێکەوتووە... وەرەقەکانی تاقیکردنەوە لەسەر جانتاکەی داناوە و باسی پیسبوونی کەشوهەوا دەکات...

سەرم ئەوەندە دێشێت خەریکە بتەقێت. پێموایە تووشی نەخۆشی هەوکردنی لوت بووم، یان رەنگە تووشی نەخۆشی سەرئێشە بووبم...

ئەو ژنەی کە دەبێت لەبارەیەوە بنووسم، ژنێکی زۆر سەیر و سەمەرە دیارە...

یانی ئەو شتانەی کە وتی هەمووی راستە؟

لەکاتی وانەوتنەوە لەناو پۆلدا خەیاڵم دەڕۆیشت و تاقەتم نەمابوو... دووبارە لەڕوو خوێندنەوەی وانەی نوێ و ماناکردنی چەند وشەیەک... هەروەها سەعی نەکردنی چەند قوتابییەکی تر... وانەی یەکەم زوو تەواو بوو... بەڵام وانەی ناوەڕاست یان وانەی( سێیەم) هەمیشە زۆر دەخایەنێت و کاتێکی زۆری دەوێت... لە زمانی عەرەبی و رێزمانەکەی بێزارم... لەناو پۆلەکەدا کاتێک کە سەیری حەوشەم دەکرد، ژنەکەم بینی، هەر وەکو مامۆستای وەرزش هاتبوو فیکەیەکی لە مل کردبوو... لە جێی خۆم هەستام هەتا پێی بڵێم کە لێرە چی دەکەیت؟ کە لام کردووە، سەیرم کرد هەموو قوتابییەکان سەیری پەنجەرەکەیان دەکرد. لەسەر شوێنەکەی خۆم دانیشتمەوە و سەیری کچەکانم کرد و وتم ئەوە سەیری کوێ دەکەن؟

بە ئارامی و لەسەرخۆ بەبێ ئەوەی کچەکان تێبگەن، سەیری ئەو ژنە شەیتانەم دەکرد، بەڵام لەو شوێنە نەبوو... رۆیشتبوو... بەڵام بۆ کوێ؟ نازانم... سێبەرێک خۆی خستبووە سەر مێزی پۆلەکە... ژنەکە دەستێکی خستە سەر شانم و بە دەستەکەی تر وتی: وست... س... س... هەموو ناوچاوانم بوو بە ئارەق... لەبەرخۆمەوە پێم وت: تۆ لێرە چی دەکەیت؟ ژنەکە وتی: وست... رۆیشت

لەدوای هەموو قوتابییەکانی ناو پۆلەکە راوەستا... تەنها خوا دەزانێت هەتا وانەی سێیەم تەواوبوو چی بەسەر من هات... یەکسەر چووم بۆ توالێتی مامۆستایان و دەرگاکەم لەسەر خۆم قەپات کرد و لەبەردەم ئاوێنەکە راوەستام و سەیری خۆم کرد. دیتم لە پشت سەرم راوەستاوە...

-وتم: بۆچی هاتووی؟

-وتی: هەستم بە تەنیایی دەکرد!

-وتم: درۆ دەکەی...

-وتی: کچەکەم لە پۆلی ٩-یە . هاتم قوتابخانەکەی تۆ ببینم دەمەوێت ساڵێکی تر کچەکەم بێنمە ئەم قوتابخانەیە.

-کە ئاوا...

-نیگەران مەبە من زوو دەڕۆم.

-ئیتر حەز ناکەم بتبینم...

-بۆچی قسەی حەللەق و مەللەق دەکەیت؟

-نە شەو و نە هیچ کاتێکی تر...

-ئێمە دۆست و هاوڕێین...

-نا... بڕۆ... ئیتر خەریکە کاتی من دەگری... هەر بەڕاستی لێت بێزارم... تێدەگەی؟

-من خۆشم دەوێیت...

-من خۆشم ناوێیت و بڕۆ و ئیتر قەت حەز ناکەم بگەڕێیتەوە... تێگەیشتی؟

-باشە... دەڕۆم... بەڵام دواتر پەشیمان دەبیتەوە...

-بڕۆ هەتا لێم نەداوی... بڕۆ... تێگەیشتی؟

کلیلەکە دەخەمە ناو قفڵکە... پشتی تێدەکەم... دەچمە ژووی مامۆستایان... هەموو شتەکان ئاسایین... ئاکار و رەفتاری مامۆستاکان وەک هەمیشە ئاساییە... هیچ کەسێ لە پشت سەرمەوە نییە. چایەکی گەرم دەخۆمەوە و هەوڵدەدەم مێشکی خۆم ساف کەم و تەرکیز بکەم. بەدەست خۆمە، خۆم وام کرد کە ئەو ژنە بێتە ناو دونیای خەیاڵی منەوە و هەر خۆشم دەبێت رێگریی لێ بکەم و دەریکەم لە خەیاڵی خۆم... هەتا کاتژمێر ٥ی ئێوارێ کە کارەکەم تەواو دەبێت هەر دانەکانی خۆم دەخەمە سەر یەک و پیش دەخۆمەوە... کاتێ کە دەچمەوە ماڵەوە لەسەر قەرەوێڵەکەم پاڵ دەکەوم و خەوم لێدەکەوێت. دانەکانم ئازاریان هەیە، لە خەونمدا ژنەکە دەبینم کە چەند حەبێک دەکاتە ناو چێشتەکەمەوە، بە من پێدەکەنێت... لە خەو رادەچەنم، دەرگای ژوورەکەم دەکرێتەوە، سێبەرێک بەسەر

فەرشی ژوورەکەمدا دەردەکەوێت، مێردەکەمە... قاپێک چێشتی لەسەر سینییەک داناوە و بەرەو رووم دێت...

-برسیت نییە؟

-نا... تۆ کەی هاتییەوە؟

-کاتژمێر ٩...

-دیسان خەوم لێکەوتبوو...

-گوێت لە دەنگەدەنگ و هاتوهاوار نەبوو؟ دیسان ئەو کابرایە لە ژنەکەی دەدا... سەرسەری!

-کێ؟


-هیچ کەس... ئەو پیاوەی دراوسێمان...

-چراکە بکوژێنەوە... خەوم دێت.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی ئەدەبی پیادەرو.

www.piadero.ir



# هەڵەبجە

شیعری: خەزعەل ئەلماجدی
و. موکەڕەم رەشید تاڵەبانی

بەیانی چزەی لێ هەستاندم
هاوارم دەکرد و ئێسکەکانم بە بنمیچەکەوە بەسترابوونەوە
مەنجەڵە هەڵواسراوەکانی قەد چیاکان دەسووتان
بۆنکرووزیان لێ بڵند دەبووەوە
هەوای گوندەکانی کوردەکان دەگۆڕان و دەبوونە هەوری زەرد
بۆنی سێو بە ناوکێکی رەشەوە
پەنجەی ئاسنین سەرلەنوێ برۆکانی دەکێشایەوە
لێوەکانی وێنە دەکێشا
زارەکانی دەکردەوە
چەند قەلەڕەشکەیەک بە قەوارەی گەرد و تۆز بە بەرزایی ئاسمانەوە دەخولانەوە
گوڵەکان بە چیاکانەوە سیس داگەڕان و هەتاویش مووچڕکەی بە لەشدا هات
لە بەیانی بە دەزووی ژەهر کۆت کراو
داربەڕووەکان بۆگەن دەبوون و
دەبوونە پشکۆ

**تینوویەتی ڕێبەرم بوو**
**داڵەکانیان هەڵدەگرت و گوندەکانیان دەپشکنی**
**نەبەردیی مرۆڤی سووکایەتی پێکراو دەخوێنمەوە**
**سڕینەوە و ڕاڤەکردنی بۆ تاوێر و خۆڵەمێش دەخوێنمەوە**
**ملهوڕییەکەی دەلاوێنمەوە**
**ئارەزووەکان دەلاوێنمەوە کە لە سەرووی کاجیرەکان ڕواون**
**چۆن ئەو مێرووە ڕەشانەی کونەکانی زمانم بیر دەچێتەوە**
**کە دەیانەوێت لە ڕووداوەکانی دەوروبەرم بێ ئاگە بکەن**
**بەیانی هێشتە لە بنەوەی شووشە بەتاڵەکەی بۆنەکەدا ڕاوەستاوە**
**گوڵە تۆلیبی زەرد بەسەر ماڵ و بەسەر چیاکاندا شۆڕ دەبێتەوە**
**پیرەمێردێک بەلای حەشاماتەکەدا تێپەڕی هەمووی بینی نووستبوون**
**دەرکی کرد کە ئاسمان شتێکی شاردووەتەوە**
**گوتم کە چی دی مەدوێ**
**زمانت لەکار کەوتووە و ئاگریش زاری شەق شەق کردوویت**
**چۆن ئەم تەرتیلانە لەسەر خۆڵ ڕاکشاون؟**
**چۆن مەرەکەب بەم شێوەیە لای بردوون؟**
**شاردنەوەی داوەکان لە جۆگەکان**
**لوورەی نهێنی تەخت و تاراجەکان لێرەدایە**
**گوتم: وەرە لەگەڵم بۆ ئەم تەرمانەی لەو چۆڵەوانییە فڕێدراون و**
**لەگەڵمدا لەسەرخۆ بە سینگی خۆتیانەوە بنووسێنە**
**دەست بەسەر کونەکانی هەوای سەریاندا بهێنە**
**دەست بە گوڵە وشکبووەوەکانی سەریاندا بهێنە**
**دەست بەسەر شمشاڵە شاراوەکاندا بهێنە کە ئاوازیان بۆ دەژەنن**
**ئایە گورگەکانی ناخمان پاڵیان بەیەکدییەوە نا**
**کاتێک ڕێگەمان بەرەو لای ئەوان بۆ واڵا کردن؟**
**کێ وای گوت؟**
**بۆچی خۆم لە بەردەکەم دوورەپەرێز دەگرم؟**
**شمشاڵەکە بە گەردنمەوە بەستراوەتەوە**
**پتر لە پێویست سروودی بیابانی خۆمم ژەند**
**دەبوو بێدەنگ بم**
**ئاوێنەگەلی چیا دەرکەوتن گۆرانییەکەی خۆمیان پێ پیشاندام**

ماچێک و زارێکی مردوو
منارەیەک و بانگدانێک خوێنی لێ دەچۆڕێت
ئەوانەی لە چیا چۆن ڕێگەی خۆیان بزرکرد
خۆڵەمێش یاریی پێ کردن و شاردنییەوە
شەو سروەی نییە
لەسەر ئەم تەختە بەردینانە ئێوارە نییە
سێبەرێکی فێنک چوون ئێسکی شەراب نزیک ڕەزە ترێکان
سێبەرێکی نەخۆش بە ماڵی کورداندا هەڵدەزنێت
هاوار و گریانیان چاوی ئاسمان تەڕ دەکات
بەڕووتی بەرانبەر بە چیاکان رادەوەستم
بە هەر دە پەنجەکانم ئاماژە بە ئێسکەکانی بەرەبەیان دەکەم
چوون بیابان سپی دەچنەوە
گوڵەکەم کەوتە خوارەوە کاتێک ئاوم لە کانییەکی سارد دەخواردەوە
قسە کەوتە خوارەوە کە بە ڕێگەوە بەرەو شێتی دەچوو
ڕۆژێکی سەیر بوو شمشێرەکان تاڵانیان کرد
خۆڵەمێش چواردەوری دڵی دام و لەسەرخۆ بە دیلی گرتم
کەواتە ئەمە یەکەمین خورافەیە!
گورگەکان بە ئێسکەکانماندا ڕۆدەچن و
چەپکەکانی دۆزەخیش
لە ئاسنی گەڵاکانیاندا دەمانخۆن
مردووەکان بەم شێوەیە ئاخفین
بەم شێوەیە ڕێگەکەمان بەرەو لای ئەوان بزرکرد
کاتێک دووبارە لە کتێبەکانماندا ناشتماننەوە
ئەم مێژووە چ گۆڕستانێکی گەورەیە
گۆڕەپانی مردنە... کەنار و دەریاشیەتی
چامە و شۆڕەسوار و ئەسپەکانیشییەتی
ئەو مردووانەی هێشتە دەنووزێن
بەبێدەنگیی بەردی ڕۆژگارمان دەکۆڵن
پاش هەموو ئەوەی ڕووی دا وێنەی ئەڤین کەوتە ناو ئاگرەوە.
بابە...
من لە هەمووتان دەترسم

**منکوڵ لەو دڕندەیەی ناخمان دەگرم**
**دەبینم بە پێداهەڵدان و گۆرانی شادە**
**چۆن رایبگرم کە بە جامەکانی ئێمە سەرخۆشە؟**
**بابە...**
**ئەستێرەکان دەرکەوتن خەڵتانی خوێن بوون**
**ئەگەر لقی کات کەمێک دڵنەرم دەبوو**
**ئەگەر ئێستە کۆترەکانی تێپەڕن**
**ئەگەر تاڤگەی گەلی عەلی بەگ بمشواتەوە**
**ئەگەر کانییەکان لە چیاکان و لە ناخمدا هەڵقوڵن**
**ئەوە مردووەکانم بە بنارەکانیانەوە لە ئامێز دەگرت و**
**یەک یەک ماچم دەکردن**
**بەڵام برینپێچەکەم درێژە و**
**تێلەکانم بەسەر دەست و بەسەر زمانمەوە تێکئالاون**
**بروسەکەکان جێیان هێشتم سەرگەردان بم**
**گیانلەبرەکانم وازیان لێ هێنام پاڵەپەستۆم بێت**
**تۆ بڵێیت ئەوە شێتی بێت؟**
**ئایە دڕک بوو؟**
**بابە...**
**کەی لە ترس بێدار دەبمەوە**
**کەی پێپلەیەک بەرەو ئاسمان رادەکێشم و پێی دەڵێم:**
**وەرە دابەزە سەر زەوی و**
**مرۆڤەکانت زیندوو بکەوە و**
**دەستت درێژ بکە و لەئامێزیان بگرە.**

**سەرچاوە:**

دیوانی (أحزان السنه العراقیه)، دار الغاوون، بیروت، ٢٠١١، ل(١٦٨-١٧٢).



# بۆ هەڵەبجە

عەلی رەسوڵی (ئەندرێ)


و. لە فارسییەوە: ئازاد نەجم

لەسەر خاکی ئەم دەڤەرە
بووکەڵە دارینەکان
هاوکات لەگەڵ بسکی ئاڵۆزی کچاندا
خنکان
کەسێ زریکەیانی روو بە مێژوو نەکردە هاوار
کەسێ جلوبەرگە سپییەکانیانی نەکردە دیاری بۆ سنوورەکان.

لەسەر خاکی ئەم دەڤەرە
دایکێک لەگەڵ شکۆفەکانی بەهاردا
لایلایەی مەرگی چڕی
دایکێک بە شەقشەقەی منداڵانەوە
بەدوای هاوارێکی میهرەبانانەدا وێڵ بوو
کەسێ جلوبەرگە رەشەکانیانی بە با نەسپارد.

**لەسەر خاکی ئەم دەڤەرە**
**بەهار بۆ هەمیشە بۆنی بە مەرگەوە کرد**
**گوڵە حاجیلەکان لەنێو تابووتی مەرگا نووستن**
**پێدەشتەکان قردێلەی رەشیان لە قژیان دا**
**کەسێ بۆ مەرگی سەوزایی ورتەی لێوە نەهات**
**کەسێ بۆ مەرگیان هاوارێکی نەکرد**
**کەسێ بۆ لێوانی مردووی منداڵان**
**هەناسەیەکی تازەی دەسنەکەوت.**

**لەسەر خاکی ئەم دەڤەرە**
**بەڵێ لەسەر خاکی ئەم دەڤەرە**
**منداڵان لە بووکەڵە دارینەکان دەترسێن**
**لە شەوق و شادی بەهار دەترسێن**
**ئیدی دایکان لە بەهار دووگیان نابن**
**بەهار لە خونچەکانی خۆی دەترسێ**
**من و سەرجەم شەقشەقەکانیش**
**لە سپێدەیەکی مەرگبار دەترسێین.**



**سەرچاوە:**
http://www.azadi-b.com/J/201303//post_129.html



# ئەويندارانه

جۆنياو*

و. له ئينگليزييەوه: هێرش سەعيد

(١)
چی بکەم، دنيايەک خەونم پێوه بينيوی
چی بکەم، دەڵێی له ئاسماندا ونم.
چی بکەم، که ئێستا گشت دەرگا و پەنجەرەکان
والان

ئەمەت بەگوێدا دەچرپێنم
وەک ئەوەی رەشنووسێک بێت

شتێکه بەخێرايی
لەسەر دەستەسڕێک نووسيومه
دنيايەک خەونم پێوه بينيوی


کاتم نەماوه بۆ نووسين
کاتێک نەماوه له کاتژمێری هەتاوی

بۆ کەوتنە خوارەوەی سێبەرەکەم
بۆ سەر زەوی
هەردەڵێی لە ئاسماندا ونم

(٢)
چی بکەم، ئەو هەموو ساڵە قسەمان کرد و
من ترسام لەوەی زیاتر بخوازم

چی بکەم، کە ئەم کاژێرانەی ئێستا
نە هی تۆ بن، نە هی من

هەر دەڵێی لە ئاسماندا ونم
چی بکەم، کە ئێستا وشەم بۆ نایەت
لەم کاتەدا کە قژت هی منە



ئەمێستا کاتم نییە بۆ خەوتن
ئەمێستا ناوت بەس نییە بۆ من

(٣)
چی بکەم، گەر نەیزەکێکی سوور
زەوی بەخەبەر بێنێ و
رەنگی تالانی لەنێو هەوابێ

ئێستا ئەو هەموو خەونەم پێتەوە دیوە
لێوەکانم دەڵێی هەورن

بەسەر سێبەری کەسێکی نوستوودا دەڕۆن
ئێستاکە مانگ مەفتوونی دیوارێکە

من چی بکەم، گەر یەکێکمان لەسەر زەوی راکشابێ و

ئەویترمان لەناو ئاسماندا ون بێ

(٤)
چی بکەم، گەر لەناو ئەو تۆف و چەخماخەیەدا
ونبووبم کە دەوری تۆیان داوە

ئێستا چی بکەم، کە فرمێسکم
بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان

هەر بۆئەوەی جارێکی تر
بکەوێتەوە ناو دەریا

ئێستا چی بکەم، کە ئەم لاپەڕەیە تەڕبێ و
ئەم پێنووسەش خاڵیی بێ

(٥)
چی بکەم، ئێستاکە ئاسمان
دەرگای ئاسنینی داخستووە و

بە پشتی مانگەوە هەوری شەتەکداوە
کە ئێستاکە (با) سەرنجی زەریای راکێشاوە

کە ئێستا نەیزەکی سوور کەوتۆتە ناو دەریاچەکە
کە ئێستا من بێدارم و تۆش کتێبەکەت داخستووە

(٦)
ئێستاکە ئاسمان سەوزە و
هەوا سوورە بە باران

هەرگیز لە سێبەری هەرەمەکاندا نەوەستام
هەرگیز لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر نەچووم

بەشوێن ئەو پارچانەی کە لە سەردەمێکی تردا
کەوتوونەتە سەر زەوی

چی بکەم، کە ئێستا خۆمان کێشاوە
بە ئاسمانێکی ساف و بێ هەورا و
لەبنی هەزار دەریاچەوە بزیسکە هەڵدەگیرسێ

(٧)
لەلای کەسانێک، ئاسمانی زستان
قۆخێکی شینە
جمەی دێ لە کرم و
هەورەکانیش بە شیری ترش چڕدەبنەوە

چی بکەم، کە ئێستا دەریای رەشی قورس
وا خرۆشاوە

ئێستا کە نیازم نییە خۆڵی قەرزکردووم
بگێڕمەوە بۆ پەپوولەکان
ئەوانەی کە وا باڵیان هەڵژەنراوە لە ئاردی زەرد

(٨)
چی بکەم، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم
بۆ ئاسودەیی ئەبێ زەمینەساز بێ

چی بکەم، کە مشتومڕم
لەگەڵ جیهانی گوێڕایەڵدا کرد
کە وتم زمان دزە دەکات بۆ ناو دیوارەکانی خۆی

چی بکەم، کە ئێستا ملوانکەی
هەنگێکی رەقهەڵگەڕاوم بۆ ناردوویت و

ئەمێستاش دەمەوێ وەک ملوانکە
گوڵەکان بکەم بەو مۆمە سوورانەی
کە لە خۆرەوە دەڕژێن

(٩)
ئەمێستا من چی بکەم، کە هەموو تەمەنم
لە خوێندنەوەی فیزیای ماڵئاواییدا بەڕێکرد

هەموو خێرایی و گەردی شەپۆلان
بەناو گەڕانەوەی دووکەرتبوونی ئەم ساتەدا
گوزەر دەکەن

من ئێستا دەبێ ئەم کەمانچەیە بدەمە دەستی
زمانی رەشی کەف چڕی دەریا

بەفرانبار هاتووە و
منیش وا ئێستا ئاهەنگی ژیانێکی
تەواو جیاواز دەگێڕم

(١٠)
ئێستاکە مێژوو حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی
شەوی دزیوە

ئێستاکە ئاسمان بێ سەروشوێنە و
ئەستێرەکان خزاونەتە ناو کتێبێکەوە

ئێستاکە مانگ قوڵپ دەدات
وەک ئەو خوێنەی کە تێیدا مەلە دەکات

**ئێستا هیچ شکۆفەیەک نەماوە**
**بۆ لکاندن بە ئاسمانەوە**

**چی بکەم، کە هیچ شتێکم دانەهێناوە و**
**دنیایەک خەونم پێوە بینیوی**

**سەرم سوڕما لە دۆزینەوەی**
**ئەو شوێن چنگانەی کە بەر لە ئێمە**
**لەسەر ئەم خاکە سووتاوە جێمابوون**

* جۆنیاو، شاعیر و رەخنەگرێکی ئەمریکییە. لە ساڵی (١٩٥٠) لە شاری لین لە ویلایەتی ماساچوست لەدایکبووە، کەمێک دوای ئەوەی کە دایک و باوکی شەنگەهایان بەجێهێشت. دەرچووی کۆلێژی باردەو لەگەڵ جۆنئاشبێری لە کۆلێژی برۆکلین خوێندوویەتی. رەخنەگرێکی هونەریی کارامەیە، کتێبی لەسەر ئاندیڤور هۆلو یاسپێرزجۆنز نووسیوە. هەروەها لە پرۆژە موڵتیمیدیاکاندا هاوکاریی هونەرمەندانێکی وەک ئارچیپڕاندی کردووە. ئەو دەڵێت "هەندێجار رێ دەدەم کە مۆسیقا شوێنی شیعر بگرێتەوە". هەروەها دەڵێت: کاتێک کە دەنووسم، بە تەنگی رستەی دواترەوە نیم. زیاد لە ٥٠ کتێبی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و رەخنەی ئەدەبیی بڵاوکردووەتەوە.

**سەرچاوە:**
http://bostonreview.net/BR23.6/yau.html

# هونەر

- نیگارکێش (ناشاد) هونەرمەندی میللی خۆڕسک | ستار قادر
- دەربارەی هونەر (لە وەڵامی ئاندرێ دێپرێدا) | و. هاوڕێ یوسفی
- فیلینی دەربارەی فیلمەکەی «شاری ژنان» دەدوێت | و. دلێر محەمەد
- ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەریی یۆهان سباستیان باخ | فەرمان عەلی نوری
- پیاف تراژیدیایەکی جوان | هەنار ئەلسراج

# نیگارکێش (ناشاد)
# هونەرمەندی میللی خۆڕسک




ستار قادر

**بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار**
**وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا**
**((گۆران))**

کەمن ئەو هونەرمەندانەی کە بەبێ ئەوەی نە ئۆستادێک دەستیان بگرێت، نە لە مەکتەبێکی هونەریی خوێندبێتیان، لە وێنەی حەمەناشاد، کە جێدەستیان بەسەر زۆربەی دیوار و پلێتی پێشانگە و دوکانەکاندا دیار بێت و خاوەن تایپێکی هونەری تایبەتمەندبن بە خۆیان و زۆربەی زۆری بینەران چێژ لە کارە هونەرییەکانیان وەربگرن و خاوەنی بەرهەمگەلێکی زۆر و پڕ لە هەست و سۆز بن.

یەکێک لە پایەکانی چەشەی هونەریی بینراو بەخششی جوانییەکانی سرووشتە لە هونەری شێوەکاریدا و لە پۆلێنەکانیدا (دیمەنە سرووشتییەکان / لاندسکەیپ Landscape)) کە لەلای ئێمە بە-مەنزەرە- ناوزەدکراوە رووبەرێکی ئێجگار بەرفراوانی داگیرکردووە، گەر ئاوڕێک لە مێژووەکەی بدەینەوە، هەر لە

هونەری میسری کۆن و هونەری چینییەوە سەرچاوە دەگرن تاکو لە سەدەی بوژاندنەوەدا پێشکەوتنێکی بەرچاو و تایبەتمەندی بەخۆوە بینی. سەرەتا لە شێوەی باکگراوندی بابەت و پۆرترێتەکاندا رۆڵێکی زۆری دەبینی هەتا لە سەدەی نۆزدەدا و لەسەر دەستی هونەرمەندە ئیمپرشنەکاندا- الفنانون الانطباعية- مەنزەرە بووە بابەتێکی سەرەکی و گرنگی ئیشکردنەکانیان. لە رووبەری هونەری شێوەکاری کوردیشدا و هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم هونەرەوە بابەتی لاندسکەیپ خولیای زۆرێک لە هونەرمەندانی پێشڕەوماندا وەک کارەکانی حەسەن فەلاح، جەمال بەختیار، دانیال قەساب و هەتا دەگاتە لای ئازاد شەوقی کە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەم هونەرەدا خولقاند... دواتر ئەم جۆرە هونەری شێوەکارییەمان لەلای هونەرمەندە خۆڕسک و میللییەکان بەوپەڕی رەسەنێتی و تایبەتمەندەوە لە دەرەوەی سەرجەم رێسا ئەکادیمییەکان بە چەندان شاکاری تابلۆیی دیمەنە سرووشتییەکانی بەرهەمهێناوە، هونەرمەند محەمەد ناشاد بە یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە بە دەست و پەنجە و فڵچە بەبرشتەکەیەوە چەندان لادیوار و لافیتەی دوکان و پێشانگەکانی بە دیمەنە سرووشتییە سەرسامکەرەکان رازاندووەتەوە، هونەری دیمەنە سرووشتییەکان لەلای ناشاد بەوپەڕی سادەییەوە، بەڵام پڕ لە رەهەندی قوڵ لە رووی رەنگ و دیمەنەکان و مەودای سێ و پێرسپێکتیڤ بەرهەمی ناوازەی خولقاندووە، ئەوەی جێی قسەکردنە لە هونەری ناشاددا ئاوێتەبوونی ئەو رۆحە



کوردییەیە لە تابلۆکانیدا کە بەبێ هیچ ڕێگرییەک تاکی کوردی ئاوێتەی دیمەنەکان دەکات و گەشتێکی ئیستاتیکی بێ پچڕان دەکات بە نێو کەژ و کێو و ڕێگەوبان و شاخ و داخە سەرسامکەرەکانی نێو تابلۆکانی. هەموو ئەم بەهایانەی کە وەها لە بینەران دەکات کە بەو شێوەیە وەرگرانی و بینەرانی تابلۆکانی قبوڵ دەکرێن، دەگەڕێتەوە بۆ جیابوونەوەی هەستی ئیستاتیکی و ئەزموونی وێنەکێشان لەلای بەهرە و ئەزموونی ناشاد. زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە لەعەشقی و سەرسوڕمانمانەوە لە تابلۆ دیمەنە سرووشتییەکانی ناشادەوە چوونەتە نێو هونەری شێوەکاریی، کەمیش نین ئەو هونەرمەندانەی کە لە ڕێگەی ستایلی میللی لە دیمەنی سرووشتی کوردستانەوە عاشق بوون بە تابلۆکانی ناشاد. یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی کە وەهای کردووە کە هونەری ناشاد لە تایپی لاندسکەیپدا ئاستێکی باڵا بەخۆوە ببینێت، ئەو شێوازە تایبەتمەندەیە کە لە سەرەتاوە ناشاد دونیایەکی ڕەنگدانەوەی دیمەنی سرووشتی کوردستانی پێ خوڵقاندووە، بە ڕەنگ و کەرەسە جیاجیاکان ئەم تایبەتمەندییەشی بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناشادی هونەرمەند بەبێ کاریگەری هیچکام لە هونەری ڕۆژئاوایی و ستایلێکی تایبەتمەند بە خۆی لە چاو هونەرمەندانی کورد، ئەویش بەوپەڕی سادەیی و هەڵبژاردنی دیدە نیگای تایبەتمەند لەگەڵ گونجانن و ڕازاندنەوەی ئەو ڕووبەرەی کە دیمەنە سرووشتییەکانی لەسەر نەخشاندووە، ئەمە بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر هیچ یەکێک لەو هونەرمەندە میللییانەی تری میللەتانی دونیا، یەکێکی دی لە جوداکاری و خاسییەتی تایبەتمەند لە تابلۆکانی ناشاد دەگەڕێتەوە بۆ کەرەسەی زۆر سادە، کە شاکاری زۆر سەرسامکەرانەی پێدەخوڵقێنێت، ئەمە بۆخۆی سەلیقەیەکی گەورەیە لە بەهرەو ئەزموونی ئەم هونەرمەندە، بۆیە کەم شوێن لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەیە دەستی بە بڕشتی ڕازاندنەوەکانی ئەم هونەرمەندەی بەر نەکەوتبێت، هەر ئەم فاکتەرانەیە کە وەهای کردووە بینەرانی ئاست جیاجیا چێژ لە کارەکانی هونەرمەند وەردەگرن و ئارامی و هێوری بە چاو و هزری بینەران دەبەخشن. گەر لە دیدگایەکی ترەوە بڕوانینە ئەم دیاردەی هونەرە میللییەی هونەرمەند ناشاد، ئەوا دەکرێت بڵێین زۆرێک لە هونەرمەندانی ئەم ڕێڕەوە لە وێنەکێشانی دیمەنە سرووشتییەکان وەک لەلای ئینتیباعییەکان کە لەپێناو شرۆڤەی ڕەنگ دیمەنی سرووشتیان کردووەتە مەبەست، هەروەک لەلای هونەرمەندانی سەدەی بوژاندنەوە بە مەبەستی باکگراوند و پڕکردنەوەی بۆشایی دواوەی پۆرترێت و بابەتەکان کردوویانەتە بابەت و ئامانج، بەڵام لەلای ناشاد دیمەنی سرووشتی لەپێناو

ئیستاتیکی سرووشته و بەسەربەخۆیی ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشانە دەدۆزێتەوە و ئیشی لەسەر دەکات، تەنها و تەنها لەپێناو بەخششی جوانی پەتییە لە دیمەنە سرووشتییەکان، ئەویش بەوپەڕی سادەیی و ریالیزمییەک کە تەنها تایبەتمەندن بە دۆزینەوەی دیمەنەکانی خودی ناشاد خۆی، لەڕووی تەکنیکی و گەر لە رووی حرفەی وێنەکێشانەوە بدوێین، ئەوا هەر لە تابلۆ و دیواربەندییەکانی ناشادەوە ئەوە بەڕوونی دەخرێتە روو کە لە رووی پانتاییەوە و پڕکردنەوە بە فڵچەی گەورە و بە جۆرە رەنگێک کە تا ئەوپەڕی سادەیی وێنەی ئاسمان، یاخود شاخ و داخی هەزار بە هەزار ئەو درەختانەی ئاسمانیان گرتووەتە باوەش. هەروەها لە رووی جورئەت و سەلیقەی گرتنەوە و لێدانە فڵچەییەکانەوە ناشاد ئازادانە و بەوپەڕی ئازادییەوە تابلۆکان دەنەخشێنێت.

هەر لەپاڵ ئەو تایبەتمەندیی و پسپۆڕییەوە کە ناشاد لە لاندسکەیپدا جێدەستی بە روونی و ئاشکراییەوە دیارە، ئەوا لە رووی دەربڕینە بابەتییەکاندا، بەتایبەتی دەرخستنی لایەنی ژیانی خەڵکی هەژار و چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بە بەردەوامی بەخششی ئەم جۆرە تایپەشی هەبووە، زۆرێک لەو تابلۆیانەی کە حەمە ناشاد گوزارشتی لێکردوون، چەندین کۆپییان لێ گیراوەتەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوونەتەوە، لایەنێکی تری هونەری دەوڵەمەندی نیگارکێشانی ناشاد دەگەڕێتەوە بۆ سانایی لێتێگەیشتن و کەوتنە دیالۆگ لەگەڵ بینەرانی، ئەویش بەهۆی ژیانی راستەقینەیی لەگەڵ بابەتەکەی و حاڵەتی ویژدانی هونەرمەند لەگەڵ دەربڕینە ئیستاتیکییەکەیدا، بۆیە بە وێنەی جوانی و باڵانمای دیمەنە سرووشتییەکان بە سادەییەوە و بێ گرێ و گۆڵ بابەتی دەرخستنی ژیانی چینی هەژار بە تابلۆ بەوپەڕی راستگۆییەوە یەکێکی ترە لە ئەرکە هونەرییەکەی هونەرمەند، بەدەر لەم دوو رووبەرە هونەرمەند هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە لە ئاست دەرخستنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد درێغی نەکردووە، هەروەک ئەوەی کە چەندان تابلۆی پۆرترێتی ناوازەی بۆ هەریەک لە هونەرمەندانی کوردی وەک حەسەن زیرەک، هەروەها مەولەوی شاعیر و چەندان لە کەسایەتی مەزنی کوردی تر وەک قازی محەمەد، نەجمەدین مەلا و... هتد کێشاوە. لە کۆتایی ئەم چاوپێداخشاندنە بە هونەری ناشاددا، هەر ئەوەندە ماوە بڵێین لەگەڵ باری ناهەمواری ژیان لێرە بۆ هونەرمەند و نەژیان بە هونەرەکەی، حەمە ناشادی هونەرمەند کەمتەرخەمی نەکردووە لە بەخششی هونەرییدا. هەتا ئێستاش بەوپەڕی لە خۆبووردنەوە و بەبێ گوێدان بەوەی کە هونەر بۆ ئەو هیچ بکات، کەچی ناشاد بەدەر لە رووبەرێک چەندین کەلێنی لە

هونەری کوردیدا پڕکردووەتەوە.

لێرە بەدواوە دێینە سەر هەڵوێست و ژیانی کەسیی هونەرمەند کە کەم تا زۆر پەیوەستدارە بە ژیانە هونەرییەکەی هونەرمەندەوە، هونەرمەند هەر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە بەوپەڕی ئازایی و چاونەترسییەوە ئەوەی بۆی کرابێت لە خزمەت بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەیدا بووە، سەدان و هەزاران کاری خۆشنووسی و پۆستەراتی لە کاروانی رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە داپڵۆسینەرەکەی گەلەکەی ئەنجامداوە. کاتێکیش کە لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی لە هەردوو بزووتنەوەی حەفتاکان و دوای نسکۆدا بەشداربووە شانبەشانی هێزە چەکدارەکان رووبەڕووبووەتەوە. ئەو ساتانەشی کە هیچ دەرفەتێک نەماوە بۆ ژیانکردن لەناو شار و شاخدا لە ساڵانی هەشتادا رێی تاراوگەی گرتووەتە بەر و لە خۆرئاواش بەبێ پسانەوە بەردەوام لە کاری هونەرییدا چالاکانە رۆڵی خۆی گێڕاوە و نمایندەیەکی متەوازعانەی هونەری شێوەکاریی کوردی بووە لە هەریەک لە وڵاتانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بەبێ هونەر هەڵی نەکردووە، هەردەم ئەو بابەتانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، بەخششە هونەرییەکانی ناساندووە بە گەلانی خۆرئاوا، کاتێکیش لە ناوخۆی کوردستاندا هەلی ژیان رەخساوە، گەڕاوەتەوە و ژیانی سەربەستانە و بەختەوەرانەی لەناو گەلەکەیدا بە شیاو زانیوە و بە هەمان نەفسەوە لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی سەرقاڵی رازاندنەوە و دەرخستنی ژیانی چینی نەدار و چەوساوە بووە. ئێستاش سەرباقی تەمەن و سەختی لایەنی تەندروستی بە بەردەوامی و بێ کۆڵدان لە گەیاندنی پەیامەکەیدا هەر لە هەوڵدایە... بێ پشوودان بەردەوامە.

**ژیاننامەی هونەرمەند حەمە ناشاد:**

-ساڵی ١٩٥٢ لە سلێمانی لەدایک بووە.


-ساڵی ١٩٧٠ یەکەم پێشانگەی تایبەتی لە سلێمانی- خوێندنگەی ئەزمەڕ.

-ساڵی ١٩٨٣ دووەم پێشانگەی تایبەتی لە تاران لە پارکی ئیرەم-ئێران.

-لە ساڵی ١٩٨٥ هەتا ساڵی ٢٠١٣-حەوت پێشانگەی تایبەتی و لە چەندین پێشانگەی هاوبەشیدا بەشداری کردووە.

-لە ساڵی ٢٠٠٤-ەوە لە کوردستان دەژی و فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرێتی هونەری شێوەکاری سلێمانی و سەرقاڵی کاری هونەری وێنەکێشانە.

# دەربارەی هونەر
## (لە وەڵامی ئاندرێ دێپرێدا)
## نامەیەک لە لووی ئاڵتووسێرەوە




**و. لە فارسییەوە: هاوڕێ یوسفی**

گۆڤاری "نۆڤێل کریتیک" نامەکەی تۆیان بۆ ناردم. هیوادارم رێگەم پێبدەی لە درێژەی بۆچوونەکان و پرسەکانی ئێوەدا چەند خاڵ زیاد بکەم. ئەگەرچی هەموو پرسیارەکانی نێو نامەکەت وەڵام نادەمەوە. بەر لە هەموو شتێک ئەمەی کە بێگومان تۆ دەزانیت من لە تایبەتمەندی وتارەکەم دەربارەی ئۆمانیزم، کە بە تەواوەتی گەڵاڵەیەکی گشتی بوو، ئاگادارم. هەر بەو شێوەیەی زانیوتە وتارەکە خاوەن خەسار و نوقسانێکە و ئەویش پێشکەشکردنی چەمکێکی "گشتی و بەربڵاوە" لە ئایدیۆلۆژی، بێئەوەی لە پاژەکان و وردەکارییەکانی بکۆڵێتەوە. لەوێشەوە کە وتارەکە ئاماژەیەک بە هونەر ناکات، ئاشکرایە کە کەسێک بیر لەوە بکاتەوە ئایا دەبێت هونەر بخرێتە ریزی ئایدیۆلۆژیاکانەوە یان نا، گەر بمانەوێت وردتر قسە بکەین، ئایا هونەر و ئایدیۆلۆژی یەک شتن. رەنگ بێت لە بێدەنگبوونی من ئەم گوزارشتەت کردووە کە من ئەم دووانە بە یەک (شت) دەزانم.

بابەتی پەیوەندی نێوان هونەر ئایدیۆلۆژیا بابەتێکی گەلێک چڕ و دژوارە.

سەرەڕای ئەمە دەتوانم پێت بڵێم توێژینەوەکانمان چ ئاراستەیەک دەگرنە بەر و بەرەو چ لایەک دەڕۆن. من هونەری حەقیقی ناخەمە ریزی ئایدیۆلۆژیاکانەوە، گەر بتەوێت ئایدیایەک لە توخمە سەرەتاییەکانی ئەم تیۆر و پێشکەوتنە ئاڵۆزانەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، دەستت کەوێت، ئەو وتارەت پێ پێشنیار دەکەم کە پییەر ماشێری لەژێر ناوی "لنین رەخنەگری تیۆلستۆی" نووسیویەتی بە وردی بخوێنیتەوە (ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٢١ ژمارەی، ١٩٦٥بڵاوکراوەتەوە ١). هەڵبەت ئەم وتارە تەنیا دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ ئەم کارە؛ بەڵام ئەو شتەی کە دەیهێنێتە ئاراوە، پرسی پەیوەندی نێوان هونەر و ئایدیۆلۆژیا و تایبەتمەندی (specificity) هونەرە. ئەمەش هەمان ئاراستەیە کە ئێمە تیایدا هەنگاو دەنێین و هیوادارین کە ئەنجامی توێژینەوە گرینگەکانمان سەبارەت بەم بابەتە لە چەند مانگی داهاتوودا بڵاو بکەینەوە.

وتارەکە لە پاڵیدا چەمکی سەرەتایی پەیوەندی نێوان هونەر و ناسین پێشکەش دەکات. هونەر (مەبەستی من هونەری رەسەنە، نەک ئەو بەرهەمانەی لە ئاستی ناوەندی و ئاساییدان) ناسینێک لە چەمکە وردەکەیدا ناخاتە بەردەستمان، بەم پێیە ببێتە جێنشینی ناسین (لە چەمکە مۆدێرنەکەیدا، واتە ناسینی زانستی).

بەڵام ئەوەی پێمان دەبەخشێت، پاراستنی هەندێک پەیوەندی و پەیوەندە دیاریکراوەکانە لەگەڵ ناسیندا ئەم پەیوەندییە لە چوونیەکییەکانی (هونەر ئایدیۆلۆژیا) نییە، بەڵکو بە مانای جیاوازی نێوانیانە. رێگە بە ئەو خاڵەی ئاماژەم پێدا، روونی بکەمەوە. لەو باوەڕەدام تایبەتمەدنی هونەر ئەوەیە کە "ناچارمان کات ببینین"، "تێبگەین"و "هەست بکەین" ئەو شتەی کە ئاماژە بۆ واقیع دەکات. بۆ نموونە گەر ئێمە رۆمان لەبەرچاو بگرین، چ بەلزاک چ سۆلژێنێتسین، (یان) هەریەکیان کە تۆ ئاماژەی پێ بدەی، ناچارمان دەکات بە بینین، تێگەیشتن (بەڵام نەک ناسین)، ئەو شتەی کە ئاماژە بۆ واقیع دەکات.

گەر بمانەوێت خۆمان نەخەینە داوی هاودەستکردن و چوون یەککردنی هونەر و زانستەوە؛ پێویستە ئەو تێرمانەی کە ئەم یەکەم پێناسە کاتییەیان پێکهێناوە، لە مانا راستەقینەکەیاندا لەبەر چاو بگرین.

ئەوەی هونەر ناچارمان دەکات "بینین"، "تێگەیشتن"و "هەستکردن" (کە هەڵبەت لە چوارچێوەی ناسیندا نین)، ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە لێی هاتووەتە دەرەوە. ماشێری ئەم بابەتەی بە پەرەدانی زۆر روون و شەفافی لێنین سەبارەت بە تیۆلستۆی نیشاندەدات. بەلزاک و سۆلژێنێتسین روانگەیەکمان دەربارەی ئایدیۆلۆژیا پێشکەش دەکەن کە بەرهەمەکانیان ئاماژەی بۆ دەکات و

بەردەوام کەڵکی لێوەردەگرێت. روانگەیەک کە دەلالەت لە دەربازبوونێک دەکات، دوورەپەرێزیکردن و دوورکەوتنەوەی ناوەکی لە هەمان ئایدیۆلۆژی کە رۆمان لێوەی سەرچاوەی وەرگرتووە و سەری هەڵداوە. ئەوانە ئێمە بە چەمکێک لە هەناو و بە مەودا وەرگرتنێکی ناوەکی بە "تێگەیشتن" (نەک ناسین) بە هەمان ئایدیۆلۆژی کە ئەم بەرهەمانە پێیانەوە گرێدراون، ناچار دەکەن.

ئەم جیاوازییانە تەنیا چەند سێبەر لەو مانایە نین، بەڵکو هەندێک جیاوازی تایبەت و دیاریکراون کە دەبێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی وامان لێ بکات ریزێک لە پرسەکان چارەسەر بکەین.

سەرەتا پرسی "پەیوەندی" نێوان هونەر و زانست بدەینە بەرباس. نە بەلزاک و نە سۆلژێنێتسین، هیچکامیان لەو جیهانەی وەسفی دەکەن ناسینێکمان پێشکەش ناکەن. ئەوان تەنیا ناچارمان دەکەن واقیعی ئایدیۆلۆژی ئەو جیهانە "ببینین"، "تێبگەین"، یان "هەست بکەین". کاتێک لەسەر ئایدیۆلۆژیا دەدوێن دەبێت بزانین کە ئایدیۆلۆژیا دزە دەکاتە نێو کۆی چالاکییە مرۆییەکانەوە، واتە وەک ئەزموونی ژینراو lived experienceی بوونایەتی مرۆیی: کەواتە سەرسووڕهێنەر نییە چۆن فۆرمێک کە تیایدا "ناچار بە بینینی "ئایدیۆلۆژی لە رۆمانە گەورەکاندا بووین وەک ناوەرۆکەکەیان هەڵگری ئەزموونی ژینراوی تاکەکانە. ئەم "ئەزموونە ژینراوە"دیار و دیاریکراو گریمانەکراو نییە، دیاریکراو لە رێگەی واقیعێکی رووتەوە، بەڵکو "ئەزموون"ی خۆبەخۆی ئایدیۆلۆژییە لە پەیوەندی تایبەتیدا بە بابەتی واقیع و هەبووەوە. ئەمە روونکردنەوەیەکی گرنگە، چونکە بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە وامان لێدەکات کە هونەر (تەنیا) لەگەڵ واقیعی تایبەتی خۆیدا هەڵسوکەوتی نییە، لەگەڵ پانتاییەکی تایبەت لە واقیعێک کە تیایدا خاوەن مافێکی مۆنۆپۆلکراوە (بە پێچەوانەی بۆچوونی تۆ کە پێتوایە "ناسین لە رێگەی هونەرەوە مرۆیی دەبێتەوە"، چونکە بابەتی هونەر "تەنیا مرۆڤە")، لە کاتێکدا کە زانست لەگەڵ پانتاییەکی دیکە لە واقیع سەروکاری هەیە (بۆ نموونە، نەک لەگەڵ "ئەزموونی ژینراو"و "مرۆڤ بە تەنها"، بەڵکو لەگەڵ جیاکردنەوە پێکهاتەکان). ئایدیۆلۆژی بابەتی زانستیشە، بەو شێوەیەی "ئەزموونی ژینراو"و "مرۆڤی تاک" بابەتی زانستن. جیاوازی راستەقینەی نێوان هونەر و زانست لە فۆرمێکی دیاریکراودایە، کە ئەوانە بابەتێکی وەک یەک لە شێوەی جیاوازدا پێشکەش دەکەن: هونەر لە شێوەی "بینین"، "تێگەیشتن"، یان "هەستکردن"، زانست لە شێوەی زانین و ناسیندا (لە مانای ورد و پۆختی وشەدا، لە رێگەی چەمکەکانەوە).

دەتوانین هەر ئەم بابەتەش لە چوارچێوەی هەندێک تێرم و زاراوەی دیکەدا دەرببڕین. گەر سۆلژێنێتسین "ناچار بە بینینمان" دەکات، بینینی "ئەزموونی ژینراو" لە "پەرەستشی کەسایەتی"و دەرکەوتەکانی، ئەو (لەو چەمکەدا کە پێشتر پێناسەمان کرد) لە هیچ روویەکەوە زانست، یان ناسینێک لەوانەمان پێ نادات: ئەم زانستە ناسینێکی عەقڵانییە، لەو میکانیزمە ئاڵۆزانەی لە دەرەنجامدا "ئەزموونێکی ژینراو درووست دەکەن کە رۆمانی سۆلژێنێتسین دەیخاتە بەرباسەوە. گەر بمەوێت لێرەدا زمانی سپینۆزا بەکار بهێنم، دەتوانم بڵێم کە هونەر ناچاربە "بینینی" "ئەنجامە بێ سەرەتاکان"مان دەکات، لە کاتێکدا زانست و ناسین ناچارمان دەکات دزە بکەینە نێو مێکانیزمێکەوە کە بەرهەمهێنەری "ئەنجامەکان" لە "سەرەتاکان" بووە. ئەمە جیاوازییەکی گرنگە، چونکە بۆ تێگەیشتنی ئەم حەقیقەتە بەهێزمان دەکات کە رۆمانێک دەربارەی "پەرەستش" (کەسایەتی)، هەرچەندەش قووڵ و ناوەرۆکدار بێت، لەوانەیە سەرنجمان بەرەو کاریگەرییەکان و دەرکەوتە "ژینراو"ەکان رابکێشێت، بەڵام ناتوانێت تێگەیشتنێک بەدەستەوە بدات؛ لەوانەیە پرسیار و بابەتی "پەرەستش" (کەسایەتی) بخاتە دەستووری کارییەوە، بەڵام توانای دیاریکردن و پێناسەی مێتۆد و کەرەستەیەک نییە کە چاکسازی ئەم کاریگەرییانە مەرجدار بکات.

هەر بەم شێوەیە، ئەم چەند بنەما سەرەتاییە لەوانەیە بتوانێت بەرەو رێچکەیەک بمانبات، کە لەو رێگەیەوە بتوانین وەڵامێک بۆ پرسیارێکی دیکە کە تۆ هێنابووتە ئاراوە، بدۆزینەوە: ئەوە چۆنە کە بەلزاک، سەرەڕای بوونی سەربەخۆیی لە ئاراستەگیری سیاسیدا "ئەزموونی ژینراو"ی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەبینێت و دەیداتە بەر رەخنە؟ باوەڕم بەوە نییە کەسێک بتوانێت بڵێت، وەک ئەوەی تۆ دەڵێیت، ئەو (بەلزاک) "لەژێر کاریگەری لۆژیکی هونەرەکەیدا ناچار بوو هەندێک لە چەمکە سیاسییەکان وەک رۆماننووس لە بەرهەمەکەیدا لەبەرچاو نەگرێت". بە پێچەوانەوە، دەزانین کە بەلزاک هیچ کات وازی لە هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی نەهێنا. لەمەش زیاتر ئاگادارین کە هەڵوێستە کۆنەپەرست و سەیر و سەمەرە سیاسییەکانی رۆڵێکی کاریگەریان لە بەرهەمهێنان و پێکهاتەی ناوەرۆکی بەرهەمەکانیدا دەگێڕا. ئەمەش بێگۆمان ناکۆکییەکە و نموونەیەکە کە مێژوو لەم نموونانەی زۆر نیشانداوە؛ ئەو نموونانەی کە مارکس سەرنجمان بەرەو لایان راکێشاوە (دەبارەی بەلزاک، پێم خۆشە سەرنجت بۆ وتارێک راکێشم کە ئاڕ. فایۆل لە تایبەتنامەی ١٩٦٥ بڵاڤۆکی ئەورووپادا نووسیویەتی). ئەمانە چەند نموونەن لە چەواشەکردنی هەست کە زۆرجار لە دیالکێکتیکی ئایدیۆلۆژییەکاندا

دەدۆزرێنەوە. بڕوانە لێنین چی دەربارەی تیۆلستۆی دەڵێت (بگەڕێوە بۆ وتارەکەی ماشێری): هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیکی شەخسی تیۆلستۆی فاکتەرێک لە هۆکارە قووڵە جێگیربووەکانی ناوەرۆکی بەرهەمی ئەوە. ئەم راستییەی کە ناوەرۆکی بەرهەمەکانی بەلزاک و تیۆلستۆی "جودایە" لە ئایدیۆلۆژی سیاسییان و بە شێوەیەک ناچارمان دەکەن لە دەرەوە "ببینین" و لە مەودایەکی دوورەوە لە دڵی هەمان ئایدیۆلۆژیادا "لێی تێبگەین"، هێمایەکە لە هەمان ئایدیۆلۆژیا و دەلالەت لە بوونی ئەو دەکات. بێگومان دەتوانین بڵێین ئەم "کاریگەرییە"ی هونەری ئەوان وەک رۆماننووسە وەها مەودایەک لە دڵی ئایدیۆلۆژیاکانیاندا بەرهەمدەهێنن، تا ناچارمان بکەن کە "لێیان تێبگەین"، بەڵام ناتوانین بڵێین، وەک ئەوەی کە تۆ دەڵێیت، هونەر "لۆژیکی خۆی هەیە"و ئەم (لۆژیکە) "بەلزاکی ناچار کردووە واز لە بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی بێنێت". بە پێچەوانەوە، تەنیا بۆ پاراستنی ئەوانە بوو کە توانی بەرهەمەکەی بهێنێتە بوون؛ بەڵێ، تەنیا بە هۆی باوەڕی پتەوی بە ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکەی و جیا نەبوونەوەی (لەو ئایدیۆلۆژیایە) بوو کە توانی لە چوارچێوەیدا، ئەم "مەودا" ناوەکییە درووست بکات و "دیدێکی" رەخنەگرانە لەوەمان پێشکەش بکات.

بەو شێوەی کە دەیبینین، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە بوونایەتی و چییەتی هونەری وەک دیارییەک بۆ ئێمەی هێناوەتە ئاراوە، ناچارین ناسینێکی (زانستی) گونجاو لەو پرۆسانەی کە "کاریگەری ستاتیکی" بەرهەمێکی هونەری درووستی دەکات، فەراهەم بکەین. بەواتایەکی دیکە، بۆ ئەوەی بتوانی وەڵامی پرسی پەیوەندی نێوان هونەر و ناسین بدەینەوە، ناچارین ناسینێک لە هونەر بەدەستەوە بدەین.

تۆیش لەم پێویستییە بە ئاگایت، بەڵام دەبێت ئەمەش بزانیت کە لەم بابەتەدا ئێمە هێشتا رێگەیەکی درێژمان لە پێشدایە. ناسینی (تەنانەت ناسینی سیاسی) هەستی و گرنگبوونی هونەر، ناسینی هونەر ناهێنێتە بوون. تەنانەت گومان ناکەم دەقێک کە تۆ ئاماژەی بۆ دەکەی[1] بتوانین وەک سەرەتا و دەستپێکی ناسینی (هونەر) وەربگرین، یان تەنانەت (رستەکەی) جولیو کووری (Joliot Curie ) کە لە رێگەی مارسێناکەوە (Marcenac ) گێڕدراوەتەوە[2]. گەر بمانەوێت بە کورتی دەربارەی ئەو رستەی کە لە ژولیۆ کووری هێناوتانەتەوە، شتێک بڵێین، دەتوانین بڵێین ئەم رستەیە هەڵگری هەندێک تێرمە وەک-"ئافراندنی ستاتیکی، ئافراندنی زانستی"- هەندێک زاراوە و تێرمن کە بێگومان زۆر ئاسایی و باون، بەڵام بە بڕوای من دەبێت واز لەمانە بێنین و شتێکی دیکە

بخەینە جێگەیانەوە تا بتوانین پرسی ناسینی هونەر بە شێوەیەکی درووست بهێنینە ئاراوە. دەزانم کە هونەرمەند، و هۆگری هونەر ، خۆبە خۆ خۆیان بە لەرێگای زمان و"ئافراندن"داهێنانی(هونەری )وهتدەوە دەردەبڕێت. ئەمە زمانێکی خۆڕسکە، بەڵام ئێمە لە (بەرهەمەکانی) مارکس و لینین تێگەیشتووین کە هەر زمانێکی "خۆڕسک"ی زمانێکی ئایدیۆلۆژیکە، ئامرازێک بۆ ئایدیۆلۆژیا و لێرەشدا (بە رۆڵی) ئایدیۆلۆژیای هونەر و ناوکۆیی لەبار و بەروبوومدار بۆ چالاکی کاریگەرییە ستاتیکییەکان. ناسینی هونەریش وەک هەموو ناسینەکان، گرێدراوە بە پساندنی سەرەتایی لەگەڵ زمانی خۆڕسکیی ئایدیۆلۆژیا و رەخساندنی کۆمەڵەیەک لەو چەمکە زانستییانە بە جێگەی ئەوان. (بەم پێیە) پێویستە بۆ وەرگرتنی ئەرکی پێکهێنانی بینای ناسینی هونەر لە پێویستی ئەم پسانە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیدا بەئاگا بینەوە.

رەنگە لێرەدایە کە ناچارم تێبینییەکانی خۆم وەلابنێم و رای خۆم بە راشکاوی لەمەڕ ئەوەی تۆ گوتووتە دەرببڕم. لەوانە من هەنووکە رێک دەربارەی ئەوەی تۆ پێت خۆشە، یاخود دەتەوێت بیڵێیت، قسەیەک نەکەم، بەڵکو دەربارەی شتێک کە لە راستیدا دەیڵێیت قسەم هەیە. کاتێک تۆ "رامانی وردبینانە دەربارەی چەمکە مارکسیستییەکان" لە بەرامبەر "شتێکی دیکەدا"، بەتایبەت ئەوەی هونەر پێشکەشمان دەکات دادەنێیت، وای بۆ دەچم کە تۆ بەراوردێکت کردووە، کە یان سەقەت و ناتەواوە، یان ناڕەوا و بێ پاساوە. کاتێک دەوترێت کە هونەر لە راستیدا ئەوەی پێشکەشمان دەکات شتێکی دیکە جگە زانستە، (لە راستیدا دەربڕینی) بەراوردێک لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە جیاوازییە. بە پێچەوانەوە، گەر بابەتی ناسین هونەرە، (بە شێوەیەکی) رەها پێویستە کە بە "رامانی وردبینانە دەربارەی چەمکە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم" دەست پێ بکەین: رێگەیەکی دیکە بوونی نییە. کاتێک دەڵێین، "پێویستە کە بە... دەست پێ بکەین"، ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین پێویستە، دەبێت بە کردەوە ئەنجامی بدەین. ئەگینا ئاسانە بە دەربڕینی چەند رستەی پەسەندکراوی، وەک: "ئاڵتوسێر پێشنیار دەکات، بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی ورد و پشکنەرانەی تیۆری مارکسیستی، منیش پێموایە ئەم کارە پێویستە، بەڵام لەو باوەڕدا نیم کە بەس بێت"، خۆمان لە شەڕی بابەتەکە رزگار بکەین، وەڵامی من بۆ ئەم بابەتە رەخنەگرتنی راستەقینەشیەتی: راگەیاندنی ئەم جۆرە "پێویستییە" رێک بە مانای لەبەرچاو نەگرتنی و خۆبواردن لە سەرنجدانی ورد و پۆختی کۆی ئەنجام و ناچارەکییەکانی ئەم پێویستییە لە رێگەی ناسینییەوە (بە مەبەستی) تێپەڕبوونی توندوبەتین بەرەو "شتێکی دیکە"یە. ئێستاکە من لەم

باوەڕەدام کە تاقە ڕێگەی گەیشتن بە ناسینی حەقیقی هونەر، قووڵبوونەوە و ڕۆچوونە بۆ ناو تایبەتمەندی بەرهەمی هونەری بۆ ناسینی ئەو مێکانیزمانەی "کاریگەرییە ستاتیکییەکان" درووست دەکەن، ئەمەش ڕێک بە مانای ئەوەیە کە بە تەرخانکردنی کاتی زۆر و وردبینی لە ڕادەبەدەر بۆ خوێندنەوەی "پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم"، هیچ پەلەیەک بۆ "پێشچوون بەرەو شتێکی دیکە "ئەنجام نەدەین، چونکە لە کاتی پێشڕەوی توندوبەتیندا بەرەو "شتێکی دیکە" بە زانست و ناسینی هونەر ناگەین، بەڵکو دەگەینە ئەو شتەی ئایدیۆلۆژی هونەرە: واتە، (دەگەینە) ئایدیۆلۆژی ئۆمانیستی شاراوە کە لەوانەیە لەگەڵ ئەو شتەی تۆ دەربارەی پەیوەندی نێوان هونەر و "مرۆڤ" و "داهێنان و ئافراندن" هونەری و... هتد دەڵێیت بورووژێت.

ئەگەر پێویستە بگەڕێینەوە بۆ "پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی مارکسیزم" (ئەمەش پێویستی بە کاری لەسەرخۆ و تاقەتپڕووکێن هەیە)، تا بتوانێت بە شێوەیەکی شیاو هەندێک چەمک بهێنینە ئاراوە، کە چەمکە ئایدیۆلۆژیکە خۆڕسک ستاتیکییەکان نین، بەڵکو هەندێک زانستی گونجاون لەگەڵ بابەت و لەم ڕووەوە هەندێک چەمکی نوێن؛ مەبەستی لەبەرچاونەگرتنی هونەر، یا خود فیداکردنی هونەر نییە لەپێناو زانستدا، بەڵکو ئامانجی ناسینی هونەر و پێشکەشکردنی مافێکە کە شایانییەتی.

ئاپریلی ١٩٦٦


**سەرچاوە:**

فلسفه هنر از دیدگاه مارکس، میخایل لیف شیتز، مجید مددی، نشر اگه.


ژێدەرەکان:

١-ژان مارس ناک، ئێلزا تریوله، لووکاچ.

٢-ژان مارس ناک، ١٩٦٦ (من بەردەوام لەمەی کە ژولیوو کووری پڕۆژەیەک کە لە کاتی مەرگی ئێلواردا پێشنیاری کرد نەیگەیاندە کۆتایی، مخابن ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە دەربارەی ئافراندنی شاعیرانە و ئافراندنی زانستی، کە ئەو پێی وابوو لە دەرئانجامدا چوونییەکی شێوەی کارەکانیان نیشاندەدات).

# فیلینی
## دەربارەی فیلمەکەی «شاری ژنان» دەدوێت




و. لە عەرەبییەوە: دلێر محەمەد

**بەرایی:**

بێگومان دەرهێنەری ئیتاڵی فدریکۆ فیللینی ١٩٢٠- ١٩٩٣ بە یەکێک لە سینەماکار و دەرهێنەرە ناودارەکانی وڵاتەکەی و جیهان دادەنرێت، ئەو، گەرچی لە سەرەتای تەمەنیدا سەرقاڵی کاری رۆژنامەنووسی و دروستکردنی وێنەی کاریکاتێری بوو، بەڵام دواتر و لە ساڵی ١٩٤٣ دا و لە رێگای نووسینی سیناریۆوە، ، چووە نێو جیهانە ئەفسوناوییەکەی هونەری حەوتەمەوە. ئەم سینەماکارە وەک دەرهێنەرێکی داهێنەر کاری دەرهێنانی بۆ دەیان فیلمی ناوازە و سەرنجڕاکێش ئەنجامداوە، لەوانە: ژیانی شیرین، هەشتونیو، رۆحی مردووان، کازانۆفا، شاری ژنان، چاوپێکەوتن، دەنگی مانگ... هتد. لەم وتارەی بەردەستماندا فیللینی دەربارەی فیلمەکەی "شاری ژنان" دەدوێت.

و.کوردی.

**گەڕانەوە بۆ تونێلەکە:**

لە کۆتایی فیلمەکەمدا "شاری ژنان" پاڵەوانی فیلمەکە (مارسیلۆ ماسترۆیانی) بە ئاگاییەوە ئەو ڕاستییە قبوولْ دەکات، کە خەو دەبینێت. لەناو شەمەندەفەرەکەدا بێدار دەبێتەوە و پاشان بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ نووستن، چونکە جارێکی دیکە واقیع بێزارکەر و نیگەرانکەرە. ئەو هاوسەرەکەی لەسەر ئەو کورسییە دەبینێت کە پێشتر خانمێکی تری لەسەر دانیشتبوو. ماسترۆیانی بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ تونێلەکە و دەشزانێت کە پەیوەندی لەگەڵ بوونی ناوەکی، قوولْ و ئەفسانەیی خۆیدا دەستەبەرکردووە. ئەمجارە ماسترۆیانی خەو دەبینێت، چونکە بڕیاری داوە خەون ببینێت، دەکرێت زیندە خەویش بێت، کە لەناو سەرنجدا نقووم بووبێت، لەپێناو خەوێکی قوولْ و گەواهیدەردا. ئەو بە هوشیارییەوە دەگەڕێتەوە سەر خەوبینین، بۆئەوەی پەیوەندییەکی پاک و بێگەرد لەگەڵ خودی خۆیدا دەستەبەر بکات، پەیوەندییەکی بێگەرد و هاوکات ڕامکراو، داگیرساو بە هەست و سۆزێک لە نەی. مارسیلۆ بڕیار دەدات کە بەردەوامی بە گەشتەکەی بدات، بەڵام بە دوو چاوی کراوەوە بەسەر خەوندا. دواگرتە لە کۆتایی فیلمەکەدا پاش پیشاندانی ناوی ئەوانەی لە فیلمەکەدا بەشداربوون، کاتێک پیشاندەدرێت کە شەمەندەفەرەکە لەناو تونێلەکەدایە، کە بڕێک تیشکی ڕووناکی کەم لەناو تاریکیدا و لە دوورەوە دەبینرێت، کە ئاماژەیە بۆ بوونی دەرچەیەک لە شەوی تونێلەکە، ئەم ڕووناکییە لە بیست کادێردا وێنە گیراوە و ئومێدەوارم کە بەکاربەرانی ئامێری نمایشکردن "پرۆژێکتەر" ئەم ئاماژەدانە فەرامۆش نەکەن و بینەرانیش لە کاتی پیشاندانی ناوەکانی کۆتایی فیلمەکەدا کورسییەکانیان بەجێ نەهێڵن... گەرچی من زۆر گومانم لەمە هەیە...

**ئومێد نا، بەڵکو باوەڕ:**

ئومێد وشەیەکی خەمناکە، بە چاکتری دەزانم لەمەڕ باوەڕ بدوێم. شەمەندەفەرەکە لەناو تونێلەکە ناچێتە دەرەوە، بەڵام لەوێ ئاماژەدانێکی کەم و بچووک بە شەوق و ڕۆشنایی "وەک دەرچەیەک بۆ چوونە دەرەوە..و.ک" بوونی هەیە. چۆن دەکرێت مرۆڤ خاوەنی هەرچەشن و جۆرە باوەڕێک نەبێت؟ لەوێدا چی هەیە بۆئەوەی ئەنجامی بدەین؟ هەرکەسێک دەتوانێت چی بکات؟ تەرکیزت بخەرە سەرخودی خۆت، لەپێناو کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانتدا نا، لەگەڵ ئەوانیدی، بەڵکو لەبەرئەوەی لەناوخودی خۆتدا دەتوانیت مانا بۆ ژیانت

بدۆزیتەوە. ئەو شتە بکە کە دەتوانیت بیکەیت هەوڵیش بدە لە دژی هەموو گومانەکان و ئاڵۆزییە ئیفلیجکەرەکان، دژی هەموو ئەوەی نیگەرانکەرە، بەرگری لەو شتە بکە. من خۆم بە کەسێکی رەشبین نازانم و پێشم وا نییە کە رەشبینی تەنانەت لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بریتییە لە پەیامی کۆتایی فیلمەکە، چونکە فیلمی شاری ژنان لەنێو تاپۆی سادەی چیرۆکەکەیدا، کە لێرەدا دەگێڕدرێتەوە، بە بڕیاری پاڵەوانەکەی و بە مەبەستی بەردەوامیدان بە گەشتەکەی، کۆتایی پێدێت، پاش ئەوەی کە پاڵەوانی فیلمەکە ئەو خەونە نیگەرانکەرە تێدەپەڕێنێت کە پێکهاتووە لە سۆز و ترس. مارسیلۆ لەگەڵ ئەوانی تردا بەردەوام دەبێت و ئارەزووی ئەوەش دەکات کە هەردەم پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر و لەگەڵ رۆح و ناوەوەی خۆیدا هەبێت. لە واقیعدا جەستەی فیلمەکە، خەونەکە، رەشبین دیارە، ئەمەش بەشێوەیەکی پەرتی "جزئی" دەرئەنجامی پێشبینیکردنە رەشبینە رواڵەتییەکانە بەشێوەیەکی گێلانە و نەفامانە. گەر لەمەدا تۆ پێشبینی ئەوە بکەیت کە پەی بە دڵدانەوەیەک دەبەیت لە رێگای وەهمە سۆزداری و ئایدۆلۆژییەکانەوە، یان لەڕێگەی تێڕوانینی ئاسان و بێنرخەوە بۆ ژیان، ئەوا روون و ئاشکرایە کە تۆ دووچاری نائومێدیی دەبیت لە بەرامبەر گۆشەنیگا و تێڕوانینە نمایشکراوەکاندا. پێم وا نییە وشەی "نائومێد" دەکرێت بەشێوەیەکی گونجاو ئەوە دیاری بکات کە هەوڵ دەدات روانینێکی تازە بۆ شتەکان پێشکەش بکات. لەو باوەڕەدام ئەوە گرنگە کە مرۆڤ بابەتەکەی خۆی بگۆڕێت و بەقووڵی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر درێژەی پێ بدات و شتەکان لە گۆشەنیگای ترەوە ببینێت، تەنانەت گەر ئەمە هزری ئەوانە تووشی شۆک و راچەنین بکات کە پێویستیان بە ئەمان، پاراستن، داپۆشین، سیستم، تاپۆ و بنمیچ هەیە. ئەو کەسەی کە لە رێگەی ئەزموونە تایبەتییەکەیەوە، یان لە رێگەی بیرکردنەوە و فەنتازیاکانییەوە تێڕوانینێکی نوێمان پێشکەش دەکات و هاوکاریمان بکات لەسەر پاشەکشێکردنی تێگەشتنەکانمان لەو قەفەزە ئەقڵانییەی کە بەند و دیلی کردووە و ئەوەی لێ قەدەغە کردووە، کە خاوەنی مانا و دەلالەتێک بێت، ئەوکەسەی کە سەرگەرمکەری باو و دێوانەئاسا و وەحشەتی رۆژانەمان لێ زەوت بکات و سەرلەنوێ مانایەکی ئاڵۆزتری پێ ببەخشێت، کە کەمتر قابیلی پێشبینیکردن بێت، پێم وانییە مرۆڤێکی وەک ئەمە شایستەی ئەوەبێت بە رەشبینی تۆمەتبار بکرێت، بەڵکو لە راستیدا ئەو کەسێکی واقیعییە.

**سینەما بەو سیفەتەی کە ژنە:**

من بە بایەخەوە چاودێریی نمایشکردنەکانی فیلمەکەم نەکردووە، بەڵام وادیارە لەنێو رەخنەگراندا پاش سەیرکردنی فیلمەکە، جۆرە شڵەژانێک هەبووە. هەروەها پێیان وتم کە زۆرێک لە بینەرانی لاوی فیلمەکە بە ترس و گومان و پشێوییەوە لە هۆڵی نمایش چوونەتە دەرەوە، هەندێک لە ئافرەتانیش تووڕە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا من بۆم دەرکەوت کە خەڵکی تەنیا بە بینینی چیرۆکی فیلمەکە دەستبەردار نابن، منیش هەموو ئەوەی کە هەوڵم داوە، ئەنجامی بدەم، ئەوەبووە کە: چیرۆکێک بگێڕمەوە، وەک ئەو چیرۆکەی کە کەسێک پاش نانخواردنی ئێوارە بۆ هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە. خەڵکی لەوە تێناگەن کە فیلمی "شاری ژنان" لە راستیدا فیلمێکە دەربارەی سینەما، سینەمای بینراو بەو سیفەتەی کە ژنە، سینەمای بینراو لە رێگەی مێینەبوونییەوە، لە رێگەی کەشفکردنی حەز و ئارەزووەوە بۆ مێینەبوونەکەی. چیرۆکی فیلمەکە پێویستی بە "تێگەیشتن" نییە، هیچ شتێک لەوێدا پێویستی بە تێگەیشتن نییە. فیلمەکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک نمایشی کورت، لە کۆمەڵێک بەش، هەروەک نمایشی سێرک، کە هەندێک لەو بەشانە وات لێدەکەن خەمبار بیت، هەندێکی تریشیان وا دەکەن دڵخۆش بیت، ئەوانی تریش وات لێدەکەن بێباک بیت. فیلمەکە وەک سڵاو و رێزێک بۆ سینەما ئامادەکراوە، نەک وەک کێبەرکێکەرێک لەگەڵ بەرهەمە سینەماییەکانی تردا.

لەو باوەڕەدام کە سینەما بەهۆی سرووشتە سرووتئامێزەکەیەوە لە ژن دەچێت، منداڵدانی هۆڵەکەیە، تاریکییەکەی تاریکی کۆرپەلەییە، هەروەها دەرکەوتنی کتوپری تارماییەکان... هەموو ئەمانە پەیوەندییەکی داکەوتەیی دروست دەکەن، ئێمە خۆمان دەدەین بەسەر سینەمادا، خۆمان لەناو زنجیرەیەک لە گۆڕانە ئەڵتەرناتیڤەکاندا نقووم دەکەین، دەبینە ئەو کاراکتەرەی کە خۆمان پێشبینی دەکەین، بەتەواوەتی وەک چۆن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا هەمان شت دەکەین کە خۆمانیان بەسەردا دەسەپێنین. بەپێی پێکهاتەکەی ئافرەت بریتییە لە زنجیرەیەک داکەوتە و وێناکردنەکان کە پیاو دایهێناون، لە مێژووشدا ئافرەت ئایکۆنی خەونەکەمان بووە...

**خەون جەستەی فیلمە:**

لە واقیعدا فیلم خەونێکی پەتییە، یان تەنیا خەونێکە، هەروەک چۆن لە خەوندا، کەسی خەوبین لەناو هەمووشتێکدا بەرجەستە دەبێت. کاتێک ماسترۆیانی بۆ جاری ملیۆن ئامادەکارییەکی تازە و بەرجەستەکردنێکی نوێی داهێنا بۆ مێیینەی

بینراو، وەک: مەریەمی پاکیزە، وەک هاوسەر، وەک کچێکی نەفام و بەدکار، وەک باڵۆنێک کە بەرەو دوور لە واقیع هەڵیبگرێت و ئەویش لەگەڵیدا بەختەوەرانە بەرەو ئاسمان بفرێت و هەموو شتێکی لەبیر بەرێتەوە، بەڵام بەشێکی دیکە لەم کاراکتەرە، رۆشناییەکی تر لە هۆشیارییەکەی لەوە دەترسێت کە هەموو ئەمە تەنیا خەونێکی هەڵئاوساوبێت، بۆیە بەر گوللەی دەدات، ئەمەش خودە ترساوەکەی تری ماسترۆیانییە لە فیلمەکەدا، کە خۆی لە کچێکی تیرۆریستدا مانیڤێست دەکات، کە گوللە بە باڵۆنەکەوە دەنێت، بۆئەوەی خەونەکە بکوژێت. ماسترۆیانی هەست بەوە دەکات کە وازی لە خۆی هێناوە ببێتە قوربانیی خەوێک کە سروشتێکی هەرزەبیانەی هەیە، تا ئاست و رادەیەک کە لە بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورە دەربچێت. خودەکەی تری "ماسترۆیانی" لە کۆتاییدا دەبێتە خودێکی نابەرپرسیار کە بارگاوییە بە دڵرەقی و مەترسییەکان... ئەوانەی گوللە بەوانی ترەوە دەنێن، زۆرجار ئەمە بە پاڵنەری ترس دەکەن. لە هەموو حاڵەتێکدا، سەرلەنوێ ئەو "کارەکتەری فیلمەکە" بەرەو زەوی پاڵی پێوەدەنرێت و دەپارێتەوە کە سەرلەنوێ مێیینەیەکی تر رزگاری بکات، بەڵام ئەو بێدار دەبێتەوە و جارێکی تریش خۆی لەنێو شەمەندەفەرەکەدا دەبینێتەوە، پەی بەوەش دەبات کە ئەو چاویلکانەی لە خەوەکەیدا شکان، لە هەنووکە و لە حاڵەتی بێداریشدا شکاون.

**ئەفراندنی ژن:**

"شاری ژنان" فیلمێکە دەربارەی یەک پیاو، ئەو پیاوەی کە ژن دەئافرێنێ. لە فیلمەکەدا ژن میتافۆری ئەم پیاوەیە، ئاڵۆزی و دژوارییەتی، بەشێکە لە خودی خۆی کە نایناسێت و بەهۆی ئافرەتیشەوە ئەم پیاوە هەست بە پێداویستی دروستکردنی گریمانەی نوێ دەکات. ئەو لە رێگەی ژنەوە بۆ خۆی دەگەڕێت، یاخود ئەو بەدوای ئەو بەشەی خودی خۆیدا دەگەڕێت کە ژنە، بەڵام روون و ئاشکرایە کە ئەو هیچ شتێک دەربارەی ژن نازانێت. ئەو ناتوانێت لەناو مێشکیدا لە فیلمەکەدا، یەک تاکی ئاشکرا و روون و راستەقینە دروست بکات... لەبەر ئەم هۆکارەش فیلمەکە پاڵەوانی ژن کاراکتەری ئافرەت لەخۆ ناگرێت... بەڵکو تەنیا هەزاران روخسار، دەم، زەردەخەنە، نیگا و روانین، دەنگ و سەدای تێدایە. ژنانی رەخنەگر وتیان فیلمەکەم خاڵییە لە ئافرەتی راستەقینە، بێگومان ئافرەتی راستەقینە نییە، هەر ئەمەش کرۆک و مەبەستی فیلمەکەیە، چونکە گەر ئافرەتی راستەقینە هەبوایە، ئەوا دروستکردنی ئەم بەرهەمە و دەستەبەرکردنی هیچ مانایەکی نەدەبوو. ماسترۆیانی چۆن دەتوانێت ئاشنای ژنێک بێت و بیناسێت،

لەکاتێکدا ئەو لە چەق و ناوەڕاستی ژندا نیشتەجێ بێت؟ بە دڵنیایی بەلای ئەم کاراکتەرەوە هەموو شتێک بووەتە ئافرەت: ئاسمان، زەوی، ئاو، دیمەنی سروشتی، تەنانەت خۆیشی... ژنە. کەواتە چۆن دەتوانێت بیبینێت؟ ئەمەیە چیرۆکی فیلمەکە: گەشتی گەڕان بەدوای شتێکدا کە ناکرێت پێی بگەیت، چونکە بوونی تۆ لەناو ئەو شتەدایە... هەروەها لەبەر گەلێکی قووڵ کە تایبەتن بە خۆی، نایەوێت لە ناوی بێتە دەرەوە. لە واقیعدا کۆتاییەکە هەمان شتە گەر بتەوێت شێوازێکی هەرزان و بێ ئەرزش لە سیمبولیزم بەکاربەریت، لەم گۆشەنیگایەشەوە دەکرێت: تونێلەکە... شەمەندەفەرەکە ببینیت... دەکرێت ئەو شتە رەق و پتەوە ببینیت کە حەز بە چوونە ناوەوە دەکات، بەڵام لەجیاتی ئەمە لەوێ بە هەڵواسراویی ماوەتەوە...



**سەرچاوە:**

رۆژنامەی "الوطن"ی بەحرەین: بەرواری ٢٠١٢/٨/٢٦.

یان بڕوانە سایتی سینماتک-ی عەرەبی www.cinamatechhaddad.com

# ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەریی یۆهان سباستیان باخ

## Johann Sebastian Bach

**١٦٨٥ – ١٧٥٠**



**فەرمان عەلی نوری**

ناوی تەواوی (یۆهان سباستیان باخ)ە Johann Sebastian Bach، ئەم دانەرە لە ڕێکەوتی ڕۆژی (٢١)ی مانگی ئازاری ساڵی (١٦٨٥) لە شاری (ئایزناخ)ی وڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووە، هێشتا تەمەنی نەگەیشتووەتە (١٠) ساڵان دایکی مردووە.

سەرەتای فێربوونی موزیکیی لای باوکی بووە، باوکی ناوی (یۆهان ئەمبرۆزیۆس باخ) (١٦٤٥–١٦٩٥) بووە، بەتایبەتی لەسەر چۆنییەتی ژەندنی ئامێری ڤایۆلین violin، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند و باوکیشی دەمرێت، ئیتر بە هەتیویی مایەوە و برا گەورەکەی ناچاربوو بەخێوکردنی بگرێتە ئەستۆی خۆی، برا گەورەکەی ناوی (یۆهان کریستۆف باخ) (١٦٧١–١٧٢١) بووە، توانی

لەم برایەشی هەندێک سوودمەندبێت و لێوەی فێری موزیک بێت، ئەم بنەماڵەیە موزیک لایان وەک میراتییەک وایە لە گەورەوە بۆ بچووک دەمێنێتەوە، پاشان (باخ) چووەتە لای (یۆهان باشلبل) (١٦٥٣-١٧٠٦) توانی چەند وانەیەکی پراکتیکی موزیک وەربگرێت لەسەر ژەندنی ئامێری پیانۆ و چەند وانەیەکی تیۆریش وەربگرێت لەسەر دانانی موزیک.

لەم ماوەیەشدا چووەتە کۆرسی منداڵانی (لۆرنبرگ)، لەوێ وەک گۆرانیبێژێکی (سۆپرانۆ) Soprano کاری کردووە، پاش ئەوەی تەمەنی بەکەڵکی ئەوە نەما و گەورە بوو، وازی لە گۆرانیوتنیش هێنا و کەوتە گەڕان بەنێو شار و شارۆچکە ئەڵمانییەکاندا بە مەبەستی بژێویی ژیانی و خوێندنی موزیکیش.

ماوەیەکیش چووە لای ئۆرگۆنژەنی بەتوانا (دیتریش بۆکستیهود) (١٦٢٧-١٧٠٧) و چەند وانەیەکی تری موزیکی خوێند و هەر ئەم مامۆستایەش هانی دا بچێتە شاری (هامبۆرگ) بۆئەوەی لە بەهرەی دانەر و ئۆرگۆنژەنی بەناوبانگ (ئادەم راینکە) (١٦٢٣-١٧٢٢) بێبەش نەبێت.

(باخ) لە ساڵی (١٧٠١) چووە شاری (هامبۆرگ) و چووە لای ئەم ئۆرگۆن ژەنە، موزیکیشی هەر لەسەر دەستی ئەم بە تەواوەتی پەرەپێدا.

(باخ) زۆر بە هەژاریی و کەساسی دەژیا، بژێویی ژیان وایلێکرد بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاری موزیک بکات وەک ئامێرژەنێکی گەڕۆک لە شاری (ڤایمار) پاش ئەوەی باری ئابووری بەرە بەرە باش بوو، چوو بۆ (هۆلهاوزەن)، لە ساڵی (١٧٠٧) (ماریا بار بارا)ی کچە مامی خۆی مارە کرد و بووە خێزانی و حەوت منداڵی لێ بووە.

دوا بەدوای ئەم ژیانە خێزانییە، گەڕایەوە شاری (ڤایمار) و لە کڵێسای شارەکە ئامێری ئۆرگۆن و ڤایۆلینی دەژەند، لێرەوە (باخ) توانی چەند دانراوێکی موزیکی بە ئەنجام بگەیەنێت، لەوانەش (٣٣) کانتاتە- (٤٥) کاری موزیکی لە فۆرمی کۆراڵ و پێشەکی ئۆپێرا overtur و چەند کارێکی تر بۆ ئامێری پیانۆ و ئامێری ئۆرگۆن).

لەبەر لێهاتوویی خۆی، توانی چەند پلەوپایەیەکی موزیکی بەدەست بهێنێت، لەوانەش (رابەر "مایسترۆ"ی تیپی موزیکی شاری گوتن و لیدەر "کۆنسەر ماستەر" بۆ ماوەی (٦) ساڵ).

(ماریا بار بارا) ی ژنی باخ ساڵی (١٧٢٠) دەمرێت، ئەم مردنەش دەبێتە کۆسپ و تەگەرە بۆ ژیانی هونەری (باخ)، چونکە خاوەنی حەوت منداڵی هێشتا بچووک بوون، (باخ) ناچار دەبێت ژنێکی تر بهێنێتەوە لەگەڵ بردنە سەری ژیانی خێزانی

ڕۆژانە لە هەمانکاتدا وەک باوەژنێک و دایکێک بۆ منداڵەکانی و بەخێوکردنیان، (باخ) بۆ ئەم مەبەستە ئەمجارەیان کچە گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەو سەردەمە (ئانا ماجدا لینا) دەستتنیشان دەکات و مارەی دەکات، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لەم ژنەیان سیانزدە منالی لێ دەبێت، کەواتە (باخ)ی دانەر ئێستا باوکی بیست منداڵە...!

بەهەرحاڵ دەستی کردەوە بە کارکردن ئەوە بوو شەش کۆنشرتۆ بەناوبانگەکەی ناوی کۆنشرتۆکانی (براندین بۆرگ) Branden Bourgی لێنرا و پێشـــکەشی (کریســـتیان لودڤیگ)ی کرد لە ســـاڵی (١٧٢١)، جگە لـەوەش چەند دانـــراوێکی تری بۆ ئـــامێری ئۆرگۆن دانـــا بە ناوی (فودارەکـــانی بـــابل) ساڵی (١٧٢٣).

(باخ) ساڵی (١٧٢٣) ئەرکی (تۆماس کانتۆر)ی شاری (لایبزیگی) پێ بەخشرا، بێگومان ئەمەش پلەیەکی گەورە بوو لەو سەردەمەدا، هەر لەم ماوانەشدا نزیکەی (١٥٠) کاری فۆڕمی موزیکی کۆنتراپۆینتی دانا کە هیچ کەس نەیتوانیوە وەک ئەم مامەڵە لەگەڵ ئەم فۆڕمە ئاڵۆزەدا بکات، هەر بۆیە دادەنرێت بە یەکێک لە دانەرانی کۆتایی شێوازی قوتابخانەی کۆنتراپۆینت و فۆڕمی ڤوگە.

(باخ) لە سەردەمێکدا ژیاوە، دەستەڵاتدارەکان و گەورە پیاوانی دەوڵەت و هەموو خەڵک گرنگییەکی زۆریان بە موزیک دەدا، هەمیشە بەوە دڵی خۆش دەبوو کە کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و سادە و ئاینپەروەرە، بۆیە ئیشیشی دەکرد، چونکە خۆشی دەویست و کارکردن بەشێک بوو لە ئارەزوو و ویست و خواستەکانی، دەستی بگەیشتایەتە هەر بەرهەمێکی پێش، یان سەردەمی خۆی دەیخوێندەوە و گوێشی لە هەموو کارێکی موزیکی ئەو سەردەمانە دەگرت و هەردەم بەڕێزەوە هەڵی دەسەنگاندن، جگە لەوەی ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوانی لە بواری (ئایین و فەلسەفە و لاهود)دا هەبوو خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەش بوو.

لە دواساتەکانی تەمەنیدا چاوەکانی بەرەو کزیی چوون و هەستی بە نابینایی دەکرد دووچاری نەشتەرگەریی بووە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی، چاوی ئەو کاتە کە دکتۆرێک بوو ناوی (تایلۆر) بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی کەرەستەی پێویست نەشتەرگەرییەکەی بێ ئەنجام بوو، ناچار (باخ) بە تەواوەتی زەینی کوێر بووەوە پاش دوو ساڵ لەم کارەساتە لە ڕۆژی (٣١)ی مانگی (٧)ی ساڵی (١٧٥٠) لە شاری (لایبزیگ) دەمرێت و هەر لەو شارەش دەینێژن.

هەر لەبەر مەزنیی ئەم دانەرە لە یادی (٢٥٠) ساڵەی تێپەڕبوون بەسەر مردنیدا لە شاری (لایبزیگ) گەورەترین پۆرترێتی لەلایەن هونەرمەندی سویسری (نۆ)

وێنەکێش (سیلڤان بایر)ەوە بۆ کرا، شایەنی باسە ئەم پۆرترێتە لە سێ هەزار پارچەی پلاستیکی دروستکراوە و لە ئەنجامی تێکهەڵکێشینەوە دەبێت بەم وێنەیە، ئەم کارە بە گەورەترین پۆرترێت دادەنرێت لە جیهاندا.

ئەگەر بێت و بە کورتی چاوێک بخشێنین بە کارەکانی (باخ)دا، دەبینین گاریگەرییەکی زۆری دانەرە ئیتاڵییەکانی پێوە دیارە، بەتایبەتی دانەران (کۆرێللی و ئەلبینۆنی و لیگرینزی و فریسکۆ بالدی و ڤیڤاڵدی)، بەڵام کارەکانی (باخ) بەگشتی بە شاراوەیی مانەوە لەدوای مردنییەوە پاش سەدەیەک لە زەمەن، دانەری ئەڵمانی (فلیکس مێندڵسۆن بارسولدی) (١٨٠٩–١٨٤٧) هات و پەردەی لەسەر ئەم بەرهەمانە لابرد کە مێژوو پشتگوێی خستبوون، بۆئەوەی جارێکی دیکە سەرنج بۆ ئەو دانەرە رابکێشرێتەوە کە بەڕاستی خاوەنی قوتابخانەیەکی گەورەی هونەری موزیکییە لە بواری فێربوون و دەربڕین و دانانی فۆڕمە موزیکییەکانەوە، نەوەک تەنیا بۆ خەڵک، بەڵکو بۆ گەورەترین و بەناوبانگترین دانەرانی تر کە مێژوو لە دوای ئەم بلیمەتەوە ناسیونی و ناوی بردوون، چونکە بە مردنی ئەم کۆتایی بە فۆڕمی موزیکی پۆلیفۆنی هات، بگرە کۆتایی بە سەردەمی باڕوک هەمووی هات.

پاش خۆیشی نەوەکانی و کوڕەکانی شوێنی ئەویان گرتەوە و رێبازە هونەری و فیکرییەکەی ئەویان ون نەکرد.

**بەرهەمەکانی:**

١–نزیکەی (٢٠٠) کانتاتەی ئایینی، گرنگترینیان (جەژنی لەدایکبوون ساڵی (١٧٣٤) و جەژنی گەورە ساڵی (١٧٣٦) و جەژنی رۆحم شکۆداربێت و هەڵکشانی مەسیح بۆ ئاسمان).

٢–چەند سرووودێکی ئایینی جۆری پاسیۆن لەسەر کتێبی پیرۆزی (مەتیی) ساڵی (١٧٢٩) و (مەرقەس) و (یوحەننا).

٣–شەش کۆنشرتۆی (براندین بۆرگ) ساڵی (١٧٢١).

٤–کتێبێکی گەورە بە ناوی (فۆڕمی ڤوگە)، تێیدا هەموو کارەکانی لەو جۆرە بڵاوکردووەتەوە.

٥–شەش سۆناتە بۆ ئامێری ڤایۆلین، شەش سۆناتە بۆ ئامێری چەلۆ، چەند سۆناتەیەکیش بۆ ئامێری پیانۆ.

٦-(نۆ) کتێبی وانەبێژی Etude تایبەت بە ئامێری ئۆرگۆن، ئێستا زۆربەیان بە ئامێری پیانۆ لێ دەدرێن.

٧-دانانی ژمارەیەک لە فۆڕمی سویت، شەش سویت بۆ ئامێری چەلۆ، چەند سویتێکیش بۆ ئامێری فلوت، شەش سویتی فەڕەنسی و شەش سویتی ئینگلیزی.

٨-پێنج تۆکاتا و (١٧٠) پێشەکی کۆڕاڵ (پرلیود).

٩-ژمارەیەک لە فۆڕمی (پاساکالیا) و (کانون) و (پارتێتا) و (موتیت) و ژمارەیەکیش موزیکی (هۆبە).

١٠-حەوت کۆنشرتۆ بۆ ئامێری (کلاڤیسیان) لەگەڵ ئامێرە ژێدارەکاندا.

١١-(٣٠) کانتاتەی جۆری دنیایی لەوانەش (کانتاتەی قاوە، کانتاتەی ڕاو، کانتاتەی (حکومەتێکی نوێمان هەیە)، کانتاتەی بەرەنگاربوونەوەی (ڤۆتیۆس و بان).



# پیاف تراژیدیایەکی جوان



و. لە عەرەبییەوە: هەنار ئەلسراج

ئیدیس پیاف (Édith Piaf) گۆرانیبێژێکی فەڕەنسییە ناوی تەواوی (ئیدیس جیوفانا گاسیۆن)ە لە ١٩ی دیسەمبەری ١٩١٥ لەدایک بووە و لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە.

نێوبانگی بە لیمۆمی (La Môme’) واتا منداڵە بچووکەکە، دەرکردووە، ئیدیس یەکێک بووە لە بەناوبانگترین و نزیکترین هونەرمەندەکان لە دڵی فەڕەنسییەکانەوە، ئەو فەڕەنسییە، بەڵام لە رەچەڵەکێکی جەزائیری-ئیتاڵی، ئیدیس پیاف بە بێوێنەترین هونەرمەند دادەنرێت لەبواری گۆرانی چڕیندا، گۆرانییەکانی شێوازێکی سەیر لە ئازار و نەهامەتی دەردەخەن، کە بەدرێژایی

ژیانی لەگەڵیدا بوون، دەنگێکی دڵنشینی هەبوو، پیاف چەندین کاری شانۆیی و سینەمایی پێشکەشکردووە، ساڵی ٢٠٠٧ فیلمێک لەسەر ژیانی پیاف بەرهەمهێنرا بە ناونیشانی La Môme، کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە ماریون کوتیلارد بوو، کە رۆڵی پیاف-ی دەبینی، خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئۆسکاری پێ بەخشرا. کاتێک تەماشای ئەو فیلمە دەکەیت نازانیت ئەوە کوتیلاردە یان پیاف.

هەر کەسێک پیاف بناسێت حەسرەت دەیگرێت بۆ ئەو جەستە لەڕ و لاوازەی کە بەدەنگە بەهێزەکەی لە چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا هەموو جیهانی گرتەوە. ئەو چۆلەکە وردیلەیەی کە بۆ هەموو کەسێک گۆرانی دەگووت جگە لە خۆی، پیاف لەکاتی گۆرانی چڕیندا بە چەپڵەی خەڵک و بە رێژەی بێئەندازەی بینەران و عاشقانی مەست دەبوو.

سەبارەت بە سەردەمی منداڵیی پیاف چەندین کتێب نووسراون کە باس لەو قۆناغەی ژیانی دەکەن، کەچی هێشتا نادیاریی و لێڵییەکی زۆر دەوری ژیانی ئەو هونەرمەندەیان داوە.

پیاف لە باریس لە بال فیل لەدایک بووە، کە شوێنێک بووە زۆرترین کۆچبەری تێدا کۆبووەتەوە، هەندێک دەڵێن کە لەسەر رێگای بال فیل شەقامی ٧٢ لەدایک بووە، بە ئیدیس ناونراوە لەسەر ناوی ئیدیس کاڤیلی پەرستار کە لەسەر دەستی ئەڵمانەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە سێدارە درا، دایکی پیاف رەچەڵەکێکی جەزائیری هەبووە و باوکشی لویس ئەلفۆنس جازۆن لە شەقامەکانی پاریس کاری لیبوکی کردووە. دایک و باوکی پیاف زوو جێی دەهێڵن و باپیرەی (باوکی دایکی) دەیگرێتە خۆی، سەرەتای دەسپێکردنی پیاف بە گۆرانی وتن لە شەقامەکانی پاریس بووە. ئەو کاتانە ئەو هەوڵی داوە لە بەرامبەر یەک فرانکدا، سەرنج و سۆزی خەڵک بۆ خۆی رابکێشێت.

چیرۆکی پیاف لەگەڵ سەرکەوتندا بووەتە ئەفسانە و چیرۆکی لەگەڵ فرمێسکیشدا بووەتە سەمفۆنیایەکی درامی، کە لە حکایەتەکانی هەزارو یەک شەوە دەچێت.

لویس لوبلی کە خاوەنی یەکێک بووە لە یانە شەوانەییە گەورەکان لە پاریس، هەر زوو بەهرە و توانای پیافی دۆزیوەتەوە و وای کردووە لە ئێوارە ئاهەنگەکانی ئەو یانانە، گۆرانی بچڕێت. پاشان ریموند ئاسوی مۆسیقاژەن پیاف دەگرێتە خۆی و دەیباتە نێو شوێنە بەناوبانگ و گەورەکانی گۆرانیبێژان، لەوێوە سەفەری سەرکەوتن و هەڵکشانی پیاف وەک گۆرانیبێژێک، دەست پێدەکات، بەڵام پاش ئەوەی منداڵەکەی پیاف بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی دەکات،

ئیتر مەی خواردنەوە و خەم و خەفەت دەبن بە هاوڕێی هەمیشەیی پیاف و تا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا دەبن.

پاش مەرگی منداڵەکەی پیاف خۆی و هونەرەکەی پشتگوێ دەخات. لە دوای هەموو ئەو کارەساتانە بە ماوەیەک پیاف خۆشەویستی خۆی بۆ یاریکەری بۆکسێنی جیهانی (مارسیل سیردان) ئاشکرا دەکات، پیاف لە ئەمریکا چاوی بە سیدران دەکەوێت و خۆشەویستییەکەیان لەوێوە دەست پێدەکات، بەڵام مەرگی ناوادەی سیدران بە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی کە بەنیازی سەردانی پیاف بووە، پیاف شێت دەکات و تووشی ئازارچەشتنێکی گەورەی دەکات، پاش ئەو کارەساتە بە ماوەیەکی کورت، پیاف تووشی کارەساتێکی هاتوچۆ دەبێت و زۆرێک لە ئەندامانی جەستەی تێک دەشکێن و دکتۆرەکان بۆ ئارامکردنەوەی خۆی و کەمکردنەوەی ئازارەکانی مادەی هۆشبەری بۆ دەنووسن، بەو جۆرە ئالودەی مادە هۆشبەرەکان دەبێت و لەوێوشەوە پاش ماوەیەکی کورت تووشی هەوکردنی جگەر دەبێت و ئیفلیجی جەستەیی و خەمۆکییەکی زۆر دای دەگرن و لە ئاکامدا کۆچی دوایی دەکات.

لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی پیاف:

ژیانی پەمەیی ١٩٦٤ La vie en Rose

نەخێر من پەشیمان نیم ١٩٦٠ Non je ne regrette rien ’.

هۆنراوەی خۆشەویستی ١٩٤٩ " Hymne lamour’

"Tu Es Partout" کە گۆرانییەکی لاوانەوەیە بۆ مارسیلی خۆشەویست

ئاپۆرە la foule

**سەرچاوە:**

http://ar.wikipedia.org

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٣ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

### کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**لە چاوەڕوانی فەرەجوڵلای قەهاردا**

و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

**ڕۆمان**




**فەرهەنگی شیعرەکانی سالم**

ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق

**لێکۆڵینەوە**




**سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران**

هاوار کەمال میرزا

**لێکۆڵینەوە**




**سەبارەت بە تەلەفزیۆن و دەسەڵاتی ژورنالیزم**

و. مەنسوور تەیفوری

**ڕۆژنامەوانی**




**بیرکردنەوە**

عەزیز جەلال عەزیز

**زانستی**




**ئاینی کۆن و کۆچکردن لە کوردستاندا**

عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)

**مێژوویی**




**ئابووریی نێودەوڵەتی**
**لە دەرئەنجامی قەیرانەکانیدا**

فەیسەڵ عەلی محەمەد

**ئابووری**




**کێشەی پەروەردەیی خێزانە**
**موسڵمانەکان لە ئەڵمانیا**

د.ئەحمەد عەلی حەمە

**لێکۆڵینەوە**




**شۆڕشی تەکنۆلۆژیا**

محەمەد دوکانی


**زانستی**



**خاڵبەندی**

کیومەرز نیکرەفتار

**زمانەوانی**



**تۆمارەکانی مێژوو**

عومەر ئیسماعیل مارف

**مێژوویی**



**لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا**

ناز ئەحمەد سەعید

**لێکۆڵینەوە**



**شێوازگەری لادان**

ئیدریس عەبدوڵڵا

**زمانەوانی**



**لە بەرزایی شوراکانەوە**

بەیان سەلمان

**رۆمان**



**تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور**

د. شاخەوان جەلال فەرەج


**لێکۆڵینەوە**




**الجيوبوليتكس المعاصر**

د.فوئاد حەمە خورشید

**لێکۆڵینەوە**




**دیوانی ع.ح.ب**

محەمەد حسێن بەرزنجی

**شیعر**



**زمان و فیکر لەنێوان تیۆری و پراکتیکدا**

نەجات حەمید ئەحمەد

**لێکۆڵینەوە**




**سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە**

سەباح ڕەنجدەر

**وتار**



**شەوێک لە شەوانی سیمرخ**

سەڵاح شوان


**شیعر**



**گەشتێک بەناو کلتووری ژاپۆنیدا**

ئەردەڵان عەبدوڵلا

**کلتووری**



**گفتوگۆ لە رۆمانی کوردی**

**کرمانجی خوارووداا**

جەلال ئەنوەر سەعید

**لێکۆڵینەوە**



**رۆشنبیری و گوتاری فیکری**

هیوا عەزیز سەعید

**لێکۆڵینەوە**



**کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە**

**بیبانیەکان لەسەر کوردستان**

رەسوڵ ئیبراهیم رەسوڵ

**مێژوویی**




**هۆزی فەیزوڵابەگی و پەیوەندی لەگەڵ حوکمڕانانی موکریان و باباندا**

عەزیز کەیخوسرەوی

**مێژوویی**




**بەرکوتێکی ژیانم**

و. عەزیز گەردی

**ژیننامە و شیعر**




**تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا**

حەمە مەنتک

**لێکۆڵینەوە**




**تۆم خۆشدەوێت ئەی تۆ؟!**

کنێر عەبدوڵڵا

**گوتار**




**ڕێگایەکی دوور و درێژ**

شێنێ بۆسکانی

**یاداشت**




**سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت**

دڵشاد تاڵەبانی


**لێکۆڵینەوە**




**مێژووی سۆفیگەری و**
**سۆفیگەرێتی لە مێژوودا**

لەتیف هەڵمەت


**لێکۆڵینەوە**




**فەلسەفەی مێژوو لای ئیبن خەلدون**

نەبەز عەبدولڕەحمان

**لێکۆڵینەوە**




**چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی**
**شوێنەوارەکانی کوردستان**

کەمال نوری مەعروف

**مێژوویی**

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە